# هەتا مردن شەڕی PKK دەکەین



**رووداو-برۆکسل**

عەبدوڵڵا گول، سەرۆکی تورکیا، لەهەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی Euronews رایگەیاند کە تا مردن شەڕی PKK دەکەن "ئەوانەی دەیانەوێت هەتا مردن شەڕ بکەن و چەک دانەنێن، پێویستە سوپاکەمان هەتا کۆتایی رووبەڕوویان ببێتەوە و شەڕیان لەگەڵ بکات". ناوبراو رەخنەی لە ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش گرت کە ئەو کارەیان نەکردووە کە پێویست بوو بیکەن بەڵام دەڵێ" بەخۆشحاڵییەوە لەمیانەی کۆبوونەوەکانمان لەگەڵیاندا، ئەوانیش بۆیان ئاشکرا بووە کە ئەو گرووپە تیرۆرستییە بۆ ئەوانیش خراپە".

« 6

# "ئەگەر دەستتێوەردانیش بکرێت یەکگرتوو 15 کورسی هەر بەدەستدەهێنێ"

**رووداو-هەولێر**



هادی عەلی، بەرپرسی شورای یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی سپێدەی یەکگرتوو گوتی ئەگەر دەستتێوەردانی زۆر نەبێت و مامناوەندیش بێت " چاوەڕێی بەدەستهێنانی 15 کورسی بەسەرەوەین". لیستی نەوشیروان مستەفا یەکێکە لەو لیستانەی کێبڕکێی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەکات، بەپێی قسەی سەرچاوەیەک لە کۆمپانیای وشە. ئەوان لەسەرەتای دروستکردنی لیستەکە لەو باوەڕەدابوون تا 15 کورسی بەدەستبێنن "بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو پێشوازیە گەرمەی لە لیستەکە دەکرێ، پێشبینی دەکەین زیاتر لە 20کورسی بێنین".

« 7

# پۆلیسێک لەبەر هەژاری خۆی دەسووتێنێ



**رووداو-هەولێر**

رۆژی 2009/4/1 پۆلیسێک بە ناوی سەعید حەسەن بابەکر، 40 ساڵ، لە شاری هەولێر خۆی سووتاندو کەسوکاری دەڵێن "سەعید لەبەر هەژاری خۆی سووتاند". سەعید کە لە ساڵی 1989وە پۆلیس بوو، نەیدەتوانی خواستی ئەحمەدی کوڕیشی بێنێتە دی کە بریتی بوو لە کڕینی پایسکیلێک. هەر بۆیە عومەر خالید، کە خوارزای سەعیدە، دوای رووداوەکە پایسکلەکەی بۆ ئەحمەدی تەمەن 5ساڵ و نیو کڕیوەو، ئەحمەد هێشتا باوەڕناکات باوکی مردبێ. عومەر دەڵێ " ئەحمەدم بردە سەر گۆڕی باوکی، دەستی دەخستە ژێر خۆڵەکەو بە چەنگ خۆڵەکەی هەڵدەماڵی، دەیگووت: باوکم نەمردووە، دەمەوێ دەریبێنم ماچێکی بکەم، ئەو هەر نەهاتەوە، زۆر بیری دەکەم".

« 13


ژمارە (50)
دووشەممە 2009/4/6
17ی نەورۆز 2709
دینار (750)
www.rudaw.net
Rûdaw
رووداو
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت


# لیستی پارتی و یەکێتی ئەمجارەش زۆرینە بەدەستدێنن



## جەوهەر نامق: هیچ پەیوەندییەکم بە پارتییەوە نەماوە

**تایبەت بە رووداو**

جەوهەر نامق رادەگەیێنێ کە هیچ پەیوەندی بە پارتییەوە نەماوەو، دەڵێ بەهۆی قۆرخکردنی دەسەڵات و دارایی کوردستان لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە لیستی پارتی و یەکێتی ئەمجارەش زۆرینە بەدەستدێنن، بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەڵێ " بەڵام زۆر جار واقیع و پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و ئیرادەو بڕیاری دەنگدەران پڕ لە موفاجەئەیە".

هەرچەندە مەسعود ساڵەیی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) کە لە ژمارەی رابردوودا بڵاوکرایەوە دەڵێت جەوهەر نامق هێشتا دەستی لەکارنەکێشاوەتەوەو سیفەتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی هەیە، بەڵام جەوهەر نامق، سکرتێری پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێ " ئەوە شەش ساڵە هیچ پەیوەندییەکم بە پارتی دیموکراتی کوردستان نەماوە، نە لە دوورەوەو نە لەنزیکەوە"، دەڵێت کەسێک کە 6 ساڵ پەیوەندی بە حیزبێکەوە نەبێت " ئیدی چ مانای دەست لەکار کێشانەوە دەمێنێت".

جەوهەر نامق رەخنە لە پارتی و یەکێتی دەگرێت کە هەموو دەسەڵاتەکان و دارایی و هێزەکانی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایشیان قۆرخکردووە بۆ خۆیان، ئەوەش زەمینەیەکی یەکسان نییە بۆ هەڵبژاردن، لەبەر ئەوە پێشبینی دەکات لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستانی دا لیستی هاوبەشی پارتی و یەکێتی "ئەگەری بەدەستهێنانی زۆرینەیان بۆ پێشبینی دەکرێت"، بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەڵێ بەهۆی ناڕەزایی خەڵک لە دەسەڵاتداری پارتی و یەکێتی لەوانەیە ئەنجامەکە پڕ لە موفاجەئە بێت، پێشبینی ئەوەش دەکات لیستەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی دەنگ بەدەستبێنن، ناڕەزایی خەڵک و سووربوونی خودی ئەو دوو سەرکردایەتییە لە سەر رێباز و شێوازەکانیان " هاندەرن بۆ ئەوەی دەنگدەرانی کوردستان کە تینووی گۆڕانن، دەنگبدەنە لیستەکانی دیکە. پێشبینی دەکەم ئەم هەڵبژاردنە جۆرە گۆڕانکارییەک دروستبکات".

جەوهەر نامق، شێوازی لیستی داخراو کە لەپەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوە بۆ ئەو هەڵبژاردنە بە "لغاوکردن"ی دیموکراسی دادەنێ، هەروەها جیاواز لە بڕیاری سەرکردایەتی هەردوولا کە رایانگەیاند بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی کورد و پاراستنی یەکڕیزی کورد بڕیاریانداوە ئەمجارەش بە لیستێکی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردن بکەن، دەڵێت، بەرژەوەندی ئەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستان و کورد و تەنانەت پارتی و یەکێتیش لەوەدایە "کە پارتی و یەکێتی هەریەکەیان بەلیستێک دابەزن"و،دەڵێت نابێ سەرکردایەتی هەردوولا میللەت بە "مێردەزمە"ی شەڕی ناوخۆ بترسێنن بۆ درێژەدان بە لیستی هاوبەشیان.

جەوهەر نامق، دەڵێ بەپێی دەستوور ئەویش وەک هەموو هاووڵاتییەک مافی خۆپاڵاوتنی هەیە، بەڵام بەهۆی یەکلایی نەبوونەوەی یاسای هەڵبژاردن و پێناسەی قەوارە بەشدارەکانی هەڵبژاردن کە لە یاساکەدا هاتووە، هێشتا زووە باسی خۆپاڵاوتن و خۆنەپاڵاوتنی خۆی بکات. لەهەمانکاتدا ئەو قسەیەی محەممەد تۆفیق رەحیم پشت راستدەکاتەوە، کە لە سەر هەندێ بابەت هاوبۆچوونن. لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێ " هەر حیزبێک ئەمڕۆ بیەوێت لیستێک لەدەرەوەی حیزبەکەی خۆی دروست بکات پێش هەموو شتێک زیان بەخۆی دەگەیێنێت".

« 9

# پەرلەمانتارانی کوردستان مووچەی خۆیان دەکەنە 6 ملیۆن و 500 هەزار دینار



**رووداو-هەولێر**

پەرلەمانی کوردستان مووچەی ئەندامانی لە 4 ملیۆن و 500 هەزار دینارەوە کردە 6 ملیۆن و 500 هەزار دینار. پەرلەمانتارێکیش کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی مووچەی ئەندامانی پەرلەمان بەپاداشتەکانەوە مانگانە دەگاتە 7 ملیۆن دینار.

زانا روستایی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لەبارەی زیادکردنەکەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "زیادبوونەکە بەگوێرەی یاسا بووەو یاساکەش دەنگی لەسەر دراوە، بەپێی یاساش دەبێ مووچەی پەرلەمانتار 2.5% لە مووچەی وەزیر زیاتر بێ". گوتیشی ئەو زیادکردنەی مووچەی ئەوان "راستەوخۆ دوای زیادکردنی مووچەی وەزیرەکان بوو".

هەرچەندە ئەو زیادکردنە، لەسەرەتای ئەمساڵەوە بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاونەکراوەتەوە.

هیوا میرزا سابیر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، گلەییکرد کە لەکاتی زیادکردنی مووچەی پەرلەمانتاران و بەرپرسان پرس بە پەرلەمان ناکرێ. هەروەها گوتی "ئەو بابەتەم لەگەڵ وەزارەتی دارایی باسکردووە، کە پێویستە چارەسەرێکی ئەو جیاوازییە زۆرە بکرێت لەنێوان مووچەی بەرپرسان و فەرمانبەران، هەمیشە وەڵامەکەی ئەوان ئەوەبووە کە ئەمە سیستەمێکە لەسەر ئاستی عێراق دانراوە".

لەلایەکی دیکەوە ئەندامێکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان کە نەیویست ناوی بهێنرێ، ئاشکرایکرد کە مووچەی پەرلەمانتاران دەگاتە نزیکەی 7 ملیۆن و 500 هەزار دینار "بە پاداشتی لێژنەکان و کارەکانی دیکە، مووچەی پەرلەمانتاران دەگاتە نزیکەی 7 ملیۆن و 500 هەزار دینار".

« 2

## ژن زۆرجار داماوەو دەکەوێتە داوی هەندێک شت

« 10



هونەرمەند لەیلا فەریقی دەڵێ لێرە روو لە هەرکوێ دەکەیت قسەوقسەڵۆکت لەسەر دروست دەکەن (فۆتۆ:رووداو)

# قادر عەزیز دەدرێتە دادگا

**رووداو-سلێمانی**

باڵی قادر عەزیز، کۆنگرەی شەشەمی حیزبی زەحمەتکێشانی بەست و ئەوی بەبێ رکابەر بە سکرتێر هەڵبژاردەوە، باڵی مەکتەبی سیاسیش دەڵێن ئەو کۆنگرەیە شەرعی نییە و قادر عەزیز دەدەینە دادگا.

رۆژی 2009/4/4، بە ئامادەبوونی 218 ئەندام، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بەبێ ئامادەبوونی باڵی مەکتەبی سیاسی شەشەمین کۆنگرەی لە شاری سلێمانی بەست. سەعد خالد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشان، بە (رووداو)ی راگەیاند "بەپێی برگەی 6 لەمادەی 11 ی پەیڕەوی ناوخۆی حیزب، دەبێ کۆنگرە بە دەنگی 2/3 ی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ببەسترێت، بەڵام ئەو ژمارەیە لەگەڵ قادر عەزیزدا نین و دەنگیان بە بەستنی کۆنگرە نەداوەو کاک قادر تەجمیدە، بۆیە ئەم کۆنگرەیە پێچەوانەی یاساو پەیڕەوی ناوخۆی حیزبە".

دوێنێ 2009/4/5لەنامەیەکدا بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، باڵی مەکتەب سیاسی بڕیاری تەجمیدکردنی قادر عەزیزیان بە حکومەت راگەیاند. سەعد خالد، مەبەستی ئەو نامەیەی بۆ (رووداو) روونکردەوەو گوتی "هیچ گرفتێکمان لەگەڵ حکومەت نییەو رێز لە بڕیارەکەمان دەگرن، بەڵام پێمانخۆشە بەشێوە ئوسوڵییەکەی ئاگاداریان بکەینەوە کە سکرتێری حیزب تەجمید کراوەو زەحمەتکێشان لە خەبات بەردەوامە".



بەڵام قادر عەزیز لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیدا رایگەیاند کە حیزبی زەحمەتکێشان بەناوی ئەوەوەیە و سکاڵا لەسەر لایەکەی دیکە تۆمار دەکات کە دەستیان بەسەر پارەو هەندێ بارەگای زەحمەتکێشاندا گرتووە.

بەڵام سەعد خالد، بە (رووداو)ی راگەیاند دوای بەستنی ئەو کۆنگرەیە "داوایەک لەسەر کاک قادر و ئەو برادەرانە تۆمار دەکەین، با دادگا ساخی بکاتەوە کە ئێمە شەرعین یان کاک قادر".

# هێزی پێشمەرگەی پارتی و یەکێتی یەکناگرێتەوە

**رووداو-هەولێر**

ئەمڕۆ 2009/4/6 هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە یەکدەگرنەوەو مووچەی هێزی پاسەوانی هەرێم یەکدەخرێ، بەڵام یەکێتی و پارتی هێزی چەکداری تایبەت بە خۆیان دەمێنێ و مووچەکەیان پەیوەستدەبێ بەخۆیانەوە.

جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری پێشمەرگە لەو بارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند " ئەرکی وەزارەتی پێشمەرگە دروستکردنی پاسەوانی هەرێمە، ئێستا هێزی ئامادەکراوی پێشمەرگەی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە پاسەوانی هەرێم". لەبارەی ئەو جیاوازییەش کە لەنێوان مووچەی پێشمەرگەدا هەیە گوتی ئەو هێزەی دەخرێتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە بەناوی پاسەوانی هەرێمەوە مووچەیان وەک یەک دەبێت.

شێخ جەعفەر ئاشکرای کرد کە هێزێکی چەکداری لای حیزب دەمێنێتەوەو، گوتی "ئەو هێزە حیزب خۆی لێی بەرپرسە کە مووچەی زیاد دەکات یان کەمی دەکات".

ئەو هێزە پێشمەرگەیەی پارتی کە دەمێنێتەوە سەر بە فەرماندەیی لەشکری کوردستان و هێزەکەی یەکێتیش سەر بە فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە دەبێت.

هەفتەی رابردوو، مام جەلال، لەکاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ فەرماندەکانی پێشمەرگەی یەکێتی بڕیاریدا 100 دۆلار بۆ مووچەی پێشمەرگە زیادبکرێت. مستەفا چاوڕەش، بەرپرسی مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگەی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند "زیادکردنی مووچە تەنیا بۆ فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیەو پەیوەندی بەیەکگرتنەوەی وەزارەتی پێشمەرگەوە نییە، ئەوەی کە پەیوەندی بەفەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەوەیە ئێمە لێی بەرپرسین و لەدەرەوەی وەزارەتەکانن و لای ئەوانیش فەرماندەی لەشکری کوردستان هەیە لە دەرەوەی وەزارەتە".

ئەنوەری حاجی عوسمان، بریکاری وەزیری پێشمەرگە، رەتیکردەوە هیچ بڕیارێک هەبێت بۆ زیادکردنی مووچەی پێشمەرگە و راشیگەیاند بڕیارەکەی مام جەلال تەنیا بۆ پێشمەرگەی یەکێتییە. بەڵام گوتی "لەگەڵ یەکگرتنەوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا، دەبێت مووچەی پێشمەرگەش یەکبخرێت".

## تەحسین قادر، وەزیری سەرچاوەکانی ئاو:

# داوام کردووە گەنجێک لە شوێنی من دابنێن

**رووداو-سلێمانی**

تەحسین قادر، وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ بەهۆی ئەنجامدانی دوو نەشتەرگەری و پێویستبوونی بە پشوودان، بە نووسراوێک " داوامکردبوو لەو بەرپرسیارێتییە بمبەخشن و کەسێکی دیکە لەشوێنەکەم دابنێن".

وەزیری سەرچاوەکانی ئاو، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)، رایگەیاند لە 2009/1/23 دوو نەشتەرگەری لە دەرەوەی وڵات ئەنجامداو، بەپێی نووسراوی پزیشک دەبێ بۆ ماوەی 6 مانگ پشوو بدات "بۆیە لە رۆژی 2009/2/10 لە هەستکردن بەلێپرسراوێتی بەرامبەر گەلەکەم و حکومەت، داوامکرد لەو بەرپرسیارێتییە بمبەخشن، بۆ ئەوەی کەسێک لە جێگەم دابنێن کە بتوانێت ئەرکی خۆی ببینێت و نیوەدەوام و کەمتەرخەمی لە وەزارەتەکە دروست نەبێت، بەڵام هیچ وەڵامێکی فەرمیم وەرنەگرتووەتەوە".

عیماد ئەحمەد،جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، سەرەتای مانگی رابردوو بە (رووداو)ی راگەیاند کە دوو وەزیر لەسەر لیستی یەکێتی کە بریتین لە عوسمانی حاجی مەحمود (وەزیری ناوخۆ) و تەحسین قادر دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان پێشکەشکردووە.

تەحسین قادر بە (رووداو)ی راگەیاند، دوای ئەوەی مانگی رابردوو گەڕایەوە کوردستان، لەلایەن عیماد ئەحمەدەوە داوای لێکرا بەردەوامبێت لەسەر کارەکانی ئەگەر تەندروستییەکەی رێگەی دەدات "منیش پێمگوت تەندروستیم تەواو نییە، بەڵام کاروبارەکان هەر بەڕێوەدەبەم تا ئەوکاتەی داواکەم پەسەند دەکرێت".

تەحسین قادر، کە داواکەی هاوکات بوو لەگەڵ دەستلەکارکێشانەوەی 4 ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، رەتیکردەوە داواکەی پەیوەندی بەوانەوە هەبێ "شانازی بەو برادەرانە دەکەم، بەڵام پەیوەندیم بە باڵی ریفۆرمەوە نییە".

سەبارەت بە دانانی کەسێک لە شوێنەکەی، تەحسین قادر گوتی "پێشنیازم کردووە گەنجێکی تەکنۆکرات لەو گەنجانەی لە وەزارەتەکەم هەن لە شوێنی من دابنرێ، دڵنیاشم لە توانایان".

دەقی هەڤپەیڤینەکە لە ژمارەی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە

# ڕاپۆرتە هەواڵ



**ئاسایشێک لەسەر دەستدرێژی دەستگیردەکرێت**

**ڕووداو-هەولێر**

**ڕۆژی 2009/3/28 لە هەولێر ئاسایشێک بەناوی (م. س)، 28ساڵ، لە هەولێر بەزۆر دەستدرێژی سێکسی کردە سەر ژنە پۆلیسێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر. نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر هەواڵەکەی بۆ (ڕووداو) پشتڕاستکردەوەو گوتی "ئافرەتەکە بەزۆر دەستدرێژی کراوەتە سەرو سکاڵای لە(م) کردووە، ئێستا (م) بەپێی مادەی 393، دەستگیراوە".**

# 109دەرچووی زانکۆ ناویان بۆ خوێندن لە فەرەنسا دەردەچێت

**تایبەت بە ڕووداو**

وەزارەتی خوێندنی باڵا بە هاوکاری کۆنسولخانەی گشتی فەرەنسا لە هەولێر، 109 دەرچووی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەنێرنە فەرەنسا بۆ ئەوەی خوێندنی باڵا لەوێ تەواو بکەن.

لەمبارەیەوە ئەمیلی بانزێت بەرپرسی سەنتەری ڕۆشنبیری لە کونسوڵخانەی فەرەنسا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان، 109 کەسی بۆ تەواوکردنی خوێندن لە فەرەنسا پاڵاوتووە و ناوەکانیشی ڕەوانەی کونسوڵخانە کردووە بۆ ئاسانکاریکردن لە ڕێوشوێنی ناردنیان. لەمبارەیەوە ئەمیلی ڕایگەیاند" لەو 109 پاڵێوراوە 56یان لەهەولێرن، 16لە دهۆک و 37یش لە سلێمانی".

ئەو دەرچووانەی کە ناویان بۆ خوێندن لە فەرەنسا پاڵێوراوە دەبێ لێرە کۆرسێکی زمانی فەرەنسی تەواو بکەن، ئینجا ڕێوشوێنی وەرگیرانیان لە زانکۆکانی فەرەنسا بۆ جێبەجێدەکرێ، بۆ ئەم لایەنەش بەرپرسی سەنتەری ڕۆشنبیری کۆنسوڵخانەی فەرەنسا لە هەولێر ڕوونکردنەوەی زیاتری دا و گوتی" ئێمە کۆرسی زمانی فەرەنسیمان لە هەولێر و سلێمانی و کۆیە کردووەتەوە، بەم زووانەش لە دهۆکیش دەیکەینەوە، مامۆستاکانیش هاوبەشن لە خەڵکانی عێراقی و فەرەنسی".

بەپێی زانیارییەکان لە 56 پاڵێوراوەکەی هەولێر 16یان نەچوونەتە کۆرسی زمان. سەبارەت بەهۆی بەشدارینەکردنی ئەو 16 دەرچووە لەو کۆرسەدا، ئەمیلی لە وەڵامدا گوتی" لەوان بپرسن، لەوانەیە حەزیان لە خوێندن نەبووبێت، وەک دکتۆر تیسۆی کۆنسولی گشتی فەرەنسا لە هەولێر گوتی لەوانەیە ئەوان تەنیا مەبەستیان ئەوەبووبێت گەشتێک بکەن".

بەڵام ئەو کاربەدەستەی کۆنسولخانەی فەرەنسا دەڵێ کەسیتر لە شوێنی ئەو 16 کەسە دانانێن " بەشداربوون لە کۆرسی زمانی فەرەنسی تاکە مەرج نییە بۆ هەڵبژاردن، هەروەک لەمەوپێش ئاماژەم پێدا توانا و حەز لە خاڵە گرنگەکانن، بەڵام بەشداری نەکردنیش لە کۆرسی زمانی فەرەنسی ئەو هەستە دەبەخشێت، کە حەزناکەن لە فەرەنسا بخوێنن، لەوانەیە دواجاریش خاڵێکی گرنگ بێت بۆ ناردنیان بۆ فەرەنسا".

سەبارەت بە دڵنیایی کونسولخانەکەشیان لەوەی کە ئەو پاڵێوراوانە ڕاستەوخۆ لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە هەڵبژێردراون، نەک پارتی و یەکێتییەوە، ئەمیلی دەڵێ " ناوی پاڵێوراوەکان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆکانەوە بۆ ئێمە هاتووە".



ئەمیلی بانزێت

# کافرۆشییەکان ڕێ لەدەرهێنانی نەوت دەگرن

**ڕوودلو-بازیان**

عەشیرەتی کافرۆشییەکان بەچەکەوە ڕێ لەو کۆمپانیا بەریتانییە دەگرن کە سەرقاڵی پرۆژەی هەڵکەندنی بیری نەوتن لەسەر زەوییەکانیان، بەڕێوەبەری ناحیەی بازیانیش هۆکاری ئەوە بۆ قەرەبوونەکردنەوەی خاوەن زەوییەکان دەگەڕێنێتەوە.

ماوەی 5 مانگە کۆمپانیایەکی بەریتانی لە نزیک ناحیەی بازیانی سەر بە پارێزگای سلێمانی سەرقاڵی پرۆژەی نەوتە. ڕۆژی 2009/4/3، بەمەبەستی ڕێگرتن لەکارەکانی کۆمپانیاکە، عەشیرەتی کافرۆش کە خاوەنی ئەو زەویانەن کە کۆمپانیاکە کاری تێدا دەکات، بەچەکەوە دەچنە سەر زەوییەکانیان.

ئەو کێڵگە نەوتییانە تەنیا 200 مەتر لەگوندی گۆپاڵەی ناحیەی بازیانەوە دوورن. زانا ساڵح، بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە خاوەن زەوییەکان قەرەبوو نەکراونەتەوە و گوتیشی " نابێت مافیان بخورێت".

سەرچاوەیەک لەنێو خەڵکی عەشیرەتی کافرۆشەوە ڕایگەیاند کە ئەوان سێ مەرجیان هەیە بۆ ڕێگەدان بە کارکردنی کۆمپانیاکە لەزەوییەکانیاندا "دەبێت قەرەبووی بەروبوومی کشتوکاڵی ساڵی ڕابردوومان بکرێتەوە، ئەگەر ئەو زەویانەمان بەشێوەیەکی یەکجاری لێوەردەگرن، دەبێت لەبەرامبەر ئەوەدا قەرەبوو بکرێینەوە، خەڵکی گوندەکەمان وەک پاسەوانی بیرە نەوتییەکان دابمەزرێندرێن".

بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان، هەرچەندە دەڵێت قبوڵناکرێت کاری کۆمپانیاکە بوەستێندرێ، بەڵام پشتگیری داواکاری خەڵکی گوندەکە دەکات و دەڵێ "بەڵێنی قەرەبووکردنەوەیان پێدراوە، بەڵام تا ئێستا قەرەبوو نەکراونەتەوە، قبوڵناکەین غەدر لەخەڵکی ناوچەکە بکرێت، پشتگیری داواکارییەکانیان دەکەین و نووسراویش دەکەین بۆ قەرەبووکردنەوەیان".

بەپێی لێدوانی بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان لیژنەیەک لە وەزارەتی ناوخۆوە چوونەتە گوندەکە.

# پەرلەمانی کوردستان مووچەی ئەندامانی بە خشکەیی زیادکرد

**ڕووداو-هەولێر**

لە سەرەتای ئەمساڵەوە پەرلەمانی کوردستان مووچەی ئەندامانی لە 4 ملیۆن و 500 هەزار دینارەوە کردە 6 ملیۆن و 500 هەزار دینار، ئەندامانی پەرلەمان مووچەکەیان بەپێی یاسا دەبێ لە مووچەی وەزیرەکان زیاتر بێ. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە زیادکردنەکە سەرەڕای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا بڵاونەکراوەتەوە.

زانا ڕووستایی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لەبارەی زیادکردنەکەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زیادبوونەکە بەگوێرەی یاسا بووەو یاساکەش دەنگی لەسەر دراوە، بەپێی یاساش دەبێ مووچەی پەرلەمانتار 2.5% لە مووچەی وەزیر زیاتر بێ". گوتیشی ئەو زیادکردنەی مووچەی ئەوان "ڕاستەوخۆ دوای زیادکردنی مووچەی وەزیرەکان بوو".

هاووڵاتییان، پێیانوایە لە عێراق بەگشتی و بە کوردستانیشەوە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان مووچەی فەرمانبەران و بەرپرسان و ئەندام پەرلەمانەکاندا هەیە . ئومێد حەسەن، کە تەمەنی 28 ساڵە و فەرمانبەرە، دەڵێ جیاوازییەکی زۆر لەنێوان مووچەی فەرمانبەران و پەرلەمانتار و وەزیرەکاندا هەیە "نازانم مووچەیان چەندە، بەڵام دڵنیام زۆر زیاترە لە مووچەی فەرمانبەرانی ئاسایی و پێموایە لەدونیاشدا نابێت ئەو جیاوازییە زۆرە هەبێت".

هیوا میرزا سابیر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، گلەییکرد کە لەکاتی زیادکردنی مووچەی پەرلەمانتاران و بەرپرسان پرس بە پەرلەمان ناکرێ . هەروەها گوتی "ئەو بابەتەم لەگەڵ وەزارەتی دارایی باسکردووە، کە پێویستە چارەسەرێکی ئەو جیاوازییە زۆرە بکرێت لەنێوان مووچەی بەرپرسان و فەرمانبەران، هەمیشە وەڵامەکەی ئەوان ئەوەبووە کە ئەمە سیستەمێکە لەسەر ئاستی عێراق دانراوە". هیوا میرزا گوتیشی "پێویستە مووچەی بەرپرسان و فەرمانبەرانی ئاسایی لە یەکتر نزیک بکرێنەوە".

هەروەهاد .دلێر ئیسماعیل شاوێس، سەرۆکی لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی ئەو زیادکردنەوە گوتی "مووچەی پەرلەمانتار زیاترە لە 6 ملیۆن دینار"و، پاساویشی بەوە هێنایەوە کە "پەرلەمانتار ئیلتزاماتی زۆرە".

بەڵام ئەندامێکی لیژنەی یاسایی کە نەیویست ناوی بهێنرێ، ئاشکرایکرد کە مووچەی پەرلەمانتاران دەگاتە نزیکەی 7 ملیۆن و 500 هەزار دینار "بە پاداشتی لیژنەکان و کارەکانی دیکە مووچەی پەرلەمانتاران دەگاتە نزیکەی 7 ملیۆن و 500 هەزار دینار".

## بەهۆی نەبوونی ڕێگەچارەی یاسایی

# 24 کەس بێ دادگاییکردن بە گومانی تیرۆر لە گرتووخانەکانی کوردستان دان

**عەلی حەمە ساڵح**
**ڕووداو- هەولێر**

24 کەس، بەگومانی کاری تیرۆریستی لە گرتووخانەکانی ئاسایش ماونەتەوەو وەزیری مافی مرۆڤ دەڵێت هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ تۆمەتبارکردنیان و بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیش لەهەولێر دەڵێت "بەڵگەمان هەیە کە ئەوانە تیرۆرستن".

لە کۆتایی مانگی تەمموزی 2007دا، بەبڕیاری نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەک بۆ گەڕان و بەسەرکردنەوەی بارودۆخی گیراوەکانی گرتووخانەکانی هەرێمی کوردستان پێکهات. ئەو لیژنەیە، تەواوی گرتووخانەکانی کوردستان گەڕان و ڕاپۆرتێکیان ئامادەکرد، لە ڕاپۆرتەکەدا ئاشکرایانکرد کە "زیاتر لە 700 کەس بەبێ بڕیاری دادگە زینداینکراون".

پاش ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە، حکومەت بڕیاری یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو کەسانەی دا، تاوەکو مانگی 5ی 2008، بەگشتی 400کەس لەو گیراوانەی کە بەتۆمەتی "کاری تیرۆرستی" لە گرتووخانەکانی کوردستاندابوون، ئازاد کران. ئەوانەی کە مابوونەوە، 12 کەسیان ئەندامی کۆمەڵی ئیسلامی بوون، بەڵام د.شوان عەزیز، وەزیری مافی مرۆڤ دەڵێت "هیچ کام لەوانەی ئێستا بەتۆمەتی کاری تیرۆرستی لەگرتووخانەکاندان پەیوەندیان بەحیزبە ئیسلامییەکانی کوردستانەوە نییە، ئەوانەی کۆمەڵی ئیسلامی هەموویان ئازاد کراون".

بەپێی بەدواداچوونەکانی (ڕووداو)، ئێستا تەنیا 24 کەس بەبێ دادگاییکردن لە گرتووخانەکانی ئاسایشی سلێمانی و هەولێردا ماونەتەوە، کە 9 کەسیان لەئاسایشی هەولێرن و 15شیان لە ئاسایشی سلێمانین.

ئەو کەسانەی کە بە تۆمەتی "کاری تیرۆرستی"، دەستگیرکران و پاشان بەبێ دادگاییکردن ئازادکران، کەفالەتی تاپۆی خانوویەکیان لێوەرگیراوە کە نرخەکەی لە 50 ملیۆن دینار کەمتر نییە.

ئەوانەی پێشووتر لەلایەن دەزگاکانی ئاساییشەوە دەستگیر کرابوون و بەبێ بڕیاری دادوەر بووە، ئازاد کردنەکەشیان بەبێ بڕیاری دادوەر بووە. عیسمەت ئەرگوشی، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی لەهەولێر، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوانەی پێشتر بەبێ دادگاییکردن ئازاد کراون، چونکە هەموویان بەهۆی بوونی پەیوەندی بەگرووپە تیرۆرستەکانەوە لەپێش دەرچوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەستگیرکرابوون، نەدەکرا بەپێی ئەو یاسایە دادگایی بکرێن".

ئەو 24 کەسەی کە بە تۆمەتی تیرۆر ئێستا لەگرتووخانەکانی کوردستاندان، یەکلاییکردنەوەی چارەنووسیان ئەستەمە. وەزیری مافی مرۆڤ، دەڵێت "گرفتی گەورە ئەوەیە، گومان دەکرێت ئەوانە پەیوەندییان بەتیرۆرەوە هەبێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی یاسایی نییە ئەمە بسەلمێنێت، هەروەها گرفتەکەی دیکەش ئەوەیە ئەوانە پێش یاسای دژە تیرۆر گیراون، ناتوانرێت بەم یاسایەی ئێستا دادگایی بکرێن".

دادوەرێکی شارەزا، کەپێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، هێشتنەوەی ئەو گیراوانەی بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەگرتووخانەکانی کوردستاندا، بە"نا یاسایی" ناوبرد و گوتی "ڕاستە هەندێکجار لێکۆڵینەوە پێویستی بەکاتێکی زۆرە، بەڵام خۆی دەبێت ماوەی شەش مانگ کەسێک بۆ لێکۆڵینەوە بهێڵدرێتەوە، نەک چەند ساڵ، پاش ئەو شەش مانگە ئەگەر بەڵگەی لەسەر بێت یان نا، دەبێت ڕەوانەی دادگە بکرێت".

عیسمەت ئەرگوشی، بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش، ڕەتیکردەوە کە بەڵگەیان لەسەر ئەو گیراوانە نەبێت و گوتی "ئەوانە تیرۆرستن، بەڵگەی زۆریش هەیە لەسەریان، بەڵام پێش یاسای ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر دەستگیرکراون، بۆیەش ناتوانرێ بەپێی ئەو یاسایە دادگایی بکرێن".



لەبارەی چارەنووسی ئەو کەسانەشەوە بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش، دەڵێت "لەگەڵ پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیراندا قسەمان کردووە و داوامان کردووە ڕێگا چارەیەکی یاسایی بدۆزرێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ڕێگا چارەکە نەدۆزراوەتەوە".

بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی، هۆکاری ئازادکردنی گیراوەکانی پێشوترو هێشتنەوەی ئەوانە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە "هەندێک لەوانە مەترسیدارن، ناتوانین بەرپرسیارێتی ئازادکردنیان بگرینە ئەستۆ، بەڵام ئەوانەی پێشووتر ئازادکران ڕەنگە مەترسییەکەیان بەو پلەیەی ئەوانەی ئێستا نەبوو بێت".

## جەلالی ساماغا، بەڕێوەبەری گشتیی چاودێری دارایی لە سلێمانی:

# دەستمان خستووەتە قوڕگی شێرەوە

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو-سلێمانی**

تائێستا هەردوو دیوانی چاودێری گشتیی دارایی سلێمانی و هەولێر یەکیان نەگرتووەتەوەو وەک دوو دیوانی سەربەخۆ کارەکانیان بەڕێوەدەبەن و بەڕێوەبەری دیوانی چاودێری گشتیی دارایی سلێمانیش دەڵێ، یەکنەگرتنەوە کێشەی بۆ دروستنەکردوون و یەکگرتنەوەیان پێویستی بەبڕیارێکی سیاسییە.

جەلالی سام ئاغا، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی ڕەتیکردەوە کە ئەوان کەمتەرخەمیان کردبێت لە چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت و وتی" دەستمان خستووەتە قوڕگی شێرەوە و ئەگەر میدیا بزانێت ئێمە چیدەکەین و چی دەنووسین، وەزعەکە بەشێوەیەکی دیکە دەبێت". هەروەها وتیشی" تائێستا شەش جار دەستم لە کارکێشاوەتەوە، لەسەر کارنەکردن لەسەر ڕاپۆرتەکان و بەدوادانەچوونی حکومەت".

بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی دەڵێ "تائێستا 2500 ڕاپۆرتمان لەسەر کەموکوڕییەکانی بەڕێوەبردن و دەزگاکان ئامادەکردووە و ئەو لیژنەیەش کە ئێستا دروستبووە، کار لەسەر ئەو ڕاپۆرتانە دەکات".

لەو ڕۆژانە لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی ڕاپۆرتەکانی چاودێری دارایی پێکهات و فاروق جەمیلی وزیری داد سەرۆکایەتی لیژنەکە دەکات و جێگری بەڕێوەبەری دیوانی چاودێری داراییشی لەگەڵدایە . جەلالی سام ئاغا پێیوایە کەئەو لیژنەیە سەرکەوتوو دەبێت لەکارو بەدواداچوونەکانیدا و وتی " هەموو پشتیوانییەکی هەیە و خودی مام جەلال و کاک عیماد ئەحمەد پشتگیری دەکەن".

بەرنامەی لیژنەکەشی بۆ (ڕووداو)باسکردو وتی " هەموو ڕۆژانێکی شەممەو پێنج شەممە بەسەر فەرمانگەو بەڕێوەبەرێتییەکاندا دەگەڕێن و لەچۆنێتی خەرجکردن و پارەو داهات دەکۆڵنەوەو سزای ئەوانەش دەدرێت کەگەندەڵییان کردبێت".

## سکرتێری یەکگرتوو بۆ بەشداری پرسەی یازیچی ئۆغلو دەچێتە تورکیا



# "ئەو کارەساتەی تورکیا کارەساتی برا کوردەکانیشیانە"

**ڕووداو-ئیستەنبول**

دوای ئەوەی موحسین یازیچی ئۆغلۆ، سەرۆکی پارتێکی تورکی بەناوی یەکێتی گەورەBBP لە ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەرەکەی گیانی لەدەستدا، لەنێو هەزاران کەسی بەشداربووی پرسەکەیدا، شاندێکی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش بەشداری پرسەکەی کرد.

ڕۆژنامەی (zaman)ی تورکی دەنووسێت " لە پرسەکەیدا لە ڕۆژی سێشەممە ئەوەی هەرە سەرنج ڕاکێش بوو ئامادەبوونی شاندێکی یەکگرتووی ئیسلامی بوو. سەلاحەدین محەممەد بەهائەدین لەگەڵ شاندی یاوەری لە پرسەکەدا، بەتایبەتی سەردانی دایکی یازیچی ئۆغلویان کرد".

موحسین یازیچی ئۆغلۆ، لەلایەن زۆربەی کوردانی تورکیا وەک سیاسەتکارێکی ڕەگەزپەرستی تورک لە تورکیا سەیردەکرا، کە پەرلەمانتاری شاری سیواس بوو، ڕۆژی 2009/3/25 لەکاتی گەڕانەوەی لەشاری مەرعەش لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی لە تورکیا، هەلیکۆپتەرەکەی تێکشکاو خۆی و 5 کەسی یاوەری گیانیان لەدەستدا.

دوای دوو ڕۆژ تیمەکانی فریاکەوتن گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە. بەگوێرەی شاهیدی ڕووداوەکە، ئەو هەلیکۆپتەرە لە ئاسمان پارچەبووەو ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە بەهۆی سەرما مردوونە.

موحسین یازیچی ئۆغلو لە تورکیا، وەکو سیاسەتمەدارێکی سەرنجراکێش دەناسرا، ئەو هەمیشە ڕەخنەی لە سیاسەتی پارتی داد و گەشەپێدان AKPدەگرت بەرامبەر بە کورد، چونکە پێیوابوو سیاسەتەکەی زۆر نەرمە بەرامبەر کورد. یازیچی ئۆغلو ماوەیەکی درێژ لەناوپارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا MHPکاریکرد، دواتر لەوان جیابووەوەو BBP ی دامەزراند. ناوی ئەو پارتە و ئەندامەکانی لەڕووداوی کوشتنی ڕۆژنامەنووسی ئەرمەنی هرانت دینک و چەندین ڕووداوی دیکەدا دێت.

فەتحوڵلا گولەن سەرکردەی ئیسلامی دیاری تورکیا کە چەندین ساڵە لە ئەمریکا دەژیت، بەگومانەوە سەیری ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەرەکەی موحسین یازیچی ئۆغلۆ دەکات و داوادەکات لێکۆڵینەوەی ورد لە بارەی ڕووداوەکە بکرێت.

سەلاحەددین بەهائەدین، لەلێدوانێکدا هۆی هاتنی لە هەولێرەوە بۆ ئەو پرسەیە بەوشێوەیە بۆ ڕۆژنامەی zaman پوختدەکاتەوە "نێوبانگی ئەو کەسایەتییە سنووری تورکیای تێپەڕاندبوو، ئەوکارەساتەی تورکیا، کارەساتی برا کوردەکانیشیانە لە عێراق"، هەروەها بەهائەدین، ئاماژەی بە ئامادەبوونی پارتی جۆربەجۆر و توێژی جیاواز کرد لەپرسەکەدا و گوتی "ئەمە تابلۆیەکی زۆر جوانە"، هەروەها لەدەستدانی یازیچی ئۆغلۆی بە "زیانێکی گەورە" دانا .

ڕۆژنامەکە دەنووسێ، سەلاحەدین بەهائەدین، لەساڵی 1995 لە کاتی خواردنێکی ڕۆژو شکاندن موحسین یازیچی ئۆغلۆی ناسیوە . دواجاریش هەر لە ئیستەنبوڵ یەکتریان بینیوە .بەگوێرەی قسەکانی بەهائەدین، یازیچی ئۆغلۆ، خوێنی بەخشیوە بۆ ئەو کەسانەی لەئەنجامی هێرشی ئیسرائیل بریندداربوون. هەروەها سەبارەت بەپرسەکانی هەرێمەکە بۆچوونیان لەگەڵ یەکتر گۆڕیوەتەوە . یەکگرتووی ئیسلامی، سێیەمین پارتی گەورەیە لە باکووری عێراق. بەدوو وەزیر بەشداره لە ئیدارەی هەرێمی کوردی.

هەروەها لە پەرلەمانی بەغداش نوێنەریان هەیە. سەلاحەدین بەهائەدین، لە ساڵی 1994 یەکگرتووی دامەزراندووە، 5 خولە لەسەر یەکتر ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامییە. پارتەکەی بەهائەدین، لەدژی ڕەگەزپەرستی دامەزراوە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە داکۆکیان لە دیموکراسی و فیدڕالی کردووە. پێویستە بۆ ئایینە جۆراوجۆرەکان، مەزهەبە جیاوازەکان هەموو ئەو کەسانەی لەعێراق دەژین یەکسانی هەبێت و هەموو مافەکانیان دابین بکرێت. سەرۆکی یەکگرتوو دەڵێ "گرنگی زۆر بە پەروەردە دەدەین. مرۆڤ کاتێک سەردەمیانە و زانابوو دەتوانێ سوود بەخش بێ بۆ وڵات و گەلەکەی".

## ڕاپۆرت

پاککردنەوەی کوردستان لەمین
20 ساڵی دیکەی دەوێ



**ئازیز مەحمود -سلێمانی**

بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری مین لە سلێمانی، ڕایگەیاند کە لەماوەی 18 ساڵی ڕابردوودا 11،215 کەس لە کوردستان بەهۆی تەقینەوەی مین کوژراون و بریندار بوون.گوتیشی 5044 ناوچە مینڕێژکراون و ڕووبەری سەرجەمیان زیاتر لە 8 ملیۆن مەتر دووجایە و 9 ملیۆن مینی جۆراوجۆریان تێدا چێندراوە. هەروەها گوتی بەپێی ڕووپێوەکانیان، 3150 کێڵگەی مین لەکوردستاندا هەن و پاککردنەوەی ئەو کێڵگانە پێویستی بە 20 ساڵە.

# لە 18 یاسای پەرلەمانی کوردستان تەنیا 7 یاسا جێبەجێکراون



عەلی حەمەساڵح
ali@rudaw.net

**ڕووداو-هەولێر**

بودجەی دوو ساڵی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان 100 ملیار دیناربووە، بەڵام لێپێچینەوەی لەگەڵ هیچ بەرپرسێکدا نەکردووەو لە کۆی ئەو 18 یاسایەی ساڵی ڕابردوو دەریکردوون، تەنیا حەوتیان کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەپێی یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2008ی پەرلەمانی کوردستان کە تایبەت بوو بە بودجەی کوردستان بۆ ساڵی 2008، لە بڕگەی دووەمی ماددەی یەکەمدا بودجەی پەرلەمانی کوردستان 54 ملیارء 908 ملیۆن دینار بووەو لەیاسای بودجەی ساڵی 2007یشدا بودجەی پەرلەمانی کوردستان 43 ملیارء 812 ملیۆن دینار بووە.

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) دەرکەوتووە بەشێکی ئەو پارەیە خەرجنەکراوە، د.دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت"دڵنیام ئەو بودجەیە هەمووی خەرج نەکراوەو جۆرە زێدەڕەوییەک هەیە، لەتەخمینکردنی بودجەدا".

مانگانەی پەرلەمانتارانی کوردستان 6.5 ملیۆن دینارە، کە خانەنشینیش دەکرێن بە 80%ی مووچەکەیان خانەنشین دەکرێن، بەشێکی زۆری پەرلەمانتاریش بەتایبەت ئەوانەی لەدەرەوەی هەولێرن، لەشوقەکانی نازستی (زەکریا) شوقەیان بۆ تەرخانکراوەو هەریەکەیان بڕی 30هەزار دۆلاری بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل وەرگرت. بەڵام د.دلێر، جەختیکردەوە کە ئەو شوقانە بۆ پەرلەمانن نەک پەرلەمانتاران"ئەوانە موڵکی پەرلەماننء دوای نەمانیان لە پەرلەمان لێیان وەردەگیرێتەوە".

سەرەڕای ئەو ئیمتیازاتانەی بۆ پەرلەمانتاران هەیە، بەڵام بەپێی ڕاپرسییەکی پەیمانگەی کوردستان بۆ ڕاپرسییەکان زۆربەی کات جێی گلەیی هاووڵاتیانن، چونکە پێیانوایە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان بەجێ نەگەیاندووە. بەپێی بەدواچوونی (ڕووداو) ساڵی ڕابردوو پەرلەمانی کوردستان 18 یاسای دەرکردووە، بەڵام تەنیا 7 یاسا چوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە. د.نوری تاڵەبانی لەبارەی جێبەجێنەکردنی یاساکانی پەرلەمان بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەوە کاری حکومەتە یاسا جێبەجێ بکات، نەک پەرلەمان".

لەساڵی 2007دابودجەی پەرلەمان کەمتربوو لە2008، بەڵام لە2007داپەرلەمانی کوردستان 40 یاسای پەسەند کرد. سەردار هەرکی، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، پێیوانییە زۆریء کەمی ژمارەی یاساکان بتوانرێت بکرێتە پێوەر بۆ باشیء خراپی کاری پەرلەمان "وەک ئەندامانی پەرلەمان هەستدەکەین سستییەک هەیە لەکۆبوونەوەو یاسا دەرکردن، بەڵام ژمارەی یاسا پێوەر نییە".

سەردار هەرکی، گازندەی ئەوە دەکات کە زۆر یاسا هەبووە پەرلەمانی دەریکردووە، بەڵام وەک پێویست جێبەجێنەکراون "یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن یاسایەکی باشە، بەڵام جێبەجێنەکراوە لەو ڕووەوەش حکومەت بەرپرسیارە".



بودجەی دوو ساڵی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان 100 ملیار دیناربووە (فۆتۆ:ڕووداو)

محەممەد قەرەداخی، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران، هۆکاری جێبەجێنەکردنی بەشێکی ئەو یاسایانەی بۆ بارودۆخی حکومەت گەڕاندەوە "بەشێکی یاساکان پەیوەندییان بەهوشیاری خەڵکەوە هەیەو دەبێت خەڵک هاوکاربێت لەجێبەجێکردندا، بەشێکی دیکەیشی پەیوەندی بەلایەنی داراییەوە هەیە، بۆ نموونە یاسایی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون، لەوانەیە حکومەت ئێستا توانای جێبەجێکردنی ئەم یاسایەی نەبێت".

جگە لەدەرکردنی یاسا، ئەرکێکی دیکەی سەرەکی پەرلەمان، چاودێریکردنء لێپێچینەوەیە لەکاری حکومەت، بەڵام پەرلەمانی کوردستان، لە چوار ساڵی تەمەنیدا هیچ لێپێچینەوەیەکی نەکردووە، ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان زیاتر لەوە دەڵێت"تاوەکو ئێستا بەدواداچوونمان بۆ یەک دینار نەکردووە کە چۆن خەرجکراوەو یان بۆ خەرج نەکراوە".

هیوا میرزا، هۆکارەکانی جێبەجێنەکردنی یاساکان دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی چاودێری پەرلەمان وەک پێویست بەسەر داوودەزگاکانی حکومەتدا "پەرلەمان ئەرکێکی سەرەکی خۆی جێبەجێنەکردووە، کە چاودێریء لێپرسینەوەیە، ئەگەر چەند جارێک لێپێچینەوەی لەگەڵ حکومەتدا بکردایە، حکومەتیش دەکەوتە خۆیء یاساکانی جێبەجێدەکرد".

**ئەو یاسایانەی ساڵی ڕابردوو لە پەرلەمان دەرچوون:**

- یاسای ڕێکخستنی مافی دەسکارییکردنی زەوی کشتوکاڵی.
- یاسای دیوانی چاودێری دارایی.
- یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان.
- یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرووبومی کشتوکاڵی.
- هەموارکردنی یەکەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان.
- یاسای قەدەخەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن.
- یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێبوون بۆ دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان.
- هەموارکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە87ی ساڵی 1979ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان
- یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان.
- یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.
- یاسای درێژەدان بەکارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە 3ی ساڵی2003.
- هەموارکردنی دووەمی یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان.
- هەموارکردنی دووەمی یاسای ژمارە9ی ساڵی 2007 یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان.
- یاسای ئەنجوومەنی شووڕای هەرێمی کوردستان.

# وەزارەتی شەهیدان بایی 30 ملیۆن دینار کۆمپیوتەر بۆ سەرژمێری شەهیدان بەکرێدەگرێت

**ڕووداو-هەولێر**

ڕۆژی 2008/4/10، دوایین ڕۆژی پڕکردنەوەی فۆرمی زانیاری تایبەت بەشەهیدانی کوردستانەو هەر خێزانە شەهیدێکیش ئەو فۆرمە پڕنەکاتەوە مووچەی شەهیدەکەی دەبڕدرێت.

ماوەی شەش مانگە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کوردستان، خەریکی پرۆژەی ئاماری شەهیدانی کوردستانەء تا ئێستا لەکارەکانی تەواو نەبووە. قۆناخی یەکەم، دارشتنی پلانی پرۆژەکە بوو کە لەکۆتایی مانگی 12ساڵی ڕابردوو کۆتایی هات، لیژنەو تیمەکان ئامادەکران کە ژمارەیان 400 کەسە. قۆناخی دووەمیش لە 2009/2/1 دەستی پێکرد کە دابەشکردنی فۆرمی زانیارییە لەبارەی شەهیدەکان، بەسەر کەسوکاری شەهیدان دابەشکراوە تاوەکو پڕی بکەنەوە. فۆرمەکەش 99 پرسیاری لەبارەی شەهیدەکە تێدایە.

نادر ڕووستی، سەرپەرشتیاری پرۆژەی ئاماری شەهیدانی کوردستان، ڕایگەیاند کە تیمەکانیان لە قەزاو ناحیەکانی کوردستاندا کاردەکەن، بەڵام لەپاش دوومانگ تا ئێستا نەتوانراوە سەرجەم فۆرمی ئەو شەهیدانەی ناویان لە وەزارەت هەیە پڕ بکەنەوە.

وارسی شەهیدان، بەپێی جۆری شەهیدەکەیان بەسەر چەند پلەیەکدا دابەش بوون، هەر خێزانێک شەهیدی جینۆساید (فەیلییەکان، ئەنفال، ئەنفالی بارزانییەکان، کیمیابارانی)ی هەبێ، ئەگەر 3 شەهیدیان هەبێ 300 هەزار دیناریان دەدرێتێ، لە 3 شەهید زیاتر 600 هەزار دیناریان دەدرێتێ. شەهیدی سەنگەریش بەپێی پلەی پێشمەرگایەتییەکەی،لە 400 هەزار دینارەوە دەستپێدەکات تا ملیۆنێک و 500 هەزار دینار. هەرچی شەهیدی هاووڵاتییە، کە بەهۆی سیاسەتی ڕژێمی بەعسەوە شەهید بووە، مووچەکەی لەنێوان 90-130 هەزار دینارە.

بە بڕیارێکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەوانەی ئاوارەی ئێران بوونء لەوێ مردوون، تاوەکو 1993 بەشەهید تۆمار دەکرێن، نادر ڕووستی لەو بارەیەوە گوتی "ئەوانە لەپێناو کوردایەتی ئاوارە بوون".

بەپێی گوتەی نادر ڕووستی، 2008/4/10 پرۆژەی سەرژمێرییەکە تەواو دەبێ. ناوبراو ئامانجی پرۆژەکەی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوەو گوتی "داتای ئەنفالمان ئامادەکردووە، بەڵام داتای شەهیدانمان نەبوو، ئێستا ئەوەش ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بەرنامە دارێژراو خزمەتیان بکەین، جگە لەوەش بەهۆی ئەو ئامارەوە دەتوانین لە باروگوزەرانی کەسوکاری شەهیدان ئاگادار بین".

**مووچەی 10 هەزار کەس بڕدراوە**

وەک نادر ڕووستی ڕوونیکردەوە یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە، بڕینی مووچەی ئەوانەیە کە بەشێوەی ساختە تاوەکو ئێستا مووچە بەناوی شەهیدەوە وەردەگرن. نارد ڕووستی گوتی "دوای دامەزراندنی وەزارەتی شەهیدان، مووچەی نزیکەی 10 هەزار کەس بڕدراوە چونکە بەپێی یاسا ئەوانە شەهید نین"، هەروەها گوتیشی "ڕەنگە لەو ئامارانەی ئێستاشدا، خەڵکانێک دەربکەون بەناوی جیاواز مووچەیان وەرگرتووەو ساختەیان کردووەو بەدڵنیاییەوە لەبەرئەوەی ئامارەکە وردە زۆر بە ئاسانی ئەگەر حاڵەتێکی واهەبێت لێکۆڵینەوەی لێدەکرێتء مووچەکەی دەبڕدرێت".



## 60 هەزار شەهیدی سەنگەر و هاووڵاتی لە کوردستان هەیە

نادر روستی

نادر ڕووستی ئاماژەی بەوەدا کە دەبوایە سەرژمێرییەکە 2009/3/10 تەواو ببێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کەسوکاری شەهیدان فۆرمەکانیان پڕ نەکردبووەوە ماوەکە درێژکرایەوە بۆ3/19 جارێکیتریش تا2009/4/10 درێژ کراوەتەوە. بەڵام تەنیا لەنووسینگە سەرەکییەکان ناوەکان تۆمار دەکرێن.

سەبارەت بەچارەنووسی ئەوانەی تا2009/4/10 فۆرمەکە پڕناکەنەوە، نادر ڕووستی گوتی "داتاکان داخڵی کۆمپیوتەر دەکەین، پاشان لیستێک ئامادە دەکەینء بۆ بانکەکانی دەنێرین، ئەوەی فۆرمەکەی پڕ نەکردبێتەوە ناوی لەو لیستەدا نابێء مووچەی نادرێتێ".

بۆ تەواوکردنی ئەنجامدانی ئەم سەرژمێرییە، وەزارەتی کاروباری ئەنفالکراوانء شەهیدان داوای 420 ملیۆن دیناری کردبوو وەک خەرجی ئەنجامدانی ئەو سەرژمێرییە، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر 390 ملیۆن دینار دا، چونکە نزیکەی 30 ملیۆن دینار بۆ کڕینی کۆمپیوتەر داوا کرابوو، کڕینی کۆمپیوتەریش لەفۆرمی بودجەی وەزارەتی شەهیداندا نییە.

نادر ڕووستی، لەو بارەیەوە گوتی "پێویستمان بەکڕینی کۆمپیوتەر هەبوو، بۆ داخڵکردنی زانیارییەکان، چونکە وەزارەت توانای دابینکردنی ئەو هەموو کۆمپیوتەرەی نییە، بۆیە ناچار بووین کۆمپیوتەر بە کرێ بگرین، نزیکەی 20-30 ملیۆن دینارمان بۆ کرێی کۆمپیوتەرەکان تەرخانکردووە".

بەپێی گوتەی نادر ڕووستی، ئەوەی تاوەکو ئێستا دەرکەوتووە، جگە لە شەهیدی جینۆسیاد "ژمارەی شەهیدەکانی سەنگەرء هاووڵاتی کوردستان لە نێوان 50 تاوەکو 60 هەزار شەهید دەبێ".

کۆمەڵەی کوردستانی سەوز:

# برای فوئاد مەعسوم دوو دۆنم زەوی داگیرکردین و 3 هەزار نەمامی شکاندین

**عەلی حەمە ساڵح**
**ڕووداو-سلێمانی**

سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز برایەکی د.فوئاد مەعسوم بەوە تۆمەتبار دەکات کە زیاتر لە 3 هەزار نەمامی کۆمەڵەکەی شکاندووە، قاوەخانەیەکیش لەسەر ئەو زەوییە دروستدەکات کە ئەنجوومەنی وەزیران بە موساتەحە داویەتییە کۆمەڵەکە.

جەلال حەمە غەریب، سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز، گوتی ڕۆژی 2009/4/1 محەممەد مەعسوم، برای د.فوئاد مەعسوم، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپەرلەمانی عێراق، بەشۆفڵ ئەو نەمامانەی کە بۆ ئەمساڵ لەلایەن کۆمەڵەکەی ئەوانەوە ڕوێندرابوون و خەریکی دابەشکردنی بوون، هەمووی لەناو بردوون و دەیەوێت قاوەخانەیەک لەسەر زەوی کۆمەڵەکە دروستبکات.

جەلال حەمە غەریب، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پارچە زەوییەک لەسەرچنار لەلایەن وەزارەتی گەشتوگوزارەوە بەموساتەحە، بۆ ماوەی 10 ساڵ درابووە کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز، بۆ ئەوەی شتڵگەو نەمامی تێدا دابنێت، بەڵام پاش چوار ساڵ و پێش ئەوەی ماوەی موساتەحەکە تەواو ببێت درایە محەممەد مەعسوم، بۆ ئەوەی بیکاتە قاوەخانە".

سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز، دانی ئەو زەوییە بە محەممەد مەعسوم بە کارێکی "نا یاسایی" دادەنێت و دەڵێ "موساتەحەکەی ئێمە تەواو نەبووە، بەنووسراوێکی تایبەت داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیران کردبوو بۆ پێدانی زەوییەکە، بە نووسراوی تایبەت وەڵامیان داینەوە کە ئەو زەوییە لای کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز بمێنێتەوە تاوەکو کارەکانی تێدا ئەنجامبدات، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە، بەبێ ئەوەی گوێ بەبڕیاری سەرۆکی حکومەت بدەن کە ناوچە گەشتیارییەکان نابێت بکرێنە بینا، ئەو بڕیارەیان دەرکرد".

سەرۆکی کۆمەڵەکە، محەممەد مەعسوم، بەوە تۆمەتبار دەکات کە "بەپێچەوانەی هەموو بڕیارەکانی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، بەهۆی دۆستایەتی و ناسراوییەوە ئەو کارەی بۆ جێبەجێکراوە".

ئەو زەویەی کە دراوەتە محەممەد مەعسوم بەشێکی بارەگای کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوزی تێدابوو. هەروەها سەرۆکی کۆمەڵەکە ئاماژەی بەوەدا کە محەممەد مەعسوم ژمارەیەکی زۆر نەمامی لەناو بردوون "نزیکەی 3 هەزار نەمامان دانابوو تاوەکو بەسەر خوێندنگەو شوێنە گشتییەکان دابەشی بکەین، بەڵام ئەو بەبێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بکاتەوە، 300 هەزار نەمامەکەی بە شۆفڵ تەختکردبوو، هەروەها هەندێک داریشی فەوتاندووە کە تەمەنیان لە نێوان 14-30 ساڵ دەبێ".

## تەنیا یەک دارم شکاندووە

محەممەد مەعسوم

محەممەد مەعسوم لە پەیوەندییەکدا لەبارەی کێشەی ئەو زەوییە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زیاتر لەساڵێکە ئەو زەوییەم لەگەشت و گوزار بە موساتەحە وەرگرتووە، هیچ پەیوەندی بە کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوزەوە نییە، ئەوان لەپێشەوە بینایەکیان هەیەو بەڵێنم پێداون لەسەر حیسابی خۆم بینایەکی دوو ژووریان بۆ دروست بکەم، چونکە بیناکەی ئەوان لەدوورەوە بیبینە دەڵێی تەوالێتە و تەنیا یەک ژووریشە".

سەبارەت بە بڕینەوەو لەناوبردنی نەمامەکانیشیان، محەممەد مەعسوم گوتی "نە دارم بڕیوەتەوە نە نەمام، تەنیا یەک دارمان بڕیوەتەوە کە کەوتبووە ناو ئیشەکەمان".

هەرچەندە جەلال حەمە غەریب، دەڵێت "لەدادگا داوامان لەسەر محەممەد مەعسوم تۆمارکردووە"، بەڵام محەممەد مەعسوم، لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "کەس داوای لەسەر تۆمار نەکردووم، چونکە ئەگەر داوام لەسەر تۆمار بکرایە تاوەکو ئێستا ئاگادار دەکرامەوە".



## ڕیپۆرتاژ



**نێچیرڤان بارزانی: کێشەی داهاتەکانی گومرگمان لەگەڵ بەغدا چارەسەرکرد**

ڕووداو- الشرق الاوسط

سەرۆکی حکومەتی کوردستان ڕایگەیاند کە کێشەی داهاتەکانی گومرگ لەگەڵ بەغدا بەیەکجاری چارەسەرکراوەو بۆ حکومەتی عێراق ڕوونبووەوە کە ئەو ژمارانەی لەبارەی داهاتی دەروازە سنوورییەکانەوە پێشکێشمان کردوون، ڕاست و دروستن و ئەو ژمارە فەلەکییانە نەبوون کە هەندێ کەس پێشبینییان دەکرد. نێچیرڤان بارزانی بەرۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی ڕاگەیاند کە ئەو کێشەیە لەگەڵ بەغدا بەیەکجاری چارەسەرکرا.

### فرێدریک مالم، ئەندامی پەرلەمانی سوێد:

# کێشەکانی کوردستان لەگەڵ بەغدا ڕێگا لە پێشکەوتنی کوردستان دەگرن

**سیروان حاجی بەرکۆ**
**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

فرێدریک مالم سیاسەتمەداری سوێدی تەمەن 31 ساڵ، ڕەخنە لە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان دەگرێت، سەبارەت بە گەڕاندنەوەی پەناخوازانی کورد لەلایەن حکومەتی سوێدەوە بۆ کوردستان. مالم لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێ سوێد دەیەوێ ئەو پەناخوازە عێراقیانەی لەسوێدن و مافی پەنابەرییان وەرنەگرتووە، بگەڕێنێتەوە عێراق و هەرێمی کوردستان. لە مانگی شوباتی ڕابردوودا لە سێ شاری سوێدەوە پەناخوازانی عێراقی و کوردستانی بە فڕۆکەیەکی تایبەت ڕەوانەی بەغدا کرانەوە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەخنەی لە گەڕاندنەوەی پەناخوازان گرت و داوای لە حکوومەتی سوێد کرد ئەو پەناخوازانە لە سوێد بمێننەوە.

فرێدریک مالم، ئەندامی پەرلەمانی سوێد و دۆستی گەلی کورد، لەو هەڵوێستەی کورد تێناگات و دەڵێ " تۆ ناتوانی لەلایەک لە CNN ریکلام بکەی و بڵێی ( وەرن بۆ ئێرە، ئێرە عێراقەکەی دیکەیە، عێراقی نوێ و دیموکراتییە) لەلایەکی دیکەشەوە ڕێنەدەی هاووڵاتییەکانت بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان". مالم باسی ڕەوشی ئارامی هەرێمی کوردستان دەکات، بۆیەش پێیوایە هاووڵاتیانی ئەوێ مافی ئەوەیان نییە داوای مافی پەنابەری لە وڵاتێکی دیکە بکەن"

**حکومەتی کوردستان ناکرێ لەلایەک ریکلام لە CNN دا بکات و بڵێ وەرنە عێراقەکەی دیکە و لەلایەکی دیکەشەوە دژی ئەوەبێت سوێد پەناخوازانی بنێرێتەوە**

دوای شەڕی عێراق و ئازادکردنی، هەزاران پەنابەری عێراقی و کورد کۆچبەری چەندین وڵاتی ئەوروپایی بوون و داوای مافی پەنابەرییان کرد. بەڵام بەتایبەتی کوردی پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆک داواکانیان بەزۆری ڕەتکرانەوە. فرێدریک مالم، چەند ساڵێکە لەگەڵ ئافرەتێکی کورد بەناوی گولان ئاڤجی ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو کوڕێکیان هەیە، لەمێژە چاودێری ڕەوشی کورد و کوردستان دەکات. ئەو لە سوێد یەکێکە لە پشتیوانە هەرە گەورەکانی کێشەی کورد و داواکانی. مالم زۆر خۆی بە ڕەوشی هەرێمی کوردستانەوە خەریک دەکات. ئەو ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ و مافە مەدەنییەکان لەمەترسیدا دەبینێ و لەو باوەڕەدایە تا حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کێشەی کەرکووک، پێشمەرگە، فیدراڵی و نەوت لەگەڵ حکوومەتی بەغدا یەکلایی نەکاتەوە" زۆر زەحمەتە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی دیموکراسیانە بەدەستبێنێ".

ئەو سیاسەتمەدارە سوێدییە ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەوکات پرسە ئەمنییەکان دەبنە بیانوو بۆ جێبەجێنەکردنی گۆڕانکاری لەسیستەم و کۆمەڵگەی کوردیدا. فرێدریک مالم مەترسییەکە لەوەشدا دەبینێ کە کورد تەنیا بایەخ بە مەسەلەی نەوت بدەن و دەڵێ" هەرێمی کوردستان ناتوانێ تەنیا بە نەوت بژی و کۆمەڵگەکەی پێشبخات، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وڵاتی هەرە دیموکرات ئیسرائیلە، کە هیچ نەوتیشی نییە". مالم پێیوایە دەبێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆرتر گرنگی بەخوێندن، لێکۆڵینەوە و دروستکردنی سیستەمێکی ئابووری بەهێز بدات، تاوەکو بتوانێ پێشکەوتن مسۆگەر بکات.



فرێدریک مالم ئەندامی Folkpartiet، هیواخوازە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەورووپا لە 2009/6/7 سەرکەوتن بەدەستبێنێ و ببێتە ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا، بەڵام دەرفەتەکانی سەرکەوتنی زۆر نین.

### دوو بەرپرسی باڵای حیزبی دەعوە:

# سەهۆڵبەندانی پەیوەندییەکانی بەغداو هەولێر بەرەو توانەوەیە

**ڕووداو- هەولێر**

لەچوارچێوەی هەوڵەکاندا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، بڕیارە هەفتەی داهاتوو شاندێکی حیزبی دەعوە کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیران سەرۆکایەتی دەکات، بگاتە هەولێر.

هەریەک لە پەرلەمانتاران کەمال عەبدوڵلا ساعیدی و حەسەن سنێد کە دوو لەسەرکردە باڵاکانی حیزبی دەعوەن، لەوبارەوە بە (ڕووداو)یان ڕاگەیاند کە هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان هەنگاوی باشی بڕیوەو پەیوەندییەکانی حیزبی ناوبراویشیان لەگەڵ لایەنە کوردییەکان بە "هاوپەیمانێتی مێژوویی" وەسف کرد کە "ناکۆکییەکان بەهۆی بۆچوونی جیاوازەوە کاری تێناکات".

لەنێوان بەغداو هەرێمی کوردستاندا هێشتا چەندین دۆسیە بەهەڵواسراوی ماونەتەوە کە گرنگترینیان بریتین لە ماددەی 140ی دەستوور سەبارەت بەناوچەکانی جێی ناکۆکی، کێشەی گرێبەستەکانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان، بودجەو قەبارەی هێزەکانی پاسەوانی هەرێم و بەشی هەرێمی کوردستان لەبودجەی عێراق و چەندین کێشەی دیکە کە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێرو بەغدایان تا دوائاستی ساردوسڕی برد.

کەمال ساعیدی گەشبینیی خۆی دەربڕی کە سەردانی چاوەڕوانکراوی شاندی حیزبی دەعوە وەک ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ خودی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران سەرۆکایەتی بکات، ڕۆڵێکی باش لەتواندنەوەی ئەو سەهۆڵبەندانەدا ببینێ کە بەهۆی ئەو ناکۆکییانە دروست بووە. ساعیدی لەوەڵامی ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییانەدا کە دەڵێن مالیکی لەهەڵبژاردنەکانی داهاتووی هەرێمی



کەمال ساعیدی

کوردستاندا هەوڵی تێکدانی هاوسەنگییەکان دەداو لەدژی پارتی و یەکێتی پشتگیریی لەهەندێ لایەنی دیکە دەکات، ڕەتیکردەوە سەرۆک وەزیران بەهیچ شێوەیەک دەست لەکاروباری هەرێمی کوردستان وەربدات و پشتگیریی هیچ لایەنێک لەدژی لایەنێکی دیکە بکات، گوتیشی "پێمواية شتی لەوبابەتە نە خزمەت بەهەرێمی کوردستان دەکات و نە خزمەت بە حکومەتی عێراقیش".

ساعیدی هیوای خواست کەشوهەوای یەکدی تۆمەتبارکردن برەوێتەوەو هیچ لایەنێک پەنا نەباتە بەر ڕاگەیاندن بۆ ئاڵۆزکردنەوەی ڕەوشەکە، گوتیشی "باشتر وایە هیچ لایەنێک لەبارەی ئەو ناکۆکییانەی کە هەیە لێدوانی ئاگرین بۆ میدیا نەدات و هەوڵ بدرێت ناکۆکییەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ و بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە چارەسەر بکرێت، چونکە پەنابردن بۆ ڕاگەیاندن ڕێگە خۆش دەکات بۆئەوەی هەندێ لایەنی دیکەش بێنەسەر هێڵ و ڕۆڵ لەئاڵۆزکردنی بارودۆخەکەدا بگێڕن".



حەسەن سنێد

هەر لەوبارەوە حەسەن سنێد کە یەکێکە لەسەرکردەکانی حیزبەکەی مالیکی، پەیوەندی حیزبەکەی لەگەڵ لایەنە کوردییەکان بە "پەیوەندییەکی مێژوویی و پەیوەندی هاوخەباتی لەدژی دیکتاتۆریەت و زۆرداری" وەسفکرد، ڕاشیگەیاند کە لەئایندەیەکی نزیکدا دەستپێکردنی سەردان و گفتوگۆکان دەبینین و هەردوولا شاندی خۆیان بۆلای یەکدی دەنێرن، چونکە وەک ئەو گوتی "ئەو کێشانەی بوونەتە بەربەست لەبەردەم ئەو پەیوەندییە خەریکە کۆتاییان دێت و قۆناخێکی نوێ دەستپێدەکات".

لەبارەی بانگەوازەکانی مالیکیش بۆ هەمواركردنی دەستوور کە لایەنی کوردی بەهەوڵی زەوتکردنی دەستکەوتە دەستوورییەکانی خۆی دەزانێ، سنێد ڕایگەیاند کە دەستکاریکردنی دەستوور مەسەلەیەکی دەستوورییەو بەپێی ماددەیەکی دەستووری ئەنجام دەدرێ. گوتیشی "بەڕێز مالیکی لەچوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیدا مافی ئەوەی هەیە ئاماژە بەهەندێ ماددە بکات کە پێیوایە دەبێت دەستکاری بکرێن، بەڵام ئەو دەسەڵاتی گۆڕینی دەستووری نییەو هیچ بەرپرسێکی دیکەش ئەو دەسەڵاتەی نییە، تەنانەت پەرلەمانیش ئەو دەسەڵاتەی نییە، بەڵکو وەک دەستوور خۆی ڕێوشوێنەکانی دیاریکردووە، ئەوە تەنیا لەدەسەڵاتی گەلدایەو دەبێت بەریفراندۆم بکرێ" هەروەها گوتی "ئەوەی بەڕێز مالیکی دەیڵێ تەنیا ئەوەیە کە هەندێ ماددەی دەستوور پێویستیان بەدەستکاری هەیە، ئەگەر پرسیار لەبەڕێز تاڵەبانیش بکەی هەر دەڵێ هەندێ ماددە پێویستیان بەدەستکارییە، هەموو لایەنە عێراقییەکانیش کۆکن لەسەرئەوەی کە دەستوور دەبێ دەستکاری بکرێ و ئەوە بەتەنیا ڕای مالیکی نییە".

ئەو بەرپرسە باڵایەی حیزبی دەعوە ڕەتیشیکردەوە مالیکی لەهەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکانی هەرێمی کوردستاندا پشتگیری هیچ لایەنێک لەدژی یەکێتی و پارتی بکات و ڕایگەیاند کە ئەو هەڵبژاردنەی لەهەرێمی کوردستان دەکرێ حکومەتی فیدراڵ بەهیچ شێوەیەک دەستی تێوەرنادات، گوتیشی "مالیکی بەهیچ شێوەیەک پیلانگێڕی لەدژی کورد ناکات و بەنیازیش نییە هاوپەیمانێتی لەگەڵ هیچ لایەنێک بکات لەدژی کورد، بەڵکو لەهەوڵی ئەوەدایە هەموو ئەو بەربەستانە لاببات کە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم نزیکبوونەوەو لێکگەیشتنی بەغداو هەرێمی کوردستان".

لەو چوارچێوەیەشدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە هەفتەی داهاتوو شاندێکی حیزبی دەعوە دەگاتە هەرێمی کوردستان.

# "کوردستان دەبەینە هۆڵەندا"

**ڕووداو- دەنهاخ**

هاری فان بۆملی ئەندامی پەرلەمانی هۆڵەندا لە سەرلیستی پارتی سۆسیالیست بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتی تورکیا ڕێگەی نەدا سەردانی باکووری کوردستان بکات، بەڵام ئەو بە هەرشێوەیەک بێت توانیویەتی وابکات کە ژنە سیاسەتڤانی کورد لەیلا زانا بۆ هۆڵەندا بانگهێشت بکرێت.

بۆمل بەنیازبوو لەگەڵ شاندێکی پارتەکەی سەردانی تورکیا بکەن، بەڵام تورکیا ڕێی پێنەدان. بۆمل لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) گوتی " من گوتم مادام ئێمە ناتوانین بچینە کوردستان، وا دەکەین کە کوردستان بێتە ئێرە". هەروەها ئاشکرای کرد کە ڕۆژی 2009/4/24 لەیلا زانا لە هۆڵەندا میوانداری دەکرێت. ئەو لە بارەی زاناوە گوتی:" ئەو ژنە پەرلەمانتارە ئازایە مەترسیی ئەوەی لەسەرە کە سەرلەنوێ بە دەساڵ زیندانیکردن حوکمبدرێتەوە".

فان بۆمل گلەیی ئەوەیشی لە مێدیای هۆڵەندی کرد کە بایەخێکی یەکجار زۆر بە کێشەی فەلەستین دەدەن:" ئەوە کارێکی باشە، بەڵام هاوکات کورد کە لە هەر چواردەوڵەتی تورکیا و عیراق و ئێران و سوریا دەچەوسێنەوە زۆر کەم باسی دۆزی کورد دەکرێت". ئەو پەرلەمانتارە هۆڵەندییە لە سەرەتای ساڵی ئایندەدا سەردانی باکووری کوردستان دەکات. ئەو دەڵێت:" من هەموو هەوڵی خۆم دەخەمە گەڕ بۆ ئەوەی سەرنجی سیاسییەکان و خەڵکی ئەورووپاش بۆ دۆزی کورد ڕابکێشم".



هاری فان بۆمڵ

لە لایەکی دیکەوە فان بۆمل ڕایگەیاند کە هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی مۆنۆمێنتێک بۆ هەڵەبجە لە شاری دەنهاخ هێشتا نەگەیشتوونەتە سەرکەوتن و گوتی " بەڵام ئێمە بەردەوام دەبین لە هەوڵەکانمان". هەروەها گلەیی ئەوەیشی کرد کە ئەمساڵ یادکردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە لە هۆڵەندا زۆر بێبایەخ بوو" ئێمە کە نزیکەی سەد کەسێک دەبووین لە قەراخی شۆستەیەکدا بەرامبەر دادگای دادی نێودەوڵەتی ڕاوەستابووین، یادکردنەوەی کارەساتی شاری هەڵەبجەی باشووری کوردستان لە عێراقدا شایانی ڕێورەسمێکی زۆر شایستەتر بوو".

### باڵیۆزی عێراق لە قەتەر:

# لەهەوڵی کردنەوەی هێڵی ئاسمانی نێوان دەوحە و هەولێرداین

**ڕاسان ڕۆژگار**
**ڕووداو- دەوحە**

باڵیۆزی عێراق لە قەتەر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە حکومەتی قەتەر پێشوازییەکی گەرمی لە پێشنیازی کردنەوەی هێڵی ئاسمانی لە نێوان بەغداو هەولێر و نەجەف لەگەڵ دەوحە کردووە.

د.جەواد هینداوی، کە لە ڕۆژی 2009/3/3 لە دەوحە وەک یەکەم باڵیۆزی عێراق لە قەتەر لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام دەستبەکاربوو،لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، گوتی زۆر خۆشحاڵە کە ڕۆژنامەیەکی کوردی بایەخ بە باڵیۆزخانەی عێراق لە قەتەر دەدات " ئێرە بە تەنیا شوێنی لایەنێک یان مەزهەب و نەتەوەیەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو شوێنی هەموو عێراقییەکە، ئامادەین هەموو ئاسانکارییەک بۆ هاووڵاتیانی عێراقی لە قەتەر بکەین".

باڵیۆزی عێراق ڕوونیکردەوە، کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ڕەوەند (جالیە)ی عێراق و باڵیۆزخانەی عێراق لە قەتەر هەیە، هیچ جیاوازییەکی مەزهەبی و تایفی لە مامەڵە لەگەڵ ئەوان لە ئارادانییە.

وەک ناوبراو ئاماژەی پێدا هەوڵی بەلەزی ئەوان بریتییە لە هاندانی حکومەتی قەتەر بۆ کردنەوەی باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا، بۆ ئەوەی قەتەریش لەنێو وڵاتانی عەرەبیدا بکەوێتە دوای دەستپێشخەری کوێت و بەحرێن و ئیمارات لە کردنەوەی باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا. هەروەها گوتیشی هەوڵی کاراکردنی لیژنەی هاوبەشی عێراقی قەتەری دەدات، کە لە نێوان چەند وەزارەتێکی هەردوو وڵاتدا هەیە.

لەدوای سەردانی مانگی شوباتی ڕابردووی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بۆ کوێت و قەتەر، ڕێککەوتنی سەرەتایی لە سەر کرانەوەی نووسینگەی هەرێمی کوردستان لە دەوحە کرا، کە هەندێ لایەن و ئەندام پەرلەمانی عێراق ئەوەیان بە پێشێلکردنی دەستووری عێراق دانا. بەڵام د.جەواد هنداوی کە یەکێکبووە لەو کەسانەی وەک ڕاوێژکارێک کاری لە نووسینەوەی دەستووری



باڵیۆزخانە عیراق لە قەتەر

هەمیشەیی عێراق دا کرد لە ساڵی 2005دا، ئەو ڕایانەی بە دروست دانەنا و گوتی" پێمواننییە سروشتێکی سیاسی هەبێت، هەربۆیەش شتێکی دژی دەستوور نییە". هەروەها گوتیشی" لە دەستوور مادەیەک هەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مافی هەرێمەکانە نووسینگەی خۆیان لە وڵاتانی دیکە بکەنەوە، یاسای خزمەتی دەرەوەش کە چوار پێنج مانگ پێش ئێستا دەرچووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات،کە بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێ نوێنەرایەتییەکان بکرێنەوە، سیاسەتی دەرەوە بۆ هەموو وڵات سیاسەتێکی سیادییە، نووسینگەی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە دەوحە لە چوارچێوەی یادشتنامەی لێکتێگەیشتن هاتووە،کە هەنگاوی یەکەمە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەسەر ئاستی بازرگانی و ئابووری و دیپلۆماسی، بەڵام تا ئێستا ئەو یاداشتنامەیە پەسند نەکراوە".

هینداوی گوتی ئەو ڕۆژەی ئەو وەک باڵیۆزی عێراق گەیشتە دەوحە، بارزانی بەرەو هەولێر گەڕایەوە، لەبەر ئەوە زانیارییەکی تایبەتی لەبارەی سەردانەکەیەوە نییە، بەڵام بەپێی چاودێری خۆی بۆ هەواڵی سەردانەکە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەدواداچوونەکانی لە دەوحە "گرنگترین شت لەم سەردانە هاندانی هەماهەنگی ئابووری لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و قەتەر بوو، ئێمە لە عێراق پێمانوایە کە پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی عێراقە، بۆیە پشتیوانی لەوە دەکەین. چ لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانی وەک باڵیۆزخانە، یان هەر کەناڵێکی دیکەوە هەوڵدەدەین قەتەر وەبەرهێنان لە عێراق ئەنجامبدات، جا چ لە هەرێمی کوردستان بێت یان بەسرە و هەر شارێکی دیکە، دەوڵەمەندبوونی هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندبوونی عێراقە، ئێمە پێشوازی لەم لایەنە لە چواچێوەی دەستوور و ڕێککەوتنی سیاسی دەکەین".

باڵیۆزی عێراق لەبارەی هەنگاوەکان بۆ کردنەوەی کۆنسوڵخانەی قەتەر لە هەولێریش گوتی" تا باڵیۆزخانە نەکرێتەوە، کۆنسوڵخانە دانانرێن، ئێمە ئێستا لە هەوڵی کردنەوەی باڵیۆزخانە قەتەرین لە بەغدا، دواتر دەبێ وەک ئەڵمانیا و ئێران فەرەنسا کۆنسوڵخانەی خۆیان لە هەولێر بکەنەوە".



**جەواد هنداوی کێ یە؟**

لە ساڵی 1976 لەزانکۆی بەغدا دەرچووە، لە ساڵی 1978 ماستەری لە بواری کارگێڕی وەرگرتووە، دواتر بووەتە یاریدەدەری راگری پەیمانگای تەکنەلۆژی لە باشووری عێراق، لە ساڵی 1982 لەسەر خەرجی دەوڵەتی فەرەنسا بۆ خوێندنی یاسای نێودەوڵەتی چووەتە پاریس، دکتۆرای لەوبوارەدا بەدەستهێناوەو 15 ساڵ مامۆستای زانکۆکانی فەرەنسا بووە. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام گەڕایەوە عێراق، وەک ڕاوێژکاری لیژنەی نووسینەوەی دەستوور لەپەرلەمان کاریکردووە، دواتر بووەتە راوێژکاری وەزیری کاروباری پارێزگەکان، دواتر لەلایەن سەرۆک وەزیران کراوەتە ڕاگری پەیمانگەی دیپلۆماسی وەزارەتی دەرەوەی عێراق.

رووداو

## کوردستانی

**دەنگدەرانی DTP بریندار دەکرێن**

رووداو- roj tv
رۆژی 2009/4/3 لە گوندی (بیسکان)ی سەر بە قەزای شەمزینانی باکووری کوردستان، ژمارەیەک لە لایەنگرانی پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدارAKP بە پشتیوانی هێزەکانی سەر بەحکومەت بۆسەیەکیان بۆ ژمارەیەک لەو هاووڵاتیانە نایەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکان دا لە 2009/3/29دا دەنگیان دابووە پاڵێوراوی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP، لە ئەنجامدا 6 کەس لە بنەماڵەی حاجی مەلا مەحمود برینداربوون، کە یەکێکیان مندالە. تاوەکو ئێستا جگە لە هێرشکارێک هیچ کام لەوانەی دیکە دەستگیرنەکراون و، لەبەرئەوەی هەندێکیان بەرەو هەرێمی کوردستان رایانکردووە.

# سەرکەوتنی DTP نەخشەی سیاسی نێوخۆی تورکیا دەگۆڕێت



هێمن خۆشناو
heminxoshnaw@yahoo.com

**رووداو – هەولێر**

پاش ئامادەکاری و ململانێ و شەڕ و تاوانبارکردنی یەکتر، هەڵبژاردنە هەرێمییەکان لە تورکیا ئەنجامدران. پارتی دادو گەشەپێدانی دەسەڵاتدار AKP بۆ یەکەمجار لە دوای دامەزراندنی بە رێژەی 8% دەنگەکانی کەمبووەوە، لەبەرامبەریشدا DTP لەباکووری کوردستان دەنگ و شارەوانییەکانی زیادکرد و سەرکەوتنێکی تۆمارکردو توانی شارەوانییەکانی سێرت و وان و لەدەست AKP دەربێنێ، هەروەها بۆ یەکەمجار لەمێژووی هەڵبژاردنە هەرێمییەکانی تورکیا شارەوانی شاری ئیغدر کەوتە دەست DTP دوای ئەوەی لەهەڵبژاردنی پێشووتر MHP بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئازەرییەکان توانی ئەو شارەوانییە بباتەوە، بەڵام بردنەوەی ئەمجارە لەلایەن DTP بووە جێی باسی هەموو راگەیاندن و سیاسەتکارانی تورکیا و جەمیل چیچەکی جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا ئەوەی بەهەڕەشەیەکی گەورە دانا چونکە گوتی " ئەوانە لە ئێستاوە پشت بە سنووری ئەرمینیا دەبەستن"، لەبەر ئەوەش گوتی بردنەوەی ئیغدر لە ئەنقەرە گرنگترە.

بەرپرسانیDTP لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن جەختیان لەوە دەکردەوە، کە چارەسەری پرسی کورد بەندە بە سەرکەوتنیان لەهەڵبژاردن، چونکە سەرکەوتنیان حکوومەت ناچار دەکات بۆ دانوستانەکانی چارەسەری کێشەی کورد DTP وەک لایەنی گفتوگۆ لەگەڵ کراو ببینێ.

هاشم سۆیلەماز، رۆژنامەنووس لەگۆڤاری ئاکسیۆنی تورکی، کەنزیکە لە AKP، لە لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی، لەدوای ئەو سەرکەوتنەی DTP " لەمەولا بۆ هەر هەنگاوێک لەباکووری کوردستان پێویستە ڕەزامەندی DTP وەربگیرێت، یان لانیکەم پرسی پێبکرێت".

ئەرهان باش یوز، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەی BUGÜN کە ئەویش نزیکی AKPیە، دانی بەسەرکەوتنی DTP داناو گوتی "ئەو ئەنجامە کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر رەوشی هەرێمەکە". بۆ ئەمەش لەمەڕ چارەسەری پرسی کورد "پێدەچێت DTP ببێتە لایەنێکی دانوستانەکان". بەڵام لەهەمانکاتدا گوتی ناتوانرێ بگوترێ DTP نوێنەری ئەو ناوچەیە، چونکە نەیتوانی هەندێ شارەوانی دیکە لە دەست AKP دەربێنێ و لەو شوێنانەی کە بردیەوەش دەنگی حیزبەکانی دیکە لە دەنگی ئەوەوە نزیکبوون.

رۆژئاوا بە گرنگییەوە لەو هەڵبژاردنە دەڕوانێ، فەلەکناس ئوجا ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا کە بەر لە هەڵبژاردنەکان لە باکووری کوردستان بوو، رایگەیاند " چاوی هەموو ئەورووپا لەسەر هەڵبژاردنەکانی 29ی ئادارە. وڵاتانی ئەورووپا هەوڵدەدەن هێزی کورد و DTP بناسن. ئەگەر DTPلەهەڵبژاردنەکان سەرکەوتن بەدەستبێنێ، ئەو کات بۆ چارەسەری پرسی کورد وەکو موخاتەب دەستنیشان دەکرێت".

ماوەیەک بەر لەئێستاش شاندێکی ئەمریکی سەردانی باکووری کوردستانی کردو لەگەڵ چەند کوردێکی باکووری کوردستان کۆبووەوە. وەک بڕیاریشە باراک ئۆباما لەکاتی سەردانەکەی بۆ تورکیا، جگە لە AKP، لەگەڵ نوێنەرانی پارتەکانی MHP، DTP، و CHPەشدا کۆدەبێتەوە. DTPیش بڕیاریدا پرۆژەیەکی چارەسەری کێشەی کورد کە لەسەر ئۆتۆنۆمی بنیاتنراوە بداتە ئۆباما.

نوسەری کوردی تورکیا ئۆرهان میر ئۆغلو، کە یەکێکبوو لەو سێ کوردانەی مانگی رابردوو لەگەڵ شاندە ئەمریکییەکە کۆ ببووەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "سەرکەوتنی DTP گوزارشت لە پەیامێکی سیاسی دەکات، گوزارشت لە پرسی کورد و دیموکراسی دەکات". هەروەها دەڵێ: "DTP سەلماندی کە ئەکتەرێکی گرنگ و دەست لێبەرنەدراوی ژیانی سیاسی تورکیایە".

نەبوونی نوێنەرێکی دانپێدانراو لەلایەن حکوومەت و AKPی دەسەڵاتدار، چارەسەری پرسی کورد ئالۆزتر دەکات، سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی DTP بۆ ئەوەی وەکو نوێنەری کورد لەپرۆسەی چارەسەری حیسابی بۆ بکرێت، بەڵام حکوومەت ئامادەنەبووە ئەوە قبوڵ بکات و، مەرجی دانیشتن لەگەڵ DTPی بەوە بەستووەتەوە کە PKKوەک رێکخراوێکی تیرۆریست رابگەیینێ ئەمەش بەهەمووشێوەیەک لەلایەن DTPرەتکراوەتەوە. بەڵام هەندێ لە چاودێران پێیانوایە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەموولایەک ناچار دەکات بەحیسابەتاکانیان بەرامبەر بە DTP دا بچنەوە.

ئۆرهان میرئۆغلو، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی 2007 بەبیردێنێتەوە "کورد لەهەڵبژاردنی 2007 دەنگیان بۆ AKP دابوو، چونکە گفتی چارەسەری پرسی کوردی دابوو، بەڵام لەدوای هەڵبژاردن زۆری پێنەچوو ئەو پارتە هەمان نەریتی دەوڵەتی تورکیای لەمەڕ پرسی کورد دووبارە کردەوە، هەوڵیدا بۆ سوپا بیسەلمێنێ کە دەرفەت بەسەرکەوتنی DTP نادات". میر ئۆغڵۆ گوتیشی "ئیتر نکۆڵیکردن لەپارتێک کە زۆربەی شارەوانییەکانی بەدەستهێنا مومکین نییە".

رۆژنامەوانی رۆژنامەی BUGÜN، بەپێچەوانەی زۆربەی چاودێران دەڵێت لەوانەیە DTP لەچارەسەری پرسی کورد رۆڵ بگێرێت، بەڵام پێیوانییە ببێتە موخاتەبی پرسی کورد "چونکە DTP تاکە پارتی خەڵکی هەرێمەکە نییە، ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی ئەو هەرێمە پارتەکانی دیکە بەنوێنەری خۆیان دەزانن".

دوای دامەزراندنی و ئەنجامدانی چوار هەڵبژاردن، دەنگەکانی AKP لەکورتی دەدەن. AKPلەو هەڵبژاردنەدا شارەوانییەکانی وان، سێرت، مانیسا، ئەنتاڵیا، روها زۆنگوڵداک، گیرەسون، کارابوک، ئادانا، سیواس و چەندین شارەوانی شاروشارۆچکەی لەدەستدا. بەر لەهەڵبژاردن کۆمپانیاکانی راپرسی شیمانەیان دەکرد کە پارتی دەسەڵاتدار وەکو هەڵبژاردنی پێشوو دەنگ ناهێنێ، بەڵام مەزەندەیان نەدەکرد دەنگەکان بەو رێژەیە دابەزن. ئەگەر هۆکاری دەنگنەهێنانی AKP جۆراوجۆریش بن، بەڵام چارەسەرنەکردنی پرسی کورد لەهۆکارە سەرەکییەکانی لەکورتدانی دەنگەکانی AKPبوو لەنێو دەنگدەرانی کورددا.

ئەرهان باش یوز، لەدەستدانی چەندین شارەوانی و کەمبوونەوەی دەنگەکانی AKP بە بێ چارەسەری بەرامبەر قەیرانی ئابووری جیهانی کە تورکیاشی گرتووەتەوە و کەموکوڕی لە بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان دەبەستێتەوە "ئەمەش لە سیاسەتدا شتێکی ئاساییە، بەتایبەتی زۆرجار پارتە دەسەڵاتدارەکان رووبەڕووی کەموکوڕی و هەڵەکردن دەبنەوە". ئەو رۆژنامەنووسە تورکە دۆڕاندنی AKP لە باکووری کوردستان بۆ کاندیدکردنی "کەسانی نەشیاو، بێ کاریگەر"یش دەگەڕێنێتەوە.

ئۆرهان میرئۆغلۆش لەو بارەیەوە پێیوایە، هۆکارەکان بەیەکەوە پەیوەستن، بەڵام وەکو یەک نین "خەڵکی ئەنتاڵیا لەبەر ئەوەی سیاسەتی AKP بەهەڕەشە دەبینن لەسەر عەلمانیەت و ژیانی هاوچەرخیان، ئەمجارە دەنگیان نەدایە AKP "، میر ئۆغلو لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ" لەوانەیە هەندێک خەڵکیتر لەبەر ئەوەی لەئەنجامی قەیرانی ئابووری ژیانیان پێگەیووە دەنگیان بۆ AKP نەدابێ .بەڵام بنکەوتنی AKP لە باشوورو باشووری رۆژهەڵات، بەندە بە بەجێنەگەیاندنی گفتەکانی لەمەڕ چارەسەری پرسی کورد. بۆ ئەمەش هاووڵاتیانی کورد متمانەیان بە AKP نوێنەکردەوە". میر ئۆغلۆ، رەخنە لە ئەردۆغان و سیاسەتڤانانی تورک دەگرێ کە پێیانوایە DTP بە پشتبەستنی بە سیاسەتی ناسنامە خوازی نەتەوەیی لە دەرەوەی نەریتە سیاسییەکان جوڵاوەتەوە و ئەوە سیاسەتی پارچەکردنی تورکیایە، ئۆغلۆ ئەوە بەراست نابینێ و دەڵێ" رێگای یەکێتی لە دیموکراسیدا بە قبوڵکردنی ناسنامەکاندا تیدەپەڕێت، لەجیهانی ئەمڕۆدا یەکێک لە پرسە هەرە سەرەکییە دیموکراتییەکان، پرسی داننانە بەهەموو ناسنامەکان". ئایا لەدوای سەرکەوتن و بەدەستهێنانی دەنگی چاوەڕوانکراو، DTP چۆن ئەو هەڵە دەقۆزێتەوە، ئەزموون لە کەموکوڕییەکانی رابردوو وەردەگرێت و دەتوانێت پرسی کورد بگەیەنێتە ئاقاری چارەسەری؟

میر ئۆغلو، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئێستا بەرپرسیارێتی DTP زیاتر بووە"بەهێزبوونی DTP بەهێزبوونی زەمینەی گفتوگۆیە، بۆ ئەمەش پێویستە ئەو پارتە بۆ قۆناخی سازشکردن خۆی ئامادە بکات".



---



## فاتیمە خوشکی ئۆجەلان:

# ئۆجەلان پێیگوتم من ئازاد دەکرێم

محەممەد تاهیر
رووداو-هەولێر

فاتیمە ئۆجەلان، خوشکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان رایگەیاند کە لەدوایین سەردانیدا بۆ لای عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ئۆجەلان پێیگوتووە "ئازادم دەکەن". فاتیمە راشیگەیاند ئەمساڵیش وەک ساڵانی رابردوو ئامادەکاری تەواویان کردووە بۆ یادکردنەوەی 60مین ساڵیادی لەدایکبوونی ئۆجەلان.

ساڵانە بە مەبەستی یادکردنەوەی رۆژی لەدایکبوونی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان بە هەزاران کەس بەرەو گوندی (عەمارا) دەکەونە رێ، کە شوێنی لەدایکبوونی ئۆجەلانە، ئەمساڵیش هەزاران کەس لە لایەنگرانی ئۆجەلان لە شارەدێی ئالیگۆڕی بەپرسوس (سوروج) کۆ بوونەوەو دواتر بەرەو زێدی لەدایکبوونی ئۆجەلان کەوتنە ڕێ. بەڵام لە گوندی عەمارا لە ئەنجامی رووبەڕووبوونەوەی پۆلیس و سوپا لەگەڵ خەڵکدا، دوو هاووڵاتی کورد کوژران و ژمارەیەکیش برینداربوون.

فاتیمە ئۆجەلان، کە هەفتەیەک بوو ئامادەکاری بۆ ئەو رۆژە دەکرد رایگەیاند "تەنیا بۆ 4ی نیسان ئامادەکاری ناکەم، بەڵکو بۆ ئەو کاتەش ئامادەکاری دەکەم کە ئۆجەلان لە ئیمراڵی ئازاد دەکرێ".

عەبدوڵڵا عومەر، کە بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان ناسراوە، لە 4ی نیسانی 1949 لەگوندی عەمارا، سەر بە ناوچەی خەلفەتی شاری روها (ئۆرفا) لە دایکبووە. قۆناخی سەرەتایی لە گوندی جبین خوێندووە، بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی ناوەندی، لەناوچەی نزیپ لە ماڵی خاڵی قۆناخی ناوەندی خوێندووە.

بەهۆی هەژارییەوە، باوکی ویستویەتی لەخوێندن دەریبێنێ، بەڵام لەسەر داوای مامۆستاکانی بەشداری لە تاقیکردنەوەکانی ئامادەیی دەکات و لەنێو 20 هەزار قوتابی، پلەی 18مین بەدەستدێنێ. لەساڵی 1969 دەبێتە فەرمانبەری حکومەت. پاشان لە ساڵی 1970 بەشداری تاقیکردنەوەکانی وەرگرتن لە زانکۆدا دەکات و لەزانکۆی ماف لە ئیستەمبۆڵ وەردەگیرێت. دواتر زانستە رامیارییەکان لە ئەنقەرە تەواو دەکات.

لە ژیانی زانکۆدا وەرچەرخانێکی گەورە لەژیانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان روودەداو پەیوەندی لەگەڵ چەپڕەوانی کورد و تورک دروستدەکات.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان، لە ساڵی 1972 بەشداری یەکەم چالاکی سیاسی دەکات، کاتێک لە ساڵوەگەڕی کوشتنی ماهیر چایان و هاوڕێکانی لەلایەن تورکیاوە، بەشداری خۆپیشاندانێک دەکات، بۆ ماوەی 7 مانگ دەسگیردەکرێ. ئیدی بە تەواوی تێکەڵی کاری سیاسی دەبێ.

ئۆجەلان، لەگەڵ چەند خوێندکارێک لە 1978/11/27 لە گوندی فیسی سەر بەناوچەی لجەی ویلایەتی ئامەد، پارتی کرێکارانی کوردستان دادەمەزرێنێ. دواتر لە ساڵی 1979 دەچێتە لوبنان و لە 1984/8/15 شەڕی چەکداریان دژی دەوڵەتی تورکیا راگەیاند.

دوای ئەوەی تورکیا فشاری خستە سەر سووریا، تا ئۆجەلان دەربکات، ئۆجەلان لە 1998/10/9 سووریای جێهشت و رووی لەچەند وڵاتێکی ئەورووپی کرد، بەڵام ئامادە نەبوون مافی پەنابەری سیاسی بدەنێ. بۆیە روویکردە وڵاتی کینیا، هەر لەو وڵاتە لە 15ی شوباتی 1999 دەسگیر کراو رادەستی تورکیا کرا.

ئەگەرچی تورکیا گرتنی ئۆجەلانی بەسەرکەوتنێکی گەورە بۆ تورکیا دانا، بەڵام سەرۆک وەزیری پێشووی تورکیا بوولەنت ئەجەڤیت لەئاخاوتنێکدا بە ئاشکرا گوتی "ئەوەی راستی بێت ئەمریکا ئۆجەلانی تەسلیمی ئێمە کرد".

دوای دەستگیرکردنی،دەوڵەتی تورک سزای لەسێدارەدانی بەسەر ئۆجەلاندا سەپاند، بەڵام تائێستا جێبەجێکردنی سزاکە راگیراوەو ئۆجەلانیش 10 ساڵە لە زیندانی تاکەکەسیدایە لە دوورگەی ئیمرالی.

فاتیمە ئۆجەلان، کە بەیاوەری پارێزەرانی ئۆجەلان لە دوورگەی ئیمرالی سەردانی ئۆجەلان دەکات، دوای دوایین دیداری لەگەڵ براکەیدا لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی DIHAرایگەیاند " ئەو پێیگوتم لەو باوەڕەدام ئەمساڵ ئازاد دەکرێم"، فاتیمە گوتیشی "هیچ کاتێک بەقەد ئێستا باوەڕم بە ئازادکردنی براکەم نەبووە، ئاواتەخوازین ئەمساڵ ئۆجەلان ئازاد بکرێ، ئەو 10 ساڵە لە ژوورێکی تاکەکەسی زیندانییە، دەوڵەت باش دەزانێ تا ئۆجەلان ئازاد نەکرێ شەڕ ناوەستێ".

کاتێکیش ئۆجەلان پرسیاری لێکردووە کە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن کردووە؟ فاتیمە لەوەڵامدا گوتوویەتی لەگەڵ کاروانی هەڵبژاردن لەهەرێمی ئورفا گەڕاوم. بەڵام ئۆجەلان پێیگوتووە بۆچی نەچووی بۆ هەرێمەکانی دیکە.

بەپێی لێدوانی هەندێ لە چاودێران لەوانەیە گفتوگۆکردن لەسەر ئازادکردنی ئۆجەلان دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە تورکیا زیاتر ببن و، لەیلا زانای ئەندامی پێشووی پەرلەمانی تورکیا لە ئاهەنگی نەورۆزدا گوتی " بەڕێز ئۆجەلان نەورۆزی داهاتوو لە ئامەد دەبێت". بەڵام بەرپرسانی تورکیا لە هەموو لێدوانەکانیاندا پێچەوانەی ئەوە دەڵێن ئۆجەلان ئیدی دەرەوەی زیندان نابینێتەوە.



فاتیمە ئۆجەلان لە ماڵەکەی خۆیدا لە گوندی عەمارا (فۆتۆ:DIHA)

---

## رێکخراوی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤی کوردستان:

# حکومەتی ئێران بەرپرسە لە گیانی کەبوودوەند

بیلال سەعید
رووداو-سلێمانی

بارودۆخی تەندروستی رۆژنامەنووسی زیندانیکراو سەرۆکی رێکخراوی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤی کوردستان، محەممەد سدیق کەبوودوەند رۆژ بە رۆژ بەرەو خراپی دەچێ، وتەبێژی رێکخراوەکەش بە (رووداو)ی راگەیاند "حکومەتی ئێران بەرپرسیارە لە گیانی کەبوودوەند".

رۆژنامەنووس محەممەد سدیق کەبوودوەند، ماوەی 3 ساڵە لەلایەن حکومەتی ئێران دەستگیرکراوەو بە تۆمەتی "پروپاگەندەکردن دژ بە ئاسایشی وڵات و دامەزراندنی رێکخراوێکی نایاسایی" سزای 11 ساڵ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێندراوەو، ئێستا لە زیندانی ئەوین لە تاران لە رەوشێکی تەندروستی خراپدایە.

ناوبراو لە هاوینی ساڵی 1997 لەگەڵ کۆمەڵێک چالاکڤانی ئێران (اتحاد برای دیموکراسی در ایران)یان دامەزراند، دواتر لە ساڵی 2003 رۆژنامەی (پیام مردم) کە رۆژنامەیەکی کوردی-فارسی بوو دەرکرد، زۆربەی بابەتەکانی رۆژنامەکە تایبەت بوون بە مافی مرۆڤ، بەڵام رۆژنامەکە لە 2005/1/25 لەلایەن حکومەتەوە داخراو، کەبوودوەندیش کە خۆی سەرنووسەری رۆژنامەکە بوو دەستگیر کراو دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا.

کەبوودوەند دوای داخرانی رۆژنامەکەی دەستەوەستان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، چەند وێبلاگێکی دروستکرد، دواتر لەمانگی ئەیلولی2005 دامەزراندنی رێکخراوی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤی کوردستانی لە تاران راگەیاند.

رێکخراوەکە زۆر بە وردی چاودێری مافی مرۆڤی هاووڵاتیانی شارەکانی کوردستانی دەکرد، بە جۆرێک دەزگای ئیتلاعات لە راپۆرتی خۆیاندا ئاماژەیان بەوەدابوو، کە رێکخراوەکە ئاگاداری هەموو شتێکە لە کوردستان، تەنانەت ئەگەر لە گوندێک ژنێک گۆزەیەکی ئاوی لەدەست بکەوێتە خوارەوە ئەم رێکخراوە ئاگادارە.

محەممەد سدیق کەبوودوەند چەند تۆمەتێکی خراوەتە پاڵ، لەوانەش دامەزراندنی رێکخراوەکە، کە ئێران بە هەڕەشەی دەزانێ بۆ سەر ئاسایشی وڵات، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵە جیهانییە دەرەکییەکان و باسکردنی رەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران لەگەڵ ئەو کەناڵانە، دیدار لەگەڵ کۆفی ئەننان، سکرتێری پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەرکردنی گۆڤارو رۆژنامە دژ بە ئاسایشی وڵات، هەروەها بڵاوکردنەو نووسینی کتێبێک بەناوی (ژنان و نەبوونی مافی ژنان لە ئێران).

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بارەی کەبوودوەندەوە بڵاو کراونەتەوە ناوبراو پێش دەستگیرکردنی هیچ جۆرە نەخۆشییەکی نەبووە، لەکاتی دەستگیرکردنی 7 مانگ لە بەندیخانەی تاکەکەسی هێڵدراوەتەوە و تەندروستی تێکچووە، بەهۆی خراپی خواردن و شوێنەکەی لە بەندیخانە تووشی نەخۆشی پیست بووە. هەروەها دەگوترێ دووچاری نەخۆشی دڵ بووەو براوەتە نەخۆشخانەیەکی حکومەت لە تاران، دکتورەکان رایانگەیاندوە دەبێت لە نەخۆشخانە بهێڵدرێتەوە، بەڵام دادگا رێگەی نەداوە.

ئیجلال قەوامی، وتەبێژی رێکخراوەکە، بە (رووداو)ی رایگەیاند "بارودۆخی سەرۆکی رێکخراوەکەمان رۆژ لەدوای رۆژ خراپتر دەبێ، تووشی چەندین نەخۆشی بووەو ئێستا دڵی تەواو نییە. بۆیە دەڵێین حکومەتی ئێران لە گیانی محەممەد سدیق کەبوودوەند بەرپرسیارە".

بەهۆی زیندانیکردنییەوە، کەبوودوەند تا ئێستا چەندین خەڵاتی جۆراوجۆری لەلایەن رێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤەوە پێبەخشراوە، هەروەها دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی قەڵەم لە سوێد محەممەد سدیق کەبوودوەندی بە ئەندامی فەخری خۆی قبوڵکردووە.

رادیۆی دەنگی ئەمریکا لە وتاری هەفتانەی لە رۆژی 2009/2/26دا، کە دەربڕی رای حکومەتی ئەمریکایە، وتارێکی لەژێر ناوی (هەراسانکردنی کەمایەتی کورد لە ئێران) خوێندەوە، لەوتارەکەدا ئاماژە بە ناوی چەند چالاکڤانێکی سیاسی و مافی مرۆڤ درابوو کە لەلایەن ئێران دەستگیرکراون و ئەشکەنجە دراون وتێیدا هاتووە "بەڕێز کەبوودوەند حوکمی 10 ساڵ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێندراوە بەهۆی نووسینەکانییەوە".

رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ خەڵاتی ساڵانی (هێلمەن/هانێت گرانت)ی ئەمساڵی بەخشییە کەبوودوەند، ئەو خەڵاتە دەدرێتە ئەو نووسەرانەی سەرکوتدەکرێن. تا ئێستا 600 نووسەر لە 91 وڵات ئەو خەڵاتەیان پێدراوە. هەروەها رۆژی 2009/4/1 دەزگای راگەیاندنی بەریتانیا کەبوودوەندی خەڵاتکردو بە "رۆژنامەنووسی نێودەوڵەتی ساڵی 2009" ی دیاریکرد.

پارێزەر شیرین عیبادی، کە لەساڵی 2003 خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتی وەرگرتووەو پارێزەری محەممەد سدیق کەبوودوەندە لە هەڤپەیڤینێکی پێشتریدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت "کەبوودوەند نمونەیەکی بەهێزی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە لەئێران، لە ماڵباتەکەی بیستوومە کە رەوشی تەندروستی باش نییە، من داوای پێداچوونەوەم بە حوکمەکەیدا کردووە، ئومێدەواریشم کە دەسەڵاتی دادوەری لەوە تێبگات کە جێگای رۆژنامەنووس و داکۆکیارێکی مافی مرۆڤ گۆشەی زیندان نییە".



### محەممەد سەدیق کەبودوەند

لە 1963/3/22 لە شارۆچکەی دیواندەرەی سەربە پارێزگەی سنە لەدایکبووە. تەمەنی 14 ساڵان بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، لە تەمەنی 20 ساڵی ژنی هێناوەو چووەتە تاران، دوو کوڕ و کچێکی هەیە. کەبوودوەند دەرچووی بەشی بەڕێوەبردن و ژمێریارییە، پسپۆری لە بەڕێوەبردن بازرگانی و دارایی هەیە. ساڵی 1997 بەشداری لە دامەزراندنی رێکخراوی (اتحاد برای دیموکراسی در ایران)کردووە، لەساڵی 2003 رۆژنامەی (پیام مردم)ی دەرکردووە، لە 9ی 2005 رێکخراوی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤی کوردستانی دامەزراندووە. ساڵی 2007 لەلایەن ئێرانەوە گیراوەو سزای 11 ساڵ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێندراوە.

## کاروباری سیاسی

**UN: با کەس لەبارەی راپۆرتی کەرکووک مەزەندەی هەڵە نەکات**



رووداو- هەولێر
تیمی نێردراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق رایگەیاند کە لەم مانگەدا راپۆرتە شیکارییەکانی خۆی لەبارەی ناوچەکانی جێی ناکۆکی پێشکێش دەکات، لەڕوونکردنەوەیەکیشدا بۆ دەزگاکانی راگەیاندن هۆشداریی دا کە ئەو مەزەندانەی لەبارەی ناوەرۆکی راپۆرتەکانەوە بڵاودەکرێنەوە دوورن لەڕاستی و دەڵێت "لەو راپۆرتانەدا راوبۆچوونی هەموو لایەنەکان لەبەرچاوگیراون".



### سەرۆکی تورکیا عەبدوڵڵا گول:

# تا مردن شەڕی PKK دەکەین

**چەند هەفتەیەک لەمەوپێش سەرۆک کۆماری تورکیا عەبدوڵڵا گول، سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ گەورە بەرپرسانی عێراق کۆبووەوە و چاوی بە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش کەوت، پاش ئەو سەردانەش، گول گەیشتە شاری بروکسلی پایتەختی بەلجیکا و لەوێ تەلەفزیۆنی یورۆ نیوز هەڤپەیڤینێکی درێژی لەبارەی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەم دواییەی نێو تورکیا لەگەڵ ئەنجامدا، لێرەدا دەقی ئەو پرسیارانەی سەبارەت بە PKK وپەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاراستەی گول کراون دەکەینە کوردی:**

**رووداو-برۆکسل**

**Euronews: یەکێک لە پرسە نوێیەکان پرسی کوردە لە باکووری عێراق، تورکیا ئامادەیە هیچ لەشکرکێشییەک بکات؟**

**گول :** بۆ ئەوەی رێکخراوێکی تیرۆریستی لەناوبەری، پێویستە بەرنامەی گران و ورد دابڕێژی و تورکیاش ئەو کارەی کردووە. هەندێ جار بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەنجامی دەدەین، هەندێ جاریش لەپشت پەردەوە، ئەوانەی دەیانەوێت هەتا مردن شەڕ بکەن و چەک دانەنێن، سوپاکەمان پێویستە رووبەڕوویان ببێتەوە و شەڕیان لەگەڵ بکات هەتا کۆتایی. بەڵام هەندێ کەس لە پاڵ ئەو رێکخراوە تیرۆرستییەن، بەبێ ئەوەی بزانن بۆچی بەشێکن لەو رێکخراوە، زۆر گرنگە کە ئەو خەڵکانە بگەڕێنینەوە سەر رێگای ئاسایی. هەتا ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردی لە باکووری عێراق ئەو کارەیان ئەنجام نەداوە کە پێویستە بیکەن، بەڵام بەخۆشحاڵییەوە دەڵێم کە لەمیانەی کۆبوونەوەکانمان لەگەڵیان لە ماوەی چەند مانگی رابردوو، ئەوانیش ئەوەیان بۆ ئاشکرا بووە کە ئەو گرووپە تیرۆرستییە بۆ ئەوانیش خراپە.

**Euronews : ئێوە پەیوەندییەکی زۆر نزیک و بەهێزتان لەگەڵ ئیسرائیل هەیەو حەماسیش لەلای ئەوان رێکخراوێکی تیرۆریستییە، بەڵام ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ حەماس هەیە کە ئەمەش جیاوازە لە بۆچوونی ئیسرائیل بەرامبەر حەماس، ئایا پێویست نییە حەماسیش بەهەمان شێوەی PKK وەک تیرۆریست چاوی لێبکرێت؟**

**گول :** پرسی PKK، حەماس و فەڵەستینییەکان زۆر لەیەکتر جیاوازن وهیچ پێوەندییان بە یەکترەوە نییە. PKK رێگای شەڕی چەکداری گرتووەتەبەر و لە دەرەوەی سنووری خۆی هێرش دەکاتە سەر تورکیا، بەڵام فەڵەستینییەکان لەنێو وڵاتی خۆیاندا دەیانەوێت بەرگری لە خۆیان بکەن، هیچ جیاکارییەک لە تورکیا لەدژی کورد نەکراوە وناسنامەی نەتەوەیی بەلای ئێمەوە جێی بایەخ نییە. پێویستە ئەوەش بڵێم کە فەڵەستینییەکان لەژێر داگیرکاریدا دەژین و دەیانەوێت لەرێگای شەڕی چەکدارییەوە کۆتایی بەو داگیرکارییە بێنن.

**Euronews: جەنابی سەرۆک پرسیارەکە دەربارەی بەها ئەخلاقییەکانی PKK وبزووتنەوەی حەماس نەبوو، بەڵکو پرسەکە ئەوەیە تورکیا پەیوەندییەکی خراپی لەگەڵ PKK هەیە، پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە کە حەماس بە رێکخراوێکی تیرۆریستی دەزانێ، ئایا ئەوە دژیەیەکی نییە، چونکە PKK و حەماس دوو بزووتنەوەن لەپێناو خاکەکەیان شەڕو خەبات دەکەن؟**

**گول:** فەلەستین دەوڵەتێکە لە ژێر داگیرکاریدایەو فەلەستینییەکانیش شێوازی چەکداری بۆ کۆتایی هێنان بەو داگیرکارییە بەکاردەهێنن. تەنانەت دوای بڕیارەکانی UN یش فەلەستین هەر لە ژێر داگیرکاریدایە.

**Euronews: نەخێر بمبوورە وانییە، چونکە لەوانەیە............. "عەبدوڵڵا گول قسەی پێ دەبڕێت"**

**گول:** بوەستە با شتێکی گرنگت بۆ روون بکەمەوە هەرکاتێک حەماس هێرشێکی تیرۆریستی ئەنجام بدات، ئێمە راستەوخۆ سەرکۆنەی دەکەین. بەڵام نابێت ئەوەشمان بیر بچێتەوە کە ئیسرائیل چی لە غەززە کرد کە لەنێوان 1300-1800 کەسی کوشت، ئێمە هەرگیز ئەو کارە قبوڵ ناکەین. بۆیە کارێکی هەڵەیە PKK و حەماس بەیەکتر بەراورد بکەین.

**PKK رێکخراوێکی تیرۆریستییە بەڵام حەماس لە دژی داگیرکردنی وڵاتەکەی خەبات دەکات**

**هەتا ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردی لە باکووری عێراق ئەو کارەی نەکردووە کە پێویستە بیکات**

# وا باشترە کورد لە جیاتی عەرەب لە رۆژئاوا نزیک ببنەوە

## ئەندامێکی پەرلەمانی هۆڵەندا بۆ (رووداو)

**رووداو- ئەمستەردام**

فرێد تێیفن بۆ یەکەم جار دۆزی هەڵەبجەی بردە دادگایەکی ئەورووپی و وەک داواکاری گشتیی دۆزەکە توانیی کوشتاری بە کۆمەڵی باشووری کوردستان لە لایەن دادگاوە بە "جینۆساید" بناسێنێ. ئەو پەرلەمانتار و کۆنە گەورە کاربەدەستی وەزارەتی دادی هۆڵەندییە، لە قاوەخانەیەکی شاری ئەمستەردامدا بە (رووداو) دەڵێت: "من زۆرتر حەزم لە ئیشکردنە لەگەڵ کوردان وەک لە گەڵ عەرەبان و، ئافرەتەکانیشتان زۆر جوانن".

### لە هەولێر بە چەپڵەلێدان حەپەسام!

تێیفن کە ساڵی رابردوو، لە هەڵەبجە بەشداریی یادکردنەوەی کیمیابارانەکەی کردبوو، دەڵێت: "زۆر بەداخەوە ئەمساڵ بۆم نەکرا بچم". بەڵام ئەوەی تێیفن زۆر پێی خۆشبووە ئەوەبووە کە ساڵی رابردوو وەکو پەرلەمانتار نەچووبووە کوردستان، بەڵکو وەکو داواکاری گشتیی دۆزی (فرانس فان ئانرات) لەوێبووە. لە دۆزی فان ئانراتدا کە بازرگانێکی هۆڵەندی بوو و کەرەستەی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی دابووە حکومەتی پێشووی عێراق، دادگای هۆڵەندی دۆزەکەی وەکو "جینۆساید" ناسی. ئەوەش یەکەم دانپێدانانی فەرمی جیهانی لەو جۆرە بوو بەو دۆزەدا. ئەو کۆنە کارمەندەی وەزارەتی دادی هۆڵەندا جگە لە هەڵەبجە چووەتە شاری سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستانیش "پێشتر لە رێگەی تەلەفزیۆنەکانەوە دیمەنی ئافرەت و منداڵانی کیمیابارانکراوی کوردم بینیبوو، بەڵام کە بۆ خۆم چووم دیتم کە خەڵکی ئەوێ وەک هەوڵدەدرێ پێشانی دنیای دەرەوە بدرێت چاویان لە قەرەبووکردنەوەی پارە و ئەو شتانە نییە. ئەوەی کە ئەو خەڵکە دەیانەوێت تەنیا گوێگرتنە لە چیرۆکە پڕ لە ژانەکانیان. بۆ نموونە جوتیارێکم بینی کە زەوییە کشتوکاڵییەکەی کیمیابارانکرابوو و ژن و کچەکەی کوژرابوون. ئەوان پێیانوابوو کە رۆژئاوا هیچیان بۆ ناکات. بۆیەش ئێستا من دۆزی براوەی کیمیابارانکردنی کوردانم پێ جوانترین دۆزە کە من وەکو داواکاری گشتی لە ژیانمدا کارم تێدا کردبێت".

تێیفن بە زەردەخەنەوە دەڵێت: "کە لە هەولێر بووم لە پەرلەمانی کوردستان قسەم بۆ کۆمەڵێک خەڵک کرد، کە تەواو بووم زۆر حەپەسام کە هەموویان زۆر چەپڵەیان بۆ لێدام. دواتر کە پرسیارم کرد و گوتم چۆنە ئەو خەڵکە وا چەپڵە لێدەدەن، پێیانگوتم ئەوانە خۆشحاڵن کە دۆزی هەڵەبجە تەنیا لە چوارچێوەی عێراقدا نەماوەتەوە و بۆ نموونە هۆڵەنداش بایەخی پێدەدات".

### دادگا دەڵێت جینۆسایدە، دەوڵەت دەڵێت نا

فرێد تێیفن کە لەسەر لیستی پارتی راسترەوی گەل بۆ ئازادی و دیمۆکراسی لە پەرلەمانی هۆڵەندایە دەڵێت: "بۆچوونی پارتەکەی من ئەوەیە کە دەبێت کۆمەڵکوژیی کوردستان لەلایەن دەوڵەتی هۆڵەنداوە بە جینۆساید دانی پێدابنرێت"، بەڵام دان بەوەش دادەنێت کە تاکە پارتی سیاسیی هۆڵەندا کە بە کردەوەش لەو بوارەدا کاردەکات پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندا و هاری فان بۆملی ئەندامی کارای پەرلەمان و یەکێک لە سەرکردەکانی ئەو پارتەیە. دەربارەی ئەوەش کە بۆچی سەرەڕای ئەوەی دادگایەکی هۆڵەندی کیمیابارانکردنی کوردستانی وەک جینۆساید ناسیوە، کەچی وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە ئامادە نییە ئەو کارە بکات، تێیفن دەڵێت: "بە شێوەیەکی دیپلۆماسییانە دانان بە دۆزەکەدا جیاوازە لەوەی کە دادگا ئەو کارە بکات، دەوڵەتی هۆڵەندا پێیوایە کە لە لایەکەوە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی نییە و لە لایەکی دیکەشەوە لەوە دەترسێت کە مەسەلەیەکی ئاوا ناچاری بکات دان بە جینۆسایدی ئەرمەنییەکانیشدا بنێت".

هەندێک کەس دەڵێن فرێد تێیفن نایەوێت لێکۆڵینەوەیەکی دەوڵەتی دەستپێبکرێ سەبارەت بە رۆڵی هۆڵەندا لە ساڵانی هەشتاکاندا لە گەیاندنی کەرەستەی کیمیایی بە حکومەتی ئەوکاتی عێراق، چونکە ئەوکات هاوکارێکی سەر بە پارتەکەی خۆی بە پلەی وەزیر رەزامەندیی بوونی بازرگانییەکی لەوجۆرەی لە نێوان هەردوو وڵاتدا داوە. بەڵام تێیفن لە هەڤپەیڤینەکەیدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێ ئەو قسانە راست نین: "من وتومە بەپێی یاسا تا ساڵی 1984 فرۆشتنی ئەو کەرەستانە ئازادبوون، دواتر هۆڵەندا قەدەخەی کردن.



**هاوکاری لە جیاتی لێپرسینەوە لە هۆڵەندا:** فرێد تێیفن دەڵێ باباسی لێپرسینەوە لە دانی کەرستەی کیمیایی لە هۆڵەنداوە بە سەدام نەکەین، با هۆڵەندا کیمیابارانی هەڵەبجە بە جینۆساید بناسێ و یارمەتیگەشەپێدانی ئابووریی کوردستان (فۆتۆ: رووداو)

بۆیەش ئەگەر ئێستا بێین و بڵێین بۆچی لە سەردەمێکدا ئەوە یاسایی بووەو ئەو کارە کراوە ئەوا کەسمان پێ راناکێشرێتە دادگا. بۆیەش دەڵێم وا باشە هەموومان وزەمان لەوەدا خەرج بکەین کە یەکەم کۆمەڵکوژییەکە بە جینۆساید بناسێندرێ و دووەمیش هەوڵبدەین هۆڵەندا هاوکاری بکات لە گەشەپێدانی ئابووریی کوردستاندا، ئەوە ئەو کارانەن کە دەکرێ بەرهەمیان هەبێت".

### کوردستان بە مۆدێلێکی چەپانە بەڕێوەدەبرێ

ئەو پەرلەمانتارە هۆڵەندییە سەرسامە بە جوانی سروشتی کوردستان و دەڵێت "کوردستان وڵاتێکی یەکجار جوانە، بە تایبەتیش ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و عێراق. من کە لەوێبووم زۆر سەرسام بووم بەو خۆشەویستییەی ئەو خەڵکە بۆ فەرهەنگ و داوونەریتی خۆیان. بەتایبەتیش شایی و خواردن. لە بیریش مەکە کە ئافرەتەکانتان زۆر زۆر جوانن". بەڵام ئەو دەڵێت جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان باشووری کوردستان و رۆژهەڵاتی کوردستاندا: "بۆ نموونە لە بەشەکەی ئێراندا خەڵکەکە نە تەواو ئازادن و نە تەواو زۆرلێکراویشن، ئەو فارسانە زۆر زیرەکانە لەگەڵ مەسەلەکەدا جووڵاونەتەوە. قسەکردن بە کوردی قەدەخە نییە. بەڵام دروست وەکو ئەوەی کە چینییەکان دەیکەن دەچییە هەر جێیەک هێندەت ئەندامانی دەزگاکانی ئاسایش لە دەورووپشتن کە کەس ناوێرێ هیچ بڵێت. یان قەت نابینی بەرپرسێکی گەورەی دەوڵەت کورد بێت". فرێد تێیفن کە لە پەرلەمانی کوردستاندا وێنەیەکی گەورەی مەلا مستەفا بارزانی دیوە دەڵێت: "ئەو پیاوە کاریگەرییەکی سەیرت لێدەکات، هەبوونی وێنەکەی لەوێ بەو درەوشاوەییە وا دەکات کە مرۆڤ هەستبکات ئەو هەمیشە زیندووە".

سەبارەت بە باشووری کوردستانیش رای وایە: "ئەوێ وڵاتێکی ئازادە کۆمەڵێک پارت بەڕێوەی دەبەن کە بە شێوەیەک لە شێوەکان مۆدێلێکی چەپانەیان هەیە بۆ بەڕێوەبردن".

### عێراق پارچە دەبێت

فرێد تێیفن بە راشکاوییەوە دەڵێ: "من زۆرتر حەزم لە تێکەڵاوییە لەگەڵ کورداندا وەک لەگەڵ عەرەبان". هەرچەندە باوەڕیشی بەوە نییە کە عێراق وەکو یەک دەوڵەت بمێنێتەوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەڵێ سەربەخۆیی کوردستان جاڕ ناکرێ: "کوردەکان دەبێ لەوە تێبگەن کە جاڕێ ئەو سنوورانەی تورکیا و سوریا و عێراق و ئێران هەیانە ناگۆڕدرێن. چونکە بەرژەوەندیی کەس لەوەدا نییە کە بگۆڕدرێن. رووسەکانیش لەوێ بەرژەوەندییان هەن. چینییەکانیش پەیدا بوون. بۆیەش کێشە ئەوەندە زۆرن کە کەس نایەوێت بە پشتیوانی لە دەوڵەتێکی کوردی سەرئێشەی زیاتر بۆ خۆی بخوڵقێنێ". بۆیەش وەک ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت: "وا باشە کورد ئابوورییەکەیان بە هێز بکەن، لایەنی فەرهەنگیان کاراتر بکەن. لەنێو یەکێتیی ئەورووپاشدا پشتیوانی بۆ ئەو لایەنانە دەبیندرێ. زیرەکانەترین کاریش کە حکومەتی کوردستان بیکات خۆ نێزیک کردنەوەیەتی لە رۆژئاوا. خۆ نێزیککردنەوە لە عارەبان بەرهەمێکی وا زۆری بۆ کورد نابێت. لە رێی رۆژئاواوە هەرنەبێ لایەنی هزری و فەرهەنگیی خەڵکەکە بەهێز دەبێت".

### کوردستان با بێت، بەڵام تورکیا نا

هەرچەندە ئەو دڵنیایە کە تورکیا دێتە ناو یەکێتی ئەورووپاوە، بەڵام تێیفن دەڵێت: "من لەگەڵ هاتنی بەشە کوردستانییەکەیم، بەڵام وەکو وڵاتی تورکیا خۆی دژی ئەو هاتنەم. ئێستا ئەو وڵاتە هەوڵدەدات زۆربەی مەرجەکانی ئەندامبوون جێبەجێبکات. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەورووپا دەیەوێ سەبارەت بە مەسەلەی کورد هەموو شتەکان ببینێ؟".

دەربارەی بە تیرۆریست ناساندنی PKKیش، ئەو پەرلەمانتارە هۆڵەندییە پێیوایە کە زۆربەی خەڵکی دنیا ئەو پارتە وەکو رێکخراوێکی تیرۆریستی دەناسن. سەبارەت بە پرسیاری ئەوەی ئایا ئەویش وا بیردەکاتەوە دەڵێت: "من لەو بارەیەوە هیچ لێدوانێک نادەم. بەڵام ئەوە دەزانم کە لە بەرژەوەندیی حکومەتی کوردستاندا نییە هاوکاریی ئەو پارتە بکات. PKKیش دەبێ پێشتر رەوشی خۆی ئاسایی بکاتەوە، دروست وەک ئەوەی رێکخراوی IRAی ئێرلەندی کردیان".

**پۆرتریت:**

**فرێد تێیفن لە ساڵی 1958 لە شاری هارلێم لە هۆڵەندا لە دایکبووە.**
**دیپلۆمی خوێندنی باڵای لە بواری یاسا لە زانکۆی ئازادی ئەمستەردام هێناوە. دواتریش لە بواری بەڕێوەبردنی جەماوەریدا دیپلۆمێکی دیکەی وەرگرتووە.**
**لە ساڵی 1980 وە تاکو 2002 کاربەدەستی وەزارەتی دادی هۆڵەندا بووە و وەک داواکاری گشتی کاری کردووە.**
**سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ژیانی هۆڵەندی بووە لە پەرلەماندا. کە پیم فۆر تاونی سەرۆکی پارتەکە تیرۆرکرا.**
**لە 2003 وە تاکو 2006 بووەتەوە داواکاری گشتی و کاری لە دۆزی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا کردووە.**
**لە 2006 وە ئەندامی پەرلەمانی هۆڵەندایە لەسەر لیستی پارتی گەل بۆ ئازادی و دیمۆکراسی و لە کۆمیسیۆنەکانی پەرلەمانی بواری دادگەری و بەرگری و کاروباری ئەورووپا و دەرەوەدا ئەندامە.**
**دوو کچی هەژدە و بیست ساڵی هەن.**

# شەش ساڵ دوای رووخان: شارە ترساوەکە لە ئەمستەردام

**رووداو- هۆڵەندا**

ئێوارەی 2009/3/31 (رووداو) میوانی گفتوگۆیەکی گەرم بوو لە ئەمستەردام سەبارەت بە عێراق دوای شەش ساڵ لە رووخانی رژێمی سەددام. مەبەستی سەرەکیی گفتوگۆکە کە ژمارەیەکی زۆر هۆڵەندی تێیدا بەشداربوون ناساندن و راگەیاندنی چاپکرانی رۆمانی (شارە ترساوەکە) ی رۆژنامەنووسی هۆڵەندی یودیت نێورینک بوو کە بۆ هەفتەیەک باشووری کوردستانی جێهێشتووە و هاتووەتەوە ئەمستەردام.

### شەڕ لە عێراقدا

سەرەتای گفتوگۆکە ڤاوتەر کورپەرستۆک کە یەکێکە لە پێشکەشکارە دیارەکانی کەناڵی تەلەڤزیۆنیی یەکی هۆڵەندا، لە ئامادەبووانی ناو هۆڵەکەی پرسی کە لە ساڵی 2003 دا چەند کەسیان لە گەڵ ئەوەدا بوون کە ئەمریکا هێرش بکاتە سەر عێراق. نزیکەی نیوەی ئامادەبووان دەستیان بەرزکردەوە. بەڵام ئەو دیسان پرسیی چەند کەس پێیانوایە کە پاش ئازادکردنی عێراق رەوشەکە باشتر بووە. لە وەڵامدا ژمارەیەکی زۆر کەم دەستیان بەرزکردەوە.

بە بڕوای پرۆفیسۆر مینت یان فابەر،کە وانەبێژە لە زانکۆی ئەمستەردام و یەکێک لە بەشداربووانی گفتوگۆکە بوو، دەبووایە شەڕی عێراق بە شێوەیەکی دیکە بکرابووایە و ئەو پەلە پەلییەی کە کرا پشێویی نایەوە. بەڵام ئەو هاوکات نایشارێتەوە کە سەرەڕای ئەوەش ئازادکردنی عێراق کارێکی باش بووە. یودیت نێورینکیش گوتی: "هەرچەندە باوەڕم وابوو کە دەبووایە نەتەوە یەکگرتووەکان لەو بارەیەوە بڕیاردەر بووایە، بەڵام هەرواش دەزانم کە رۆیشتنی دیکتاتۆر شتێک بوو دەبووایە رووبدات. چونکە ئەو مەترسی بوو بۆ دەوروبەرەکەی".

### عەرەب وەڵامی پێشمەرگەی دایەوە

دواتر ئامادەبووانی ناو هۆڵ کەوتنە وەڵامدانەوە. میوانێک کە خۆی وەک عەرەبێکی بەغدایی ناساند گوتی: "رەوشی عێراقی ئێستا زۆر ئارام بووە و تەنانەت وەک جاران خەڵک لە بەغدا لە قاوەخانە و یانەکانی شەوانەدا بەیەکەوە کۆدەبنەوە". بەڵام یەکێکی دیکە وەڵامیدایەوە کە ئەوە راست نییە و هێشتاش پاش کاژێر هەشتی شەو کەس بۆی نییە لە بەغدا لە دەرەوە بێت.

پیاوێکی بە تەمەنی کوردیش هەستایە سەرپێ و گوتی کە ساڵانێکی زۆر پێشمەرگە بووە و ئێستا هاتووەتە سەر ئەو باوەڕەی کە رەوشی عێراق تەنیا یەک چارەسەری هەیە، ئەویش پارچە پارچەکردنیەتی. بەڵام گەنجێکی عەرەب لێی وەدەنگهات و گوتی: "ئەو بۆچوونانە هەڵەن و ئێمە هەموومان یەک گەلین".

### پەروەردەمان بکەنەوە

گەنجێکی دیکەی کورد کاتێک بەڕێوەبەری گفتوگۆکە لە میوانانی پرسی ئایا رۆژئاوا دەتوانێت چ بکات بۆ ئەوەی هاوکار بێت لە چارەسەرکردنی کێشەی عێراقدا، بەوە وەڵامی دایەوە کە رۆژئاوا دەتوانێت هاوکاریی سەرلەنوێ پەروەردەکردنەوەی مرۆڤی عێراقی بکات. بەوەش میوانانی گفتوگۆکە لە قاقای پێکەنینیاندا. تا لە پڕ پیاوێکی کەمێک بە تەمەنی هۆڵەندی گوتی: "من چارەسەرم پێیە". دواتر دەستیکرد بە باسکردنی نایاسایی بوونی ئەو شەڕەی لە عێراقدا کراوە و باسی چارەسەری نەکرد. پاشتر کە هۆڵەکەی جێهێشت، یەکێک لە هاوڕێکانی بە (رووداو)ی گوت کە ئەو کەسە چالاکگەرێکی پاسیڤیست بووە و تەنیا ئامانجی پرۆتەستۆکردنی جەنگ بووە.

بە بڕوای نێورینکیش جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان بەشەکانی عێراقدا و کوردستانی وەک نموونە هێنایەوە. دواتر باسی ئەوانەی کرد کە بەهۆی سوونە یان شیعەبوونەوە ماڵەکانیان جێهێشتووە و ئێستا دەیانەوێ بگەڕێنەوە بەڵام ناتوانن: "لە عێراق تا رادەیەک پرۆسەی پاکتاوی مەزهەبی هەبووە". سەرەڕای ئەوانەیش پرۆفیسۆرەکەی زانکۆی ئەمستەردام پێیوابوو کە دواجار خەڵک پێکەوە دەژینەوە.

### شارە ترساوەکە

رۆمانی شارە ترساوەکەی یودیت نێورینک باسی ژیانی سێ خێزان دەکات لە بەغدا کە کورد و شیعە و سوونەن و، ژن و ژنخوازی لە نێوانیاندا روویداوە. ئەو خێزانانە لە رەوشی ئێستای عێراقدا پرسیاری ئەوە لە خۆیان دەکەن کە چۆن چۆنی دەتوانن درێژە بە پێکەوە ژیان بدەن لە کاتێکدا جیاوازییەکان تۆختر دەبنەوە.

لە کۆتاییی ئێوارە گفتوگۆکەشدا نێورینک بە میوانانی گوت: "زۆر خۆشحاڵم کە ئەو هەموو خەڵکە ئەو شەو هاتوون. ئەوە پێشانیدەدات کە عێراق هێشتاش لە ئەمستەردام دەژیت".



یودیت نێورینک

# شەڕی لیستەکان لە کوردستان دەستپێدەکات

## کیبڕکێ لەنێوان لیستی هاوپەیمانی و نەوشیروان و ئیسلامییەکاندا دەبێت



عەلی حەمەساڵح

ali@rudaw.net

ڕووداو-هەولێر

کێبڕکێی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەنێوان لیستەکانی هاوپەیمانی کوردستان و نەوشیروان مستەفاو ئیسلامییەکاندا دەبێت و، زەحمەتکێشان و سۆسیالستیش لیستێکی دیکە دروستدەکەن و چەندین کەسایەتی و لایەنی سیاسیش بڕیاری دروستکردنی لیستیان داوە.

هەندرێن عەبدولقادر، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" پێشبینی دەکەین، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 2009/6/31دا ئەنجامبدرێ و لە 2009/4/12 دەست بەتۆمارکردنی ناوی قەوارە سیاسییەکان دەکرێ".

جیاواز لەهەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، ئەگەری دروستبوونی ململانێ لەم هەڵبژاردنەدا بەدیدەکرێت، ئەم ململانێیەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە لیستی ئیسلامییەکان و لیستی نەوشیروان مستەفا دەڵێن چاوەڕوانی بەدەستهێنانی ژمارەیەکی بەرچاون لە کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان.

### لیستی هاوپەیمانی کوردستان

بەسەرپەرشتی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، مەکتەبی سیاسی هەردوو حیزب لە 2009/4/1 لەپیرمام کۆبوونەوەو بڕیاری کۆتایی درا کە بەیەک لیست بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن.

محەممەد مەلاقادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیاری کۆتاییمان داوە، لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەیەک لیست بەشداری هەڵبژاردنەکانی کوردستان بکەین"، هەروەها گوتیشی "دەرگامان بۆ هەموو حیزب و لایەنەکانیش کراوەیە بێنە ناو لیستەکەمان".

هەرچەندە چاوەڕواندەکرێت لیستی هاوپەیمانی کوردستان، زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەستبێنێت و بتوانێت بەتەنیا کابینەی حکومەت پێکبێنێت، بەڵام جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی دیکە چاوەڕوانی کیبرکێیەکی توند لەنێو لیستەکان دەکرێ.

### لیستەکەی نەوشیروان چی لە هەگبەدایە

نەوشیروان مستەفا، جێگری پێشووی سکرتێری گشتی یەکێتی و بەرپرسی یەکەمی کۆمپانیای وشە، بڕیاری دروستکردنی لیستێکی سەربەخۆی داوە. بەرپرسێکی کۆمپانیای وشە، لەو باوەڕەدایە لیستەکەیان دەنگێکی بەرچاو بێنێت "کاتێک بڕیاری دروستکردنی لیستەکە درا، چاوەڕوان دەکرا 10 بۆ 15 کورسی بەدەستبێنین، بەڵام ئێستا هاوکێشەکە گۆڕاوە، خەڵکانێکی زۆر پێشوازی لەلیستەکە دەکەن و ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن هاوکاری بکەن، بۆیە پێشبینی دەکەین لە 20 کورسی زیاتر بێنین".

محەممەد تۆفیق ڕەحیم، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشە، لەلێدوانێکی پێشتری بۆ (ڕووداو) دەڵێت "بڕیاری دروستکردنی لیستەکە بڕیاری کۆتاییمانەو ئێستاش خەریکی کارکردنین".

### ئیسلامییەکان

هەرچەندە، تا ئێستا یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ، لەهەوڵی ئەوەدان وەک چوار حیزبەکە پێکەوە لیستێک دروست بکەن و بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن، بەڵام پاش ئەوەی حیزبی زەحمەتکێشان بڕیاریدا بەشداری ئەو لیستە نەکات، ئیسلامییەکان لیستی هێزە ئیسلامییەکان لەنێوان یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزووتنەوەی ئیسلامیدا پێکدەهێنن.

قادرعەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، ڕایگەیاند کە لەگەڵ چوار حیزبەکەدا لیست دروست ناکات "بەنیازین لەگەڵ 10 لیست و لایەنی دیکەدا بە لیستێک بەشداری لەهەڵبژاردنەکانی کوردستاندا بکەین".

سەمیر سەلیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، لەلێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەتاوەکو پرۆژەی چوار حیزبەکەو هەبێ خیارێکی دیکە هەڵوێستی لەسەر وەرناگیرێت"،ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی، لەبارەی پێکهێنانی لیستی ئیسلامییەکانیشەوە نەیشاردەوە کە " لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیدا کۆبوونەوەمان کردووە، بەڵام دەبێت سێ قۆڵی بکرێت".واتە کۆمەڵی ئیسلامیش بەشداری کۆبوونەوەکان بکات.

بەپێی وتەی عەبدولستار مەجید، وتەبێژو ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامی داوای لەکۆمەڵ و یەکگرتوو کردووە بۆ دروستکردنی لیستێکی ئیسلامی "بەڵام ئەولەوییەت لای ئێمە بۆ لیستی هاوبەشی چوار حیزبەکەیە، دروستکردنی لیستی ئیسلامیش ئەگەرێکی دیکەیە".

ئێستا یەکگرتووی ئیسلامی خاوەنی 9 کورسی و کۆمەڵی ئیسلامیش خاوەنی 5 کورسییە لە پەرلەمانی کوردستان، کە کۆمەڵی ئیسلامی لەدەرەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئەو پێنج کورسییەی بەدەستهێناوە. هادی عەلی، بەرپرسی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو، لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ کەناڵی سپێدەی یەکگرتوو گوتی ئەگەر دەستتێوەردانی گەورە نەبێت لەهەڵبژاردنەکاندا "ئەگەر زۆر پاکیش نەبێ و حاڵەتێکی مام ناوەند بێت چاوەڕێی بەدەستهێنانی 15 کورسی بەسەرەوەین".



### لیستی زەحمەتکێشان و سۆسیالست

بەپێی وتەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشان "تاوەکو ئێستا زەحمەتکێشان و سۆسیالست دوو کۆبوونەوەیان کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ چەند حیزب و کەسایەتییەکی دیکەدا لیست دروست بکەن، بەڵام نەگەیشتوونەتە بڕیاری کۆتایی".

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە (ڕووداو) لەچەند سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەستی کەوتووە، ئەو حیزبانەی کە سۆسیالیست دەیەوێت هاوپەیمانی لەگەڵدا بکات، دیارترینیان پارتی چارەسەری دیموکرات و پارتی کار و بەشێک لە کۆمۆنیستەکان و چەند لایەنێکی دیکەی چەپن.

فایەق گوڵپی، سکرتێری پێشووی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، ئەو زانیارییانەی (ڕووداو)ی پشتراستکردەوەو گوتی"وەک پارتی چارەسەر بڕیارماندا بەشداری هەڵبژاردنەکانی کوردستان بکەین، لەگەڵ هەندێ کەسایەتی و لایەنی سیاسی و ڕۆشنبیریشدا گفتۆمان کردووە بۆ دروستکردنی لیستێک، بەڵام نەگەیشتووینەتە ئەنجام".

گوڵپی پێیوایە کەرتبوونەکەی زەحمەتکێشان گرفتێکە بۆ ئەو لیستە "لەگەڵ برادەرانی زەحمەتکێشان دووجار کۆبوونەوەمان کردووە، بەڵام دابەشبوونی زەحمەتکێشان ئاستەنگێک بۆ هاوپەیمانییەتییەکە دروستدەکات"، فایەق گوڵپی گوتیشی "ئەگەر ئەو لیستەش دروست نەکرا وەک پارتی چارەسەر بە لیستێک بەشدار دەبین".

### هێزی دیکە

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) چەندین کەسایەتی سیاسی دیکە، بڕیاریانداوە بەلیستی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن، جگە لەچەند کەسایەتییەک، کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجەو لیستێکی دیکە بەناوی گەنجانەوە لەسەرجەم شارەکانی کوردستان و چەند حیزبێکی دیکەی کوردستانی کە ناچنە هاوپەیمانییەتییەکەی یەکێتی و پارتی و لەگەڵ سۆسیالست و زەحمەتکێشانیشدا نابن.

غەفوور مەخموری، سکرتێری یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بڕیاریانداوە بەشداری هەڵبژاردنەکانی کوردستان بکەن، مەخمووری گوتی "هێشتا بڕیاری هاوپەیمانیمان نەداوە، بەڵام بۆچوونی زۆرینەی هەڤاڵانمان ئەوەیە کە بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن بکەین".

بەپێی زانیارییەکان هەریەک لە ئەدهەم بارزانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و د.عەبدولمەسەوەر بارزانی، مامۆستای زانکۆ لیستی سەربەخۆیان دەبێ لە هەڵبژاردنەکاندا. بەڵام تا ئێستا هیچ کامیان بە فەرمی ڕایاننەگەیاندووە.

عەتا قەرەداخی:

# یەکێتی و پارتی لەهەڵبژاردنی یەکێتی مامۆستایان دەترسن

نەوزاد مەحمود

ڕووداو-سلێمانی

نووسەرو سەرپەرشتیاری پسپۆری پەروەردەیی عەتا قەرەداخی، ڕێکخراوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بە"ئیفلیج و ناکاریگەر" ناو دەبات و دەڵێت "کۆت و بەندی حیزبی ڕێکخراوەکەی بێکاریگەر کردووە، بۆیە مامۆستایان ئەو ڕێکخراوە بە هی خۆیان نازانن، گرنگیش نییە بەلایانەوە چی بەسەر دێت و چی دەکات".

عەتا فائق قەرەداخی، 49 ساڵ، بەشی زمانی ئینگلیزی لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی موسڵ تەواو کردووەو 18 ساڵ مامۆستابووە، ئێستا سەرپەرشتیاری پسپۆڕییە لە پەروەردەی سلێمانی. تا ئێستا 20 کتێبی نووسیووەو، دوو کتێبیشی ئامادەی چاپن.

عەتا قەرەداخی، وەک خۆی باسیکرد هەر لەمنداڵییەوە حەزی کردووە ببێتە مامۆستا و زۆر بە دەروێشانەش مامۆستایەتی کردووە، لەدوای ڕاپەڕینەوەش بە بەردەوامی چاودێری دۆخی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی کردووە. قەرەداخی دەڵێت لە هەڵبژاردنی ساڵی 1992 یەکێتییەکە، ئەوەندەی یەکێتی و پارتی بڕیاردەربوون، خودی مامۆستایان هیچ ڕۆڵێکیان نەبینی و دەستەی بەڕێوەبەریو لقەکانیش هەر لەلایەن ئەو دووحیزبەوە دیاریکران. زیاتر لەوەش گوتی "تەنانەت فەرمانەکانی لەمەکتەبی سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەری و دیموکراتییەکانی یەکێتی و پارتییەوە بۆ دێت"، ئەوەش وا لە قەرەداخی دەکات کە بڵێت "تەنیا کادیرە حیزبی و ماستاوچییەکان دەچنە کۆنگرەی ئەو یەکێتییە".

عەتا قەرەداخی، نموونەیەک لە دەستێوەردانەکانی حیزب لەیەکێتی مامۆستایانی سلێمانی دێنێتەوەو دەڵێ، مامۆستا عومەر حەمە ساڵح کە بەرپرسی کۆمیتەی مامۆستایان بوو لە مەڵبەندی سلێمانی، یەکێتی کردیە نەقیبی مامۆستایان و لەهەمانکاتدا پۆستی بریکاری وەزیری پەروەردەشیان پێدا "ئەمە مەگەر تەنها لەکوردستان ڕوویدات، چونکە ئەرکی یەکێتی مامۆستایان ئەوەیە فشار بخاتە سەر وەزارەتی پەروەردە، کەچی نەقیبەکەی پۆستی بریکاری وەزیری پێدەدرێ".

یەکێتی مامۆستایان تائێستا چەند کۆنگرەیەکی ئەنجامداوەو هەڵبژاردنی کردووە، بەڵام قەرەداخی دەڵێت ئەو هەڵبژاردنانەی کە کراون هیچیان هەڵبژاردن نەبوون "چونکە ئەو کەسانەی پارتی و یەکێتی دایاننـاون هەر ئەوان دەرچوون، تا ئێستا بێلایەنێک نەگەیشتووەتە دەستەی بەڕێوەبردنی ئەو ڕێکخراوە".

وەرزی خوێندنی 2008-2009 بەزنجیرەیەک خۆنیشاندان و نارەزایی مامۆستایان لە سلێمانی دەستی پێکردو مامۆستایان چەند داواکارییەکیان خستە بەردەم حکومەت، قەرەداخی هەموو داواکارییەکی مامۆستایان بە "ڕەوا" دەزانێ و نیگەرانیش بوو لەو هەڵوێستەی یەکێتی مامۆستایان نواندی "یەکێتی مامۆستایان نەک داواکاری مامۆستایانی پشتگوێ خستووە، بەڵکو هەوڵیشیداوە داواکانیان لەبارببات، ئەوە بکات کە حیزب و حکومەت دەیانویست نەک مامۆستایان".

قەرەداخی، ڕێکخراوەکانی دیکەی وەکو قوتابیان و خوێندکاران بە زیندووتر لە یەکێتی مامۆستایان دەبینێ و لەو بارەیەوە دەڵێت "ئەوان گەنجن، گەنجیش بە زەحمەت خۆی بەدەستەوە دەدات، جگە لەوەش کادری ڕێکخراوەکانی دیکە وەک یەکێتی مامۆستایان لەڕووی ئابوورییەوە بەحکومەت نەبەستراونەتەوەوکەسیان لێنەکراوەتە ڕاوێژکارو پۆستی حکومیان پێنەدراوە".

قەرەداخی کە 18 ساڵ مامۆستا بووەو ئێستاش سەرپەرشتیاری پسپۆڕە لە پەروەردەی سلێمانی، هیچ ئومێدێکی بەو یەکێتییە نییە ببێتە نوێنەری ڕاستەقینەی مامۆستایان و پێشیوایە هەر یەکێتی مامۆستایان بەرپرسیارە لەدیاردەیەکی دیکەی نابەرپرسیارانە کە زیانێکی زۆری بەپرۆسەی خوێندن گەیاندووە، ئەویش دانانی بەڕێوەبەری حیزبییە، قەرەداخی گوتی "بەڕێوەبەری پەروەردە هەیە ئەوەندە بێتوانایە گوناهە ڕێگەی بدەیت وەک کارگوزارێکیش پێ بنێتە نێو حەرەمی قوتابخانەوە".

سەبارەت بە هەڵبژاردنی یەکێتی مامۆستایان کە ئەو بە پێویستی دەزانێت هەڵبژاردنێکی ڕاست و ڕەوان بۆ دیاریکردنی نوێنەری ڕاستەقینەی مامۆستایان بکرێ، دەڵێت "یەکێتی و پارتی لەهەڵبژاردنی یەکێتی مامۆستایان دەترسن، چونکە ترسیان هەیە کە گۆڕان، دۆڕانی ئەوانی بەدوادا بێ".

عەتا قەرەداخی لەماوەی هەژدەساڵی مامۆستایەتی خۆیدا، 15 ڕۆژ مۆڵەت بووەو چوار وانەش دواکەوتووە، ئەو کە دەڵێ دەروێشانە مامۆستایەتی دەکەم، پێشیوایە مامۆستایەتی بەدڵسۆزی و پاکی نەکرێت پرۆسەی خوێندن سەرکەوتوو نابێ.



عەتا قەرەداخی

# سێ حیزبەکە پشتگیری قادر عەزیز دەکەن و یەکێتیش پشتگیری مەکتەبی سیاسی دەکات

## بۆ ئەوەی هاوپەیمانی بکەن بۆ هەڵبژاردنەکان یەکگرتوو و کۆمەڵ هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکانی زەحمەتکێشان دەدەن






ڕووداو-سلێمانی

یەکگرتوو، کۆمەڵ و سۆسالیست تاوەکو ئێستا قادر عەزیز بە کەسی یەکەمی زەحمەتکێشان دەزانن و یەکێتیش گروپی مەکتەبی سیاسی بە خاوەنی ئەو حیزبە دەزانن.

هەفتەی ڕابردوو بەهۆی چەند کێشەیەکی ناوخۆیی، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان درزی تێکەوت و بوون بە دوو باڵ، هەردوولاش بەیاننامەیان لەدژی یەکتر دەرکرد، مەکتەبی سیاسی ڕایگەیاند کە قادر عەزیزیان تەجمید کردووە، قادر عەزیز ڕایگەیاند کە ئەوان لە حیزب دەرکراون.

پاش کەرتبوونی زەحمەتکێشان حیزب و لایەنە کوردستانییەکان هەریەکەو مامەڵە لەگەڵ باڵێکی ئەو حزبەدا دەکات. یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ کە تاوەکو ئێستا لەهەوڵدان، وەک چوار حیزبەکە بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن، بۆ ئەو مەبەستە دەیانەوێت چارەسەری گرفتە ناوخۆییەکانی زەحمەتکێشان بکەن.

ڕۆژی 2009/4/2، عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشاندا کۆبووەتەوەو لەو کۆبوونەوەیەدا دوای لێکردوون کە لەگەڵ قادر عەزیزدا دابنیشن و گرفتەکان چارەسەربکەن، یەکگرتووی ئیسلامیش لەگەڵ هەردوو باڵدا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان کۆبووەتەوە.

سەمیر سەلیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "ئێمەو زەحمەتکێشان پێشوتریش هاوهەنگاوبووین لە هەرێمی کوردستانداو پێمان خۆشە ئەو کێشەو گرفتانەی لەناو هەر حیزبێکدا ڕوودەدات، بەڕێوشوێنە یاساییەکەی خۆیدا تێپەڕبێت و لەڕێگای پلنیۆم و کۆنفرانسەوە یەکلاییبکرێتەوە نەک بێتە مایەی پەرتەوازەبوونی پرۆسەکەو لەتکردنی حیزبەکە".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو، پێیوابوو کاتی ئەو گرفتانە خراپە "ئێستا لەبەردەم هەڵبژاردن داین و جەماوەر پێویستی بە بەرچاو ڕوونی هەیەو لەپێناو تەمومژنەکردنی بەرچاوی جەماوەرو هێشتنەوەی خیاری جەماوەر حەزمان لێبوو ئەو گرفتانەی نێوان زەحمەتکێشان چارەسەر بکەین".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە لەگەڵ هەردوو باڵدا کۆبوونەتەوە، هەردوولاش ئامادەباشییان هەیە بۆ چارەسەرکردنی بابەتەکە "بەڵام ئەو فاکتەرە بابەتیانەی کە لەهەرێمی کوردستاندا هەن ڕۆڵدەبینن لەگرفتە ناوخۆییەکانی هەر حزبێکدا بەکوێ بگات و هەر ئەوەش بڕیاردەر دەبێت".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و سۆسیالست، قادر عەزیز بەخاوەنی زەحمەتکێشان دەزانن و هۆکاری کۆبوونەوەی 2009/4/5ی هەر چوار حیزبەکەش لەبارەگای مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشان جگە لەوەی هەوڵدانە بۆ ئەوەی باوەڕ بە قادر عەزیز بهێنن لیستی هاوبەش دروست بکەن، دیار خستنی پشتگیری خۆشیانە بۆی.

سەعد خالید، ئەندامی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشان، هەرچەندە یەکگرتوو و کۆمەڵ بەهاوپەیمانێکی بەهێزی خۆیان دەزانێت بەڵام دەشڵێت "کاک قادر ناتوانێت وەک نوێنە و سکرتێری زەحمەتکێشان بەشداری هیچ کۆبوونەیەک بکات، دەبێت ئەو حیزبانەش ئەو ڕووداوەی نێو زەحمەتکێشان بەئاسایی وەربگرن و ڕێز لەبڕیاری کۆمیتەی ناوەندی زەحمەتکێشان بگرن، کە بەکۆی دەنگ دراوە".

بەپێچەوانەی سێ حیزبەکەوە یەکێتی، پاڵپشتی باڵی مەکتەبی سیاسی دەکات و ئێوارەی 2009/4/2، جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی، پێشوازی لە باڵی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشان کرد، تاڵەبانی گوتبووی دەبوایە کاک قادر عەزیزیش وەک برایەک کە هەڵتانبژاردووە ڕێزی هەموو مەکتەبی سیاسی و سکرتارییەت زیاتر بگرێت و هەوڵی باشی دابا بۆ ئەوەی ئەو لێکترازانە ڕووینەدابایە.

هەروەها تاڵەبانی بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی گوتبوو وەک پیاوی تێکۆشەرو کۆڵنەدەر و ماندوو نەناس سەیری ئێوە دەکەین و سەنگەری ئێوەو ئێمە دەبێت یەک ڕیز بێت.

سەعد خالید، جەختی لەوە کردەوە کە تاڵەبانی لەبڕیاری مەکتەبی سیاسی تێگەیشتووە "ئەو پێشوازییەش نیشانەی ئەوەبوو کە تاڵەبانی دەزانێت هیچ گرفتێک نییە سەبارەت بەشەرعییەتی زەحمەتکێشان و جەخت لەپتەوکردنی پەیوەندی نێوان یەکێتی و زەحمەتکێشان کرایەوە و لەئایندەشدا هەوڵ دەدەین سەرۆکی هەرێم و لایەنەکانی دیکەی کوردستان ببینین".

هەرچەندە قادر عەزیز ڕایگەیاندبوو کە بەنیازن لەگەڵ 10 لایەن و کەسایەتی دیکەدا وەک لیستێک بەشداری هەڵبژاردنەکانی کوردستان بکەن، بەڵام باڵی مەکتەبی سیاسی ڕەتیانکردەوە کە قادر عەزیز ئەو دەسەڵاتەی هەبێت.

سەعد خالد، دەڵێت "پەیڕەوی ناوخۆ، وەک دەستور وایەو ژیانی حیزبی لەسەر ڕێکدەخرێت، کۆمیتەی ناوەندی بەرزترین دەسەڵاتەو ئەو بڕیاری تەجمید کردنی داوە، بۆیە لەڕووی یاساییەوە هیچ گرفتێکمان نییەو لەهەڵبژاردنەکانیشدا ئێمە وەک حیزبی زەحمەتکێشان بەشدارین نەک کاک قادر".

16 % ی خەڵکی عێراق نەخۆشی کەم عەقڵییان هەیە



ڕووداو-Relief web

هەردوو وەزارەتی تەندروستی وپلاندانی عێراق بەهاوکاری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO ڕاپرسییەکیان لەنێو 4332 ئەنجامداوەو تێیدا دەرکەوتووە کە 16.5% لە هاووڵاتیانی عێراق لە ژیانی خۆیاندا جارێک تووشی نەخۆشی کەم عەقڵی بوونە و تەنها 2% چارەسەری پزیشکییان وەرگرتووە. وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان د.زریان عوسمان ڕایانگەیاند ئەو ڕاپرسییە گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی ئەوانەی نەخۆشی کەم عەقڵییان هەیە.



### دەرمانسازێکی کورد چارەسەر بۆ 8 ملیۆن نەخۆشی جیهان دەدۆزێتەوە وکارگەیەکی دەرمان لە کوردستان دەکاتەوە

## پرۆفیسۆر دکتۆر بەهرام ڕەسوڵ:

# کارگەی دەرمانی ئاوامێدیکا لەمانگی ئاب دەکرێتەوە

**ڕووداو-هەولێر**

کارگەی دەرمانی ئاوامێدیکا لە هەولێر لە مانگی ئابی ئەمساڵ دەرمان دروستدەکات و دەینێرێتە بازاڕەکانی کوردستان و عێراق، ناوی هەندێک لە دەرمانەکانیش کوردی دەبێت.

پرۆژەی دروستکردنی کارگەی دەرمانی ئاوامێدیکا کە لەساڵی 2006ەوە دەست بەجێبەجێکردنی کراوە، ئێستا لە مانگەکانی کۆتایی تەواوبوونیدایە، کە دیزاینەکەی لەلایەن کۆمپانیەکی هاوبەشی سوێدی-فینلەندی بە ناوی ئیلۆماتیک Eleomatic دانراوە و لەلایەن هەردوو کۆمپانیای دۆست و پەلی تورکیا بەپێی ستاندارێکی جیهانی جێبەجێکراوە.

بیرۆکەی دامەزراندنی کارگەی دەرمانی ئاوامێدیکا لەلایەن د.بەهرام مەجید ڕەسولەوە بووە، کە کوردێکی دانیشتووی سوێدە و بە درێژایی 35 ساڵ لە بواری دەرمانسازی کاری کردووەو لەسەر ئاستی جیهانیش ناسراوە، کە بە هاوبەشی پسپۆڕێکی فینلەندی بە ناوی یوهان شێنزکانزە، دەرمانی چارەسەری نەخۆشی ئاوی ڕەشی چاوی دۆزیەوەو، ئیمتیازی ئەو دەرمانە ئێستا دراوەتە کۆمپانیایەکی ئەمریکی بەناوی (فایزەر) و ساڵانە بایی 2ملیار دۆلار ئەو دەرمانە دەفرۆشێت، لە سەرتاسەری جیهان نزیکەی 8ملیۆن کەس ئەو دەرمانەی بەکارهێناوە.

یەکێک لە کارەکانی دیکەی ئەو دەرمانسازە کوردە دروستکردنی دەرمانێکە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکی گوێ، لەمبارەیەوە گوتی" لە ئۆپسالا کۆمپانیایەکمان هەیە بەناوی کۆمپانیای سینفۆرا Synphora Co. یەکێک لەو کارانەی لەژێردەستیدایە دۆزینەوەی چارەسەری نەخۆشییەکە کە تووشی گوێچکە دەبێت و بەردەوام هاژەی تێدایە و، دەبێتە هۆی تێکچوونی باڵانسی مرۆڤ Meniere's disease and tinnitus، ئەو دەرمانەشمان دۆزیوەتەوە و دەرکەوتووە کە نەخۆشەکان سوودی لێ دەبینن، چەند کۆمپانیایەکی ئەمریکی و ژاپۆنی لەهەوڵی ئەوەدان ئەو پرۆژەیە وەربگرن و پەرەی پێبدەن".

وەزارەتی تەندروستی عێراق، لە ساڵی2008 ڕاپۆرتێکی مەیدانی لەبارەی ئەو کارگەیەی هەولێر ئامادەکرد، کە ئیمزای باشترین پسپۆڕی بواری دەرمانسازی عێراقی لەسەرە و دوای پشکنینی کارگەی دەرمانی ئاوامێدیکا و تۆمارکردنی ناوی کارگەکە لای خۆیان، لە ڕاپۆرتەکەیاندا دەڵێن" کارگەی دەرمانی ئاوامێدیکا جێی شانازی هەموو عێراقە، بە شێوازێکی وا دروستکراوە کە هیچی لەکارگە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا و ئەمریکا کەمتر نییە".

دکتۆر بەهرام مەجید ڕەسول، بە متمانەیەکی زۆرەوە دەیگوت بەرهەمی ئەو کارگەیە لە ڕیزی بەرهەمەکانی کارگە بە نێوبانگە نیودەوڵەتییەکاندا دەبێت، چونکە کوالیتییەکەی لە ئاستێکی زۆر بەرزدا دەبێت و پێشکەوتووترین ئامێر و شارەزاترین کەسی بواری دەرمان کاری تێدا دەکەن، لەمبارەیەوە ڕوونیکردەوە کە "هەموو هەوڵێکی ئێمە کواڵیتییە، چ لە بیناوە بێت یانیش ئامێرەکان و ئەو خەڵکەی کاری تێدا دەکەن. ئەوانەی لە کارگەی دەرمانی ئاوامێدیکا کار دەکەن، ئەوانەن کە دەزانن شێوازی ڕاست ودروست بۆ دروستکردنی دەرمان چۆنە".

ژمارەی ستافی کاری ئەم کارگەیە لە سەرەتادا 120 کەس دەبن، لەوانە 33تا 34یان کارمەندی پسپۆڕی دەرەوە دەبن، کە ئەزموونی کارکردنیان لە بواری دەرمانسازی لە نێوان 8 تا 25 ساڵە و ڕەزامەندی لە FDAەی ئەمریکیان بۆ کراوە، زۆربەشیان خەڵکی هیندستانن و لە کارگەی دەرمانی زۆر بەنێوبانگ کاریان کردووە. وەک ئەو پسپۆرە کوردە ئاماژەی پێدا "ئەوان دەرمانیان بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا دروستکردووە، ئەوانە دەزانن چۆن چۆنی بۆ کارگەیەکی پێشکەوتوو کاردەکەن".

لەبارەی بڕی ئەو دەرمانەش، کە لەسەرەتادا دروستی دەکەن، دکتۆر بەهرام گوتی" یەکەم لیستی دەرمان کە لە لای ئێمە دروست دەکرێن بریتی دەبێت لە 25 تا 30جۆر، هەروەها بە هاوکاری لە گەڵ وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان پلانێک دادەنێین بۆ ئەو دەرمانانەی کە وەزارەتی تەندروستی پێویستیان پێیە بۆ ئەوەی لەگەڵ لیستی خۆمان هاوتای بکەین".

ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ناوی دەرمانەکانیش تایبەتمەندییەکی کوردیان پێوەدەبێت، بۆ نموونە لەوانەیە ناوی حەبی سەرئێشە تێرمێکی وەک (پارائازار)ی بۆ دابنێین.

لە کۆتایشدا خەڵکی دەوروبەری کارگەکەی دڵنیاکردەوە، کە ئەو کارگەیە هیچ زیانێکی بۆ دەوروبەرەکەی نابێت و گوتی"کارگەی ئێمە کارگەی دروستکردنی دەرمانە، نەک کارگەی دروستکردنی کەرستەی خاو، واتە دەرمان بۆ چارەسەری خەڵک دروست دەکەین، لە هەموو جیهان ڕەزامەندی لەسەر دراوەو توێژینەوەی لەبارەوە کراوە، کە کەرستەی شێرپەنجەی تێدا نییە، کەرستەی دەرمان دروستکردن لە دەرەوە دەهێنین. ئەو کەرستانەش هەموو توێژینەوەیان لەسەرکراوە کە زیانیان نییە".





بەشێک لە ئامێرەکانی کارگەی ئاوامیدیکا (فۆتۆ:ڕووداو)



کارگەی ئاوامیدیکا لە هەولێر کە بەپێی لێژنەی پسپۆڕی دەرمانسازی عێراق بە شێوازی کارگە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا دروستکراوە (فۆتۆ:ڕووداو)

# ریش و سمێڵ لەسەردەمووچاوی کچانی کوردستان زۆر دەبێت

**موعاز فەرحان**
**ڕووداو- سلێمانی**

هەر کاتێک ئاواز دارا، 23 ساڵ، لەبەردەم ئاوێنە مووە زیادەکانی رووخساری دەبینێ، دڵتەنگ دەبێت. ئاواز کە سەیری وێنەکانی 5 ساڵ لەمەوبەری دەکات، رووخسارێکی جوانی هەیەو بۆخۆشی لەو ریشە تێناگات کە ئێستا هەیەتی و بەهۆیەوە "بیتاقەتی و دڵەڕاوکێ بووەتە نزیکترین هاوڕێی ژیانم".

هەندێک لەکچان و ژنان بەردەوام سەردانی پزیشک دەکەن بۆ رزگاربوون لەو تاڵە مووە زۆرانەی کە لە خوار ڕوومەتەکانیانەوە سەردەردێنن و بە سەرچاوەی ئازارێکی دەروونی بەردەوامی ژیانیان دایاندەنێن. پزیشکێکی پسپۆڕی نەخۆشیەکانی پێستیش هۆکاری ئەو موو دەردانە لە سەر رووی ژنان و کچان بۆ تێکچوونی باری تەندروستی و بۆماوەیی دەگێڕێتەوە.

لەسەنتەری چرا لە سلێمانی چەند کچێک چاوەڕوانی بینینی پزیشک دەکەن تاوەکو چانسی خۆیان لەگەڵ لێزەر تاقی بکەنەوە، وەک دوا ڕێگەی ڕزگار بوونیان لە"ریش"و هەندێک لەو کچانەش دەرمان و ڕێگەچارەکانی دیکە بێ هیوای کردوون و هەموو ئومێدێکی خۆیان بەتیشکەکەی لێزەرەوە هەڵواسیوە.

شیلان تالیب 27ساڵ کە لەدەست "ریش" وەڕس بووە، دەڵێ، ماوەی سێ ساڵە دەموچاوم ریش و مووی زیادەی دەرکردووەو هەرچەند دەرمانم بەکارهێنا سوودی نەبوو. شیلان گوتیشی "کاتێک ئافرەت ریشی هەبوو، تێڕوانینی پیاویش لە بەرامبەری دەگۆڕێت"، شیلان هاتبوو بە لێزەر خۆی لەو کێشەیە رزگار بکات.

"کەتەماشای خۆم دەکەم، رقم لەخۆم دەبێتەوە"، هەرچەندە (م.س) 28ساڵ، چەند جارێک سەردانی پزیشکی پێستی کردووە، بەڵام پزیشکەکان نەیانتوانیوە مووەکانی رووخساری بنبڕ بکەن"پزیشکەکان پێیانگوتم لەئەنجامی تێکچوونی سوڕی مانگانە وات بەسەر هاتووە"، ئەو لەو باوەڕەدایە هەر ئەو ریشەش دەرگای شووکردنی لەسەر داخستووە "کوڕان کچێکیان بۆچییە کە وەک خۆیان ڕوومەت و روخساریان ریشی پێوەبێت و لە پیاوبچن".

حەیدەر نەسرەدین، 27 ساڵ، دەڵێ جوانی ژن لەوەدایە کە دەمووچاوی زۆر لە پیاو جیاوازبێت و ناسک و بێ موو بێت "قەت ناچمە خوازبێنی کچێک موو بە دەموو چاوییەوە بێت".

پزیشکانی پسپۆڕی بواری پێست، بوونی ردێن و سمێڵ لە ئافرەتان بۆ هۆکاری دەرەکی و بۆماوەیی دەگەڕێننەوە و ئاماژەش بە زیادبوونی ڕێژەی تووشبوونی دەکەن لە نێو کچان و ژنانی کوردستان دا. کە هەندێ لە پزیشکەکان دەمووچاو پێچان و گەرمبوون و ئارەقەکردنی زۆر بەهۆی ئەو پێچانەوە بە هۆکارێکی ئەو موو لێ هاتنە دادەنێن.

دکتۆر دەرسیم محەممەد، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست گوتی، ئێستا لە کوردستاندا ژمارەی تووشبووان بەرەو زیادبوون دەچێت، ئەو پزیشکە نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە بە جۆراوجۆر باسدەکات و گوتیشی "یەکێک لە حاڵەتەکان پەیوەندی بە بوونی کیسی هێلکەوە هەیە، کە کۆمەڵێک کیسی بچووکن لە هێلکەدانی ژنان، سوڕی مانگانەیان دوادەکەوێت، ئەگەر ئەو ژنە شووی کردبێت لەوانەیە نەزۆک بێت و منداڵی نەبێت، لەبەشی خوارەوەی دەموچاویان زیپەکەی نائاسایی و قەڵەویان هەیە، وەکو پیاوان ریش وسمێڵیان هەیەو لەو شوێنانەش کە پیاو مووی هەیە ئەوانیش موویان هەیە".

وەک ئەو دکتۆرە دەڵێ، تووشبوانی ئەم حاڵەتە بەگشتی قەڵەون و بن باڵیان هەندێ جار ڕەش دەبێت و ڕێژەی شەکرەیان زیاترە. ڕژێنی ژێرمۆخیان زیادە حاڵەتێکی دیکە کە زۆر کەمە ئەویش وەرەمە، کەوەرمی هێلکەدان بێت یان غودەی سەرگورچیلە مووەکان لەپڕ دروست دەبن و مووی زۆر دەبێ، لە ئەنجامدا ئەو نەخۆشە دەنگی گڕ دەبێت و ماسولکەکانی وەکو پیاو دیار دەبن.

بەڕای پزیشکانی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست، هەندێ دەرمان وەکو (سایکۆسورید) کە بەرگری کەمدەکاتەوە و (مینۆگسیدڵ) کە حەبی پاڵەپەستۆی خوێنە، دەبنە هۆی زیادبوونی موو، لەبەرامبەر ئەوەشدا چوار ڕێگە دیاری دەکەن بۆ رزگاربوون لەموو ئەوانیش: دەرمانی (دایان وئەداکتۆن)ی دژی ماددەی (تیستیسرۆن)ە، بەکارهێنانی دەرزی کە لەبن مووەکە دەدرێ، تاشین و لابردنی موو بەدەرمان و بەکارهێنانی لێزەر، کەیەکێکە لە ڕێگا پزیشکییە نوێیەکان.

بەپێی ئامارێکی سەنتەری چارا مانگانە 71 حاڵەت لەو سەنتەرە تۆمار دەکرێن کە تەمەنیان لەنێوان 15 تاوەکو 50 ساڵدایە. دکتۆر سامان ئەمین، پزیشکی نەخۆشییەکانی پێست و بەڕێوبەری سەنتەری چارا بۆ لابردنی موو بە لێزەر، بەکارهێنانی لێزەری بەیەکێک لە ڕێگا باشەکان ناوبردو گوتی "بەکارهێنانی لێزەر کاریگەری خراپی نییەو تەنیا خانەی میلانۆساید هەڵدەمژێت لە سەلکی مووەکە".

سەبارەت بە ئەگەری سەرکەوتنی لابردنی موو بە لێزەر، دکتۆر سامان گوتی "بۆ ئەوەی لێزەر ئەنجامی باش بەدەستبێنێ باشتر وایە 6 تا 12 جار لێزەر لە مووەکە بدرێ، بەڵام گرەنتی سەد لە سەد نییە بۆ نەهاتنەوەی مووەکان، بەڵام ئەو مووانەی دەمێننەوە زۆر کەم دەبن وکاڵ دەبن".

### چارەسەری

- دەرمانی (دایان و ئەداکتۆن)ی دژی ماددەی (تیستیسرۆن)ە.
- بەکارهێنانی دەرزی کە لەبن مووەکە دەدرێ.
- تاشین و لابردنی موو بەدەرمان.
- بەکارهێنانی لێزەر.

### نیشانە و کاریگەریەکانی ریش و سمێڵ پەیدابوون لای ژنان



- بەگشتی قەڵەو دەبن.
- ڕەشبوونی بن باڵ.
- بەرزبوونەوەی ڕێژەی شەکرە.
- زیادبوونی ڕژێنی ژێر مۆخ.
- دروستبوونی وەرەمی هێلکەدان یان غودەی سەرگورچیلە.
- دەنگی گڕ دەبێت و ماسولکەکانی وەکو پیاو دیار دەبن.
- دەبێتە هۆی نەزۆکی لەوانەی شوویان کردووە.

### هۆکارەکانی موو هاتن لەرووخساری ژنان

- هۆکاری بۆ ماوەیی.
- بوونی کیس لە هێلکەدانی ئافرەت.
- گەرمبوون و ئارەقەکردنی زۆر بەهۆی دەموچاو پێچانەوە.







**لیستی داخراو لغاوکردنی دیموکراسییە**

**سەبارەت بە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و چانسی لیستەکان لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان و ئەگەری بەشداری خۆی و، نەخشەی سیاسی نێوخۆی هەرێمی کوردستان دوای ئەو هەڵبژاردنە، (ڕووداو) ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ جەوهەر نامق، سەرۆکی پێشووتری پەرلەمانی کوردستان و سکرتێری پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان سازکرد:**

ڕووداو- هەولێر

**لەزۆر بابەتدا لەگەڵ برادەرانی کۆمپانیای وشە بۆچوونمان یەکە**

## جەوهەر نامق:

# بۆ کوردو پارتی و یەکێتیش وا باشترە بە دوو لیستی جیا بەشداری هەڵبژاردن بکەن

**ڕووداو: ئەو گۆڕانکاریانەی کە کران لەیاسای هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**جەوهەر نامق:** پێشەکی دەبێ ئەو ڕاستییە بێژم کە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی 1992 ی (یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی هەموارکراو)، هەتاوەکو ئەمڕۆش وەک دەستووری هەرێمی کوردستان لێکدەدرێتەوە. بەداخەوە هەندێجار نابەرپرسانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لە ساڵی 1994ەوە تاوەکو 2009/3/25، چوار جار هەموار کراوە، لە هەندێ بواردا هەستدەکرێت هەموارکردنەکە بەبێ دیراسەو وردبوونەوەیە. لەوانە ماددەی (6) وبەتەحدید مەسەلەی لایەنی ڕێکخەر و سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکانە لە هەرێمی کوردستان. یاسای 1992ی مافی ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنو لێک جیاکردنەوەی دەنگەکان و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی دابووە دەستەیەکی باڵا بە ناوی (دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان)، ئەو دەستەیە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992 پەرلەمان و (ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)ی کرد. دوای ڕووخاندنی ڕژێمیش هەم یاسای ئیدارەی دەوڵەت و هەم لە دەستووری هەمیشەیش دان بە هەموو ئەو یاسایانەدا نراوە کە تاوەکو 2003/3/19 لە هەرێمی کوردستان دەرچوون، لەو چوار چێوەیەشدا یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (1) 1992، بەبوونی ئەو دەستەیەشەوە. بەداخەوە لەساڵی 2005 وپێش دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکان سەرکردایەتی هەردوو حیزب (پارتی ویەکێتی) ئەمریاندایە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (1) ی ساڵی 1992 هەموار بکەن ودەستەی باڵای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان هەڵوەشێننەوە ومافی سەرپەرشتی وجیاکردنەوەی دەنگەکان و ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بدەنە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق. واتە تەنازولکردن و پاشگەزبوونەوە لەمافێکی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان کە خودی دەستووری عێراق سەلماندوویەتی بۆ کوردستانییەکان، کە نەدەبووا وەک هەموو مافە نەتەوەییەکانی دیکە، دەستبەرداری ببایین. پێش ئەوەی پەرلەمانی کوردستان ئەو بڕیارە بدات لە ساڵی 2005، وتارێکم لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردەوەو جەختم لەسەر ئەوە کرد کە ئەو هەموار کردنە نەک هەر پێویست نییە بەڵکو تەنازولکردنە لە مافی خەڵکی کوردستان.

**ڕووداو: ئەو دەستبەرداربوونە بەهۆی گرفتی یاساییەوەیە یاخود بەهۆی پارەوەیە؟**

**جەوهەر نامق:** پاساوەکە هەرچی بێت نایاسایی بوو، پێویست نەبوو. لە هەمووشی گرنگتر تەنازول بوو لە مافێک کە لە دەستووردا بۆ کوردستانییەکان چەسپاوە. هۆکارەکەی هەرچی بێت هەڵەیەکی مێژوویی بوو.

**ڕووداو: بەڵام ئەگەر کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرپەرشتی بکات، گرەنتیترنییە بۆ ئەوەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان دەستتێوەردان نەکەن؟**

**جەوهەر نامق:** نابێت مەترسی لە خروقات و تەزویرکاری هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا بکەینە پاساوی وازهێنان لە مافێکی نەتەوەیی.

**ڕووداو: بەڕای تۆ بۆچی دوای چوار ساڵ جارێکیتر ئەو ماددەیە هەموارکرایەوە؟**

**جەوهەر نامق:** لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە3 ی ڕۆژی2009/2/12 ی پەرلەمانی کوردستان بڕیاریاندا دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە (کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق) وەربگرنەوە بیدەنەوە بە (دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان). ئەم گۆڕانکارییە لە گەڵ چەند گۆڕانێکی دیکە پەسندکرا ونێردرا بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرچوواندنی وەکو یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2009 (یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان — عێراق). سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، یاساکەی گەڕاندەوە بۆ پەرلەمان بە (5) تێبینییەوە یەک لەوانە پەیوەستبوو بە ماددەی حەوتەمی واتە (دەسەڵاتی لایەنی سەرپەرشتیاری پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان). سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان داوای کردبوو کە ئەو دەسەڵاتە بدرێتە (کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق) تاوەکو کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان بەیاسایەک دادەمەزرێت. ناحەقیش نەبوو، چونکە دوو گرفت هەبوو، ئەگەر ئەو دەستەی هەڵبژاردنە هەبێت دەبێت بەیاسا بێت، پەرلەمانی کوردستانیش یاسای دامەزراندنی ئەو دەستەیەی دەرنەکردبوو، تەنیا گوتیان دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان هەڵدەستێ بەم کارە ودەیانزانی ئەم دەستەیە دەبێت بە پێی یاسایەک دیاریکرێت لە گەڵ ئەرکەکانی. پەرلەمان چوار ساڵ بێدەنگ بوو، کەچی دەیانزانی 2009/5/19 دەبێت هەڵبژاردنێکی دیکە بکرێ. لە مانگی 2ی2009 بیریان لە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن کردەوە. مەعقولە پەرلەمانێک، دوو حیزبی فەرمانڕەوا لەسەر ماددەیەک کەمتر لە یەک مانگ دووجار ڕا بگۆڕن، بە بۆچوونی من ئەوە لە **کورتەب**ینیش زیاترە و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بواری دادوەری لەوڵاتی ئێمەدا بەلاوە نراوە. باوەڕناکەم هیچ وڵاتێکی دونیا بەم شێوە مامەڵە لەگەڵ دەستوری خۆیدا بکات. ئەمە جۆرێکە لە دروستکردنی تەگەرە.

**ڕووداو: پێتوایە پارتی و یەکێتی دەیانەوێت هەڵبژاردن دوا بخەن؟**

**جەوهەر نامق:** ئەم جۆرە مامەڵەیە دەمانگەیێنێتە ئەودەرئەنجامە، ئەگەرنەیانویستایە هەڵبژاردنەکە دوابخەن، ئەوە چوار ساڵە دەبووایە یاسای هەڵبژاردنیان ئامادە بکردایەو بودجە و ئالییەتی ئەنجامدانیان بۆ دابنایە.

**ڕووداو: هەستناکەی ئەوە لەهەندێک ڕووەوە بۆ بێسەرو بەری پەرلەمان بگەڕێتەوە، بۆنمونە بڕیاریاندا ناوی پەرلەمان بگۆڕن کەچی بەهەمان ناوی پێشوو هەموارکردنەکەیان بڵاوکردەوە؟**

**جەوهەر نامق:** هەر دەبێت وا بخوێندرێتەوە ئەگەر نە چۆن لە ماددەی یەکەمی یاسای (2) ساڵی 2009 ی یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان — عێراق ژمارە (1) ی ساڵی 1992 ناوی (ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان- عێراق) یان گۆڕی بۆ (پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق)و لەدوایین ماددەشدا دەڵێن ئەم یاسایە دەبێت لە2009/3/25ەوە جێبەجێبکرێت، لەکاتێکدا لە 2009/3/26، یاساکە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە واژۆکراوە، بەڵام لەجیاتی پەرلەمان نووسراوە (سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان- عێراق.) ئەمە هەڵەیەکی یاساییەو نەبوونی وردبینی لەمەسەلەکەدا بەدیدەکرێت. هەروەها کە 5 کورسی بۆ برایانی (کلدان وسریان و ئاشووری) و، 5 کورسی بۆ تورکمانەکان و 1 کورسی بۆ ئەرمەنییەکان تەرخانکرا، دەبووا بنووسرێ بۆ ئەو خولەی هەڵبژاردن، چونکە هێشتا هیچ سەرژمێرییەک نەکراوە، بۆنمونە لەوانەیە ژمارەی تورکمانەکانمان یان برایانی دیکەمان ئەوەندە دەربچێت کە موستەحەقی زیاتر لە 5 کورسی بن، یان بەپێچەوانەوە.

**ڕووداو: ڕای تۆ لەسەر لیستی داخراو و کراوە چییە، کە پەرلەمان بە زۆرینەی دەنگ لیستی داخراوی پەسەندکرد؟**

**جەوهەر نامق:** من لەگەڵ لیستی داخراو نیم، لیستی داخراو چەندە میکانیزمێکی ئاسانە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن یان فەرزکردنی پاڵێوراوان لەلایەن حیزبەکانەوە یان خاوەن لیستەکان، ئەوەندەش خراپەی هەیە بۆ ئازادی ئیختیاری دەنگدەران و بۆ خودی پرۆسەی دیموکراتی. ناکرێت ئێمە لەبەر ئاسانی میکانیزمی ئەنجامدانی پرۆسەیەک وبەرژەوەندی تایبەتی نوخبەی دەسەڵاتی حیزبێک بێین بنەما بنەڕەتییەکانی دیموکراتی قەتیس بکەین وبیشێوێنین یان گومانی بخەینە سەرو لغاوی بکەین.

**ڕووداو: لیستی داخراو دیموکراتی لغاو دەکات؟**

**جەوهەر نامق:** بەدڵنیاییەوە، چۆن لغاوی ناکات. بەپێی دەستووری عێراق هەموو مرۆڤێک مافی دەنگدان و خۆ پاڵاوتنی هەیە، ئەوە مافێکی شەرعیو دەستوورییە، بەپێی دەستووریش ئێمە بەشێکین لەم عێراقە، یاسای هەڵبژاردنی عێراق و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق کە سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئێمەش دەکات، بوار دەداتە لیستی نیمچە کراوە وکراوە، دەبوایە هەر هیچ نەبێت وەک ئەوان بین. مەعقولە میللەتی عێراق بەو هەموو ناکۆکی و شەڕی ناوخۆییە، وڵاتێک هێشتا لە حوکمی داگیرکراودایە، بتوانێت هەڵبژاردنێکی نیمچە کراوە بکات، ئێمەی کە دەڵێین ئەوە 18ساڵە ئازادین و ئەزموونەکەمان زۆر لەپێشی ئەزموونی ئەوانە نەتوانین. با هیچ نەبێت بەقەدەر ئەوان دیموکراتی بین وئازادی بدەینە خەڵکی خۆمان.

**ڕووداو: لیژنەی یاسایی پەرلەمان دەڵێ بۆیە بەرگری لەلیستی داخراو دەکەین، چونکە لیستی کراوە زیان بەهاوپەیمانێتی نێوان هێزە سیاسییەکان دەگەیێنێ، ئەم هۆکارە تاچەند قەناعەت پێکەرە؟**

**جەوهەر نامق:** ئەمە بە پاساو دانانێم، ئەمە لە واقیعدا گومان خستنە سەر سەرتاپای ئەم ئەزموونەو پرۆسەی پێکەوە ژیان. ئەوە زیاتر لە 10 ساڵە کێشەکانی نێوان پارتی ویەکێتی چارەسەرکراون و بە بڕیاری خۆیان و پەرلەمان، توندوتیژی و شەڕی ناخۆ تەحریم وتەجریم کراوە، خەڵکی کوردستان نەفرەتی لێدەکات و سەرانی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا لە زۆر بۆنەدا پەشیمانی خۆیان لەوشەڕە دەربڕیوە، دەڵێن مومکین نییە جارێکی دیکە بیری لێبکەنەوە، لەوەش گرنگتر دەستووری "عێراقی هیوا وئاشتی" کە هەمیشە سەرانی پارتی ویەکێتی سوێندی پێدەخۆن قەدەخەی کردووەو، دۆستانی ئەمریکیش پێی قەڵس دەبن. جگە لەوەش باوەڕ ناکەم خیلافاتی نێوان لایەنەکانی کوردستانی و بەتایبەتی پارتی ویەکێتی بە ئەندازەی خیلافاتی نێوان سوننەو شیعە بێت، هەم لە ڕووی مێژوویی و قوڵی وجۆری و قوڵایی ستراتیژی ناخۆ و ئیقلیمیەوە. سەرانی پارتی ویەکێتی هۆکاری فەرزکردنی هەڵبژاردن بە لیستی داخراو بە سەر پەرلەماندا وقبوڵکردنی پەرلەمان دەگەڕێنەوە بۆ هەندی هۆکاری دیکە لەوانە دەڵێن: کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی عەشایرییە لەوانەیە دەنگدەران دەنگ بە کەسایەتی سەر بەعشیرەتەکانی خۆیان بدەن نەک پاڵێوراوانی حیزبەکان،یان دەڵێن لیستی کراوە ونیمچە کراوە کونترۆڵ لە دەستی پارتی ویەکێتی لاواز دەکات و ڕەوشەکەیان لە دەست دەردەچێت یان هەڵبژاردنی لیستی داخراو ئاسانە. بەڕای من زۆر لەو بۆچوون وپاساوانە دەکرێت مرۆڤ لە نێوان دوو کەواندا بە جۆرە لوت بەرزی وغروو و ئیهانەکردنێک بە خەڵکی کوردستان بیژمێرێت. میللەتی ئێمە زۆر زۆر لەوە هۆشیارترە، میللەتێک ئەنفال کرابێ و تەحەدای چەکی کیمیاوی و سەدامی کردبێ و خاوەن گەورەترین ڕاپەڕین و قوربانیدان بێت و کۆمەڵگای نیوەدەوڵەتی ناچارکردبێ پشتیوانی بکات بە قوربانیدانی، حەیف ومخابن ئا بەو شێوەیە وەسفبکرێت، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەردوو حیزب بەئاشکرا لە ڕۆژنامەکانەوە دەڵێن ئەگەر بەلیستی کراوە بێت لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا نامێنێت، مانای چییە لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا نامێنێت؟

**ڕووداو: دەگوترێ تۆ لەو بڕوایەدای کە واباشە پارتی و یەکێتی نەک بە لیستی هاوبەش، بەڵکو بە دوو لیستی جیا دابەزن؟**

**جەوهەر نامق:** بەڵێ بەش بەحالی خۆم پێموایە بەڵێ ئەوە لە بەرژەوەندی کورد و ئەم ئەزموونە و پرۆسەی دیموکراتی و پرسی کوردە لە باشووری کوردستان، کە پارتی و یەکێتی هەریەکەیان بەلیستێک دابەزن. پێموایە لە بەرژەوەندی ئەو دوو حیزبەشە، بەڵام ئەگەر بازنەیەکی تەسکی لووتکەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەرژەوەندی خۆیان لەوەدا دەبینن کە هەردوو حیزب دەبێ بە یەک لیست دابەزن، ئەوە دەتوانن و، مەرجیش نییە ئەوەی لە بەرژەوەندی پارتی و یەکێتی بێت لەبەرژەوەندی ئەم ئەزموونە و کورد بێت.

**ڕووداو: ئەی مەترسی شەڕ نییە ئەگەر بە دوو لیست دابەزن؟**

**جەوهەر نامق:** باشە هەتاوەکو کەی میللەتی ئێمە بەم مێردەزمەیە بترسێنن، ئەوان ناڵێن مۆدێلی شەڕ و چەکداری نەماوە. ئەوان ئامۆژگاری پەکەکە و لایەنەکانی دیکەی کوردستانی گەورە دەکەن کە ئیدی دەبێت دەست لە خەباتی چەکداری و توندوتیژی هەڵگرن و ڕەخنە لەخەڵکی دیکە لە بەغدا دەگرن کە میلیشیایان هەیەو شەڕ دەکەن، ئەوان داوا لە خەڵکیتر دەکەن کە دەبێت هەمیشە پەنا ببەن بۆ دیالۆگ و قبووڵکردنی بەرامبەر و ملکەچی پرۆسەی دیموکراتی ودەستووری عێراق بن، باشە ئەی خۆیان ..؟! مەگەر یەک لە پرنسیبەکانی دیموکراتی کەمینەو زۆرینەو و قبوڵکردنی بەرامبەر نییە و حاکمبوونی سندوقی دەنگدان نییە.

**ڕووداو: بەڵام نمونەیەکی نزیک هەیە، لەهەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی یەکێتی دا لە 2006 تەنگژەو کێشەیەک دروستبوو کە ئێستاش بەردەوامە؟**

**جەوهەر نامق:** دەبێت ئەم تەلیسمە بشکێنین، یەکێتی ئێستا ململانێیەکی سەختی مەدەنی لەنێوان باڵەکان و ناوەندەکانی ڕێکخستنی دا هەیە، سەرکردایەتی هەڵوێست وەردەگرێ و ڕەگ دەردەکات، ڕاستە ئەوە هەیە، بەڵام پرۆسەکە دەڕوات خەڵکێک هەیە لایەنگری ئەم باڵەیەو خەڵکێکیتر لایەنگری باڵەکەی دیکەیە، سبەی دەبنەوە بە یەک یاخود نا ئەوە بابەتێکی دیکەیە. ئەمە پرۆسەیەکی دروست وسروشتییە. نابێ بڵێین نابێ هیچ شتێک بکرێت چونکە دەبێتە شەڕ یان تارمایی شەڕ دروستدەکات. دوور نییە نوخبەیەکی دیاریکراوی هەردوو حیزبەکە بیانەوێت بە بیانووی ئەو ترسە کە خەڵکی کوردستان لە مێژە نەفرەتی لێکردووە، درێژە بەو وەزعەی ئێستا بدەن کە هەر وا بڕوات. دوور نییە ئەو بازنەیە کە خوازیاری حوکمڕانی ڕەحەت وئاسان وبێ گرفتە بیەوێت هەروا بۆی بچێتە سەر. ئەم دوو سەرکردایەتییە گەیشتوونەتە قەناعەتێک کە هەموو شتێک دەبێت بەئاسانی بێت و کەس گرفتیان بۆ دروست نەکات و ئەوەی هەبووەو هەیە هەروا بڕوات، ئەمە فەلسەفەیەکی نادروست و بەسەرچووی شێوە و شێوازی حوکمڕانییە. لەهیچ کۆمەڵگایەکی دونیادا بیرۆکەی وا پیادە ناکرێت ئەگەر بشکرێ ناچێتە سەر. دەکرێت لە قۆناخێکدا شێوازەکانی پێکەوە کارکردن مەقبوول بێت، بەڵام ببێت بە دابەشکردنی کۆمەڵگا و شێواندنی بنەماکانی پرۆسەی دەستپێکی بە دیموکراتیکردنی، مەقبوول نییە. شەڕ وپێکدادان بەرژەوەندی و بڕیاری لووتکەی دەوێت. ئەگەر هەردوو لووتکە قەناعەتیان بە شەڕی ناخۆ نەمابێت ئیدی وورووژاندنی ئەم ترسە بۆچی ولە پای چی.

**ڕووداو: پێتوایە چانسی سەرکەوتنی لیستەکانی دەرەوەی یەکێتی و پارتی کەم بێت؟**

**جەوهەر نامق:** لە ڕووی تیۆرییەوە کە دیاردەکان پێکەوە گرێبدرێن وەک قۆرخکردنی هەرسێ کۆڵەگەکانی دەسەڵات لەلایەن سەرکردایەتی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا، ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەهەرسێ دەسەڵاتەکەیەوە: یاسادانان، حکومەت، دادوەری. هەروەها سەروەت و سامانی کوردستان وهێزی چەکدار بە پێشمەرگە و پۆلیس وئاسایشەوە، جگە لە پاشخانی مێژوویی و گرانایی لە بەغدا، هەروەها قودرەتیان لە کونترۆڵکردنی ڕەوتی هەڵبژاردنەکان و کەلەپووریان لە تەزویر و دەستتێوەردان کە خۆی لەخۆیدا بووەتە دیاردەیەک کە دەزگا پەیوەندیدارەکانی هەڵبژاردن ئاماژەی بۆ دەکەن، دەکرێ بڵێین چانسی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا کە پێکەوە بە یەک لیست دابەزن، لە وەدەستهێنانی زۆرینە زیاترە لە لیستەکانی دیکە، بەڵام زۆر جار واقیع و پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و ئیرادەو بڕیاری دەنگدەران پڕ لە موفاجەئاتە.

**ڕووداو: بەڵام یەکگرتوو کە ئێستا 9 کورسی هەیە لە پەرلەمانی کوردستان، بەتەمای زیاترە، ڕۆژنامەی ڕۆژنامەش ئەنجامی ڕاپرسییەکی بڵاو کردبووەوە کە لیستەکەی خۆیان 63%ی دەنگەکان دەهێنێت؟**

**جەوهەر نامق:** من گەشبینم و ڕەشبین نیم لە ئەنجامی هەڵبژاردن بۆ هەموو ئەو لیستانەی کە ئەمڕۆ ململانێ لەگەڵ یەکێتی و پارتی دەکەن. من وەک مرۆڤێکی واقیع بین بیر دەکەمەوە، دەڵێم ئەم جۆرە مامەڵەکردنە و قۆرخ کارییەی دوو حیزبی فەرمانڕەوا، بووەتە هۆکارێکی بنبەستکردنی ئەو هەوڵانەی کە داوای گۆڕان دەکەن، بووەتە هۆی ئەوەی فاکتەرەکانی ڕەگداکوتانی گەندەڵی ڕۆژ بە ڕۆژ لە وڵاتی ئێمەدا زیاد ببن، کە بووەتە کۆسپ لە سەر ڕێگای بنەما سەرەتاییەکانی دیموکراسی کە یەکێکیان هەڵبژاردنە. بەڵام با خۆمان بەهەڵەدا نەبەین و لە گەڵ خۆماندا خەڵکی کوردستانیش کە تەنها گرەوکردن لەسەر هەڵبژاردن وەک پێوەرێک لە پێوەرەکانی بە دیموکراتیکردنی پرۆسەی سیاسی لەم هەرێمە درووست نییە. ڕژێمی سەدامیش هەڵبژاردنی دەکرد و سەدام و حیزبەکەشی بەشداریان دەکرد. ئەو نابەرابەریانەی لە نێوان دوو حیزبی فەرمانڕەواکە و لایەنەکانی دیکە کە بڕیارە بەشداربن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، لەهەموو ڕوویەکەوە زۆر گەورەیەو بەروارد ناکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی واقیعەکە زۆر تاڵەو قەیرانی ناوخودی ئەم دوو حیزبە و نێوان ئەوان و شەقامی کوردستانی و کورتهێنانی کابینەکەیان لە بەدەنگەوەچوونی داخوازیەکانی خەڵک و اقیعی گەندەڵی حیزبی وئیداری وناعەدالەتی کۆمەڵایەتی ئەو ناڕەزاییە لە زۆربووندایە و، سەرنەکەوتنی سەرکردایەتی ئەم دوو حیزبە لە چارەسەرکردنی پرسە سەرەکییەکانی کورد لە گەڵ بەغدا هەر لە شێوەو شێوازی پرنسیپی فیدراڵی و سنووری هەرێمی کوردستان وچارەنووسی ناوچە دابڕاوەکان بەتایبەتی کەرکووک وسەروەت و سامانی کوردستان ودەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە ومافە دەستوورییەکانی دیکەمان. لەو بڕوایەدام ئەمانە و سووربوونی خودی ئەو دوو سەرکردایەتییە لە سەر ڕێباز و شێوازەکانیان لە بەڕێوەبردن و مامەڵەکردنیان لە گەڵ پرسە ناوخۆییە حیزبی و ئیداری ونیشتمانی ونەتەوەییەکان، هاندەرن بۆ ئەوەی دەنگدەرانی کوردستان کە تینوی گۆڕانن، دەنگبدەنە لیستەکانی دیکە. پێشبینی دەکەم ئەم هەڵبژاردنە جۆرە گۆڕانکارییەک دروستدەکات.

**ڕووداو: بەڵام هێشتا لەو بڕوایەدای پارتی و یەکێتی ئەمجارەش زۆرینە بەدەستدێنن؟**

**جەوهەر نامق:** ئەم دوو هێزە بەو ئیمکانیاتەی لە بەردەستیاندایە وئەو توانایەی کە هەیانەو ڕەوشی هەڵبژاردن، ئەگەری بەدەستهێنانی زۆرینەیان بۆ پێشبینی دەکرێت، بەڵام جۆری چاودێری لایەنە نێودەوڵەتییەکانیش ڕەوشەکە دەگۆڕێت، جگە لە جۆر و چەندایەتی لیستەکانی دیکەش، ئەمانە هەموویان کار لە ئەنجامەکانی لیستی پارتی و یەکێتی و لیستەکانی دیکە دەکەن.

**ڕووداو: لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا تەنیا لیستی ئیسلامییەکان بەرامبەر لیستی پارتی و یەکێتی دیاربوو، دەگوترا ئەو دەنگانەی لیستی ئیسلامییەکان بەدەستیانهێنا، هەمووی دەنگی ئیسلامییەکان نەبوو، بەڵکو دەنگی خەڵکی ناڕازی بوو، ئەمجارە کە لیستی نەوشیروان مستەفا و لیستی دیکەش دەبن، ئەو واقیعە چۆن دەخوێنییەوە؟**

**جەوهەر نامق:** بۆ بەشی یەکەمی پرسیارەکە ڕاستە ئەوان تەنها دەنگی ئەندامان ولایەنگرانی خۆیان وەدەست نەهێنا، بەڵکو لەنێو هەوادارانی لایەنەکانی دیکەش کە ناڕازین لە دەسەڵات دەنگیان هێنا. بەڵام ئەمجارەش مەزندەی ئەوە هەیە هێزە ئیسلامییەکان و لیستەکانی دیکەش دەنگی بەرچاو بێنن، دەبێت ئەوەش بێژین کەهەر لیستێک لە شەریحەی خۆیەوە دەنگ ڕادەکێشێت، ئەو لیستانە نوێنەرایەتی کێ دەکەن و لەکوێوە هەڵقوڵاون زیاتر دەنگ لەوێ ڕادەکێشن. ئەو قەیرانەی لە ئاستی حیزبایەتی و دەسەڵاتدا دروستبووە وایکردووە هەموو ئەوانەی هیواخوازی ڕیفۆرم و گۆڕانن و کار بۆ چارەسەری ئەم ڕەوشە دەکەن، هەریەک بۆ خۆی دەتوانێت دەنگ لەم دوو حیزبە بکێشێتەوە. توێژەیەکی فراوانی خەڵک نیگەرانن لە دەسەڵاتی ئەم دوو حیزبە کە هەژدە ساڵە لە دەسەڵاتدان.

**ڕووداو: پارتی پێیوایە، تەنانەت هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتیش وتوویانە ئەو لیستەی نەوشیروان دەنگ لە ناو یەکێتی دەبات، ڕای تۆ چییە؟**

**جەوهەر نامق:** پێموایە ئەو سمبۆلانە کە ڕموزی لایەنێکن ئەگەر لیستێک دروست بکەن یاخود پاڵپشتی لیستێک بن، زیاتر و لەپێش هەموویان دەنگ لەو لایەنە ڕادەکێشن،جگە لەو خەڵکەی کە لە وەزعەکە ناڕازییە بەگشتی، لەناو یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی دیکەش کادر و ئەندام وخەڵکی ریفۆرمخواز وگۆڕان ویست زۆرن.

**ڕووداو: هەندێک کەس دەڵێن دەنگە ناڕازییەکانی ناو یەکێتی دەکەونە دەست لیستی نەوشیروان و پێیانوایە لیستەکەی نەوشیروانیش لە کۆتاییدا هەر هەڵقوڵاوی ناو یەکێتییە و کورسییەکانی هەر لە یەکێتییەوە نزیک دەبن لەناو پەرلەمان و پاڵشتێک دەبێ بۆ لیستی یەکێتی لەناو پەرلەمان، بۆیەش پێیانوایە دەبێ پارتیش لیستێکی وا دروست بکات، ڕای تۆ لەوبارەوە چییە؟**

**جەوهەر نامق:** جارێ کەس بە فەرمی باسی لیستی نەکردووە و من باوەڕم بە تیۆری پیلانگێڕی نییە ئەگەر وایە لە ئەسڵدا بۆ لیستی جودا دروستدەکرێت. من بەو شێوەیە دیاردەکان ناخوێنمەوە. هەر حیزبێک ئەمڕۆ بیەوێت لیستێک لەدەرەوەی حیزبەکەی خۆی دروست بکات پێش هەموو شتێک زیان بەخۆی دەگەیێنێت. دووری ونزیکیش لە بەرنامەکاندا دەردەکەوێت.

**ڕووداو: کاری تۆ تەنیا خوێندنەوەی لیستەکان دەبێت یاخود هەڵوێستی دیکەشت دەبێت؟**

**جەوهەر نامق:** منیش وەک تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە کەم یان زۆر پەیوەندارم بە پرۆسە سیاسییەکەوەو ودڵخۆازی گۆڕان وچاکسازی و سەرەتایەکی سروشتی و ساخلەمی دیموکراتیم، دەستووریش مافی ئەوەی بە من داوە وەک هەر هاووڵاتییەک لە هەموو ئەو بوارانەدا ڕۆڵ و ئامادەیی خۆم هەبێت، لەکوێ بزانم بەرژەوەندی میللەتی منی تێدایە ونزیکی دەکاتەوە لە دواڕۆژێکی باش، خۆم لەوێدا دەبینمەوە.

**ڕووداو: بەلیست دروستکردنیشەوە؟**

**جەوهەر نامق:** جارێ زووە باسی ئەم مەسەلانە بکەین، هێشتا یاساکەو کاتی هەڵبژاردن و شێوەی لیستەکان یەکلایی نەکراوەتەوە،دیارە خوێندنەوەی نایاسایی هەیە سەبارەت بەوەی کێ مافی لیست دروستکردنی هەیە و چۆن قەوارە (کیان) کە لە یاسای هەڵبژاردندا هاتووە پێناسە دەکرێت.

**ڕووداو: پێتوایە لەگەڵ بوونی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێ بەو لێکدانەوانە بدرێت؟**

**جەوهەر نامق:** ئەوە مەتروکە بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وپەرلەمان و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق وئەوانەی کە بەنیازن لیست درووست بکەن بە (تاک) و بە (کۆمەڵ).

**ڕووداو: گوتت هەموو ئەگەرێک سەبارەت بەتۆ لەهەڵبژاردنەکاندا وارییدە، ئەگەر پارتی داوا لەتۆ بکات بگەڕێیەوەو پەیوەست بیت بەلیستەکەیانەوە ئەوە تاوەکو چەند وارییدە؟**

**جەوهەر نامق:** ئەوە شەش ساڵە هیچ پەیوەندییەکم بە پارتی دیموکراتی کوردستان نەماوە، نە لە دورەوەو نە لەنزیکەوە.

**ڕووداو: بەڵام مەسعود ساڵەیی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دەڵێ دەستت لەکار نەکێشاوەتەوە؟**

**جەوهەر نامق:** مرۆڤێک شەش ساڵ لەماڵی خۆی دابنیشێت،هیچ پەیوەندی بەحیزبیکەوە نەبێت ئیدی چ مانای دەست لەکار کێشانەوە دەمێنێت.

**ڕووداو: بەڵام مەسعود ساڵەیی، دەڵێت "کاک جەوهەر هەتاوەکو ئێستا سیفەتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەیە، جگە لەوەی کە عونسورێکی ئەساسی سەرکردایەتییە"؟**

**جەوهەر نامق:** من ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووم، برۆن تەماشای پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن، بزانن ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ژمارەیان چەندەو ئێستا چەندن.

**ڕووداو: دەگوترێ لە دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتیدا باسی دروستکردنی لیستی نەوشیروان مستەفا کراوە، بەڵام باسی ئەوە نەکراوە تۆ لیست دروست دەکەی یان نا، ئایا پارتی دڵنیایە لەوەی کەتۆ لیست دروست ناکەی بۆیە باسی ناکات؟**

**جەوهەر نامق:** مەکتەبی سیاسی پارتی چۆن بیر دەکاتەوە ولەچ دڵنیایە کێشەیەکە بەندە بە خۆیانەوە. هەڵوێستی بەندەیش پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە. من چاوم بە زۆر کەس دەکەوێت، تەنانەت ئەوانەی کە نیازی لیستیشیان هەیە.

**ڕووداو: لیستی کۆمپانیای وشە دەڵێن حەز دەکەین جەوهەر نامق لەگەڵمان بێت، ئەمە دەبێتە واقیع؟**

**جەوهەر نامق:** تاکو ئێستا ئەوان بەفەرمی باسی لیستیان نەکردووە، ئەگەر شتی وا گوترا بێت سوپاسی ئەو هەڵوێستە دەکەین. بێگومان جۆرە نزیکبوونەوەیەک هەیە لە نێوان گشت ئەوانەی کە لە خەمی ئەمڕۆ ودواڕۆژی ئەم قەوارەیەدان وخوازیاری چارەسەرێکی بنەڕەتی قەیرانەکانن چ لە شێوە و هەیکەلیەت و بیروبۆچون وئیدارەکردنی وحیزبایەتی ودەسەڵات وئێش وئازاری خەڵکی کوردستان چ سەبارەت بە کێشەی کورد وپرسە نەتەوایەتییەکانمان. لە ڕێگەی نووسین ودیدار وچاوپێکەوتن دیتن و خاڵی هاوبەش زۆرە.

**ڕووداو: محەممەد تۆفیق ڕەحیم، دەڵێت لەسەر هەندێ بابەت بۆ چوونمان وەک یەکە؟**

**جەوهەر نامق:** زۆر ڕاستە.

**ڕووداو: یەک لە ئامرازەکانی هەڵبژاردن بانگەشەی ڕاگەیاندنە، ئەوەش بەپارە دەکرێت، ئایا تۆ ئەو توانا داراییەت هەیە بەشداری پرۆسەیەکی وا گەورە بکەی؟**

**جەوهەر نامق:** لە کوردستاندا لە دەرەوەی کوردستاندا ئەوندە کەناڵی ڕاگەیاندنی ئازاد هەن کە خەڵکانێکی وەک ئێمە بتوانن لە کاتی پێویست دەنگی خۆیان بگەیێننە خەڵکی خۆیان.





## هەبوو نەبوو 20 هەزار دۆلاری تێچوو

**عەبدولغەفار عەبدوڵڵا - هەولێر**

گۆرانیبێژ کوردە کە دانیشتووی نۆرویژە ئەلبومێکی تازەی بەناوی (خەتای من بوو) ئامادە کردووە کەلە 7 گۆرانی پێکهاتووە . کوردە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە 2 گۆرانی بەناوەکانی (هەبوو نەبوو و خەتای خۆم بوو) کە لە گەڵ کۆمپانیایەکی بەناوبانگی نۆرویژی بە ناوی (gorill film) لەسەر دەستی چەند دەرهێنەرێکی بەناوبانگ ئەو دوو کلیپەی بەرهەم هێناوە، کوردە گوتیشی "پارەیەکی زۆرم تێیدا خەرجکردووە، کە نزیکەی بیست هەزار دۆلار دەبێت".



(فۆتۆ: ڕووداو)

### لەیلا فەریقی مەرجەکانی شووکردنەکەی ئاشکرا دەکات:

# هەموو کەس ناتوانێ لەگەڵ من هەڵبکات چونکە من کەسێکی کراوەم

لەیلا فەریقی ماوەیەکە لە دەرکەوتنی لە میدیاکاندا خۆی دوورە پەرێز گرتووە و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە " میدیاکان بچووکت دەکەنەوەو لەبواری هونەری گرنگی زۆرت پێنادەن". لەیلا دەڵێ ئێستا خەریکی گۆرانییەکی ئینگلیزییە کە ماوەی ساڵ و نیوێکە پێیەوە خەریکەو تەنها کلیپکردنی ماوە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەیلا وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە بۆچی تائێستا شووی نەکردووەو مەرجەکانی هاوسەرەکەشی ئاشکرا دەکات . دەربارەی ئەو پارچە زەویەش کەبۆ پرۆژەیەکی بازرگانی وەریگرتبوو دەڵێ " بیرۆکەکەم دزرا" .

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحمود و ئازیز مەحمود
ڕووداو - سلێمانی

**ڕووداو: پێتوایە لە کوردستان ئەو هونەرمەندانەی هاوکاری کراون هەوڵدراوە لە ڕووی سێکسییەوە سوودیان لێوەربگیرێت؟**

**لەیلا فەریقی:** بەڵێ هەیە، ژن زۆرجار داماوەو دەکەوێتە داوی هەندێک شت، تەنانەت ئەگەر بۆخۆشی نەیەوێت، بەکارەکە وای لێدەکەن وەک چۆن دەست و قاچی بەسترابێت. خۆ مەرج نییە لەهەموو حاڵەتێکدا وابێت، بەڵام هەیەو لەکارەکە سوود وەردەگیرێت بۆ ئەوەی ئەو کەسە بەدەست بێنن، خۆ بەدەست هێنانەکە هەر سێکسی نییە، زۆرجار مەسەلەی کۆمەڵایەتی و سیاسیش دێتە کایەوە، چونکە ئێستا مەسەلەی ژن مەسەلەیەکی گرنگە . بۆیە دەڵێم خانمە خۆشەویستەکان ئەگەر مەسەلەیەکی وادێتە پێشەوە خۆتان و کەسایەتی خۆتان و جەستەی خۆتان بپارێزن لەبەر ئەوەی ئێوەش کەم نین، ئەگەر هاریکاری بە شێوەی کاڵابێت و من شتێک بدەم و تۆش شتێک بدەیت، ئەوە هەڵەیەو هەر ئەوەشە وادەکات قسەو قسەلۆک لەسەر کاری هونەری دروست ببێت، هەندێک جار ئەو حاڵەتە هاتووەتە بەردەم من، بەڵام من وازم لەکارەکە هێناوە . لەئەوروپاش و لەکوردستانیش ئەوە بووە .

**ڕووداو: وەڵامت بۆ ئەو ڕەخنانە چییە کەلەسەر گۆرانی گوتن بەعەرەبی لێتگیران؟**

**لەیلا فەریقی:** یەکەمجار کە گۆرانیم بەعەرەبی گوت، بەداخەوە مەرگی مەرزییەی خوشکمی بەسەرداهات و نەکرا بڵاوببێتەوە، پاش ئەوە بەرنامەیەکم هەبوو لەمیسر لەوانەیە لە کوردستان کەس پێی نەزانیبێت،چونکە دراوەتە هەندێک لەمیدیاکان، بەڵام بڵاویان نەکردەوە، مەبەستی من ئەوەبوو کەخۆناسینێک بۆ کچی کورد بکەم، خۆمن عەرەبی نازانم و لێی تێناگەم، بەڵام کارەکەم خۆناساندن بووە . زۆرجار وا بڵاوکراوەتەوە کە کچی کورد لەسەر شەرەف و پەیوەندی لەگەڵ غەیری کورد دەکوژرێن، بۆ من

## لێرە روو لە هەرکوێ دەکەیت قسەوقسەلۆکت لەسەر دروست دەکەن

مەسەلەی ئینسانی زۆر گرنگە، بەڵام مەسەلەی نەتەوەییش گرنگە، ئەگەر نەتەوەکەی خۆم خۆش نەوێت ناتوانم نەتەوەیەکی دیکەشم خۆشبوێت و ئەوە ئایدۆلۆژیای منە . ئێمە دەرگاکانمان لەسەر داخراوەو ومن ویستومە ئەو دەرگایانە بکرێنەوە، خۆ ئەو کارەی من خۆناساندیشی تێدابووە، بەڵام هەنگاوێکی نەتەوەییش بوو.

**ڕووداو: بۆخۆشت دەتزانی ئەو گۆرانیە عەرەبیانە هەندێک کەست لێ تووڕە دەکات ؟**

**لەیلا فەریقی:** بەڵێ ..بەڵێ، چونکە من لەمێژبوو پلانێکی وام هەبوو، بەڵام هەستێکی وام هەبوو کە لەوانەیە نەتوانم سەرکەوم، بەڵام ئیدامەم پێدا . کارێکی کەم نییە بۆ گۆرانیبێژێکی وەکو عەلی حەججار کە لە وڵاتێکی عەرەبیدایە، ئەگەر ئەو دووکەلیمە کوردیەش بێت، بتوانێ بیڵێتەوە . ئەوە دەستکەوتێکی باشە بۆ ئێمە و نابێت هونەر لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دابنرێت . ئێمەی کورد بەداخەوە بەکچکۆژ و مرۆڤی تووڕەو توند ناسراوین و دەبێت خۆمان بەشێوازێکی دیکە بناسێنین .

**ڕووداو: دڵنیا ڕەزازی لەو دواییانە ڕایگەیاند چیتر ئاوازی عەرەبی ناخوێنێت، ئایا تۆ بە نیازی بەردەوام بێت لەسەر ستایلی ئەرەبیسک یان تۆش وازدێنی، بەتایبەتیش کەزۆرکەس ڕەخنە لەو ستایلە میوزیکە دەگرن و پێیانوایە ئەوە ئاوازی عەرەبییە؟**

**لەیلافەریقی:** ئەوەی دڵنیا پەیوەندی بەخۆیەوە هەیەو زۆرجار وتومە من ناکەومە شوێن ئەوقسانەو نەشکەوتووم . من ئامانجێکم هەیەو، ڕەنگە ئێستا کەسانێک تێنەگەن، بەڵام لە داهاتوودا تێدەگەن. ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ کاریگەری میوزیکی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئەوانەمان بەسەرەوەیە . ئەوە قسەیەکی غەیرە مەنتیقییەو ئەگەر مێشک و دڵیشت بیەوێت لەوستایلانە بێیتە دەرەوە، زەمەنەکەو بارودۆخەکە ئەوەی قبوڵ نییە . بەڵام دەبێت لەگەڵ ڕۆحی خەڵکەکەشتدا بیت . من دەبینم خەڵکی من گوێ لە عەرەبی و فارسی و تورکی دەگرێت . ئەو قسەیەی دڵنیاش تێڕوانینی خۆیەتی و دیسان تێدەگەم کە لەبەر ئەوەی دایک و باوکی هونەرمەندن ئەوە کاریگەری هەبوویێت لەسەری، بەڵام دەشزانم ئەو ستایلە بە کەڵکی دەنگی ئەونایێت، هەرچەندە ئەو گۆرانیانەش کە دڵنیا گووتنی زۆر بەسەرکەوتوویی وتی و من بڕوام نەدەکرد واسەرکەوتووبێت . من بەنسیبەت خۆمەوە بڕوام بەو ستایلە هەیەو دەیلێیمەوە، بەڵام ئەوەش لەبەرچاو دەگرم کە نابێت مەسەلە نەتەوەییەکە لەدەست بدەم.

**ڕووداو: بۆچی تائێستا شووت نەکردووە و، ئەگەر بەرنامەی شووکردنت هەیە مەرجت چییە بۆ ئەو کەسەی دەبێتە هاوسەرت؟**

**لەیلا فەریقی:** زۆرکەس ئەو پرسیارە لەمن دەکات، دیارە خۆشەویستی بەبەرنامە ناکرێت و دەبێت خۆت عاشق بیت، بۆیە من دەمەوێت عاشق بم، خۆم کەسم خۆش ویستووە، بەڵام دیسان هەندێک هۆکار هاتوونەتە گۆڕێ و نەیانهێشتووە خۆشەویستییەکە بەردەوام بێت . ئەوەی من دەمەوێت کەسێکە خۆشم بوێت و خۆشی بوێم،





لەبەر ئەوە منی خۆشبوێ کە لەیلا فەریقم نەک ئەو لەیلایەی کە لەناو دونیای هونەردایە . بەڕاستی حەزم لە پیاوی خۆپەرست نییە کە تەنها وەکو خۆی بیربکاتەوە . من کەسێکم هەمیشە داکۆکیم لەمافی ژن کردووە . ئەو کەسەی دەبێتە هاوسەرم دەبێت من بیناسم، زۆرجار من کوڕم دیوە کە بەژن و باڵای جوان بووەو لەوانەیە خۆشییم لە باڵای هاتبێ، بەڵام خۆ مەسەلەکە تەنها لەشولار نییەو ژیان بۆ ڕۆژێک و دووڕۆژ نییە . ئەگەر زەواجیش نەکەم زۆر گرنگ نییەو منداڵەکانی من ئەو گۆرانیانەن کە گوتوومن، بەڵام بەڕاستیش هەموو کەسێکیش ناتوانێ لەگەڵ من هەڵبکات، چونکە من ئینسانێکی کراوەم و دەبێت هاوسەرم کەسێک بێت تێگەیشتنی بەرفراوان بێت.

**ڕووداو: ناکرێ ناوی خۆشەویستەکەت بهێنی؟**

**لەیلا فەریقی :** پێویست ناکات ناوی ئەو کەسە ببەم کەخۆشم ویستووە، بۆ من گرفتێک نییەو لەوانەیە نەشتوانم ناوی بەرم، خۆشەویستیم کردووەو ترسێکیشم لەوە نەبووەو خێزانەکەشم کراوەن.

**ڕووداو: ئەوکەسەی تۆ مەرجەکانی خۆتی تێدا دەبینیتەوە بۆ هاوسەری، ئەگەر کوردیش نەبێت ئاساییە بەلاتەوە؟**

**لەیلا فەریقی:** ئەگەر کورد بێت زۆر خۆشترە (بەپێکەنینەوە). ئەگەر کوردبێت ئەوکاتەی بە کوردی پێیدەڵێی "خۆشم دەوێی" کە زۆر خۆشترە تابە زمانێکی دیکە بیڵێی، من ناتوانم لەو واقیعە دەربچم . دیارە پێمخۆشەهاوسەرەکەم ئەگەر هیچ نەبێت هاوزمانم بێت و بەو زمانە پاراوە کوردییە قسەی لەگەڵ بکەم . بەڵام دیسان ئەوە دڵەو ڕەنگە حەزی لەیەکێک بێت و کورد نەبێت، ئالێرەدا چی بکەین، خۆت بکوژیت یان ئەو بکوژیت، شتی وا دەبێت؟! مەسەلەی خۆشەویستی زۆر پیرۆزترە لەمەسەلەی تورک و کوردو عەرەب و ئەمانە . بەڵام جارێکیتریش دەڵێم وام پێخۆشە کوردێک هاوسەرم بێت تا لە کۆمەڵگاکەم تێبگات و ئەوکاتە 100% بەدڵی خێزانەکەشم دەبێت.

**ڕووداو: بۆچی ماوەیەکە بەرهەمت لەگەڵ کۆمپانیای سکای ڤیژن و بەڕێوەبەرەکەی عەمانوئێل نییە؟ بەتایبەتیش کە عەمانوئێل دەیگوت من لەیلا فەریقم دروستکردو گەیاندمە ئەو ئاستەی ئێستای؟**

**لەیلا فەریقی:** بەڕاست وای گوتووە؟ بەڵگەت هەیە بۆئەو شتە ؟ ئەگەرشتی واشی گوتبێت، هیچ نایشارمەوە کە زەحمەتی هونەری لەگەڵ من کێشاوە، بەڵام من پێش ئەوەی لەگەڵ ئەویش کاربکەم ئەلبومی خۆمم هەبووە، ڕاستە ماوەیەکیش کارمان پێکەوە کردووە و ئەویش ئامادەیی هونەری خۆی لەکارەکانی مندا نیشانداوەو زەحمەتی زۆریشی لەگەڵ من کێشا . بەڵام ئەو ناتوانێ بڵێ لەیلای فەریقیم دروستکردووە، چونکە لەیلای فەریقی هیچ کەسێک دروستی نەکردووە . ئێستاش کە پێکەوە کارناکەین، ئەوە نییە کە من نەمەوێ یان ئەو نەیەوێ، کۆمپانیای سکای ڤیژن لەکاری بەرهەمهێنان وەستاوە، هەردەم ڕێزێکی تایبەتیم بۆ زەحمەتییەکانی عەمانۆئێل هەیە .

**ڕووداو: دەڵێن پارچە زەویەکت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی بازرگانیی لە کوردستان وەرگرتووە، ئەو پرۆژەیە چییە و گەیشتووەتە کوێ؟**

**لەیلا فەریقی:** نەگەیشتووەتە هیچ، من زۆر حەزم لەگوڵی سروشتییەو حەزمدەکرد بۆپرۆژەی گوڵ بەکاری بهێنم، ئەوە هیچ کە بیرۆکەکەی من دزرا، زەویەکەش هی من نییەو بەکرێ پێمدرا و هەموویشی بە من نەدراوەو بەشێکی سەر بە شارەوانییە . پرۆژەکە واش نییە کە سوودمەند ببین و وابزانم ئەو زەویەیان هەربردووەتەوەو من هەر بەدوایدا نەچووم، چونکە بڕیارەکە وابووە ئەگەر تا ماوەی ساڵێک بەدوایدا نەچم شارەوانی زەوییەکە بباتەوە . ئەو کاتە گوڵی پلاستیکی لەکوردستان زۆر زۆربوو، منیش دەمپرسی بۆ دەبێت گوڵی سروشتی نەبێت. بیرۆکەی ئەو پرۆژەیەم لەوەوە دروستبوو .

**ڕووداو: ڕات بەرامبەر دەشنێ موراد چییە، بەتایبەت کەئێستا لاسایی دەکرێتەوە و هەواداری بەرنامەکانی زۆرن؟**

**لەیلا فەریقی:** زۆر زۆرم خۆشدەوێ، یەکەم جار کە لەتەلەڤزیۆن دیتم، لە قووڵایی دڵمەوە گوتم ئۆۆۆخەی . حاڵەتێکی تایبەتی دایگرتم و دەرکەوتنی دەشنێ جوانکردنی ئەو شاشەیە بوو، دەشنێ دەبێت زۆر زۆر بەرگری بکات و پێشبکەوێت . ئەو کەسێکی خۆنەویستە و لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێستا گۆرانی دەڵێت، خۆی زیاتر شیرین کردووە .

**ڕووداو: بەخیلیشی پێدەبەیت؟**

**لەیلا فەریقی:** نەوەڵڵا بگرە بەقوربان و بەساقەشی دەبم، کە لە تەلەڤزیۆن دەمبینی سەد جار ماچم بۆفڕێ دەدا . براکەم دەیوت ئەوە چییە ئەوەندە حەسودی پێدەبەیت ؟ وتم وەڵڵاهی ئەوە ڕاستییەو دڵم روون دەبێتەوە . من پیرۆزباییم لێکردو داوام لێکرد بەردەوام بێت و ئەویش بۆخۆی دەزانێ کە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی داخراوە، بەڵام پێویستە کۆڵ نەدات .

**ڕووداو: هونەرمەند ناسری ڕەزازی لە دیدارێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی " لەیلا فەریقی تەنها پووری منداڵەکانمە و هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵی نییە" بۆچی پەیوەندیتان نییە؟ پەیوەندیت لەگەڵ دڵنیای کچی ڕەزازی چۆنە؟**

**لەیلافەریقی:** ڕاستە پەیوەندیمان نییە پێکەوە، ئەگەر پەیوەندییەکیش هەبووبێت زیاتر لەبەر مەرزیەو منداڵەکانی بووە، دووەمیش منداڵەکانی خۆشەویستی ئێمەن و لەخوێنی ئێمەن، بەشێک لەخوێنی ئەوان لەخوێنی منیشە . ئەگەر لە داهاتووشدا ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێگەمان بکەوێتە سەر ڕێگەی یەک، من بەشبەحاڵی خۆم دەڵێم هیچ دوژمنایەتیمان لەگەڵ کاک ناسری ڕەزازی نییە، بەڵام هەندێک شتی دیکەی تایبەت هەن کەخێزانین و بۆخۆی باش دەزانێ کەمن ناتوانم بیانڵێم . دیارە ئەو خێزانی دیکەی پێکهێناوەو ئێمەش هیچ گرفتێکمان لەگەڵی نییە . ناسر زاوایەک بوو بۆمن بە بۆنەی مەرزیەوە، ئێستاش وەکو باوکی منداڵی مەرزییە سەیری دەکەین و ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان شتێکیش بووبێت، لەبەر ئەوەی باوکی منداڵەکانی مەرزییەیە ڕێزمان لێگرتووە .

**ڕووداو: ڕات بەرامبەر بە کلیپی کوردی چۆنە،هەندێک خەڵک وتەنانەت هونەرمەندانیش ڕەخنەی لێدەگرن ویە بازاڕی ناویدەبەن؟**

**لەیلا فەریقی:** من یەکێک لە کێشەکانم ئەوە بوو وەختێک دەمویست کلیپ دەربکەم خەرجییەکانی بوو کە زۆرە لە ئەوروپا . من کە ئێستا سەرقاڵی ئەم کارە ئینگلیزیەم، دەزانم کلیپی ئینگلیزی هەیە یەک تا دوو ملیۆن دۆلاری تێدا خەرجکراوە . جاری وا هەیە دەگاتە سێ تا چوار ملیۆن دۆلاریش، ئەگەر بێت و لەگەڵ ئاستی ئینگلیزی یا ئەمەریکی بەراوردی بکەین، من ناڵێم وەکو ئەوان بێت بەڵام مرۆڤ کە تەلەڤزیۆنی کردەوە هەقە کلیپەکە لە ڕووی کەیفییەوە ئاستێکی هەبێت، یەکێک لەشەڕەکانی دیکەم لەگەڵ میدیا کوردییەکان ئەوەبوو کە هەندێک جاریش کلیپی خۆمم نەدەدا پێیان، لەبەرئەوە بوو خەرجییەکی زۆری لێدەکراو دواییش بەشێوەیەکی زۆر نزم سەیر دەکرا، چونکە نەیاندەزانی ئەمە چەندە زەحمەت و چەند پارەی تێدا خەرج کراوە . لە ڕاستیدا چونکە کاری وا نەکرابوو و نەیاندیبوو بۆیە وایاندەزانی لەیلا ئەو هەموو پارەیە بۆخۆی داوا دەکات، من زۆرجار ئەگەر لە لایەنێکیشەوە هاریکاری کرابم لەبەر ئەوە بووە هەستییان بەبەرپرسیاری کردووەو کەسانێک بوون پەرۆشی ئەوەبوون کولتوری میللەتەکەیان گەشە بکات . دیارە لە کاری کلیپدا جۆرو کوالیتی شتێکی زۆر گرنگە، بۆ ئەوەش ئێمە پێویستمان بە پارەو بەکەسانێکە کە توانای داراییان هەیە، هیوادارم بە هاوکاری ئەوکەسانەی بەدڵفراوانییەوە سەیری هونەرو کولتور دەکەن، کەیفیەتی کاری کلیپ و گۆرانی بڕواتە سەرەوە کە ئێستا خەریکە هێواش هێواش چاک دەبێت. ئەگەر مەنزوریش لەبەڕەڵڵایی ئەوەبێت ژن ئازادترە، من ئەوە بەبەرەڵایی نازانم بە مەرجێک ژن بۆخۆی بڕوای بەکارەکەی هەبێت و بەرگریکار بێت و ئاسان خۆی نەدا بەدەستەوەو هونەرەکەی ئاسان نەفرۆشێت بۆ هیچ شتێک و هیچ کەسێک، ئەمە زۆر گرنگە، لەپاڵیدا ئەگەر بوێرانە بێت و بیەوێت خزمەتی ئەوە بکات کە کۆمەڵگا کەمێک کراوەتر بێت، من دژی ئەوە نیم و ئەوەش بە بەرەڵایی نازانم، تەنانەت عەرەب بەو تەعەسوبە ئاینیەی هەیەتی کە دینی ئیسلام دینی ئەوانە، بەڵام دیسانەوە کە دەبینی لە تەلەڤزیۆنەکانیان هونەرەکەیان پێشکەش دەکەن چ پیاو چ ژنیان

**ڕووداو: هەندێ هونەرمەند گلەیی ئەوە لە تەلەڤزیۆنەکان دەکەن کە کلیپ و بەرهەم تەنها بۆکچەکان و بەتایبەتی ئەوانەی ئەوروپا دروستدەکەن ؟**

**لەیلا فەریقی:** میدیاکان زۆرجار ژنیان ون کردووە، ڕاستە هەندێک کەس هەبوون دڵسۆزبوون و هاوکاربوون لەگەڵ مندا، بەڵام زۆربەی وەختەکان لەگەڵ مندا ململانێیەکی سەرسەختانە هەبووە کە وایکردووە هەندێکجار بەماوەی دوومانگ لە ڕووی جەستەیی و ڕۆحی نەخۆش بکەوم، چونکە شەڕێکی تەواوم لەگەڵ کراوە . ئێمە کچمان زۆر کەمە، بۆیە هەتا هاریکاری کچ بکرێت هەر کەمە، نازانم کە کچێک دەردەکەوێت بۆ دەکێشن بەتەپڵی سەریدا . من پێموایە ئەگەر گرنگی زیاتر بەوانەی دەرەوە درابێت زیاتر لەبەر ئەوەیە ئەوانەی دەرەوە کراوەترن، بەڵام بێگومان ئەوانەی ناوەوەش نابێت فەرامۆش بکرێن.بارودۆخی ئێرە لەگەڵ بارودۆخی ئەوێ جیاوازی زۆرە . مەسەلەی جل لە بەرکردن و جموجوڵ و ئەوشتانەش لەکاری هونەریدا بۆ ژن و کچ زۆر گرنگەو من لەکارەکانمدا زۆر گرنگیم بەڕواڵەت و ڕووخسار داوە، هونەرمەند چونکە ڕووبەڕەوویە و هەموو کەسێک سەیری دەکات، دەبێت بایەخ بە ڕووخساری بدات.

**ڕووداو: ئەو گرفتانە چین کە لە بواری هونەریدا بۆت دروستدەکرێن؟**

**لەیلا فەریقی:** من یەک دوو کلیپی خۆمم داوە بەدوو کەناڵ و بڵاویان نەکردەوەو قەدەخەبوو بەلایانەوە، نازانم بۆ هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە من و نەیانگوت بۆ کلیپی من بڵاونابێتەوە؟ . گرفتەکانی من ئەوە بوون لەبەر ئەوەی ئەو سەردەمە کچ کەمبوون، تێنەگەیشتن دروست دەبوو لەسەر من و ئەو کەسانەی کەهاوکارم دەبوون، ئێستاش هەستدەکەم من بۆ کۆمەڵگەی خۆم زوو هاتمە دونیاوە، چونکە تێگەیشتنی کۆمەڵگەی من بۆ کاری من دروست نەبووە، ژنیش هونەرمەندەو دەبێت شەخسیەتی هونەری و جەستەیی خۆی بپارێزێت، دەبێت عیشقی بۆ هونەر هەبێت . ئەگەر کەسێک بازرگان یان سیاسی بێت و هاوکاری هونەرمەندێک بکات زۆر قسەی لەسەر دەکرێت، ئەگەرچی لەوانەیە ئەو قسانە زۆربەشی ڕاست نەبن، خۆ بڕیار نییە هەرکەسێک هاریکاری من بکات ئیتر ئەوە لەبەرامبەر سێکس بێت، نەخێروانییە.

**ڕووداو: گۆرانیبێژ نازدار دەڵێت ئەزجوانم و دەنگیشم خۆشە، تۆ پێتوایە جوانی هاوکاری کچانی کردبێت بۆ ئەوەی دەربکەون و هەوادار بۆ خۆیان دروست بکەن؟**

**لەیلا فەریقی :** بێگومان ئەو قسەیە زۆر ڕاستە.

**ڕووداو: یانی تۆ جوانیەکەت یارمەتی داویت؟**

**لەیلا فەریقی:** (بەپێکەنینەوە) نامەوێت لەسەر خۆم قسەبکەم. نازدار کچێکی جوانە و دەموچاوێکی ڕۆژهەڵاتی جوانی هەیەو دەنگێکی خۆش وستایلی خۆشی هەیە، ڕۆژگاری موجامەلەو مەراییکردن نەماوەو دەبێت ڕاستی بێژین. بەڵام هیچ وەختێک نابێت هونەری ڕەسەن بکەوێتە ژێر مەسەلەی جوانییەوە . نابێ ئەگەر هونەرمەند جوان نەبوو، هونەرەکەی فەرامۆش بکەی.

**ڕووداو: ڕات بەرامبەر ئەو قسەیەی گۆرانیبێژ ژاڵە چییە کە لە دیدارێکدا لە گەڵ هەفتەنامەی میدیا گوتی ئەو ژنە هونەرمەندانەی لەکوردستان یارمەتیان دەدرێت بەخۆڕایی نییەو لەبەرامبەر لەشولاریان و پەیوەندییانە لەگەڵ بەرپرسان؟**

**لەیلا فەریقی:** لەوانەیە ئەو قسەیەی ژاڵە دروست بێت و لەوانەیە دروستیش نەبێت، ئەوە بەندە بە خودی کەسەکەوە، ئەگەر وەک کۆمپانیایەک کارت لەگەڵ بکرێت جیایە، خۆ ئەگەر وەک کەسێک هاوکاریت بکرێت، شتێکی دیکەیە. لەوانەیە ئەو قسەیەی ژاڵەش ڕاست بێت، زۆرجار ژن فریودەدرێت. زۆربەی کاتەکان ئەو ناباوەڕییە وایکردووە، ژن لەناو کورددا ئەو باوەڕیان لەلا دروستبووەو واتێدەگەن ژن دەبێت بەسێکس سوود وەربگیرێت و، دەگوترێت "ژن دەبێت ژن بێت" من ئەوەم قبوڵ نییە. بۆ نموونە یەکێک لەشتەکان کە دەمەوێت لەکلیپەکانمدا نیشانی بدەم ئەوەیە، کە جلی جوانیش لەبەردەکەم و لاشەشەم بەدەرەوەیەو بڕواشم وایە نابێت ژن وەک سێکس سەیری بکرێت، ژن مرۆڤێکی جوانە و نابێت بەو جوانییە تیابچێت. زۆرکەس هاوکاری من بووەو ڕێگەشم نەداوە شتێک بڵێت یان شتێک بکات، ئەو کەسانەش کەسانێکی بەڕێزبوون.

**ڕووداو: واتە ڕێی تێدەچێ بگوترێت ئەو هونەرمەندە ژنانەی لەکوردستان کارەکانیان زۆر بەباشی بەڕێوەدەچێت، لەڕووی سێکسییەوە ئیستیغلال دەکرێن؟**

## هیچ دوژمنایەتییەکم لەگەڵ کاک ناسر نییە، بەڵام هەندێک شتی خێزانی هەیە بۆخۆی باش دەزانێ من ناتوانم بیانڵێم

**لەیلا فەریقی:** لەوانەیە وابێت و لەوانەشە وانەبێت، حەتمەن ئیستیفادەی سێکسیشی تێدایە، دیسانەوە دەگەڕێتەوە سەر بیروبۆچونی ژنەکەو پیاوەکە، ئەوەش تەنها لەکوردستان وانییە، هەرچەندە وەک ڕیکلام زۆر ئیستیفادەیان لێدەکەن، ئەمەش بەشێکی ترەو هونەرمەندەکەش بۆ خۆی ئیستیفادە دەکات، بەشەرتێک زوڵمی لێنەکرێت . لە زۆربەی میدیاکاندا لەبەرئەوەی لەسەر قسەی خۆم بووم و خاوەنی کاراکتەری خۆمم، زوڵمم لێکراوە .





**لەیلا فەریقی**

- لەشاری مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە.
- خوێندنی بنەڕەتی و ناوەندی و ئامادەیی لە سنە تەواو کردووە.
- ساڵی 1989 چووەتە ئەوروپا و لەوێ نیشتەجێبووە لەگەڵ خێزانەکەی.
- لەئەوروپا درێژەی بەخوێندن داوە.
- زمانی سویدی و ئینگلیزی و فارسی دەزانێ .
- سێ ئەلبوومی گۆرانی هەیەو ئێستا سەرقاڵی گۆرانییەکی ئینگلیزییە.

## تاراوگە



**ئومێد خەڵاتی ساڵی باشترین قوتابی هۆڵەندا وەردەگرێت**

ڕووداو- ڕۆتەردام
ئەمساڵیش وەک ساڵی ڕابردوو، قوتابییەکی کورد خەڵاتی یەکێک لە باشترین قوتابیانی ساڵی هۆڵەندا کە بە بنەچە خەڵکی وڵاتێکی دیکە بێت، بردەوە. ئومێد مەجیدپوور کە قوتابی بواری کارگێڕی و بازرگانی نێودەوڵەتییە، ڕۆژی 2009/4/1 خەڵاتەکەی لە وەزیری کولتور و پەروەردەی هۆڵەندا ڕۆناڵد پلاستێرک وەرگرت. لە مەراسیمێکدا کە بەو بۆنەیەوە لە هۆڵی پارێزگای ڕۆتەردام سازکرابوو، کورتە فیلمێکی کچە سینەماکاری کورد بێری شەڵماشی پیشاندرا کە ئەویش ساڵی ڕابردوو هەمان خەڵاتی بردبووەوە. بڕیاروایە مەجیدپوور بۆ کۆرسێکی هاوینە بنێردرێتە زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلێسی ئەمریکا.

## ئازاد هەورامی، ئەو بزنسمانە کوردە نەتەوەییەی کوردی نازانێ

# کوردانی دەرەوە هیچ شتێکی باش لەبارەی کوردستانەوە ناڵێن



**تایبەت بە ڕووداو**

ئازاد مەسعود هەورامی، تەمەن 47 ساڵ، لەبەرئەوەی نەک هەرخۆی تەنانەت باوکیشی لەکوردستان نەژیاوە، بۆیە کوردی نازانێ زۆر خەفەتیش لەمە دەخوا ودەڵێ" ئەو شتە ئازارم دەدا". ساڵی 1962 لەبەغدا لەدایکبووەو لەساڵی 1981یشەوە لەئەمریکا دەژی. ئەو کە لەزانکۆیەکی تایبەتی ولایەتی مەشیگان بەناوی (مەشیگان ئەناربەر) زانستی ئەتۆمی خوێندووە، هەستێکی نەتەوەیی بەهێزی هەیەو هەر ئەوەش وای لێکردووە ناوی کوردی لەو پێنج منداڵەی بنێ کە دایکییان ئەمریکییە و ئێستا سێیان لەزانکۆ دەخوێنن.

ئازاد دوای 28 ساڵ ژیان لەئەمریکا ئێستا بۆ ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی وەبەرهێنان گەڕاوەتەوە کوردستان و بەگوناهێکی گەورەی دەزانێ شمەک و کاڵای هاوردەی بیانی بازاڕەکانی کوردستانی پڕکردووەو هیچ کاڵاو پێداویستییەک لەنێوخۆدا بەرهەم نایێ.

سەربردەی ئەم خێزانە هەورامییە کە وەک ئازاد دەڵێ خزمایەتیی نزیکیان لەگەڵ خانەوادەی د.فواد مەعسوم هەیەو دەڵێ "مەلا مەعسومی باوکی د.فواد مامی باوکمە، خەڵکی وادەزانن د.فواد مەعسوم خەڵکی کۆیەیە، بەڵام لەڕاستیدا ئەویش بەڕەچەڵەک هەورامیەو لەکۆیە ژیاوە"، چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش و پرسیار ورووژێنە، بەتایبەتی لەوەدا کە چۆن تەمەنێکی درێژی ژیانی دوور لەکوردستان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر کاڵبوونەوەی ئینتیمای نەتەوەیی ئەندامانی ئەم خێزانە نەبووە.

### خوێندنی ئەتۆم لەئەمریکا

مەسعود هەورامی باوکی ئازاد، لەبەغدا کاری بەڵێندەرایەتی کردووەو ئێستا لەئەمریکا دەژی و ئەگەرچی کوردیش نازانێ بەڵام وەک ئازاد دەڵێت " باوکم زۆر شانازیی بەکوردبوونی خۆیەوە دەکرد، برا گەورەکەم ناوی عەباسە، بەڵام باوکم هەمیشە پێداگیریی دەکرد کە بە ئەبو ئازاد بانگی بکەن، باوکم لەسەر تابلۆیەکی بەر دەرگایماڵەوەمان نووسیبووی ماڵی مەسعود هەورامی، لەسەر ئەوە زۆرجار بەعسییەکان گێچەڵیان پێدەکردین" ئازاد خوێندنی خۆی تا قۆناخی ئامادەیی لە کۆلێژی بەغدا تەواو کردووە کە قوتابخانەیەکی تایبەتی ئەمریکی بووەو وانەکانی بەئینگلیزی بووە، وەک ئازاد دەڵێ تەمەنی ئەو قوتابخانەیە بۆ سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، تاکە قوتابخانەی لەوجۆرە بووە لەعێراق، بەڵام لەسەردەمی دەسەڵاتی سەددام حوسێندا کە ئەوکات ئازاد لەپۆلی شەشەم بووە، مامۆستا ئەمریکی و بەریتانییەکانی لێ دوورخراوەتەوەو میتۆدەکانیشی کراونەتە عەرەبی، مامۆستا نوێیەکانی بوونەتە بەعسی و دواتر قوتابییەکانیش ناچار کراون بچنە ریزەکانی بەعسەوە. ئازاد دەڵێت "تەنیا دوو کەس نەبووینە بەعسی، من و قوتابییەکی دیکە بەناوی سەروەت کە ئەویش کورد بوو". لەبارەی چوونیشی بۆ ئەمریکا دەڵێت "کە ئامادەییم تەواو کرد گوتم ئیدی ناتوانم لەعێراق بژیم چونکە ئامادەنەبووم سەربازی بکەم، بەهاندانی هەندێ لەهاوڕێیانم کە لە کورەی ئەتۆمیی عێراق کاریان دەکرد، بەشی زانستی ئەتۆمم هەڵبژارد".

ئازاد لەسەر حسابی تایبەتیی خۆی ئەو بوارەی خوێندووەو باس لەو ڕێگرییانە دەکات کە بەعسییەکان بۆچوونە ئەمریکا بۆیان دروستکردووە "کە داوام پێشکەش کرد لەبەرئەوەی کورد بووم و بەعسیش نەبووم داواکەیان قبووڵ نەکرد، دەیانگوت ئەگەر بچی لەئەمریکا ئەتۆم بخوێنی دوایی دەچیتە ئیسرائیل، بەڵام هەرچۆن بوو گەیشتمە ئەمریکاو خوێندنم تەواو کردو ئیدی نەگەڕامەوە عێراق".

ئەوەی مایەی نیگەرانییە، ئازاد پاش ئەوەی لەساڵی 1985 خوێندن لەو زانکۆیە تەواو دەکات، بەهۆی ئەوەی خاوەنی گرین کارت یان ڕەگەزنامەی ئەمریکی نەبووە، نەیتوانیوە لەبواری پسپۆڕیی خۆیدا کاربکات و ئیدی لەوێوە ڕووی کردووەتە بواری بزنس.

ئازاد پێش ئەوەی وەک وەرگێڕ لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا لەشاری بەغدا دەست بەکاربکات، ساڵانی 2004و 2005 بۆ دۆزینەوەی هەلی کارکردن و ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەک هاتووەتە کوردستان، بەڵام سەرکەوتوو نەبووەو دەڵێت "هەر کەسە قسەیەکی پێدەگوتم و کەسم نەدیتەوە ئامۆژگارییەکی باشم بکات کە چ کارێک بکەم باشە". ئەو ئێستا جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە کوردستان و بڕیاری داوە بمێنێتەوەو پرۆژەکانی ئەنجام بدات.

ئازاد ڕەخنەی زۆری لەکوردەکانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات هەیە کە خەڵکی دڵگەرم سارد دەکەنەوەو وێنەیەکی ناشیرین لەبارەی کوردستان بڵاودەکەنەوە "پێش ئەوەی بگەڕێمەوە لەگەڵ زۆر کەسی کورد قسەم کرد، هەموو دەیانگوت مەڕۆ، لەوێ هیچ هەلێکی وەبەرهێنان نییە، هەتا ئەم ساتەش لەگەڵ هەر کوردێکی دەرەوە قسەبکەی هەمان وەڵامت دەداتەوە، بەڵام لەو ماوەیەی کە لێرەم بۆم دەرکەوت ئەو قسانە ڕاست نین".



ئازاد وەک یەکەم کورد، خوێندنی ئەتۆمی لە زانکۆی مەشیگان تەواوکرد

ئازاد لەگەڵ کوردەکانی ناوەوەی وڵاتیش بەسەرهاتی خۆی هەیەو ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن کەوتووەتە "داوی ڕاوچییەکان"و چۆن لەدوایین ڕۆژەکانیدا بێئومێد بووەو بڕیاری داوە بڕواتەوەو جارێکی دیکە نەگەڕێتەوە کوردستان "لەسەرەوبەری هاتنمدا بەداخەوە بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵ هەندێ کەس کرد، دوایی بڕیارمدا جارێکی دی نەگەڕێمەوە کوردستان و گوتم ئەوەی لەدەریشەوە دەگوترێ هەمووی ڕاستە، بەڵام بەڕاستی هۆیەکەی ئەوەبوو من نەچووم ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرپرسەکان قسەبکەم، چوومە لای کەسانێک کە گوایە یارمەتیم دەدەن، تومەز هەموو خەیاڵیان لای ئەوەبوو لەگەڵم ببنە شەریک و بەشێکیان بدەمێ ئەگەرنا یارمەتیم نادەن". ئازاد لەدوایین ڕۆژەکانیدا بڕیار دەدات بچێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکومەت قسەبکات، لەوێ کارەکانی بۆ جێبەجێ دەکەن، لەبارەی ڕاوچییەکانەوە دەڵێ "ئەوانە کاریان ئەوەیە بزانن کێ لەدەرەوە دێت و پرۆژەیەکی پێیەو ڕێگا شارەزا نییەو نازانێ چۆن کارەکانی بکات، دەچن لەگەڵی دەبنە شەریک".

ئازاد کە ژمارەیەک وەبەرهێنی ئەمریکیی لەگەڵ خۆی هێناوە، دەڵێت "ئێمە بۆ هاندانی دروستکردنی کارگەو کارخانە هاتووین، دەمانەوێ پیشەسازی لەکوردستان پێشبکەوێ" بەڵام لەو باوەڕەشدایە کە نەک هەر لەکوردستان بەڵکو لەعێراقیش هەموو ئەو کارگانەی کە هەبوون بەکەڵکی کارکردن نەماون، بۆیە دەڵێت "بیرۆکەی بەگەڕخستنەوەی هیچ کارگەیەکمان نییەو دەبێت بۆ بنیاتنانی کارگەی نوێ هەموو کەرەستەیەک لەدەرەوە بهێنین" ئەو بە خەوشێکی گەورەی دەزانێ کە شتومەک و کاڵای بیانی بازاڕەکانی کوردستانیان پڕکردووەو دەڵێت "پێویستە بیر لەوەبکەینەوە خۆمان لێرە ئەو شتانە بەرهەم بێنین".

ئازاد، هەرێمی کوردستان بە "زەوییەکی پاراو بۆ وەبەرهێنان" ناودەبات و دەڵێت "ناوچەی لەم جۆرەم لەهیچ شوێنێکی دنیا نەبینیوە، بازاڕی کوردستان پێویستی بەهەموو کەلوپەل وشمەکێک هەیە" هەربۆیە ئامۆژگاریی برادەرەکانی لەدەرەوەی وڵات و بەتایبەتیش ئەوانەی ئەمریکا دەکات کە بێنە کوردستان و دەست بەکاربکەن. بۆ ڕازیکردن و ڕاکێشانی ئەوانەش خۆی گوتەنی وەک بڵێی ڕۆژنامەنووس بێت کامێرایەکی بەدەستەوە گرتووەو وێنەی شەقام و باڵەخانەو بازاڕە نوێیەکانی کوردستان دەگرێ، چونکە وەک ئەو دەڵێ "لەدەرەوە وێنەکە بەجۆرێکی دیکەیە، بەداخەوە بەشێکی زۆریشی خەتای کوردەکانی خۆمانە کە وێنەیەکی تاریک پێشکەشی دەرەوە دەکەن، هیچ شتێکی باش لەبارەی کوردستان ناڵێن، بەگوێرەی وەسفەکانی ئەوان کوردستان یەک پارچە خۆڵ و خاکەو شەقامەکان هەموو خۆڵن، پێشمەرگە سێ سێ و چوار وچوار لەسەر سوچی شەقامەکان وەستاون و ئیدی لەوە زیاتر نییە".

## لە کوردستان کەوتمە داوی ڕاوکەران

ئازاد ئەو ریکلامە بەکارێکی باش دەزانێت کە حکومەتی کوردستان لەوڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنی بیانی پەخشی دەکات، دەڵێت "ئەوە شتێکی باشەو کاریگەریی خۆیشی هەبووە، من خێزانەکەم ئەمریکییەو تائێستا کوردستانی نەبینیوە، بەڵام ماوەیەکە لەبەرئەوەی شتی باش لەسەر کوردستان دەبیستێ، ئێستا ئامادەیی تەواوی هەیە بێت و لێرە بژی".

ئازاد هەورامی خاوەنی پێنج منداڵە کە ناوی کوردی لێناون ئەڤین، شیلان، سۆزان، ئالان و بیژەن. هەرسێ کچەکەی قوتابیی زانکۆن و ئەڤین کە گەورەکەیانە لەدوا قۆناخی کۆلێژی پزیشکییە. دەشڵێت "ناونانی منداڵەکان بەکوردی بەپێی ڕێککەوتنم بووە لە گەڵ هاوسەرەکەم". لەوەش سەیرتر ئەوەیە براو خوشکەکانی ئازاد کە برایەک و پێنج خوشکن، جگە لەئازاد و خوشکێکی دیکەی، هەموویان لەگەڵ کورد هاوسەرگیرییان کردووەو خۆیان فێری کوردی کردووە.

ئازاد کە ئەو تەمەنە درێژە لەوڵاتێکی وەک ئەمریکا ژیاوە، بەسەرسوڕمانەوە باسی ئەو هەموو گلەیی و گازندەیە دەکات کە خەڵکی کوردستان لە حکومەتیان هەیەو دەڵێت "پێموایە مەسەلەکە ئەوەیە خەڵکی ئێرە فێری کارنەکردن بوون کە جنێو بەدەسەڵات دەدەن لەبەر کوردایەتی نییە، خەڵک لێرە پێیانوایە حکومەت دەبێ بەشەقامەکاندا بڕواو پارە ببەخشێتەوە، بەڕاستی شتی وا لەهیچ شوێنێکی دنیا نییە". ئەو پێیوایە "خەڵکی ئێرە فێری کارنەکردن و ئاسان بەدەستهێنانی پارە بوون" وەبەرهێن خەمی ئەوەیەتی ئەگەر سبەی کارگەیەکی لێرە دامەزراند ڕەنگە کرێکاری کوردی دەستنەکەوێ، چونکە "کەس ئامادەنییە کاربکات، لەوانەیە من ناچاربم لەمالیزیاو وڵاتانی دیکە کرێکار بهێنم".

**ئازاد مەسعود هەورامی**

– ساڵی 1962 لەبەغدا لەدایکبووە.
– تا ساڵی 1981 لەبەغدا ژیاوە و دواتر بۆ خوێندنی زانستی ئەتۆم ڕووی کردووەتە دەرەوەی وڵات.
– 28 ساڵە لەولایەتی مەشیگانی ولایەتە یەکگرتووەکان دەژی و ئێستا بۆ ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی وەبەرهێنان گەڕاوەتەوە کوردستان.

کۆمپانیای (دار الريان)ی بازرگانی
تاکە دابەشکاری ئامێرەکانی هەواسازیی LG لەعێراق
LG Life's Good
هەفتەی چاککردنەوەی بەخۆڕایی



بەخۆڕایی



کۆمپانیای (دار الريان)ی بازرگانی (تاکە دابەشکاری ئامێرەکانی هەواسازیی LG لە عێراق) خۆشحاڵە کە بۆ کڕیارە بەڕێزەکانی، خزمەتگوزاریی چاککردنەوەی بەخۆڕایی هەموو ئامێرەکانی LG، ئەوانەی لەکۆمپانیاکە یان لەیەکێك لەبریکارە سەرەکییەکانی لەهەولێر/ عێراق کڕدراون، پێشکەش دەکات. ئەم خزمەتگوزارییە بەردەوام دەبێت لەماوەی نێوان 4–9ی نیسان




تەنیا یەك پەیوەندی و چارەسەرێکی دڵنیاکەرەوە
HealthCare Collection
www.lg-iraq.com

# کاروباری ژنان



**بێخاڵ لە داخی مێردەکەی خۆی سووتاند**

ڕووداو- هەولێر
ڕۆژی 2009/3/21 ژنێک بەناوی بێخاڵ حەسەن، 22ساڵ، لەشارۆچکەی کۆیە لەناو ماڵەکەی، خۆی سوتاند کە ڕێژەی سووتانەکەی 60%بوو، دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. بێخاڵ دووساڵە مێردی بە ئامۆزایەکی کردووە، دایکی دوومنداڵ بوو، مێردەکەیشی بۆ ماوەی هەفتەیەک گیرا، بێخاڵ کە سکاڵای لە مێردەکەی کردووە، لە ئیفادەی پۆلیسدا دەڵێت "مێردەکەم لەگەڵم خراپ بوو، بۆیە بە دەبەیەک نەوت خۆم سووتاند".

# لەکوردستان شەرەف بە کچان دەکڕنەوە

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

گوندەکەی عەلی، کوردو عەرەبی لێ دەژین. کاتێک هەواڵ بۆ عەلی دێت کە کچە برازایەکی لەلایەن عەرەبێکی گوندەکە سکی پڕکراوە، ئەو داوا لە بنەماڵەکەی دەکات، هیچ لە کچەکەیان نەکەن تاوەکو عەرەبەکە دەکوژن، کاژێرێک دوای کوشتنی عەرەبەکە، کچەکەش دەکوژن و دواتریش 14 ملیۆن دینار وەک ناموسانە لە ماڵە عەرەبەکە وەردەگرن.

عەلی، 77 ساڵ، ناوی خوازراوی ڕیشسپییەکی بنەماڵەیەکی ناوچەی بەردەڕەشی سەر بە پارێزگای دهۆکە. عەلی شانازی بەوە دەکات کە بۆ کڕینەوەی شەرەفی بنەماڵەکەیان کچێک و کوڕێکیان کوشتووە و دواتریش 14 ملیۆن دیناریان وەک "ناموسانە" وەرگرتووە. عەلی دەڵێت "لەگەڵ بنەماڵە عەرەبەکە ڕێککەوتین، هەردوو لامان کەسێکمان لێکوژرابوو، بۆیە 14 ملیۆن دینارمان لێوەرگرتن"، عەلی گوتیشی "ئەوان دەستدرێژیان کردبووە سەرمان، ئێمەش شەرەفی کوردمان کڕییەوە".

تا ئێستاش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، کاتێک پەیوەندی سێکسی نێوان کچێک و کوڕێک ئاشکرا دەبێ، بنەماڵەی کچەکە پەنا دەبەنە بەر تۆڵە سەندنەوە، ئەویش لەڕێگەی کوشتنی کوڕەکە و کچەکە، هەندێکجاریش لە ڕێگەی وەرگرتنی پارەو ژن بەقسەی خۆیان بۆ کڕینەوەی شەرەفی خۆیان.

لەکاتی ئاشکرابوونی پەیوەندی نهێنی نێوان کچ و کوڕ، کەسوکاریان کەمتر پەنا بۆ یاسا دەبەن و تەنیا بیر لە تۆڵەسەندنەوەی ڕاستەوخۆ دەکەنەوە، وەک عەلی گوتی "لەو حاڵەتانە کەس دین و یاسای بە بیر نامێنێ و دەکەوینە تۆڵەکردنەوەو شەرەف کڕینەوە، ئەوە داب ونەریتمانە، هەرگیز نایگۆڕین".

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی مافی مرۆڤ، ساڵی ڕابردوو 117ئافرەت لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە بیانووی جۆراو جۆر کوژراون (لە هەولێر 52، سلێمانی 43، لە دهۆک 22 ژن کوژراون).

لە مەسەلەی شەرەفانەدا، بە پلە یەک ژنان دەبنە قوربانی. کە زۆرجار ئەو ژنانە کەم و زۆر پەیوەندییان بە کێشەکەوە نییە، بەڵام هەندێک کەس بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان ئامادەن قوربانی بە کچەکانیان بدەن.

ماوەیەک لەمەوبەر لە گوندی وەرتێی سەر بە شارۆچکەی چۆمان، دوای ئەوەی کوڕێک پەیوەندی بە ژنێکەوە دەکات و پەیوەندییەکەی ئاشکرا دەبێ، بنەماڵەی ژنەکە، دەچنە سەرماڵی کوڕەکەو خوشکێکی دەرفێنن، دواتر ڕێکدەکەون کە کچەکە لەمێردی ژنەکە مارە بکەن، بەبێ خواستی کچەکە.

تا ئێستا یاسایەک نییە ڕێگری لەو دیاردەیە بکات، بەڵام ئەو کەسانەی دەبنە قوربانی ئەو دیاردەیە دەتوانن پەنا بۆ دەزگاکانی پۆلیس ببەن. دادوەر عەبدولباست فەرهادی لە دادگای باری کەسی هەولێر، ئاماژەی بەوەدا دیاردەکە کاریگەری لەسەر دادگاش هەیە "چونکە ئەگەر سولحێکی عەشایری بە پارە کرا، واتە تەنازول لە مافی کەسی دەکرێت، ئەوکات تەنیا مافی گشتی دەمێنێت و لەو حاڵەتەشدا کەمترین سزا بۆ تاوانەکە دادەنرێ". هەروەها گوتیشی "ئەو کەسەی پارەی لێ وەرگیراوە، بە ڕەزامەندی خۆی پارەی داوە، بۆیە ئەگەر سکاڵاش تۆمار بکات هیچی بۆ ناکرێت".

دادوەر عەبدولباست ئاماژەی بەوەشدا ئەو کچەی بەزۆر لەجیاتی شەرەف دەدرێتە لایەنی بەرامبەر، مافی ئەوەی هەیە سکاڵا تۆمار بکات و ئەو کەسەی بەشووی داوە بە تاوانبار دادەنرێت و سزا دەدرێت.

سۆزان شەهاب، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە پەرلەمان و حکومەت بەرامبەر دیاردەی شەرەفانە کەمتەرخەمن، سۆزان دەڵێت "پێویستە پەرلەمان بەرنامەیەکی تایبەتی لەبارەی شەرەفەوە هەبێت، کە چیتر مامەڵە بەشەرەف نەکرێت ئەگینا شیرازەی خێزان تێکدەچێت".

هەندێک لە خێزانەکان، بەرنامە و پلان دادەڕێژن تاوەکو پارەی شەرەفانە وەربگرن، زۆرجار ڕێگە بۆ کچەکانیان یان ژنەکانیان خۆشدەکەن، تاوەکو پەیوەندی بە کوڕێکەوە بکەن، دواتر بەبیانوی کڕینەوەی شەرەفی بنەماڵەکەیان، یان هەندێک لە بنەماڵەکان لەکاتی دروستبوونی کێشە لەنێوان ژن و مێرد، داوای پارەیەکی زۆر دەکەن، بۆ ئەوەی ژنەکەو پیاوەکە لەیەکتر جیا ببنەوە.

سۆزان نموونەی بە ئافرەتێک هێنایەوە کە لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو، باسی لە کێشەی ژنەکە کردو گوتی ئەو ژنە دەیەوێ تەڵاق لە مێردەکەی وەربگرێ، بەڵام براکانی دەیانەوێ بەزۆر ڕەوانەی لای پیاوەکەی بکەنەوە، سۆزان گوتی "ئەگەر بگەڕێتەوە، ئەوا مێردەکەی دەیکوژێت، ئەوەش مەبەستی براکانێتی، تا پارەی شەرەفانە وەربگرن، مێردەکەی دەوڵەمەندە، ژنەکە دەڵێت کێشەم نییە با تەڵاق بدرێم، بەڵام براکانی ڕازی نین بەبێ پارە تەڵاق بدرێ".

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەهەولێر، ئاماژەی بەوەدا ئەو کچانەی لە بری شەرەف دەدرێن ئەگەر داوا تۆمار بکەن، پۆلیس بەدواداچوون بۆ کێشەکەیان دەکات "ئەگەر کەسێکیش هەواڵمان بۆ بێنێت، بەدواداچوون دەکەین، بە پێی یاسا، کەسەکان دەگیرێن".

مەغدید کەریم قوتابی دکتۆرا لە زانستە شەرعییە ئیسلامییەکان دەڵێت، بەپێی شەریعەتی ئیسلام کچ دان لە بری شەرەف ڕێگە پێدراو نییە، بەڵام ئەو مامۆستایە ئاماژەی بەوەدا ئەگەر کەسێک دەستدرێژی کردە سەر ئافرەتێک و مارەیشی نەکرد، ئافرەتەکە دەتوانێت داوای مافی شەرەفانەی خۆی بکات "سزای شەرعیشی لەسەرە".






دادوەر عەبدولباسیت فەرهادی

**هەر کەسێک کچێک لەبری شەرەفانە بەشوو بدات تاوانبارە**



مەلا مەغدید کەریم

**شەریعەتی ئیسلام ڕێگەی نەداوە کچ لە جیاتی شەرەف بدرێ**



سۆزان شەهاب

**حکومەت و پەرلەمان لەبەرامبەر دیاردەی شەرەفانە کەمتەرخەمن**



نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادرن

**ئەو کچانەی لەبری شەرەفانە دەدرێن دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن**

# پەیمانگەیەک ئافرەتان دەکاتە سەرکردە



کۆرسی دووەمی پەیمانگەی پێگەیاندنی ئافرەتانی سەرکردە (فۆتۆ:ڕووداو)

**ڕووداو-هەولێر**

نیان ئیمام، گوێی لە وانەبێژەکە گرتبوو کە باسی هونەری وتاربێژی بۆ دەکردن، نیان پێیوابوو ئەو خولە زۆر کاریگەری باشی تێکردووەو فێری کردوون لە داوودەزگاکان چۆن هەڵسوکەوت بکەن "ئەو خولانە وا دەکات ئافرەتی کورد لە هەموو شوێنێک قسەی خۆی هەبێت و چیتر ئافرەت بە پلە دوو دانەنرێت".

نیان، یەکێکە لەو 30 ئافرەتەی کە بەشداربووە لە خولێکی پەیمانگەی پێگەیاندنی ئافرەتانی سەرکردە، کە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە 2008/10/25ەوە کردوویەتییەوە. ئەو خولە لە دوو کۆرس پێکهاتووە، کە هەر کۆرسێکی 3 مانگە، کۆرسی یەکەم تەواوبووەو، زیاتر لە مانگێکیشە کۆرسی دووەم دەستی پێکردووە، دوای تەواوبوونی کۆرسەکان، بەشداربووانی خولەکە بڕوانامەیان دەدرێتێ.

ئەوەی لە خولی پەیمانگەکە بەشداری دەکات، دەبێ بەلانیکەم بڕوانامەی 6ی ئامادەیی هەبێت و تەمەنیان لە نێوان 22-30 ساڵ بێت و ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بێ، کە ئەو مەرجەی دوایی وایکردووە زۆرکەس چانسی بەشداربوونی نەبێت، بەڵام بەڕێوەبەری پەیمانگاکە دەڵێت "بەشداربوومان هەیە، ئەندامی یەکێتی ئافرەتان نییە". دوای کردنەوەی پەیمانگەکە، 100 ئافرەت داوایانکردبوو بەشداری خولەکانی پەیمانگەکە بکەن، بەڵام تەنیا 30یان وەرگیراون کە تێکەڵەیەکن لە ئافرەتانی شوێنە جیاجیاکان و مانگانە 100 هەزار دیناریان پێدەدرێ، تا تەواوبوونی خولەکە.

عەقیلە ڕواندزی، بەڕێوەبەری کارگێڕی پەیمانگەی پێگەیاندنی ئافرەتی سەرکردە، کە ماوەیەک لە هۆڵەندا ژیاوە، باسی لە بیرۆکەی دامەزراندنی پەیمانگەکە کرد و گوتی "زۆرجار لە ناکاو داوامان لێدەکرێت، ئافرەتێک بۆ بەرپرسیارێتی ئامادە بکەن"، بەوشێوەیە ئەوان دەیانەوێ هەمیشە ژمارەیەک ئافرەتی ئامادەیان هەبێت لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە بۆ وەرگرتنی پۆستەکان، بەتایبەتیش دوای بەرزبوونەوەی کۆتای ئافرەتان لە پەرلەمان لە 25%ەوە بۆ 30%. لە خولەکەدا وانەی جۆراو جۆر دەخوێنرێن، لەوانە کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕاگەیاندن، سیاسەت، مێژوو، کۆمەڵناسی، وتاربێژی، کارگێڕی و چەندین وانەی دیکە، کە لەلایەن ژمارەیەک مامۆستای سیاسی و سیاسەتکارەوە پێیاندەگوترێنەوە.

دەسەڵاتی سیاسی کوردستان بەردەوام ڕەخنەی لێدەگیرا کە دەسەڵاتێکی کەمی داوە بە ئافرەت و بەشداری پرۆسەی سیاسی ناکرێت، هەر بۆیەش چەندین گۆڕانکاری کرد، لە دوایین گۆڕانکاریشدا یاسای هەڵبژاردنی کوردستان ڕێژەی ژنانی لە پەرلەمان لە 25% بۆ 30% زیاد کرد.

شەرمین سادق بەشداربوویەکی خولەکەیەو بڕوانامەی ماستەری هەیە، باسی لەوە دەکرد کە ئەو ڕێژەیەی بۆ ئافرەتان دانراوە لە پەرلەمان نابێت بە "ئافرەتی ئاسایی" بەڵکو دەبێ بە "ئافرەتی لێهاتوو "پڕبکرێتەوە.

بەشداربووەکان پەسنی خولەکەیان دەدا، کە سوودی هەبووە بۆیان. بەبڕوای نیان لە خولەکەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووەو شارەزایی لە چەند بوارێک پەیداکردووە. هەربۆیەش دەڵێ ئێستا لە خۆی رادەبینێت لە داهاتوو ئەرکێکی گەورە وەربگرێ. حەیات مەجید، کە لەتەنیشت نیان دانیشتبوو،دەرچووی زانکۆیە، پێیوابوو ئەوەندەی لەو خولە فێربووە لە چوار ساڵی زانکۆ ئەوەندە فێرنەبووە.

قوتابییەکان یەک جۆرە جلیان لەبەربوو، بەسەرنجەوە گوێیاندابووە مامۆستاکەیان، هەموویان هیوایان دەخواست ئەو خولانە بەردەوام بن، بۆ پێگەیاندنی ئافرەتی سەرکردە، هەرچەندە ئەوان بۆ بەرپرسیارێتی وانەیان پێدەگوترێتەوە، بەڵام هەندێکیان ئامادەنەبوون قسە بۆ (ڕووداو) بکەن.

قادر قەچاخ، بەڕێوەبەری پەیمانگەی پێگەیاندنی کادیرانی پارتی، لە کۆرسی دووەمی خولەکە، وانەی وتاربێژی بە ئافرەتەکان دەڵێتەوە، خۆیشی نامیلکەیەکی لەسەر هونەری وتاربێژی نوسیووە. قەچاخ لە خولەکە سەرەتا نێوەڕۆکی وتاریان پێدەڵێت و پاشان بەشداربووەکان هەڵدەستن بەشێوەیەکی پراکتیکی وتار پێشکەش دەکەن و ئەوانیتر سەرنجەکانی خۆیان دەڵێن. قەچاخ لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) باسی لە ئاستی قوتابییەکان کرد، کە هەندێکیان زۆر باشن لەکاتی ئامادەکردنی وتاردا، بەڵام "پێویستە ڕۆژانە بخوێننەوەو گوێبگرن پاشان پیادەی بکەن". لەخولەکە بابەتی جیاجیا دەخوێندرێن، کە لایەنی زانستی و سیاسی تێدایە، بە بڕوای شەرمین ئەگەر لە خولەکە لایەنی زانستی زیاد بکرێت، ئەوا خزمەت بەو لایەنەش دەکات کە کردوویەتییەوە "تەمەنی ئەو حیزبە زیاتر دەکات"، لەگەڵ ئەوەشدا شەرمین پێیوایە هەموو ئافرەتێک پێویستی بە خولێکی لەو جۆرەیە "هیچ نەبێت پێناسەی خۆی دەزانێت، کە من کێم؟".

# کچانی تەکیە بە نهێنی خەتەنە دەکرێن

## "بە پارچە بسکویتێک هەڵیانخەڵتاندم و خەتەنەیان کردم"



**ئازیز مەحمود**
azizshane@yahoo.com

**ڕووداو-تەکیە**

باخان، ئێستاش ئەو ڕۆژەی بیرنەچووەتەوە کە لەنێو هاوارو زریکەی ئەو و چەند کچێکی هاوتەمەنی خۆیدا، پیرژەنەکەی گەڕەکەکەیان پارچەیەک گۆشتی لە کۆئەندامی زاوزێی هەر یەکەیان کردەوە. باخان و 7 خوشکەکەی و چەند کچێکی گەڕەکەکەیان بە یەک ڕۆژ لەلایەن پیرژنێکی گەڕەکەکەیان خەتەنە کراون.

باخان سەلام، 21 ساڵ، خوێندکار دەڵێت "پیرەژنەکە ئێمەی بە پارچە بسکویتێک هەڵخەڵەتاند و خەتەنەی کردین، ئێستاش هەرگیز ئەو ڕۆژەم بیر ناچێتەوە چ زریکەو گریانێک بوو هەر کەس لەتاو ئازاری خەتەنەکردنەکە هاواری دەکرد".

ناحیەی تەکیەی سەر بەقەزای چەمچەماڵ، یەکێکە لەوناوچانەی تا ئێستاش خەتەنەکردنی کچانی تێیدا ئەنجامدەدرێ، کە هەندێکجار بە دزییەوە دەکرێ.

هەرچەندە وەزیری مافی مرۆڤ ئاماژە بەکەمبوونەوەی دیاردەکە دەکات، بەڵام تا ئێستاش لە هەندێک ناوچە بەتایبەتی لە چەمچەماڵ، گەرمیان و بیتوێن، خەتەنەکردنی کچان تێیاندا دیاردەیەکی بەرچاوە. خەتەنەکردنی کچان لە کوردستان گەیشتووەتە ئاستێک، کە کۆشکی سپی وێنەگران و ڕۆژنامەنووسانی لەسەر خەڵات دەکات.

دوای بڵاوبوونەوەی چەندین ئامار لەسەر خەتەنەکردنی کچان بەتایبەتیش لەلایەن ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی، کەمپینێک دژی دیاردەکە پێکهات. بەڵام ئێستاش لەژێری ناوی "نانی دەستیان حەرامە" کچان لە لادێکانی کوردستان خەتەنە دەکرێن.

هاوناز جەوهەر، 21 ساڵ، دانیشتووی ناحیەی تەکیە، یەکێکە لەوانەی لە تەمەنی منداڵی خەتەنە کراوە، ئەو کچە بە پێویستی دەزانێ پەرلەمان بە یاسا دیاردەکە قەدەخە بکات "تاوەکو چیتر کچان نەبنە قوربانی دەستی پیرەژنی نەزان".

لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی ڕابردوو پرۆژە یاسایەکی دژ بە خەتەنەکردنی ژنان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، بەڵام پرۆژە یاساکە تەنیا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، بەبیانوی ئەوەی کە دیاردەکە بەو شێوەیە نییە یاسای بۆ دەربکرێ لەبەرنامەی کاری پەرلەمان دەرهێنرا، دواتر پرۆژە یاساکە بە 3 خاڵ خرایە نێو پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، کە ئەو پرۆژە یاسایەش تا ئێستا خوێندنەوەی بۆ نەکراوە.

کوێستان محەممەد، جێگری سەرۆکی لیژنەی داکۆکی لە مافەکانی ژنان لە پەرلەمان گوتی "کۆمەڵێک پیاوی موحافز کاری ناو پەرلەمان گرفتیان بۆ پرۆژە یاساکە دروستکرد و کارێکی وایانکرد نەخرێتە ناو بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە".

بەپێی پرۆژە یاسای توندوتیژی دژ بە خێزان، خەتەنەکردن سزای یاسایی بۆ دانراوە، هەروەها وەزیری مافی مرۆڤیش پێشتر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەر کەسێک کچان خەتەنە بکات سزا دەدرێت".

کوێستان محەممەد بە باشی دەزانێت حکومەت بۆ نەهێشتنی دیاردەکە پەنا بباتە بەر مامۆستایانی ئاینی تاوەکو لە ڕێگەی مینبەرەکانەوە هاوڵاتییان هۆشیار بکەنەوە، کە خەتەنەکردن پەیوەندی بە ئاینی ئیسلامەوە نییە. کوێستان گوتیشی "دوای کوشتن، خەتەنەکردن دوا پلەی توندووتیژییە بەرامبەر بە ئافرەت ئەنجامدەدرێت".

دوای فشاری ڕێکخراوەکان و بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو کەسانەی کچان خەتەنە دەکەن سزا دەدرێن، ئێستا بەشێک لە دانیشتووانی ناحیەی تەکیە، کچەکانیان بەدزییەوە خەتەنە دەکەن.

(س. ر)تەمەن 20 ساڵ دانیشتوی ناحیەی تەکیە، ئاشکرای کرد کە ماوەیەک پێش ئێستا چەند ژنێکی گەڕەکەکەیان کچەکانیان بە نهێنی بردووەتەوە گوندی گۆپاڵە و لەلایەن ژنێکی گوندەکە خەتەنەیان کردوون. (س) گوتیشی "پێویستە حکومەت هەوڵێک بدات بۆ نەهێشتنی دیاردەکە".

لەگەڵ هەبوونی دیاردەکە لە بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستاندا، ژنان خوازیارن سنوورێک بۆ دیاردەکە دابنرێ و بەیاسا قەدەخە بکرێ، بەڵام تا ئێستا پەرلەمان خوێندنەوەی بۆ پرۆژە یاساکە نەکردووە. بەپێی قسەی کوێستان پێناچێت پەرلەمان وا بە زوویی خوێندنەوە بۆ پرۆژە یاساکە بکات.



# کۆمەڵایەتی



سەروین خۆی سووتاند

رووداو-هەولێر
لەگەڕەکی بەختیاری هەولێر، کچێک بەناوی سەروین غەریب عەلی، 14ساڵ، لەنێو ژووری نوستن، نەوتی بەخۆی داکردو ئاگری لەخۆی بەرداو دوای یەک ڕۆژ لە 2009/3/16 بەهۆی زۆری ڕێژەی سووتانەکەی گیانی لەدەستدا.
نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بە(رووداو)ی ڕاگەیاند "سەروین بەخۆی خۆی سوتاندووەو تا ئێستا نەزانراوە هۆکاری خۆ سووتاندنەکەی چییە".

# فەڕاشێک چاوی بەڕێوەبەرەکەی کوێر دەکات و 6 چەقۆش لە ژنەکەی دەدات



سابیر ساڵح بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی کەلەکین

**شەوقی کانەبی**
**رووداو-خەلیفان**

کارگوزارێکی قوتابخانە، هەڵدەکوتێتە سەر ماڵی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان و بە چەقۆ لە بەڕێوەبەرو خێزانەکەی دەدات و، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە کارگوزارەکە بەوە تۆمەتبار دەکات، کە هەوڵی دزینی مووچەی مامۆستایانی داوە.

شەوی 24 لەسەر 2009/3/25 کەسێک بەناوی جەبار کەریم مستەفا، کە فەڕاشە لە قوتابخانەی نێرگزینی بنەڕەتی گوندی کەلەکینی سەر بە ناحیەی خەلیفان، دەچێتە سەر ماڵی مامۆستا سابیر ساڵح، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی کەلەکین و دوو چەقۆ لە دەموچاوی مامۆستاکە دەدات و چاوێکی کوێر دەکات، شەش چەقۆش لە خێزانەکەی دەدات. مامۆستا سابیر بە (رووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو کەسە بە مەبەستی دزیکردن چووەتە سەر ماڵەکەی و گوتی "ئێوارەی پێش ڕووداوەکە مووچەی مامۆستایانم وەرگرتبوو، کە بڕی 4 ملیۆن و 500 هەزار دینار بوو، بەڵام دابەشم نەکردو لەگەڵ خۆم هێنامەوە ماڵەوە".

ئەو بەڕێوەبەرە ئاماژەی بەوەشدا کە جەبار کەریم پێشتر لەلای ئەو فەڕاش بووەو، دوای جیابوونەوەی قوتابخانەی بنەڕەتی نێرگزین لە ئامادەیی کەلەکین، ئەو فەڕاشە چووەتە قوتابخانە بنەڕەتییەکە. مامۆستا سابیر گوتی "ئەو ئێوارەیە جەبار پرسیاری لێکردم گوتی مامۆستا مووچە هاتووە، منیش گوتم هاتووە، بەڵام بەیانی دابەشی دەکەم، نەمزانی نیازی خراپە".

دوای ئەوەی مامۆستا سابیر دەگەڕێتەوە ماڵەوە، دوای بانگی شێوان جەبار دەست بەجێبەجێکردنی ئەو پیلانە دەکات کە بۆ دزینی پارەکە دایڕنابوو، بۆ ئەوەش دەرفەت لەوە وەردەگرێ، تاوەکو مامۆستا سابیر بۆ نوێژی خەوتنان دەچێتە مزگەوت. بەڵام لە بەختی جەبار، ئەو شەوە مامۆستا سابیر ناچێتە مزگەوت.

ئامینە زاهیر، خێزانی مامۆستا سابیر، کە یەکەمجار چەقۆکانی جەباری بەرکەوتووە، بە (رووداو)ی ڕاگەیاند کاتی بانگی خەوتنان چووەتە دەرەوە بۆ دەستنوێژشووشتن، لەو کاتەدا تارمایی کەسێکی بینیوە "ترسام وامزانی مۆتەکەیە"، بەڵام دواتر لە دواوە کەسێک پەلاماری دەدات و 6 چەقۆی لێدەدات "قیژاندم، هاوارم کرد، مێردەکەم هاتە دەرەوە، دوو چەقۆشی لەدەموچاوی مێردەکەم دا".

مامۆستا سابیر ساڵح گوتی "ئەو کوڕە بە پیلان هاتبوو وایزانیبوو کە من لە مزگەوتم و ویستبووی خێزانەکەم بکوژێت و پارەکەش ببات، بەڵام من ئەو ئێوارەیە هەر بە سووتفە نەچوومە مزگەوت".

مامۆستا سابیر زۆر هەوڵدەدات تا ئەو کەسە ئاشکرا بکات "چونکە جلێکی ڕەشی لەبەرکردبوو، دەمامکیشی کردبوو"، هەرچەندە وەک مامۆستا دەڵێت ئەو زۆر لەو کەلەگەتتر و بەتواناتربوو، بەڵام دواتر توانیویەتی زەوتی بکات "خێزانەکەشم هەستایەوەو پارچە بلۆکێکی لەسەری داو نقەی لێبڕی". دوای ئەوەی دەرودراوسێ لەگەڵ قیژەو هاواری خێزانی مامۆستا کۆدەبنەوەو دەمامکەکە لەسەر دەموچاوی پەلاماردەرەکە لادەبەن، دەردەکەوێت جەبار کەریمە، کە پێشتر فەڕاش بووە لەلای مامۆستا سابیر. دواتر خەڵکی گوندەکە مامۆستا سابیرو خێزانەکەی دەگەیێننە نەخۆشخانەو جەباریش ڕادەستی پۆلیس دەکەن.



مامۆستاسابیر،ئێستا لە ماڵەکەی خۆیەتی و چاو و دەستی ڕاستی بە لەفاف پێچراوەو مەترسی لەدەستدانی چاوەکەی دەکرێ. بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی دکتۆرە پسپۆڕەکانی چاو لە هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان، چوونەتە کۆنفرانسێک لە دوبەی، بۆیە ئەو مامۆستایە ناچاربوو بۆ نەشتەرگەرییەکی خێرا، ڕوو لە شاری موسڵ بکات.

مامۆستا سابیر ساڵح گوتی "دکتۆرێک لەهەولێر پێیگوتم خۆت ماندوو مەکە چاوت کوێر بووە، بەڵام لە موسڵ دکتۆرێک پێیگوتم: ئومێدی چاکبوونەوەی چاوەکەت هەیە".

مامۆستا سابیر داواکار بوو کە بەر لەوەی چاوەکەی بە یەکجاری لەدەستبدات، حکومەتی هەرێمی کوردستان خەمێکی لێ بخوات و بینێرێتە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەری "چونکە من لەسەر پارەی حکومەت و مامۆستایان وام بەسەر هات".

# وڵات بووە قوربانی ژوانی برادەرێکی



**سۆران بەهائەدین**
Soran2025@yahoo.com

**رووداو-سێبیران**

لە گوندی سمایلاوەی سەر بە کۆمەڵگەی سێبیرانی سنووری قەزای خەبات، گەنجێک لەنیوەشەودا لەلایەن چەند کەسێکی دانیشتووی گوندەکە تەقەی لێدەکرێ و بریندار دەکرێ، بۆ ماوەی یەک کاژێرو نیو کەس بەهانایەوە ناچێت و گیان لە دەستدەدا.

بەپێی زانیاری خەڵکی گوندەکە ئەو کوڕە کە ناوی وڵات یاسین ڕەشیدە، کاژێر 11ی شەوی 2009/3/22، لەگەڵ دوو برادەری دیکەی بەناوەکانی عەفوان و فەخری، چووەتە گوندەکە، دوای ئەوەی خەڵکی گوندەکە گومانیان لێکردوون، تەقەیان لێکردوون، لەئەنجامدا وڵات کوژراوەو عەفوان و فەخریش هەڵاتوون. ئێستا چوار کەسی گوندەکە بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتوون و پۆلیسیش تا ئێستا کەسی لەسەر ڕووداوەکە دەستگیر نەکردووە.

هەژار یاسین، برای وڵات، بۆ (رووداو) گوتی کە وڵاتی برای بەر لە ڕووداوەکە لەگەڵ برادەرەکانی یاری تۆپی پێی کردووە، دواتر فەخری داوای لێکردووە بە ئۆتۆمبێل بەو شەوە تا گوندی سمایلاوەی ببات کە نزیک سێبیرانە. هەرچەندە هەژار داوای لێکردووە بەو شەوە نەڕوات "بەڵام بە قسەی منی نەکردو بەو شەوە لەگەڵ عەفوان و فەخری ڕۆیشت".

بەپێی زانیاری خەڵکی گوندەکە، عەفوان و فەخری، کە دانیشتووی سێبیرانن، پەیوەندی سۆزداریان لەگەڵ دوو کچی گوندەکەدا هەبووەو داوایان لە وڵات کردووە بیانگەیێنێتە جێژوانی ئەو دوو کچە. بەڵام هەژاری برای پاکانە بۆ عەفوان دەکات کە دەستی لە کارەکەدا هەبووبێ و گوتی "فەخری پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێک هەبوو لە گوندەکە".

لە نزیک گوندەکە، فەخری دادەبەزێ و پێیاندەڵێت ئێستا دەگەڕێمەوە. خدر حەمید، کە ئامۆزای یەکێک لە چوار کەسە هەڵاتووەکەیە ئاماژەی بەوەدا، فەخری درەنگ گەڕاوەتەوە لایان، بۆیە وڵات و عەفوان چەندین جار بە ئۆتۆمبێل بەدەوروبەری گوندەکە سوڕاونەتەوە، بەمەش خەڵکی گوندەکە گومانیان لێکردوون. خدر گوتیشی "چوار کەس لە خەڵکی گوند بەو شەوە خەریکی کێڵانی زەویەکەیان بوون، وایانزانی بوو پیاو خراپن، خەبەری ئاسایشی سێبیرانیان دابوو، بەڵام کارمەندەکانی ئاسایش بەبیانوی ئەوەی بەڕێوەبەرەکەیان لەوێ نەبووە، نەچوو بوون، ئەگەر ئاسایش بهاتایە ئەو کێشەیە ڕووی نەدەدا".

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، وڵات گوندەکە جێدەهێڵێت، بەڵام لە ڕێگادا فەخری تەلەفۆنی بۆ دەکات، بۆیە وڵات دەگەڕێتەوەو ئەمجارە دەکەوێتە بۆسە، وەک هەژار گوتی "چوار کەسی گوندەکە کەمینیان بۆ دانابوون، کە وڵات گەڕاوەتەوە گوندەکە، تەقەیان لێکردووەو کوشتوویانە". هەژار کە چووەتە شوێنی ڕووداوەکە باسی لەوە کرد کە 13 قەوانە گوللە لەشوێنی ڕووداوەکە کەوتبوون و، دوو گوللەش بەر ئۆتۆمبێلەکەی وڵات کەوتوون.

هەژار گوتیشی "وڵات ویستبووی مەسەلەکە لە چوارکەسەکە بگەیێنێت، بەڵام ئەوان گوللەیەکیان لەقاچی دابوو و تووشی خوێنبەربوون ببوو، عەفوانیش بۆ ناو گوندەکە ڕادەکات، فەخریش کە گوێبیستی دەنگی تەقەکان ببوو، چوو بووە ماڵی خوشکی، کە لەو گوندەیە".

ئێستا هەر یەک لە عەفوان و فەخری لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون، 4 کەسی گوندەکەش هەڵاتوون، لەلای پیاوماقوڵێکی عەشیرەتی هەرکی داڵدەدراون. هەژار گوتی "نازانێت کێ تەقەی کردووە، بەڵام هەر چوار کەسەکە دەڵێن تەقەمان کردووە، کەچی ئەوان تەنیا دوو چەکیان پێ بووە"، هەراژ ڕەتیشیکردەوە کە ئەو چوار کەسە خزمی ئەو کچە بن، کە فەخری بۆی چووبووە جێژوان.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی قەزای خەبات بە (رووداو)ی ڕاگەیاند" کوشتنی وڵات لەسەر کێشەی ناموسە، چەند کەسێک تەقەیان لێیانکردووە، بەڵام تا ئێستا بکوژی سەرەکی دیار نییە، چونکە هەڵاتوون".

# سوڵحی شنۆ هیرانی و هەڤاڵ کاوانی بە 100 هەزار دۆلار کرا



پارتی دیموکراتی کوردستان
لقی٢٤ی سەفین

ژمارە: ٣
بەروار: ٢٠٠٩/٣/٣٠

کۆنووسی کۆبوونەوەی چارەسەری کێشەی خوێنداری نێوان هەردوو بنەماڵەی
(کمال صابر کاوانی و رمزی ابراهیم هیرانی)

بە پێ ی ئیفادەی (شنۆ ابراهیم هیرانی)- هەڤاڵ کمال صابر کاوانی-کوشتووە، کە بووە هۆی کێشەی خوێنداری لە نێوان هەردوو بنەماڵە.
دوای هەوڵدان و ماندووبوونی زۆر لەگەڵیان لە رۆژی ٢٠٠٩/٣/٣٠ لەسەر دەستی بەڕێز نیهاد بارزانی سکرتێری جەنابی سەرۆک بۆ کار و باری کۆمەلایەتی و بە هاوکاری لقی٢٤ی سەفین و مەکتەبی کۆمەلایەتی گشتی و ئامادە بوونی هەردوو تەرەفی کێشەکە لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێک کەوتن:
١. بنەماڵەی (کمال صابر کاوانی) لەبەر خاتری بەڕێز نیهاد بارزانی و ئامادە بووان لە (شنۆ رمزی) خۆش بوو لە دادگا تنازولی بۆ دەکەن.
٢. بنەماڵەی (رمزی ابراهیم هیرانی) و (کمال صابر کاوانی) بۆ خۆیان لەسەر مەبلەغێک ڕێک کەوتوون بۆ کۆتایی هاتنی کێشەکە.
٣. هەردوو تەرەف لەسەر خاڵەکانی سەرەوە رەزامەندیان دەربڕی دوای واژووکردنیان لەسەر کۆنووس بۆیان نیە کێشە بۆ یەکتر دروست بکەن.

تەرەفی یەکەم:
کمال صابر کاوانی
جمال صابر کاوانی
هیوا کمال کاوانی
جبار صابر کاوانی
هەنگورد کمال کاوانی

تەرەفی دوویەم:
رمزی ابراهیم کاوانی
هەنگاو رمزی هیرانی
هونەر رمزی هیرانی

شێخ ملا سالی هیرانی
مام رسول فقی
ملا عزیز ابراهیم
مام قەشە زیا
ملا عوسمان لاسەیی
ملا یاسین ابراهیم
حاجی دلشاد سلیمان
ناکو عوسمان عبدالقادر
عبدالله ملا زادە
نوێنەری مەڵبەندی شەقلاوە (ی.ن.ک)
نیهاد بارزانی
سکرتێری جەنابی سەرۆک بۆ کارو باری کۆمەلایەتی
دەرویش عبدالرحمن
بەرپرسی مەکتەبی کۆمەلایەتی گشتی
بەرپرسی لقی ٢٤ی سەفین

**شەوقی کانەبی**
**رووداو-هەریر**

هەردوو بنەماڵەی شنۆ هیرانی و هەڤاڵ کاوانی بە سوڵحی عەشایری کێشەی نێوانیان چارەسەر کردو بنەماڵەی هەڤاڵ کاوانی لەبەرامبەر 100 هەزار دۆلار لە شنۆ هیرانی خۆشبوون.

هەڤاڵ کاوانی ئەندامی مەکتەب لە لقی 24ی سەفینی پارتی، دوای دە ڕۆژ ونبوون، لە 2008/6/21 تەرمەکەی لە نزیک ناوچەی هیزۆپ دۆزرایەوە، هەر هەمانڕۆژ شنۆ هیرانی، کارگێڕ مەڵبەندی 38ی یەکێتی لە شەقڵاوە ڕایکردە سلێمانی و دواتر لەڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە دانی بەوەدا نا کە ئەو هەڤاڵی کوشتووە، تاوانی کوشتنەکەشی بە بەرگریکردن لە شەرەفی خۆی پاساو دایەوە. دواتر شنۆ خۆی تەسلیمی پۆلیس کرد.

دوای تێپەڕبوونی 9 مانگ بەسەر ڕووداوەکە هەردوو بنەماڵە بە سوڵحی عەشایری کێشەی نێوانیان چارەسەر کرد. ڕۆژی 2009/3/30 بە ئامادەبوونی نیهاد بارزانی، سکرتێری مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەروێش ئاغا، بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی گشتی پارتی، نوێنەری مەڵبەندی 38ی یەکێتی و بڵند اسماعیل، بەرپرسی لقی 24ی سەفین و چەند مامۆستایەکی ئاینی و مامە قەشە زیا، بنەماڵەی هەردوولا (کەمال سابر کاوانی) و (ڕەمزی ئیبراهیم هیرانی) سوڵحیان کردو کێشەکە بە کۆتا هێنرا، پەڕاوێکیش لەنێوان هەردوو لا واژوو کرا.

کۆپییەکی پەڕاوی سوڵحەکە دەست (رووداو) کەوتووەو تێیدا هاتووە "بنەماڵەی کەمال سابیر کاوانی لەبەر خاتری بەڕێز نیهاد بارزانی و ئامادە بووان لە شنۆ ڕەمزی خۆشبوو، لەدادگا تەنازولی بۆ دەکەن. هەردوو بنەماڵە بۆ خۆیان لەسەر مەبلەغێک پارە ڕێککەوتوون بۆ کۆتایی هاتنی کێشەکە. هەردوو لا بۆیان نییە کێشە بۆ یەکتر دروستبکەن".

کەسێکی نزیک لە بنەماڵەی شنۆ ڕەمزی هیرانی لەبارەی سوڵحەکە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند کە "هەردوو لا ڕێککەوتن، بنەماڵەی شنۆ هیرانی 100 هەزار دۆلار لەبری خوێنی هەڤاڵ دەدەنە بنەماڵەکەی و ئەوانیش لەدادگا تەنازولی بۆ دەکەن". سەرچاوەکە گوتیشی "نیوەی پارەکە یەکێتی دەیدات و نیوەکەی دیکەشی لەنێو بنەماڵەی شنۆ هیرانی کۆدەکرێتەوە".

مەلا سەعدی حسێن، کارگێری مەڵبەندی شەقڵاوەی یەکێتی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "کێشەکە وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان هەردوو بنەماڵە چارەسەرکرا و بنەماڵەی هەڤاڵ کاوانی لە داواکەیان لەسەر شنۆ هیرانی لە دادگا تەنازول دەکەن و دادوەریش بە شنۆی گوتوە ئەگەر بنەماڵەی هەڤاڵ لە داواکەیان تەنازول بکەن ئازاد دەکرێیت".



هەڤاڵ کاوانی



شنۆ هیرانی

# پۆلیسێک لەبەر نەبوونی خۆی دەسووتێنێ

## سەعید لەبەر هەژاری نەیتوانی خەونی ئەحمەدی کوڕی بەدیبهێنێ و پایسکلێکی بۆ بکڕێ

**کارزان حەیدەر**
**رووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2009/4/1 پۆلیسێک بە ناوی سەعید حەسەن بابەکر، 40 ساڵ، لەنێو ماڵەکەیدا لە گەڕەکی سەلاحەدین (سوورچییان)ی هەولێر خۆی سووتاندو کەسوکارەکەشی هۆکاری خۆسووتاندنەکەیان بۆ هەژاری و دەستکورتی سەعید گەڕاندەوە.

هێشتا شوێنەواری سووتانەکە لە نێو خانووەکەدا مابوو، کە سەعید چەند ڕۆژێک بەر لە ڕووداوەکە بە 250 هەزار دینار بەکرێی گرتبوو.



هەموو ئومێدی سەعید بەو شووقانە بوو، کە ماوەیەک بەر لە ئێستا لەلایەن پارێزگای هەولێر بەتیر و پشک درایە کرێچییان، بەڵام بەخت یاوەری سەعید نەبوو، لەتیرو پشکەکە ناوی دەرنەچوو. وەک کەسوکارەکەی باسیانکرد، سەعید هەمیشە گلەیی لە ژیانی خۆی دەکرد کە چەند ساڵە پۆلیسە کەچی تا ئێستا شووقەو زەوی پێنەدراوە.

ئەحمەد، تەمەن 5 ساڵ و نیو کە کوڕە تاقانەی سەعیدە، بێ ئاگا لەوەی کە جارێکی دیکە باوکی نابینێتەوە، لە بەردەم ماڵەکەیاند بە تۆپێکی شڕ خەریکی یاریکردن بوو.

ئەدیبە عومەر، ژنی سەعید کە ڕووداوەکە سەرتاپای باڵای ڕەشپۆشکردووە، نەیتوانی لەنێو ماڵەکەیدا ڕووداوەکە بگێڕێتەوە، دوای ئەوەی کەسوکارەکەی بردیانە ماڵی دراوسێکەیان، ئینجا ڕووداوەکەی گێڕایەوە.

ئەدیبە گوتی "شەوی بەر لە ڕووداوەکە سەعید دڵی زۆر توند بوو، میوانێکی زۆرمان هەبوو، ئەو ئەوەندە دڵی توند بوو هاتە حەوشەو جگەرەیەکی داگیرساند". دوای ئەوەی میوانەکان دەڕۆن، سەعید دەیەوێ دەرفەت لە چۆڵبوونی ماڵەکەی وەربگرێت، هەر بۆیە داوا لە دایکی و خێزانەکەی دەکات، بچن سەردانی خزمێکی نەخۆشیان بکەن. بەڵام ئەوان کە دەزانن باری سەعید تەواو نییە ناچن. ئەدیبە گوتی کە ماڵەکەمان بۆ چۆڵنەکرد بە دایکی گوت "مادام وایە تەلەفونێک بۆ ئەفسەرەکەم بکەن، بڵێن ناتوانێ سبەینێ بێتە دەوام، تەندروستی باش نییە". وەک ئەدیبە باسیکرد، سەعید تا دەهات زیاتر دڵی توند دەبوو "پێمگووت: حەزت لە چییە بۆت بێنم بیخۆی، گوتی: حەزم لە هیچ نییەو هیچم بۆ ناخورێ، دڵم زۆر توندە".



دوای ئەوەی دایکی دەچێتەوە ماڵ و خێزانەکەشی دەچێتە بازاڕ شت بکڕێ، سەعید سوود لەو دەرفەتە وەردەگرێ و دەبەیەک نەوت بەخۆیدا دەکات و خۆی دەسووتێنێ. ئەدیبە گوتی "هێشتا نەگەیشتبوومە بازاڕەکە، کچە شووبراکەم بە هەڵەداوان بەدوامدا هات و هاواری کرد مامە سەعید خۆی سووتاند".

ڕەشاد برای سەعید، کۆچی ناوادەی براکەی خەفەتباری کردبوو. ڕەشاد گوتی "سەعید لە ساڵی 1989 تاوەکو ڕۆژی وەفاتی، زۆر بە دڵسۆزی خزمەتی ئەو وڵاتەی کردووە، کەچی نەبووە خاوەنی پارچە زەوییەک، شووقەیەک، خانوویەک، هەموو ژیانی خۆی لە کرێچیدا بەسەر برد".

ڕەشاد باسی لە نەهامەتییەکانی ژیانی براکەی کردو گوتی" هێندە دەستکورت بوو، ئەگەر بچووبایە دکتۆر من پارەم پێدەدا، کە دکتۆریش داو و دەرمانی بۆ دەنووسی، هەندێکی دەکڕی و بۆ ئەوی دیکەش پارەی نەبوو بیکڕێ، لەو ماوەیە زۆر خەمی خوارد، فۆرمی وەرگرتنی شووقەی پڕ کردبووەوە،بەڵام ناوی دەرنەچوو، دەیگووت ئەو هەموو ساڵە خزمەت دەکەم، کەچی بە ڕەوای نابینن شووقەیەک بە منی هەژارو دەستکورت بدەن".

کاتێکیش ڕەشاد لە نەخۆشخانە لێی پرسیوە بۆچی خۆت سووتاندووە، سەعید لەوەڵامدا گوتوویەتی "لەشم زۆر ئازاری هەبوو، بەو خۆ سووتاندنە ئیسراحەت دەکەم".

ئازاد جەوهەر، کوڕە خوشکی سەعید، کە بەسەر ڕووداوەکەدا چووە، بۆ (رووداو) گوتی "کە هەواڵیان پێدام بە ڕاکرن خۆم گەیاندە ماڵی سەعید، بینیم لە پەنجەی پێی تاوەکو تەوقی سەری ئاگر بەرز دەبووەوە، بەپەلە خۆم گەیاندەوە ماڵ بەتانییەک بێنم سەعید بکوژێنمەوە، کەچی تا من گەیشتمەوە سەعید، دراوسێکان سەعیدیان کوژاندەوە".



ئەحمەد دەڵێ زۆر بیری باوکم دەکەم و دەمەوێ ماچی بکەم

وەک باسیانکرد سەعید ئەوەندە دەستکورت بووە، نەیتوانیوە خواستی ئەحمەدی کوڕیشی بێنێتە دی کە بریتی بوو لە کڕینی پایسکلێک. هەر بۆیە عومەر خالید، کە خوارزای سەعیدە، دوای ڕووداوەکە پایسکلەکەی بۆ ئەحمەد کڕیوە.

> **کە ئەحمەدم بردە سەر گۆڕی باوکی، دەستی دەخستە ژێر خۆڵەکەو بە چەنگ خۆڵەکەی هەڵدەماڵی : دەیگووت: باوکم نەمردووە، دەمەوێ دەری بێنم، ماچێکی بکەم، ئەو هەر نەهاتەوە، زۆر بیری دەکەم**
> عومەر،خوارزای سەعید

ئەحمەد نە باوەڕ بەوە دەکات پایسکیلی هەیە، نە باوەڕیش دەکات باوکی بێ ماچێکی گەرم و لە ئامێز گرتنی خوا حافیزی یەکجارەکی لێکردووە. عومەر گوتی " ئەحمەدم بردە سەر گۆڕی باوکی، دەستی دەخستە ژێر خۆڵەکەو بە چەنگ خۆڵەکەی هەڵدەماڵی : دەیگووت: باوکم نەمردووە، دەمەوێ دەریبێنم، ماچێکی بکەم، ئەو هەر نەهاتەوە، زۆر بیری دەکەم".

# کام سەرۆک دەوڵەت زۆرترین مووچە وەردەگرێت؟




سەرۆکی هەرە دەوڵەمەند ساڵانە (5،2 ملیۆن دۆلار) و هەرە هەژاریش (6000 دۆلار) وەردەگرێت




مووچەکەی ئۆباما چوار هێندەی مووچەی میدفیدێڤە!

**رووداو- ئەڵمانیا**

رۆژنامەی ئوترۆ رووسی، هەفتەی رابردوو دەربارەی مووچەی سەرۆکەکانی جیهان لێکۆڵینەوەیەکی بڵاو کردەوە. بە گوێرەی ئەو رۆژنامەیە هەژارترین سەرۆک دەوڵەتی جیهان سەرۆکی ئەفغانستان حەمید کارزاییە و سەرۆکی هەرە دەوڵەمەندی جیهانیش سەرۆک وەزیرانی سەنگافوورا Lee Hsien Loong لی هسین لوونگە.

بە گوێرەی رۆژنامەی ئوترۆ، سەرۆکی رووسیا دیمیتری میدفیدێڤ چواریەکی مووچەی سەرۆکی ئەمریکا باراک ئۆباما وەردەگرێت.

ئۆباما، ساڵانە 400 هەزار دۆلار (292 هەزار یۆرۆ) وەردەگرێت، سەرۆک وەزیرانی ئێرلەندا ( بران کوین) Brian Cowen 257 هەزار یۆرۆ، سەرۆک کۆماری فەرەنسا نیکۆلای سارکۆزی 240 هەزار یۆرۆ، راوێژکاری ئەڵمانیا ئەنگیلا مێرکل 228 هەزار یۆرۆ، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا گۆردن براونیش 199 هەزار یۆرۆ وەردەگرێت.

بە گوێرەی هەواڵەکان سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا گۆردن براون تاوەکو ساڵێک بەر لە ئێستا لە هەموو سەرۆکەکانی جیهان زیاتر مووچەی وەردەگرت. هەروەها مووچەی سەرۆک کۆماری فەرەنسا سارکۆزی لە ساڵی 2008دا دووقات زیاد کراوە. بەڵام پاش ئەوەی دراوی ئینگلیزی (پاوەند) بەرامبەر بە یۆرۆ بەهای خۆی لەدەستدا، مووچەی گۆردن براونیش بە بەراورد بە مووچەی سەرۆکەکانی دیکە کەمبووە.

سەرۆک دەوڵەت و سەرۆک وەزیرانی رووسیا بە گوێرەی سەرۆکانی دیکەی رۆژئاوا، مووچەکانیان زۆر کەمە. سەرۆک دەوڵەت میدفیدێڤ لەماوەی ساڵێکدا 67 هەزار یۆرۆ مووچە وەردەگرێت. ئەمەش دەکاتە چواریەکی مووچەی سەرۆکی ئەمریکا باراک ئۆباما.

ئەو سەرۆکەی کە زۆرترین مووچە لە جیهاندا وەردەگرێت، سەرۆک وەزیرانی سەنگافوورا لی هسین لوونگە. ئەو لە ساڵێکدا 2،5 ملیۆن دۆلار وەردەگرێت. بەڵام دوای تەنگژەی ئابووری جیهان مووچەکەی 20% کەم کراوەتەوە.

ئەو سەرۆکەی کە کەمترین مووچە لە جیهاندا وەردەگرێت، سەرۆک کۆماری ئەفغانستان حەمید کارزایە، کە مووچەی مانگانەی 500 دۆلارە. جگە لە مووچەکەشی کارزای هیچ داهاتێکی دیکەی نییە. بەم جۆرە کارزای دەبێتە هەژارترین سەرۆکی جیهان.

لە لایەکی دیکەوە لەبەر تەنگژەی ئابووری جیهان، هەندێ سەرۆک دەوڵەت و سەرۆک وەزیری جیهان، مووچەکانی خۆیان لەم ساڵدا زیاد نەکردووە. بەڵکو بە پێچەوانەوە وەک نموونە مووچەی سەرۆک وەزیرانی ئێرلەندا براین کوین پاش ئەوەی بووە سەرۆکی حکوومەت، مووچەی خۆی نیوە بە نیوە کەم کردووەو ئێستا مانگانە 1780 دۆلار وەردەگرێت.

بەڵام دەربارەی سەرۆکەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران و عێراق، هیچ زانیارییەک رانەگەیێندراوە.

# لە شەڕی ئیسپانیادا زەنگ بۆ رۆشنبیران لێدرا

**رووداو- ئەڵمانیا**

ئەم وێنە نەمرە لەلایەن (رۆبەرت جاپا)وە گیراوە و ناوی (مردنی گەریلایەک)ە. هەتا ئێستاش ئەم وێنەیە هەر سیمبولی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیایە. شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا لە دنیای هونەر و رۆشنبیریدا رەنگدانەوەی قووڵی هەبوو. تابلۆکەی پیکاسۆ بە ناوی (گوێرنیکا)و رۆمانەکەی هەمنگوای (زەنگ بۆ کێ لێدەدەن)، یادەوەری ئەم شەڕەیان بەشێوەیەکی لەیاد نەچوو لە مێشکی مرۆڤدا کۆڵیوە.

شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا 70 ساڵ بەر لە ئێستا لە 1ی نیساندا کۆتایی هات. ئەم شەڕە بۆ زۆر رۆژنامەنووس، هونەرمەند و نووسەر ئەزموونێکی گرنگ بوو. لەم شەڕەدا،



شەڕڤانێکی کچ لە بەرشلۆنە، ساڵی 1936

کە بەبۆنەی یادی 70 ساڵەیەوە جارێکیتر یاد کرایەوە، زۆر کەسی ناسراوی جیهانیش وەک یەکەی شەڕکاری نێونەتەوەیی تێیدا بەشدار بوون. بۆیەش لەبەر ئەم تایبەتمەندییەی وەک شەڕێکی رۆشنبیرانیش ناسراوە.

پابلۆ پیکاسۆ و ئێرنست هەمنگوای بە تابلۆ و رۆمانەکانیان لە لایەکەوە چوونە پاڵ کۆماریخوازانەوە و، لە لایەکی دیکەوە بە بەرهەمە گرنگەکانیان ئەو شەڕەیان راگەیاند و بۆ هەتاهەتایە لە یادەوەری مرۆڤایەتیدا نەخشاندیان.

شاعیری مەکسیکی ئۆکتاڤیۆ پاز، ویستی بچێتە ریزی یەکە شەڕکەرە نێونەتەوەییەکانەوە، بەڵام کۆماریخوازانی ئیسپانیا بۆ ئەوەی لە مەکسیکدا بمێنێتەوە و پڕوپاگەندەیان بۆ بکات، قەناعەتیان پێهێنا.

باڵیۆزی شیلی لە ئیسپانیا پابلۆ نیرۆدا کە چووە نێو چالاکییەکانی کۆماریخوازانەوە، لە لایەن حکوومەتی خۆیەوە لە کار دوور خرایەوە.

لە نێو کەسانی نێودارادا کە بوونە شاهیدی ئەو شەڕە، سەرۆک وەزیرانی کاتی ئەڵمانیا ولی برانت، فۆتۆگرافەر رۆبەرت جاپا و گێردا تارۆ، نووسەرانی ئەمریکی ئەرنێست هەمنگوای، جۆن دۆس پاسۆس و دۆرۆتی پارکەر بوون، هەروەها منداڵانی نووسەرانی ئەڵمان تۆماس مان، ئیرکا و کلاوس مانیش، لەنێویاندا بوون.

هەندێ لە رۆشنبیرانی ئەو سەردەم بە شێوەیەکی چالاکیش بەشداری شەڕەکە ببوون. لەوانە نووسەر و وەزیری رۆشنبیریی فەرەنسا ئەندرێ مالرواکس چووە نێو هێزی ئاسمانییەوە. نووسەر جۆرج ئۆروێل، چووە ریزی پارتی یەکێتیی مارکسییانی کەتەلۆن POUM. فەیلەسووفی فەرەنسی سیمۆن ویلیش لەپاڵ گەریلاکانی ئیسپانیادا شەڕی کرد. ئەرنێست هەمنگوای، لە ساڵانی نێوان 1937 - 1938دا هەشت مانگ وەک پەیامنێر، هەواڵەکانی شەڕی گواستەوە.

هەمنگوای، لە پاش ئەو هەشت مانگە دەقێکی شانۆیی بە نێوی (بەرەی 5) نووسی لە ساڵی 1938 و، رۆمانێکی بە نێوی (زەنگ بۆ کێ لێدەدەن) لەساڵی 1940 دا نووسی.

رۆمانەکەی هەمنگوای، وەک فیلمێکیش بەرهەمهێنرا و لە نێو زۆر نەوەی پاش خۆی ئیماژی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیای بەرجەستە کردووە.

## خەیاڵ شکانی ئۆروێل

نووسەر جۆرج ئۆروێل، لە رۆمانەکەیدا (سڵاو بۆ کەتەلۆنیا)، لە ساڵی 1938دا رەخنە لە سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت لە کاتی شەڕەکەدا دەگرێت. ئۆروێل لەو بەرهەمەیدا دەڵێ:"وەک گەریللایەک لە بەرەی شەڕدا ئەزموونێکم دیوە کە لە هیچ جێیەکدا ناتوانی بەدەستیبێنی". بە دڵشکانی لە کۆماریخوازان، ئۆروێل روویکردە جیهانێکی دیکە. بەو شێوەیە دوو رۆمانی دیکەی بە نێوی (مەزرای حەیوانەکان) و (1984) نووسین.

## قوتابخانەی پەیامنێری

لە شەڕی ئیسپانیادا لە بواری رۆژنامەڤانیشدا نموونەی سەرنج راکێش بەدیارکەوتن. بۆ نموونە رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) بۆ ئەوەی هەواڵەکانی ئەو شەڕە بڵاوبکاتەوە، دوو پەیامنێری ناردە ناوچەکە. بەرەی شەڕی رژێمی فرانکۆ لە لایەن پەیامنێرێکی کاسۆلیکەوە، بەرەی کۆماریخوازانیش لە لایەن پەیامنێرێکی چەپڕەوەوە بەدواداچوونی بۆ دەکرا. راستگۆیی هەواڵی ئەو پەیامنێرانەشیان بە خوێنەر سپارد.

وێنەگری مەجەر رۆبەرت جاپا و ژنە ئەنارشیستی ئەڵمان گێردا تارۆش ئەو شەڕەیان بە کامیراکەی خۆیان تۆمار کرد. تارۆ، لە ساڵی 1937دا لە کاتێکدا کە پێکدادانێکی مەترسیداری وێنەدەگرت، کوژرا. ئەو یەکەمین وێنەگری ژن بوو، لە کاتی شەڕدا بکوژرێ.

رۆبەرت جاپا، لە شەڕێکدا لە هەرێمی کۆردۆبادا وێنەی گەریللایەکی لەکاتی کوژرانیدا گرت، بەم وێنەیە بووە یەکێک لە شاهێدە هەرە گرنگەکانی ئەو سەردەمە. ئەو وێنە فۆتۆگرافییە نێودارەی ئەو، لە سەرەتادا لە ساڵی 1936 لە گۆڤاری فەرەنسیی (Vu) و پاشانیش لە گۆڤاری ئەمریکی (Life) بڵاوکرایەوە.



مردنی گەریللایەک (فۆتۆ:رۆبەرت جاپا)

کاتێک شەڕی نێوخۆی ئیسپانیا دەستی پێکرد، نیگارکێشەکانی وەک پابلۆ پیکاسۆ و خوان میرۆش لە فەرەنسا بوون.

پیکاسۆ و هونەرمەندانی دیکەی ئیسپانی بە شێوەیەکی ئاشکرا پشتگیریی رژێمی کۆماریخوازانیان دەکرد. گۆرنیکای پیکاسۆ یەکەمین جار لە تەممووزی ساڵی 1937، لە پاڤیۆنی ئیسپانی پێشانگەی جیهانی پیشاندرا، کە لە پاریس کرابووەوە.

ئەو پاڤیۆنە ئیسپانییە، کە لە دژی فاشیزمی فرانکۆ تێدەکۆشا. لەلایەن تەلارسازی ناوداری کەتەلۆن ژۆسێپ لویس سێرتەوە بەرنامەڕێژی کرابوو. لە بەردەمی پاڤیۆنەکەدا پەیکەری 18 مەتریی ئەلبێرتۆ سانچیز دانرابوو، کە نێوەکەی بەم جۆرەبوو:"گەلی ئیسپانیا خاوەنی رێیەکە کە بەرەو ئەستێرەکان درێژ بووەتەوە".

پەیکەرسازی ئەمریکی ئەلکساندەر کالدر و نیگارکێش جۆن میرۆ و سینەماکار لویس بونوەل بەشدارییان لە چالاکییەکانی ئەو پاڤیۆنەدا کرد. شاعیری نەمر فەدریکۆ گارسیا لۆرکا کە لەلایەن رژێمی فرانکۆوە لە ساڵی 1936دا کوژرا بوو، لەو پێشانگایەدا یاد کرایەوە.

شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا کاریگەرییەکی سەیری لە هونەر و هونەرمەنداندا کرد. زۆر هونەرمەند بە ناچاری چوونە تاراوگە و وڵاتانی بیانی. هەندێکیشیان وەک شێوەکار جۆوس ماناوت لە وڵاتی خۆیاندا ژیانی دوورخراوەییان بە سەربرد. شەڕی ئیسپانیا لە 70مین ساڵیادی دا هێشتا لە بیرەوەری مرۆڤایەتیدا ماوەو، یادی دەکرێتەوە.

ئیسپانیا بۆ ئەوەی لەگەڵ رابردووی خۆی رووبەڕوو ببێتەوە، زۆر هەڵوەستەی کرد. پێش دوو ساڵ لەکاتی حکومەتی جۆس لویس رۆدریگویز زاپاتیرۆدا، یاسای (یادی دششرۆک) دەرکرا.

ئەو یاسایە، بەرامبەر بە رەخنەی زۆر لە دەوروبەریش، هەندێ شتی هێنایە گۆڕێ. گۆڕستانی بەکۆمەڵ هەڵدرانەوە، جەستەی جەنگاوەرانی مردوو و قوربانییەکانی شەڕ، جارێکیتر نێژرانەوە.

هەروەها لەم ماوەیەی دواییدا کاتێک شەڕی نێوخۆ جارێکی دیکە بووەتەوە جێی سەرنج، زانایان دەڵێن بەم جۆرە نەک هەر برینی کۆن جارێکی دیکە ناکولێنەوە، بەڵکو برینەکان بەم جۆرە سارێژ دەبنەوە.



جۆرج ئۆروێل، پەیامنێری جەنگ



هەمنگوای: نووسەری جەنگاوەر



گێردا تۆرۆ، یەکەمین وێنەگری ژن کە لە شەڕدا کوژرا



**چاو لە کوردستان دەکات:** پەرلەمانی ئیسرائیل کورسی ومێزی نوێی کڕین بۆ ئەوەی بەشی وەزیرەکانی فراوانترین حکومەتی ئیسرائیل بکات

# لە ئیسرائیل بووەوە سەردەمی نەتەنیاهۆ

**رووداو- ئاژانسەکان**

حەوت هەفتە پاش هەڵبژاردن، حکوومەتی نوێی ئیسرائیل دەستی بە کاربوو. لە پەرلەمانی ئیسرائیل (کنێست)دا، 69 ئەندام دەنگی ئەرێیان بە بلۆکی لیکود و بنیامین نەتەنیاهۆ دا. 45 ئەندامیش حکوومەتی ئەویان پەسند نەکرد. بەم جۆرە جارێکیتر سەردەمی نەتەنیاهۆ لە ئیسرائیل دەستی پێکردەوە. سەرۆک وەزیرانی نوێ پاش تێپەڕبوونی 10 ساڵ، جارێکیتر هاتەوە سەر ئەو پۆستە.

لەبەر ئەوەی لە دیرۆکی ئیسرائیلدا، ئەوە جاری یەکەمە حکوومەتێکی هێندە فراوان دابمەزرێ، بەڕێوەبەرانی کنێست مێزی تازەیان کڕین بۆ ئەوەی شوێنی وەزیرەکان ببێتەوە. لەو کابینە نوێیەدا 28 وەزیر هەن.

لە حکوومەتی نەتەنیاهۆدا نیوەی نوێنەرانی پارتەکان، لە کابینەی حکوومەتدا بوونەتە وەزیر. لەلایەکی دیکەوە نەتەنیاهۆ تا ئێستا بە رەخنەگرتن لە زیادبوونی ژمارەی وەزیران ناسرابوو. بەڵام پاش دە ساڵ، کە جاری دووەمە دەبێتەوە سەرۆک وەزیر، بۆ رازیکردنی حیزبە هاوپەیمانەکانی، هەندێ وەزارەتی وەک دوو بەش دارشتنەوە.

نەتەنیاهۆ دەڵێ ئەمە لە بەرامبەر هاوپەیمانیی فراوانە:"پاش شەڕی سەربەخۆیی لە ساڵی 1948، ئێمە هەتا ئێستا کاتێکی وا زەحمەتمان نەبینیوە. رۆژانی وا زەحمەت تەنیا بە هەڵوێستی جیا و بە دەرکەوتن لە رۆتین چارەسەر دەکرێن و تێدەپەڕێندرێن".

کابینەکەی نەتەنیاهۆ لە 5 پارتی وەک بلۆکی لیکوود، پارتی کرێکاران، ماڵی جووان، پارتی شاس و ماڵی ئێمە ئیسرائیلە، دامەزراوە.

ماڵی ئێمە ئیسرائیل لە کابینەکەدا بە پارتی هەرە نەتەوەپەرست ناسراوە. سەرۆکەکەی ئاڤگدۆر لیبەرمان لە کابینەی نوێدا بووەتە وەزیری کاروباری دەرەوە. لە کاتی دانیشتنی کنێستدا بۆ سوێند خواردن، دەرکەوت کە ئەو وەزیری کاروباری دەرەوەیە. ئەندامانی بەرهەڵستکار ئەوەیان پرۆتستۆ کرد. وا چاوەڕوان دەکرێت، لیبەرمان سیاسەتێکی توند دژی فەلەستینیەکان بەڕێوە ببات و ببێتە هۆی گرفتی نوێ.

سەرۆک وەزیرانی نوێ نەتەنیاهۆ لە یەکەمین دانیشتنی کنێستدا، بەرنامەی حکوومەتەکەی خۆی پێشکێشکرد. نەتەنیاهۆ لە وتارەکەیدا گوتی، درێژە بە گفتوگۆی ئاشتییانە دەدات لەگەڵ دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمیی فەلەستین. بەڵام نەتەنیاهۆ باسی پرۆژەی ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپای دەربارەی چارەسەری دوو دەوڵەتی نەکرد.

نەتەنیاهۆ روویکردە فەلەستینیەکان و گوتی:"ئەگەر ئێوە ئاشتی دەخوازن، بەدەستخستنی زۆر ئاسانە". هەروەها نەتەنیاهۆ گوتی، تاوەکو ئێستا هەموو هەوڵەکانی ئاشتی بە ئەنجام نەگەیشتوون.

نەتەنیاهۆ سەرنجی راکێشایە سەر ئەوەی کە ئەو درێژە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرۆکی فەلەستین مەحموود عەباس دەدات و پشتگیری دەکەن.

بەڕێوەبەرایەتیی فەلەستینیش بە ئاشکراکردنی کابینەی نەتەنیاهۆ خۆشحاڵ بوو. نوێنەری فەلەستین بۆ دانوستاندن لەگەڵ ئیسرائیل سایب عورێقات، لە چاوەڕوانی ئەوەدایە نەتەنیاهۆ دەربارەی چارەسەری دوو دەوڵەتی رای خۆی بڵێ، بەڵام ئەو ئەم شتەی نەکردووە. بەم جۆرە لێدوانەی ئەو خەیاڵی ئەوان شکاوە.

نوێنەرێکی دیکەی فەلەستین محەممەد ئیستایح، دەربارەی سیاسەتی حکوومەتی نوێی ئیسرائیل روونیکردەوە کە ئەگەر ئیسرائیل نزیکی چارەسەری دوو دەوڵەتی نەبێتەوەو باسی نەکات، پرۆسەی ئاشتیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێکدەچێت.

ئیستایح، داوای لە نەتەنیاهۆ کرد کە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە نێو سنووری ساڵی 1967دا کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینی بکات:"نەتەنیاهۆ لە جیاتی ئەوەی رووبەڕووی گرفتە راستەقینەکان ببێتەوە، باسی ئاشتیی ئابووری دەکات".

گرفتی بنەڕەتی کشانەوەی ئیسرائیلە لەو خاکەی کە لە ساڵی 1967دا داگیری کردووە. ئەو دەیەوێ پرسی قودس و پەنابەران لە بیر بباتەوە. کێشەکە بە کارکردن دژی بێکاری و پێشڤەبردنی رەوشی ژیان دەبەستێتەوە. بەڵام ئەو شتەی فەلەستینییەکان دەیانەوێ ئەوە نین.

## ئەو گرفتانەی لە بەردەم هاوپەیمانییەکەدان

لەم سەروبەندەدا و بەر لەوەی حکوومەتی نەتەنیاهۆ دەست بە کاری خۆی بکات، یەکێک لەو بابەتانەی کە هاوپەیمانیی ئەو دەخاتە نێو تەنگانەوە، هاتە گۆڕێ.

یەکێک لە هاوبەشانی ئەو هاوپەیمانییە گوتی، ئەگەر نەتەنیاهۆ لە پرۆسەی ئاشتیدا لەگەڵ فەلەستنینیەکاندا باسی بابەتی دابەشکردنی قودس بکات، ئەوا لە هاوپەیمانێتییەکە دەکشێینەوە، بەرەو هەڵبژاردنێکی پێش وەخت دەچن. ئەوە لە کاتێکدایە کە فەلەستینییەکان دەیانەوێ رۆژهەڵاتی قودس ببێتە پایتەختی دەوڵەتی سەربەخۆی ئەوان.

## هەڕەشەی مەزن ئێرانە

نەتەنیاهۆ لە پەرلەماندا یەکەمین وتاری خۆی لە بەردەم شەپۆلێکی پرۆتستۆدا پێشکێش کرد. لە وتارەکەیدا کە بەنێوی حکوومەتەوە پێشکێشیکرد، سەرۆک وەزیران گوتی بۆ ئیسرائیل هەڕەشەی هەرە مەزن ئێرانە:"ئێمە رێ نادەین کەسێک دەربارەی مافی هەبوونی ئێمە قسە بکات". سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشی تۆمەتبار کرد، کە بەشێوەیەکی پێویست بەرامبەر ئێران توووند نییە.



**نەتەنیاهۆ چت لە هەگبەدایە؟ خەیاڵی فەلەستینیان تێکچوو**

کابینەی فووتێکراو

وەزیری دەرەوەی پێشووی ئیسرائیل و سەرۆکی ئێستای ئۆپۆزسیۆن تزیپی لیڤنیش گوتی، پەیامی هاوپەیمانی دەبوا بۆ پەرلەمان شەرمێکی مەزن بێت و رەخنەی لە فراوانی و زۆری وەزیرەکانی حکوومەتیش گرت.

لیڤنی گوتی "لە کاتێکدا کە گرفتی ئابووری لە گۆڕێدان، دامەزراندنی کابینەیەکی بەرفراوان و دوور لە پێوەرەکان کارێکی هەڵەیە. ئایا باری ئەو کابینە فووتێکراوە لە پشتی میللەت بار دەکەن".

لە هەڵبژاردنی 10ی شوباتی ئەم ساڵدا پارتە راستڕەوەکان دەنگی زیاتریان بەدەست هێنا. لە ئەنجامدا پارتی نەتەنیاهۆ بلۆکی لیکوود کە 27 کورسیی بەدەستهێنابوو، بووە پارتی براوەی دووەم، بۆ پێکهێنانی حکوومەت راسپێردرا.

پارتی کادیما بەسەرۆکایەتی لیڤنی کە ئێستا ئۆپۆزسیۆنە، لە هەڵبژاردندا 28 کورسیی بەدەستهێنابوو. بەڵام لیڤنی نەیتوانی حکوومەت دابمەزرێنێ.





# کەپڵەکان بێ بەڵێنن

نەبەز محەممەد
رووداو-سلێمانی

سۆران رەحیم، 28ساڵ، قوتابی زانکۆ، فەرهادانە خۆشەویستی دەکردو هەموو ئامانجیشی لەو خۆشەویستییە ئەوەبوو، لەگەڵ خۆشەویستەکەی ژیانی هاوسەری پێکبێنێت، بەڵام کاتێک بۆی دەرکەوت کەپڵەکەی خەریکە قوڵی دەبڕێ و پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکی دیکە هەیە، وازی لێهێنا. ئەو ئێستا بێ کەپڵە، بەڵام پێیوایە گەنج بەبێ خۆشەویستی ناتوانێ بژی "ئەو بێ بەڵێنییە ئێستا وەک نەریتێکی لێهاتووە".

کچان و کوڕان بە گومانەوە لە پەیوەندییە سۆزدارییەکان دەڕوانن و پێیانوایە زۆربەی کەپڵەکانی ئەو رۆژگارە بێ بەڵێن دەردەچن و قوڵی یەکتر دەبڕن و کڵاو لەسەر یەکتری دەنێن.

"هەریەکێک لە ئێمە رۆژانە کۆمەڵێک بەڵێن بەیەکتر دەدەین، بەڵام زۆر ئەستەمە بەجێیان بگەیێنین"، شیرین بەختەوەر، 20ساڵ، ئەو قسەیە لە ئەزموونی نەوەی ئێستاوە دەکات.

شیرین کە چیرۆکێکی تاڵی وەک ئەو دەڵێ لەگەڵ "کوڕێکی بێ بەڵێن" هەبووە، گوتی "ئەو کوڕە دوو ساڵ خۆشیویستم، کۆشکێکی لەخۆشەویستی بۆ دروستکردبووم، بەڵام نەمزانی بناخەکەی پڕە لە بێ بەڵێنی و خیانەت، ئەو کوڕەش بەهەمانشێوەی هاوڕەگەزەکانی خۆی بێ بەڵێن دەرچوو". ئێستا شیرین بەهۆی بێبەڵێنی کەپڵەکەی، متمانەی بە کوڕان نییە و بەگومانەوە تەماشایان دەکات.

شیرین نمونەی تاڵتر لەبارەی ئەو جۆرە کەپڵانەوە دێنێتەوەو دەڵێ "کوڕ هەیە لەگەڵ دوو کچی هاوڕێی یەکتر پەیوەندی خۆشەویستی هەبووە، بەبێ ئەوەی کچەکان بزانن، هەردووکیان خەونیان بەوە بینیوە زەماوەندی هاوسەری لەگەڵ کوڕەدا بگێڕن". بەبڕوای شیرین، کوڕان زیاتر دەستی کچان دەبڕن "کوڕان زیاتر بێبەڵێنن".

کچان، کوڕان بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە تەنیا بۆ دەستگەرمکردنەوە خۆشەویستی دەکەن. ساریا، 19ساڵ، کە خاوەنی تەجروبەیەکی فاشیلی خۆشەویستییە دەڵێت "ئەوەی من بەدڵ و گیان خۆشمدەویست و بۆی دەسوتام، دەیویست غەریزەکانی لەمندا بەتاڵ بکاتەوە". ساریا بۆی ئاشکرابووە، کە کەپڵەکەی بەڵێنی ئەرخەوانی بۆکچی دیکەش هەڵڕشتووەو فریویداون "هیچی بۆ هاوسەری خۆشنەدەویستین، تەنیا دەیویست کات بەسەر ببات". ساریا بەنیگەرانییەوە گوتیشی "بەداخەوە ئەمڕۆ لە سلێمانی خۆشەویستەکان لەبەرامبەر یەکدا بێبەڵێنن".

بەپێی قسەی گەنجان ئەو بێبەڵێنییە زیاتر لەو چەند ساڵەی دوایی تەشەنەی سەندووە. عەلی ئەحمەد، 33ساڵ، کە ماوەی 2مانگ دەبێت لە ئەورووپاوە گەڕاوەتەوە، بێئاگا نییە لەو بێبەڵێنییەی کە گەنجانی کوردستان بەدەستییەوە دەناڵێنن و دەڵێ " من پێش 10ساڵ لەمەوبەر لەم کوردستانەدا ئەو دەردەم نەدەبینی، بەڵام ئێستا بەڵێن هەر بوونی نییە". بەبڕوای عەلی هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی ئابووری و کچان زیاتر بەدوای کوڕی دەوڵەمەندا دەگەڕێن.

بە بڕوای کۆمەڵناسان، گەنجان ئێستا لە مانای راستەقینەی خۆشەویستی ناگەن، هەربۆیەش ئەوهەموو بێبەڵێنییە یەخەی گەنجانی گرتووە. جەزا حەمە ساڵح، سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان، قاتوقڕی بەڵێن لەنێو کەپڵەکاندا بۆ چەند هۆکارێکی جیاجیا دەگێڕێتەوەو دەڵێ لەرووی پەروەردەی خۆشەویستییەوە عاتیفەمان پەروەردە نەکراوە.

سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان گوتیشی "بەهۆی چەپاندنەوە، کوڕوکچی وڵاتی ئێمە بۆتێرکردنی حەزەکانیان پەنا بۆ خۆشەویستی دەبەن و کاتێک دەزانێ ئەو ئامانجەی لەگەڵ کەسێک بۆ ناچێتە سەر واز دێنێت و لەگەڵ یەکێکی دیکە پەیوەندی دروستدەکات". هەروەها ناوبراو ئاماژە بە گرفیتێکی دیکەش دەدات و دەڵێت "خۆشەویستی ئەم وڵاتە تەنیا بۆ تێرکردنی حەزە بایەلۆجیەکان و سێکسییەکانە، هەرکاتێک تێربوو پابەند نابێت بەو بەڵێنانەی کە داویەتی".

**کوڕان زیاتر دەستی کچان دەبڕن**
کچێک

**کچان زیاتر بەدوای کوڕی دەوڵەمەندا دەگەڕێن**
کوڕێک

## ئەحلام مەنسور، مامۆستای زانکۆی سلێمانی:
# پەیوەندی نێوان کچان و کوڕان گەندەڵی تێکەوتووە

نەوزاد مەحموود
رووداو-سلێمانی

ئەحلام مەنسور، لە سلێمانی تووڕەیەو کوردستانیش بەدۆزەخ دادەنێ، هەروەها کچانی ئێستاش بەنەخۆش وەسفدەکات و دەڵێ "کچان تەنیا خۆیان عەرز دەکەن، هیچ رۆشنبیرییەکیان نییە و ناخوێننەوە".

کچانی کوردستان کاریگەرییەکی زۆری زنجیرە دراما بیانیەکانیان لەسەرە لەپۆشینی جلوبەرگدا، بەلای ئەحلام مەنسورەوە ئەو کچانە "بووکە شووشەی قورمیش کراون". پێشیوایە ئەو جلوبەرگانەی ئێستا کچانی کورد لەبەری دەکەن کچانی ئەورووپاش لەبەری ناکەن "کوڕان زۆر بەتەحەمولن کە پەلاماریان نادەن و دایان نادڕن، چونکە کچان لەبەرچاویان عەرزی قنگ و مەمک دەکەن".

ئەحلام مەنسوور، کە زۆربەی ژیانی گەنجێتی لە بەغدا بەسەر بردووە، وێڕای گلەییەکانی لەجلوبەرگی کچان، یەکێکبووە لەو کچانەی لە حەفتاکان پانتۆڵی چارلس و شۆرتی لەبەر کردووەو سەرنجی زۆری کوڕانی ئەوکاتی بۆ لای خۆی راکێشاوە "زۆر کەس دەیانویست لێم نزیک ببنەوەو پەیوەندیی خۆشەویستیم لەگەڵ دروستبکەن، بەڵام من دڵم دەشکاندن". گوتیشی "بەڵام کچانی ئەوکات خوێندەواربوون و دەیانخوێندەوە".

ئەحلام مەنسوور، لە ساڵی 1951 لە خانەقین لە دایکبووە، ئێستاش مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی. دەڵێت "وەک ئاو و هەوا و باران و ئەستێرە ئازادم"، ئەو دەڵێ ناخۆشترین قۆناخەکانی ژیانی، نۆ ساڵی ژیانی هاوسەرێتی بووە، کە بەفشاری دایکی شوی کرد "دایکم دەریکردم گوتی تۆ دەخوێنیتەوەو دەنووسیت و شوناکەیت، بۆچی باشی، لەبەرئەوە ناچار شووم بە نووسەرێکی بەغدایی بەناوی شەوقی کەریم کردو دوای نۆساڵ لێی جیابوومەوە". ئەحلام ژیانی هاوسەری بە "بۆگەن" وەسفدەکات "چونکە پیاو دوای هاوسەرگیری ژن ئیستغلال دەکات و ژنەکە ئازادی لەدەستدەدات".

بەهۆی ئەو رەخنانەی کە لە رەوشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی دەگرێت، زۆرجار مەلاکان لەخۆی تووڕەدەکات. ئەحلام پێیوایە جیاوازی زۆر لەنێوان مەلاکانی کوردستان و بەغدا هەیە "مەلاکانی بەغدا ئەوە دەڵێن کە حکومەت پێیاندەڵێ، بەڵام مەلاکانی کوردستان وانین، من لەهەشتاکانیش هەر ئەو بۆچوونانەی ئێستام هەبوو، بەڵام مەلاکانی ئەوکات بەم شێوەیەی ئێستا نەبوون".

ئەحلام مەنسوور، کە لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانی قوتابیانی ناو زانکۆیە، بەنیگەرانییەوە باسی ئەو بێبەرنامەییە دەکات کە کچانی زانکۆ تێیکەوتوون و دەڵێ "تەنیا بۆ بڕوانامە دەخوێنن، بڕوانامەشیان بۆ شووکردنە". ئەو باسی کچانی سەردەمی گەنجێتی خۆی دەکات کە چەند تامەزرۆی خوێندن بوونە "ئەوکات کچان پێش تەواوکردنی زانکۆش زەواجیان دەکرد". باسی ئەو حاڵەتەش دەکات کە ئێستا لەنێوان مامۆستایان و کچانی زانکۆدا هەیە و دەڵێ " هەندێک مامۆستای زانکۆ کە خۆم دەیانناسم نمرەی زیاتر بەکچە جوانەکان دەدەن و نمرەی کەم دەدەنە کچە رەشتاڵ و ئەسمەرەکان، لەدرەنگ کەوتنی پۆلیش چاوپۆشی لە کچە جوانەکان دەکەن، بەڵام من خۆم زیاتر لایەنی کوڕان دەگرم تاکچان".

لەو ماوەیە پرسی خەتەنەکردنی کچانی کورد بووە باسی میدیای دەرەوەش، ئەحلام مەنسوور بەنائومێدییەوە لەوە دەڕوانێ و دەڵێ تەنیا لەخانەقین خەتەنەکردن نەماوەو لەشەستەکانەوە لەخانەقین کچ خەتەنە ناکرێت. گوتیشی "ئەمە هۆکاری ساردی سێکسییە لەناو ژنی کورددا و پیاوی کورد بەدەست ژنەکەیەوە گیرۆدەبووە".

بەبڕوای ئەحلام مەنسور ئێستا لە کوردستان گەندەڵی کەوتووەتە نێو پەیوەندییە سۆزدارییەکانی کچان و کوڕانیش "ئێستا چۆن کوڕێک لە یەککاتدا دەستی سێ کچی بڕیوە، کچێکیش هەروا دەستی سێ کوڕی بڕیوەو ئەوەش گەندەڵییە". مەنسور پێشیوایە کە کچانی کورد هەموویان نەخۆشن "هەر ئەوەندەی گوێی لەعەزیزی وەیسی بوو، خۆی رادەوەشێنێ و دەست بەشان هەڵتەکاندن دەکات و هیچ خوێندەوارییان نییەو مێشکیان پووچەو هیچ زمان نازانن".

زۆر لە کچە کلیپکارو هونەرمەندەکانیش پشکی تووڕەبوونی مەنسوریان بەردەکەوێت و دەڵێ "بازاڕین". هۆکارەکەشی بۆ سیستەمی سەرمایەداری دەگەڕێنێتەوەو دەڵێ " ئێستا ئێمە لەتاریکیدا دەژین ". تاکە تروسکاییەکیش کە لەحلامەوە دیاربێت بۆ دەربازبوون لەو تاریکییە "کارل مارکس"ە . چونکە ئەو تاوەکو ئێستاش یەکێکە لەو شیوعیانەی شانازی بەشیوعێتی خۆیەوە دەکات و دەڵێت "ئەوانەی ئەو تروسکاییە نابینن کوێرن".

ئەحلام مەنسور جگەرە بەجگەرە دادەگیرسێنێت، پەیوەستبوونی شێتانەی خۆشی بەجگەرە بۆ نەبوونی هاوڕێ گەڕاندەوە "لە کوردستان تەنیا جگەرە هاوڕێمە".



**کچانی ئێستا هیچ خوێندەواریان نییە، هەر ئەوەندە گوێیان لە عەزیز وەیسی بوو هەڵدەپەڕن**

# گرانبوونی زێڕ گەنجان خەمبار دەکات

رەوا عەبدوڵلا
رووداو- هەولێر

سالار و دەستگیرانەکەی، نیگەرانن لە بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ، چونکە بەو هۆیەوە سێ مانگە زەماوەندی گواستنەوەکەیان دواخستووە.

سالار رەشید، 25 ساڵ، کرێکار، 5 ساڵ لەمەوبەر بە رێکەوت دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کچێکی تەمەن 17ساڵ، هەموو کاتەکانی خۆی تەرخاندەکات بۆ کار کردن، بەو هیوایەی بتوانێت برە پارەیەک کۆ بکاتەوە تا بەزووترین کات بچێتە داوای خۆشەویستەکەی. دوای 5 ساڵ لەرەنج کێشان، سالار، توانی بەئاواتەکەی بگات.

ئەوەی ئێستا بووەتە بەربەست لە پێکەوەنانی ماڵێکی هاوبەش بۆ ئەو دوو گەنجە بەرزبوونەوەی نرخی زێڕە، ئەو کە لەنێو کۆڵانی زێڕنگرانی بازاڕی قەیسەری شاری هەولێر دەستی دەستگیرانەکەی گرتبوو، سەرەڕای ئەو ساتە خۆشە نیگەرانی بەرووخسارییەوە دەبینرا، سالار گوتی "سێ مانگە زەماوەندمان بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ دواخستووە، لە بەدبەختی ئێمەش رۆژ بە رۆژ نرخی گرانتر دەبێ".

بەهۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەی لە ساڵی رابردووەوە جیهانی گرتووەتەوە و لە ئەنجامدا هەزاران کۆمپانیا و سەرمایەدار لەجیهاندا ئیفلاسیان کرد و ملیۆنان کەس بێکاربوون، زێڕ وەک جێ متمانەترین شتی جیهان رەواجی زیاتربوو و نرخیشی لە ئەنجامدا بەرزبووەوە، لەکاتێکدا نرخی هەموو شتێک لە دابەزیندایە. بازاڕی زێڕی کوردستانیش کە پەیوەستە بە بازاڕی جیهانییەوە نرخەکەی بەرزبووەتەوە.

سەرەڕای بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ، بەشێک لە کچانیش داوای زێڕێکی زۆر لەو کوڕانە دەکەن کە دەچنە داوایان، یاخود زۆر جار کەسوکاری کچەکە رازی نابن، کچەکەیان لەسەر برە زێڕێکی کەم مارە بکرێ. بەمەش گرفت بۆ ئەو گەنجانە دروست بووە، کە دەیانەوێ ژیانی هاوسەرگیری دروستبکەن.

دانیال محەممەد، 27 ساڵ، فەرمانبەر کە چەند رۆژێکە چووەتە نێو ژیانی هاوسەرگیرییەوە، ئاماژەی بەوەدا کە دایکی دەستگیرانەکەی داوای 50 مسقاڵ زێڕی بۆ کچەکەی لێدەکرد، بەڵام دوای گفتوگۆیەکی زۆر ئینجا خەسووەکەی بە 35 مسقاڵ زێڕ رازی بوو. دانیال گوتی "زۆرجار کوڕان و کچان لەسەر زێڕ بۆ خۆیان رێکدەکەون، بەڵام هەندێک لەخێزانەکان بەرێکەوتنەکە رازی نابن".

بەشێکی زۆر لە کچان بە تایبەتی ئەوانەی فەرمانبەرو مامۆستان، خاوەن داهاتێکی باشن، بەڵام بە دەگمەن کچان لە کاتی شووکردنیان یارمەتی هاوسەرەکانیان دەدەن بۆ پێکەوەنانی ماڵ. ئەوین ئیسماعیل،27 ساڵ، مامۆستا، کە هێشتا ژیانی هاوسەری پێکنەهێناوە، لەبارەی یارمەتیدانی ئەو کەسەی دەچێتە داوای، گوتی "هێشتا نەبووەتە نەریتێک کچ یارمەتی کوڕ بدات پێش گواستنەوە، چونکە ئەگەر کچەکە ئەو کارە بکات لەلایەن خەڵک و بنەماڵەی زاوا بەچاوێکی کەم سەیر دەکرێت".

زێڕنگران باس لەوە دەکەن زۆرجار بەهۆی بەرزبوونی نرخی زێڕ و پێداگیری زۆری کەسوکاری بووک لەسەر چەند مسقاڵ زێڕێکی زیاتر کێشە لەنێوان ماڵی بووک و زاوا دروست بووەو تەنانەت کار گەیشتووەتە لێکجیابوونەوەی دەستگیرانەکان.

ناسح حوسێن، خاوەنی پێشەنگای ژینوا، بۆ کڕین و فرۆشتنی زێڕ، لەو بارەیەوە دەڵێت "بووکی وا هەیە داوای 20 مسقاڵ زێڕ دەکات، هەشە داوای 200 مسقاڵ دەکات، بە گوێرەی باری دارایی ماڵی زاوا و داواکاری بووک دەگۆڕێت". هەروەها گوتیشی "زۆرجار بەهۆی داواکردنی زێڕێکی زۆر لەلایەن بنەماڵەی بووکەوە کێشە دەکەوێتە نێوان بووک زاوا، تەنانەت هەندێک جار کار گەیشتووەتە سەر هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەری".

عەبدولکەریم مستەفا، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی زێڕنگرانی هەولێر و ئەندامی لیژنەی دانانی نرخی زێڕ لەبازاڕ، ئاماژەی بەوەدا ئێستا داواکارییەکی زۆر لەسەر کڕینی زێڕ لە جیهان بەگشتی هەیە ئەمەش بووەتە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ، گوتیشی "ئێمە وەک لیژنەی دانانی نرخ، رۆژانە بەگوێرەی بۆرسەی جیهانی نرخەکان رێکدەخەین".

جگە لەوە وەزیری دارایی عێراق رایگەیاند لەوانەیە ساڵی داهاتوو، مووچەی فەرمانبەران کەمبکرێتەوە، بۆیە داوایکرد کە فەرمانبەران سوود لە مووچە زیادی ئێستا وەربگرن بە پاشەکەوتکردنی پارە یاخود زێڕ کڕین.

کۆمەڵناسان هۆکاری داواکردنی زێڕێکی زۆر لەلایەن کچان و کەسوکاریانەوە دەگەڕێننەوە بۆ ئەو نەریتە کۆنەی پێیوایە تا کچ زێڕی زیاتری بۆ بکرێت بەهای کۆمەڵایەتی پتر بەرزدەبێتەوە.

بەڵام عەبدوڵلا ئیسماعیل، کە ماستەری لە کۆمەڵناسی هەیە دەڵێت "ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە".



# قوتابیانی زانکۆ لە کتێب تۆراون

ساکار رۆستەم
رووداو-هەولێر

کۆسار، کتێبێکی لە فەرمانبەری کتێبخانەکە وەرگرت و هەر لەنێو کتێبخانەکە دەستیکرد بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی. جگە لە مێزەکەی کۆسار و دوو مێزی دیکە، هەموو مێزەکانی ناو کتێبخانەکە چۆڵ بوون.

کۆسار حوسێن، 20 ساڵ، قوتابی قۆناخی دووەمی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددینە، پێیوایە چۆڵی هۆڵەکانی کتێبخانە پەیوەندی بە کەمی سەرچاوەی کتێب بە زمانی کوردییەوە هەیە "چونکە قوتابیانی زانکۆ، زۆر بە کەمی زمانە بیانییەکان دەزانن". هەروەها لەو باوەڕەشدایە، قوتابیان تا ئێستا لەگرنگی و پێویستی خوێندنەوەی کتێب نەگەیشتوون.

هاوژین، 22 ساڵ، هاوڕایە لەگەڵ کۆسارو دەڵێت "من تەنها زمانی کوردی دەزانم و ناتوانم بەزمانی بیانی کتێب بخوێنمەوە،بەزمانی کوردیش کتێب کەمە و ئەوەی دەمەوێت دەستم ناکەوێت".

هەرچەندە هاوژین، ئەو بیانووە دێنێتەوە، بەڵام قوتابیانی زانکۆ بەگشتی زۆر بە کەمی روو لەکتێبخانەکانی کۆلیژەکانیان دەکەن و زۆربەی کاتە بەتاڵەکانیان لە کافتریا و گۆڕەپانی کۆلیژ بەسەر دەبەن.

محەممەد نامیق، 21 ساڵ، قوتابی قۆناخی دووەمی کۆلێژی زمان، بۆچوونێکی دیکەی لەسەر کەم خوێندنەوەی قوتابیان هەیەو دەڵێ "خراپی باری دارایی بەشێکی زۆری قوتابیان هۆکاری ئەوەیە کە نەتوانن ئەو کتێبانە بخوێننەوە کە حەزی لێدەکەن". نامیق لەکاتێکدا ئەو قسەیە دەکات، کە کتێبخانەی کۆلیژەکەی ژمارەیەکی زۆر کتێبی تێدایە و هەر کاتێک قوتابیان مەبەستیان بێ دەتوانن بێ بەرامبەر بیخوێننەوە.

جگە لەکتێبخانەکانی ناو کۆلیژ، زانکۆی سەلاحەددین خاوەنی کتێبخانەیەکی زۆر گەورەیە، کە ئەویش کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سەلاحەددینە. بەپێی ئەو زانیاریانەی لە کتێبخانەکە دراوەتە (رووداو) زیاتر لە 215 هەزار سەرچاوەی کتێب لەو کتێبخانەیەدا هەن (100 هەزار بەزمانی عەرەبی، 100 هەزار بە ئینگلیزی، 10 هەزار بەکوردی و 5 هەزار بە فارسی). جگە لەوەش کتێبخانەکە خاوەنی دەوڵەمەندترین ئەرشیفی رۆژنامەکانە، لەسەرتاسەری کوردستان و عێراق.

رۆزک تاهیر، کە فەرمانبەری کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سەلاحەددینە، لەبارەی هاموشۆی قوتابیان گوتی "بەدەگمەن قوتابییەک دەبینی، داوای کتێبێک بکات پەیوەندی بە مەنهەجی خوێندنەوە نەبێت، قوتابیان تەنیا لەکاتی راپۆرت و توێژینەوەی دەرچوون داوای کتێب دەکەن".

ساڵانە چەندین پێشانگای فرۆشتنی کتێب لەلایەن دەزگاکانی چاپ و بڵاو کردنەوە دەکرێنەوە، وەک تێبینی دەکرێ زۆربەی ئەوانەی دەچنە ئەو پێشانگایانە گەنجان وقوتابیانن، بەڵام کتێبفرۆشان ئاماژە بەوە دەدەن ئێستا گەنجان کەمتر کتێب دەکڕن.

ئومێد رەشید، کتێبفرۆشێکی بازاڕی کتێبفرۆشانی هەولێرە، لەبارەی کڕیارانی کتێب گوتی "ئەوانەی زیاتر کتێب دەکڕن تەمەنیان لەسەرووی تەمەنی گەنجییە، واتا بە تەمەنەکانن".



rudaw@rudaw.net

# سوێ بوونەوە

**ئاسۆ سەراوی**

لەناو بینای فەرمانگەیەکی حکومی ئەم هەرێمەدا، ئەفەندییەکی بەتەمەن بە چیچکانەوە پاڵی بە لادیوارێکی چڵکنەوە دابووەوە و هێواش هێواش مژی قوڵی لە سیگارێکی تازە گردراو دەدا، ڕەنگ و رووخسار و ددانەکانی گەواهی ئەوەیان دەدا کە ئەفەندی لە مێژە ئاشنایەتی لەگەڵ دووکەڵی سیگاردا پەیداکردووە. ئەفەندی بێئاگا لە چوار دەورەکەی، نوقمی خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی بوو، لەپڕ هاواری پۆلیسێکی دوو خەت رایچڵەکاند "هێی خاڵە"، ئەفەندی لەگەڵ تۆمە ئەو جگەرەیە لابە، دەفەرموو خۆمان خەریکە سوێمان دەبێتەوە بۆ مژێک، نایکێشین، کەچی جەنابی وەک ئەوەی نەبای دیبێ و نەبۆران، کەوتووەتە جگەرەکێشان".

ئەفەندی کەمێک تفی خستە سەر پەنجەی دۆشاومژەی وئاگری سیگارەکەی پێکوژاندەوە و پاش ماوەی جگەرەکەشی خستە گیرفانی چاکەتە شڕەکەیەوە.

دیمەنەکە جێی سەرنج بوو، بەتایبەت بۆ رۆژنامەڤانێک کە (سەری نەیێشێت، بەڵام هەمیشە حەزی لە خواردنی پاراسیتۆڵێک بێت).

رۆژنامەڤان: ماندوونەبیت، دەڵێی نەتبیستوە لەناو شوێنی داخراودا کێشانی جگەرە قەدەخەکراوە؟

ئەفەندی: شتێکی وام بیستوە، بەڵام فشەیە.

رۆژنامەڤان: چۆن فشەیە؟ ئاخر بڕیاری لەسەر دەرچووە، چەندین رۆژ ئەندامانی پەرلەمان کاتە بەنرخەکانی خۆیان بەو بڕیارەوە کوشت.

ئەفەندی: ئاخر بڕیاری لەسەر دەرچووە بۆیە ئیمانم پێی نییە، هەر ئێستا سەت بڕیارت بۆ دەژمێرم، تائێستا دنیای رۆشنی نەبینیوە.

رۆژنامەڤان: وەک..؟

ئەفەندی بەخێسەیەکەوە لە رۆژنامەڤانەکەی روانی و وتی "ئەگەر بەنیازی مەحکەمەمان بکەیت، بابڕۆین بۆ دادگا، بڕۆ باوکی من تۆ چ کارت لەم سەرئێشەیە داوە".

رۆژنامەڤان: حەدم نییە، بەڵام دەمەوێ لە خەمی خەڵکی بگەم.

ئەفەندی: کەواتە گەمژەیت، خەمی خەڵکی وەک مانگی چواردە رۆشن و دیارە، هێندە قورس نییە کە گەنجێکی وەک تۆ لێی تێنەگات، هەموو تێدەگەن، بەڵام خۆتان هەڵە دەکەن.

رۆژنامەڤان: بەڵام خەمی هەمووان وەک یەک نییە، من دەمەوێ لە خەمی تاکەکان بگەم، بەتایبەت خەمی بەئەزموون و بەتەمەنەکان.

ئەفەندی: ئەم فەلسەفانە بۆ من لێمەدە، بڕۆ تووشی بەزمێکمان مەکە، ئێمە چەندین ساڵە دەستمان بە کڵاوەکەی خۆمانەوە گرتووە با نەیبات، دەبڕۆ برا وازمان لێبێنە ئێستا قوزەڵقورتێک بوو نەمان کێشاو بڕایەوە.

رۆژنامەڤان: کەواتە ئێمەش دەستبگرین بە کڵاوەکەمانەوە، ئاخر بەو جۆرە خەم و کێشەکان نەک چارەسەرنابن، بەڵکو زیاتر دەبن.

ئەفەندی هێمنتر لە جارەکانی پێشوو، وەک ئەوەی بیەوێ تەنها قسە بۆ ناخی خۆی بکا، زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوەکانی و وتی "خۆش خەیاڵی ئەگەر پێتوابێت خەم و کێشەکان بە باسکردن چارەسەر دەکرێن. بەبیری من هیچ سەردەمێک هێندەی ئێستا باسی گەندەڵ و خەم و کێشە و چاکسازی و ریفۆرم نەکراوە، کەچی رۆژ بە رۆژ بارمان روو لەلارییە، جەنابت لە کەیەکەوە خەریکی ئەم بەزمەی؟".

رۆژنامەڤان: کام بەزم؟ ئەگەر مەبەستت کاری رۆژنامەیە، ماوەی چەند ساڵێکە.

ئەفەندی: لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا باسی گەندەڵییەکی زۆرتان کردووە، گیانی خۆشتان خستووەتە خەتەرەوە، سوکایەتیشتان پێکراوە، بەڵام سوێندت دەدەم لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، گەندەڵییەکان زیادیان کردووە یان کەم؟

رۆژنامەڤان: وەڵڵا بڵێم چی؟ بە دڵنیاییەوە زیادی کردووە.

ئەفەندی: دەکەواتە دەستبگرن بە کڵاوەکەی خۆتانەوە با با نەیبات، شتێکیش هەیە حەزدەکەم پێتی بڵێم، ئەو پۆلیسە چۆن سوێی بووەتەوە بۆ مژێک جگەرە و ناتوانێ بیکێشێت، منیش بەدەست تووە بەڕاستی ئەمڕۆ سوێم بووەوە. دەبڕۆ بەرۆکم بەردە.

aso_sarawy@yahoo.com

---

ڕاگری کۆلێژی ئاداب لەخانەقین:

# لەبەر خاتری کورد دێین بۆ خانەقین و بەخۆبەخشانە وانە دەڵێینەوە

**بیلال سەعید**
**رووداو- خانەقین**



خوێندکارانی کۆلێژی ئاداب لە شاری خانەقین دەڵێن کۆلیژەکەیان پشتگوێخراوەو رەخنەی ئەوە لە راگرایەتی کۆلێژەکەیان دەگرن کە بەهۆی دەستتێوەردانی حیزب لە بەڕێوەبردنی کۆلێژەکەیان و، مامۆستای پێویست و بەشی ناوخۆییان نییە. راگری کۆلێژی ناوبراویش دەستتێوەردانی حیزب لەکاروباری کۆلێژەکەیان رەتدەکاتەوە، بەڵام دەڵێت "راستە کێشەی نەبوونی مامۆستا و بەشی ناوخۆییمان هەیە".

کۆلێژی ئاداب لە خانەقین کە سەر بە زانکۆی سلێمانییە، لە کۆتایی ساڵی 2004 لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوەتەوە، سەرەتای خوێندن تێیدا بە بەشی کوردی دەستی پێکرد و 80 خوێندکاری وەرگرت، 75 خوێندکاری ئەو کۆلێژە ئەمساڵ ئاهەنگی دەرچوونیان بۆ ئەنجامدرا. ئێستا کۆلێژەکە لەپێنج بەش: کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، جوگرافیا و دەروونناسی پێکهاتووە.

بەختیار محەممەد، خوێندکاری کۆلێژی ئاداب لە خانەقین ئاماژەی بەوەکرد کە مامۆستاکان بەپێی بڕوانامەکانیان دانەنراون، بەڵکو مامۆستای وایان هەیە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیە کەچی وانە لە کۆلێژەکەیان دەڵێتەوە، لەهەمانکاتیشدا گلەیی لە بەڕێوەبردنی کۆلێژەکەشیان کرد کە "حیزب سەرپەرشتی کۆلێژەکە دەکات لە جیاتی حکومەت و وەزارەتی خوێندنی باڵا".

د. محەممەد زەهاوی، راگری کۆلێژەکە بە (رووداو)ی راگەیاند لەگەڵ ئەوەی ساڵانە یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆلێژەکە وەک مامۆستا دەتوانن وانە بڵێنەوە " کۆلێژێک تازە دامەزرێت مامۆستای جیاوازی بۆ دێت، بۆیە ناکرێت بەو تەمەنە کورتە داوای مامۆستای پلە بەرز بکەی".

راگری کۆلێژەکە باس لەخاڵێکی دیکە دەکات کە نەبوونی مامۆستای پێویستە، ئەویش بەهۆی کێشەی ئیداری، کە تائێستا خانەقین نەگەڕاوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان بەمەش مامۆستا نایێن لەخانەقین وانە بڵێنەوە، جگە لەمانەش مامۆستاکانی بێبەشن لە وەرگرتنی، زەوی، ئۆتومبێل، پێشینەی خانووبەرە. هەروەها گوتیشی "ئێمە کە زیاد لە 40 مامۆستاین هیچ دەسکەوتێکمان نییە، تەنها لەبەر خاتری خانەقین و کورد دێین وانە بەخۆبەخشانە دەڵێینەوە".

خانەقین، قەزایەکی سەر بە پارێزگای دیالایە و زۆربەی دانیشتوانی، هەرچەندە وەک ناوچەیەکی ناکۆکی لەسەر هێشتا نەگەڕاوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام لە رووی ئیدارییەوە لە ژێر دەسەڵاتی کوردی دایە و، بەتایبەتیش لەلایەن یەکێتییەوە کۆنترۆلی پۆست و دائیرەکانی کراوە.

بەختیار محەممەد کە 100 مەترێک لە دووری ژووری راگر وەستابوو، گوتی "ئەمنیەتی کۆلێژەکە بە تەواوەتی سەقامگیر نییە و بەشێوەی هەرزەکارانە مامەڵەمان لەگەڵ دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار مامۆستایان بۆ خۆیان کێشەیان لەنێواندا هەیە".

راگری کۆلێژ گوتی "تا ئێستا هیچ روویندداوە، راستە چوار پۆلیسمان داناوە، بەڵام خەڵکی دیکەمان هەیە کە چاودێری دەکەن، بەڵام بە نهێنی، رۆژانەش ئامۆژگاری پۆلیسەکان دەکەین".

بۆ دروستکردنی تەلاری بەشی ناوخۆیی، 144 ملیۆن دینار بۆ کۆلێژەکە سەرفکراوە، بەڵام تا ئێستا هیچ شتێک دیار نییە. خوێندکاران دەڵێن بینای بەشە ناوخۆییەکان دروستبکرێت باشترە نەوەک خانوو بەکرێ بگرن. راگر دان بەوە دادەنێت کە کێشەی ئەوان نەبوونی مامۆستا و بەشە ناوخۆییە. بۆ بەشەناوخۆییەکان دروست ناکرێن و ئەو پارەیە چی بەسەرهات؟ راگر دەڵێت "پارەکە لای من نییە، لای سەرۆکایەتی زانکۆیە".

بەپێی زانیارییەکانی راگر بودجەی کۆلێژەکە تەنها دوو ملیۆن دینارە، دەڵێت " ئەوەش بەشی ئیفادی فەرمانبەرەکانیشمان ناکات چونکە لەسلێمانیەوە دوورین، بەڵام وەک کەس مەلا بەختیارو د. بەرهەم یارمەتی کۆلێژەکەیان داوەو، سوپاسیان دەکەین"، دەپرسێت "بە دوو ملیۆن کۆلێژیک چۆن بەڕێوە دەچێت؟".

یەکێک لەو رەخنە بەردەوامانەی کە لە راگرایەتی ئەو کۆلێژە دەگیرێت بەڕێوەبردنی کۆلێژکە و دەستێوەردانیەتی لەلایەن حیزبەوە، راگر ئەو قسەیە رەتدەکاتەوە و دەڵێت "ئێمە دەزگایەکی حکومین و خانەقین بچووکە سەیری هەر کەس بکەیت دەزانرێت سەر بە کام لایەنە".

فەرمان خێلانی، رۆژنامەنووس و خوێندکار لەو کۆلێژە باسی لەوەکرد ئەوە چوار ساڵە ئەم کۆلێژە کێشەی بەشە ناوخۆیی چارەسەر نەکراوە.

د. محەممەد، دەڵێ تەندەر بۆ دروستکردنی بەشە ناوخۆییەکان دەرچووە " بەڵام دەبێت ئەمساڵیش خوێندکاران وەک ئێمە لەگەڵ خەڵکی شاری خانەقین تەحمول بکەن تاوەکو ساڵی دیکە هەمووی چارەسەر دەکرێت".

سەبارەت بەگلەیی خوێندکاران لە نەبوونی پاسەوان بۆ بەشە ناوخۆییەکان کە لەماڵاندان دکتور محەممەد گوتی" تا ئێستا دامەزراندن نییە، بەچی پاسەوان دامەزرێنم، ئێمە کێشەی کوڕانمان نییە، بۆ کچان ئافرەتی سەرپەرشتیارمان داناوە و خۆم سەرپەرشتی هەموو بەشە ناوخۆییەکان دەکەم لەگەڵ ئەوەشدا بە شەوان پۆلیس و ئاسایش بە دەوروبەری ئەو ماڵانەدا دەگەڕێن کە خوێندکاری تێدایە، بەڵام ئەوان نایان بینن".

## لە جیاتی حکومەت و وەزارەتی خوێندنی باڵا، حیزب سەرپەرشتی کۆلێژەکەمان دەکات

بەختیار محەممەد، خوێندکاری کۆلێژی ئاداب لە خانەقین

---

رای شەقام

## بڕوا، بە هەوای فینلەندا دەژی



**رووداو-هەولێر**

بڕوا نەعمان،20 ساڵ، قوتابی قۆناخی یازدەی زانستی، بڕوای بە خوێندن لەکوردستان نییە و حەز دەکات ئەو تەمەنەی ماویەتی لە فینلەندا بەسەر ببات.

**رووداو: لەو قۆناخەی تەمەنت، حەز دەکەی لە کوێ بژی؟**

**بڕوا:** حەزمدەکرد لە فینلەندا بوومایە.

**رووداو: بۆچی فینلەندا؟**

**بڕوا:** چونکە لەوێ جیاوازی لەنێوان تاکەکاندا نییە، گەندەڵی نییە و ئیشوکاریشت بە واستە بۆ ناکەن. بەڵام لەکوردستان پێچەوانەیە؟

**رووداو: باشتر نییە هیواکانی خۆت بە خوێندنەکەت هەڵبسێریت؟**

**بڕوا:** هیوای چی! پۆلی یانزەی زانستیم تا ئێستا نازانم دوو وشە ئینگلیزی و عەرەبی قسە بکەم، لێرە خوێندن هەر بە رێکردنە.

**رووداو: بە گەیشتنت بە فینلەندا بە ئاواتەکانت دەگەی؟**

**بڕوا:** لەوانەیە، هەر هیچ نەبێت لەوێ یاسا بەبێ جیاوازی سەیری تاکەکان دەکات. دەشتوانم بخوێنم و بڕوانامەیەک بەدەستبهێنم.

## "باوەڕ ناکەم بەرپرسانی کوردستان ماڵ و سامانیان ئاشکرا بکەن"



**رووداو-هەولێر**

شالاو سالح حەمە غەریب، 23ساڵ، دەرچووی زانکۆی سەلاحەددین، لەو باوەڕەدانییە بەرپرسانی کوردستان سامانی خۆیان ئاشکرا بکەن، "چونکە گەندەڵی کەمدەبێتەوە".

**رووداو: پێت باشە بەرپرسانی کوردستان سەروەتی خۆیان ئاشکرا بکەن؟**

**شالاو:** زۆر پێم باشە، چونکە ئەگەر سامانیان ئاشکرا بکەن، دەسەڵاتی پارەبردنیان کەمتر دەبێتەوە.

**رووداو: لەو بڕوایەدای ئاشکرای بکەن؟**

**شالاو:** زۆر زەحمەتە چونکە لەبەرژەوەندی خۆیان نییە، ئاشکراکردنی سامان، گەندەڵی کەمتر دەکاتەوە.

**رووداو: پێتوایە دەستەی نەزاهە لە کوردستان دامەزرێت و سەربەخۆبێ؟**

**شالاو:** هەر شتێک لە وڵاتی ئێمە بکرێت حیزب دەستی تێوەردەدات، پێم باشە ئەگەر دروستیشکرا دەستەکە دەسەڵاتی تەواوی هەبێ.

---

# بەرپرسان و سەرمایەداران بازاڕی ژمارە جوانەکان گەرم دەکەن



**رەوا عەبدوڵڵا**

rawaebdalla@yahoo.com

**رووداو - هەولێر**

کڕیارەکان بەرلەوەی سەیری ئۆتۆمبێلەکەی قاسم بکەن، سەیری تابلۆی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەیان دەکرد، کە ژمارەیەکی سێیی سەرنجراکێش بوو. جوانی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکە وایکردبوو کە قاسم نرخێکی زیاتر لەنرخی ئاسایی ئۆتۆمبێلەکە داوا بکات.

قاسم ئیسماعیل،57 ساڵ، ماوەی 27 ساڵە بەکاری کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبیلەوە خەریکە، بەڵام بەهۆی زۆری داواکاری لەسەر تابلۆی ژمارە جوان، ئێستا تەنیا ئۆتۆمبێلی ژمارە جوان دەکڕێ و دەفرۆشێتەوە "لە هەر شوێنێک ژمارەیەکی جوان هەبێت هەوڵمداوە خاوەنەکەی رازی بکەم بیفرۆشێت".

بەپێی ئەو بە دواداچوونەی (رووداو) کردوویەتی دەرکەوتووە، تابلۆی ژمارە جوان بازاڕیان بەردەوام لە گەرمبووندایە، بە جۆرێک هەندێک ژمارە سەدان هەزار دۆلاری پێدراوە. بەپێی ئەو بەدواداچوونە تابلۆی چوار ژمارەیی نرخەکەی لەنێوان 4500-5500 دۆلار دایە، تابلۆی سێ ژمارەیی نرخەکەی لەنێوان 6-10 هەزار دۆلارە، تابلۆ دوو ژمارەییەکانیش نرخیان لەنێوان 50-100 هەزار دۆلارە، یەک ژمارەیش نرخەکەی لەنێوان 100-250 هەزار دۆلارە.

بەگوێرەی قسەکانی قاسم، ژمارەی جوان داواکارییەکی زۆری لەسەرە بەتایبەتی لەلایەن بەرپرسان و سەرمایەداران "لێپرسراوەکان بۆ جیاکردنەوەی خۆیان و ئۆتۆمبێلەکانیان لەخەڵکی ئاسایی بەدوای ژمارەی جوان دەگەڕێن"، هەروەها گوتیشی "پێشتر ژمارەی جوان دەدرایە ئاغاکان، ئێستاش دەدرێتە بەرپرسەکان".

بەپێی ئەو ئامارەی لەبەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی شاری هەولێر دراوەتە (رووداو) تا ئێستا زیاتر لە 117 هەزار تابلۆی ژمارەی ئۆتۆمبێلی تایبەت دابەشکراوە، بەڵام شوفێران گلەیی لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ دەکەن کە جیاوازی دەکات لە پێدانی ژمارەی ئۆتۆمبێل، بەتایبەتی ژمارە جوانەکان.

نەقیبی هاتوچۆ سەردار عەزیز، بەرپرسی بەشی ژمارەی تایبەت لەبەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر، ئەو گلەییانەی بەبێ بنەما وەسفکردن و گوتی "ئێمە بەگوێرەی زنجیرەی چەکی بانک ژمارە دابەش دەکەین، هیچ جیاوازیەکیش لەنێوان ژمارەی جوان و ناشیرین ناکەین". نەقیب سەردار گوتیشی "بۆ رێگەگرتن لەفرۆشتنەوەی ژمارە، بڕیارمانداوە ئەگەر کەسێک هەردوو ساڵیانەی ئۆتۆمبێلی بەناو نەبێت ژمارەکەی بۆ ئاڵوگۆڕ نەکەین".

بەڵام قاسم دەڵێت "بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ ژمارە جوانەکان دابەش ناکات، وەرگرتنی ژمارە جوانەکان بەبێ واستە مەحاڵە بدرێتە خەڵک".

خاوەن پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبیل ئاماژە بەوە دەدەن ئەو ئۆتۆمبێلانەی ژمارەی جوانیان هەیە، نرخیان زیاترە لەئۆتۆمبێلی دی و رەواجیشیان باشە گۆڤەند سادق، خاوەنی پێشانگای کوردستان بۆ کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل، دەڵێت "ئەو ئۆتۆمبێلانەی ژمارەی جوانی هەبێت نرخەکەی جیاوازە، ئەگەر خاوەنەکەی بەژمارەوە بیفرۆشێت ئەوا نرخی ژمارەکەشی دەچێتە سەر".

هەروەها زەمان جەبار، خاوەنی پێشانگای دەشتی بۆ کڕین وفرۆشتنی ئۆتۆمبێل، باسی لەوەکرد چەندینجار لەلایەن بەرپرسان داوای پەیداکردنی ژمارەی جوانی لێکراوەو گوتی " 85 هەزار دۆلارم دایە خاوەنی تابلۆیەکی دوو ژمارەیی بۆ بەرپرسێک، بەڵام ئامادە نەبوو بیفرۆشێت".

زۆربەی ژمارە بچوکەکان لەلای لێپرسراوان و سەرمایەدارانە، هەندێکجار نرخێکی زۆریان دەدەنێ، بەڵام ئامادەنین ژمارە جوانەکانیان بفرۆشن. (ع،م)، خاوەنی ژمارە (5)، کە کوڕی یەکێک لەبنەماڵە ناودارەکانی شاری هەولێرە باس لەوە دەکات چەندینجار لێپرسراوان و سەرمایەدارانی هەولێر داوای فرۆشتنی ژمارەکەیان لێکردووە، بەڵام دەستبەرداری نەبووە "250 هەزار دۆلاریان بە ژمارەکە داوە، بەڵام نایفرۆشم، چونکە ئەو ژمارەیە وەکو رەمزێکە بۆ ناسینەوەی بنەماڵەکەمان".

عومەر ئاغای سورچی، سەرۆکی پارتی پارێزگارانی دیموکراتی کوردستان، کە خاوەنی تابلۆی ژمارە (1-اربیل)ە، باسی لەوە کرد کە تا ئێستا چەندین کەس داوای فرۆشتنی ژمارەکەیان لێکردووەو پارەیەکی خەیاڵیان داوەتێ، بەڵام ئامادە نییە ئەو ژمارەیە بفەوتێنێت، چونکە پێویستی بە پارە نییە. عومەر ئاغا گوتی "ئەوانەی پارەی خەیاڵی بە ژمارەی ئۆتۆمبێل دەدەن، ئەو پارەیەیان بە هەوەنتە دەستکەوتووەو نازانن چۆن خەرجی بکەن".

## ئەوانەی پارەی خەیاڵی بە ژمارەی جوان دەدەن، ئەو پارەیەیان بە هەوەنتە پەیدا کردووە



عومەر ئاغای سورچی



---

سالێکە چاوەڕوانی وەڵامی نووسراوێکە

# دەیەوێت گورچیلەی خۆی بفرۆشێت



**رووداو- هەولێر**

هەرگیز رۆژێک بیری لەوە نەکردووەتەوە بکەوێتە ناو ژیانێکی دژوار و بڕیار بدات ئەندامێکی گرنگ لەجەستەی خۆی بفرۆشێت، بەڵام سیروان ئێستا بەدوای کڕیارێکدا دەگەڕێت گورچیلەیەکی خۆی پێ بفرۆشێت.

سیروان کەریم حوسێن، 35 ساڵ، تا کاتی رۆیشتنی بۆ دەرەوە فەرمانبەر بووە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، لەهەمانکاتیش دابەشکاری هونەری بووە لەکۆمپانیای چوارچرا، دوای 2 جار تاقیکردنەوەی رێگەی قاچاخ، جاری سێیەم کە خەریکدەبن وڵاتی یۆنان جێبهێڵن لەگەڵ نزیکەی 200 گەنجی کورد دەستگیر دەکرێن و رەوانەی تورکیا دەکرێن و، لەوێشەوە دیپۆرتی کوردستان دەکرێنەوە.

ئەو کە نزیکەی 8 هەزار دۆلاری لەو رێگەیە خەرجکردووە، کە ئێستاش 25 هەزار دۆلار قەرزارە، دەڵێت "رۆیشتنی من ئەوەندەی پەیوەندی بە دۆزینەوەی سەربەخۆیی خۆم و کەسایەتی خۆمەوە هەبوو، ئەوەندە بۆ پارە نەبوو"، سیروان گوتیشی "لەماڵەوەش کێشەی لێک نەگەیشتن و ژیانم هەبوو، کە رۆیشتیشم خواحافیزیم لەکەس نەکرد، ئێستاش لەو رەوشە دەروونییە ناخۆشەدا کەس موراعاتم ناکات".

بڕیاردان لەسەر فرۆشتنی گورچیلەی خۆی دوا رێگە بووە کە ئەو گەنجە بیری لێبکاتەوە، لەو کاتەی دەزانێت هیچ هیوایەکی دیکەی نەماوە، هەرچەندە دەزانێت لەکوردستان قەدەخە کراوە، بەڵام دەڵێت "لێرە نایفرۆشم، لەرێگەی پەیوەندیکردن بە ئیمەیڵ و رێکخراوەکانی دەرەوە ئەو کارە دەکەم".

سیروان بۆ (رووداو) ئەوەشی ئاشکرا کرد ئەگەر پلانەکەی سەربگرێت رەنگە بەو پارەیە دووبارە رێگای قاچاخ بگرێتەوە بەر.

دوای سنوورداش کردنەوەی لەمانگی 1ی 2007، سیروان لەکوردستان خاوەنی هیچ شتێک نییە، بۆیە بڕیار دەدات بگەڕێتەوە سەر کاری پێشووتری لەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەنووسراوێکی فەرمی بۆ گەڕانەوەی بە ژمارە 2034ی رۆژی 2008/3/10 کە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان بەرز کراوەتەوە بە واژۆی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە، سیروان دەڵێت "لەوە تێناگەم دوای ساڵێک بۆچی ئەو نووسراوەی من لە ئەنجوومەنی وەزیران بێ وەڵام ماوەتەوە"، هەروەها سیروان گوتیشی "دوای ساڵێک لە نەگەڕانەوەی وەڵامی نووسراوی گەڕانەوەکەم، بڕیارمدا گورچیلەیەکی خۆم بفرۆشم".

ئەو گەنجە کە وەک خۆی باسیدەکات ئێستا خەریکی کات کوشتنە، تەنها ئەوە نەبێت لەو دوکانەی کە برا گەورەکەی کاری تێدا دەکات، کاتێک کەلوپەلی تازەیان بۆ دێت لەگەڵ کرێکارە بەنگلادیشییەکان حەمباڵی دەکات، بیر لەوە دەکاتەوە ئەویش شایستەی ژیانێکە وەک هەر کەسێکی دیکە، قورگی دەگیرێت و ئاو دەزێتە چاوەکانی ودەڵێ " لە وڵاتێکدا بۆت نەبێت خاوەنی مووچەیەک بیت کە دەکاتە خەرجی رۆژانەی منداڵە بەرپرسێک، لە وڵاتێکدا لەسەر قەرز و نەهامەتی بژیت و تەمەنت بەو شێوەیە بڕوات، ژیان شتێکی بێ مانایە".

# هەمەجۆر

## تێر ماچی کردن



ڕووداو- مادەرزن

کوڕێک کە ژمارەیەکی زۆر ئافرەتی بەزۆر ماچ کردبوو لەلایەن پۆلیسی سویدییەوە دەستگیرکرا. ئەو کورە تائێستا ناوی لەلایەن پۆلیسەوە ئاشکرا نەکراوە، لەشەقامەکانی هەردوو شاری (لاند) و (مالمۆ)ی سوید، 17 ئافرەتی بەزۆر ماچ کردووە بەبێ ئەوەی هیچ یەکیان بناسێت، یاخود ئەوان بیناسن.سەرچاوەیەک لە پۆلیسی سوید، لەسەر زاری کورەکە دەڵێ "ئەو کورە دانی بەوەداناوە بەبیانووی پرسیارکردن ئافرەتەکانی لەشەقامەکان ڕاگرتووەو پرسیاری چۆنیەتی کڕینی دیاری بۆ هاوڕێیەکانی لێکردووون، بەڵام کاتێک ئافرەتەکان ویستویانە وەڵامی پرسیارەکانی بدەنەوە، کوڕەکە لەباوەشی گرتوون و تێر ماچی کردوون".

# جانێ: ئەز کوڕبووم و بوومە کچ



نەوزاد چارلس
ڕووداو- هەولێر

خانمە گۆرانیبێژ جانێ لە لێدوانێکی تایبەتدا چەند لاپەڕەیەکی ژیانی تایبەتی خۆی بۆ (ڕووداو) هەڵدایەوە.

لەبارەی ژیانی هاوسەرگیرییەوە جانێ گوتی "من زوو شووم کردو ماوەی 11 ساڵ لەگەڵ هاوسەرەکەم ژیام ودواتر لەیەکدی جیا بووینەوەو کچێکم هەیە تەمەنی بیست ساڵەو لەقۆناخی چوارەمی زانکۆ دەخوێنێ".

جانی کە ئێستا لە شاری (ئەسەنە)ی ئەڵمانیا نیشتەجێیە، دەڵێ "بەیانیان کاتژمێر 4 لەخەو هەڵدەستم و دەچمە سەرکارو تا کاتژێر 3 ی ئێوارە لەسەرکار دەبم، کاتەکانی دیکەشم لەماڵەوە دابەشکردوون، لەوانە چێشت لێدەنیم و جل دەشۆم و یارمەتی کچەکەم دەدەم، ئەگەر کاتیش هەبێ خەریکی نووسین و کاری هونەری دەبم".

جانێ یەکەمجار ناوی (جانۆ) دەبێت، دواتر دەبێتە (جانێ)، لەوبارەیەوە دەڵێن "دایک و باوکم لەدوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی، کوڕێکیان دەبێت و دواتر هەشت کچی دیکە، پیاوی کوردیش هەمیشە حەزی لەکوڕە، دوای ئەوەی لەدایک دەبم بە کوڕ حیسابم دەکەن و لەو کاتەوە پێمدەڵێن جانۆ، بەڵام کە بوومە هونەرمەند بوومە جانێ".

جانێ لەساڵی 1969 لەشاری ئەرزەڕوومی باکووری کوردستان لەدایکبووەو یەکەمین کاری هونەری خۆی لە 1989 بڵاوکردووەتەوە. لەبارەی ژیان وگوزەرانی خۆیەوە دەڵێ "ڕەنگە زۆر کەس بڵێ جانێ زۆر دەوڵەمەندە بەڵام بڕواتان هەبێت ئەوەندەی کە کار دەکەم تەنها ژیانمی پێ بەڕێوەدەچێت، ئەگینا من هیچ کات خاوەن پارەیەکی زۆر نەبوومە".

## لەڤێلایەکی نێوان سوێد و نۆروێژدا دەژیت

# زیاد ئەسعەد نایەوێ قسە لەگەڵ دایکی بکات



تایبەت بەڕووداو- سوێد

هونەرمەند زیاد ئەسعەد کە ماوەی چەند ساڵێکە لە دەرەوەی وڵات دەژیت ڕایگەیاند ئێستا لەیەکێک لە ڤێلاکانی نێوان سوێدو نورویژ ژیان بەسەردەبات و دەڵێ "من بژێوی ژیانم لەسەر ئاوازو هۆنراوەکانمە".

زیاد ئەسعەد کە یەکێکە لەو هونەرمەندانەی زۆر کەم بۆ ڕاگەیاندنەکان دەدوێ، بۆ (ڕووداو) دواو باسی ژیانی تایبەتی خۆی کردو گوتی "من ئێستا زۆربەی کات بەتەنهام، لەڤێلایەکەم سەرقاڵی ئاوازدانان و هۆنراوە نووسینم، هەست دەکەم ئەو تەنهاییە زۆرجار ئاسوودەت دەکات".

زۆربەی هونەرمەندانی کورد لەسوێد گلەیی لەوە دەکەن کە زیاد ئەسعەد شوێنی ماڵی خۆیشی بەوان ناڵێت، لەمبارەیەوە زیاد دەڵێ" من ئەگەر کارم لەگەڵ یەکێک هەبێت خۆم کاتێکی بۆ دیاری دەکەم و لەشوێنێک پێکەوە کۆدەبینەوە، بەڵام خەڵکی ئێمە هەمیشە حەز دەکەن هەموو شتەکان بزانن، منیش سروشتم وایە حەز دەکەم لەشوێنێک بم کە بەتەنها بم و کەسی لێیەوە نزیک نەبێت". زیاد گوتیشی "من خۆم بەشتە تایبەتییەکانەوە نابەستمەوە، چۆن ڕێککەوێت وا دەژیم".

زیاد وەکو خۆی باسیکرد تەنها بە ئاوازو هۆنراوەکانییەوە بژێوی ژیانی پەیدا دەکات و دەڵێ "من لەبەرامبەر ئاوازو هۆنراوەکانم بڕی 1000 تا 2000 دۆلار وەردەگرم، بەوەش دەتوانم ژیانمی پێ بگوزەرێنم".

زیاد ئەسعەد بەهۆی ئەو دوورە وڵاتی و بەتەنها ژیانە وەکو خۆی دەڵێ تووشی جۆرە ڕەشبینیەک بووە، ئەوەش وایکردووە پەیوەندیی لەگەڵ بنەماڵەکەشی لە کوردستان خراپ بێت، زۆرجار دایکی ویستوویەتی قسەی لەگەڵ بکات، بەڵام ئەو قسەی لەگەڵ نەکردووە، لەوبارەیەوە زیاد هیچ قسەیەک ناکات و دەڵێ "ئەوە شتێکی زۆر تایبەتییە".

لەبارەی کارە نوێیەکەی، زیاد ئەسعەد دەڵێ "بەرهەمە نوێیەکەم ئامادە کردووەو کارەکانی تەواو بوونە. بەڵام هێشتا بڕیارم نەداوە بڵاوی بکەمەوە".

# دیواری کورد لە بەرلین



دیواری بەرلین

ڕووداو-بەرلین

گرووپی گەنج بۆ شانۆ بە هەماهەنگی ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی ئەڵمانی و دەزگای بەدرخان کاژێر 7ی ئێوارەی چوارشەممە 8-4-2009 لەتەنیشت پاشماوەی دیواری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا شانۆگەری دیوار نمایش دەکا، شانۆگەرییەکە لە نووسین و دەرهێنانی کاروخ ئیبراهیم و نواندنی ڕووبار ئیسماعیل، مەزهەر ئیبراهیم و ژیار ئیسماعیل، کاری موزیکیش کاریان شێرکۆیە. بە پێی ئەو بانگهێشتەی بۆ ڕووداو هاتووە تیکتی شانۆگەرییەکە لە نزیک دیواری بەرلین دەفرۆشرێت، هەر هەمان ئێوارە پێشانگایەکی کتێب بۆ بڵاوکراوەکانی دەزگای بەدرخان دەکرێتەوە.

# ئۆباما واستە بۆ پوورەکەی ناکات



زیتونی ئۆنیانگۆ پووری سەرۆکی ئەمەریکا باراک ئۆباما

ڕووداو–The Boston Globe

پووری سەرۆکی ئەمەریکا دەتوانێ تا ساڵێکی دیکەش لە ئەمەریکا بمێنێتەوە.

زیتونی ئۆنیانگۆ پووری سەرۆکی ئەمەریکا باراک ئۆباما لە ساڵی 2002 لە کینیاوە بەسەردانێک گەیشتە ئەمەریکاو بڕیاریدا نەگەڕێتەوە، بەڵام تا ئێستا مافی نیشتەجێبوونی وەرنەگرتووەو بەشێوەیەکی نایاسایی لە ئەمەریکا دەژی.

هەفتەی ڕابردوو لە شاری بۆستن، لێکۆڵینەوە لە کەیسی ئۆنیانگۆ بەڕێوەچوو، دادوەر لیۆنارد شاپیرۆ ڕایگەیاند "بەهۆی نەبوونی بەڵگەنامەی تەواو، دادگاییکردنەکە بۆ 4ی شوباتی ساڵی 2010 دواخرا و دادگەییەکە وەک هەر کەیسێکی دیکە بەڕێوەچوو".

ئۆباما ڕایگەیاند کە تا کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن نەیزانیووە پووری بە شێوەیەکی نایاسایی لە ئەمەریکا دەژی و دووپاتیشیکردەوە کە پێویستە یاسا لە سەرووی هەمووان بێت، لەوبارەیەوە بێن لابۆڵت وتەبێژی کۆشکی سپی دەڵێ" سەرۆک ئۆباما پێیوایە پێویستە یاسا دیاریی بکات کە پووری چی لێ دێت، نە سەرۆک و نە هیچ کەسێک لە ستافەکەی پێوەندی بەو مەسەلەیەوە نییە".

زیتونی زڕ پووری باراک ئۆبامایە و لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی کە ساڵی 1988 بۆ یەکەمجار زیتونی لە کینیا بینیوە.

زیتونی ئۆنیانگۆ تەمەن 55 ساڵ، لە ساڵی 2002وە داوای مافی پەنابەرێتی دەکات لە ئەمەریکا و لە ساڵی 2003 و 2004 دووجار داواکەی ڕەتکراوەتەوە، هەر لە ساڵی 2004 فەرمانی ناردنەوەی بۆ وڵاتی خۆی دەرچووە، بەڵام لەو کاتەوە دەرنەکراوە لەگەڕەکێکی هەژار نشین لە شاری بۆستن بەپارەی چاودێری کۆمەڵایەتی دەژی کە تایبەتە بە یارمەتیدانی هەژاران.

# ئیسلام حەزی لە خەوە



نەوزاد چارلس
ڕووداو- هەولێر

گۆرانیبێژی لاو، ئیسلام زاخۆیی کە تائێستا ژیانی هاوسەرێتی پێکنەهێناوە، دەڵێ "هێشتا ژنم نەهێناوە بەڵام خۆشەویستم هەیە، ئەگەر دەرفەتیشم بۆ بڕەخسێ، یەکسەر ژن دەهێنم".

ئیسلام زاخۆیی کە کەسێکی دەم بەپێکەنینە، بەردەوام دەچێتە ئاهەنگی بووک گواستنەوەو هەندێ ئاهەنگی تایبەتی، دەڵێ "باشە ئەگەر نەچمە ئەو شوێنانە بژێوی ژیانم بەچی دابین بکەم؟". وەکو خۆی دەڵێ کەسێکە زۆر حەزی لە خەوەو ئەو کاتانەی لەماڵەوە دەبێت جگە لەخەوتن یارمەتی دایکی دەدات لەکاروبارەکانی نێو ماڵ.

ماوەیەک لەمەوبەر، ئیسلام کلیپێکی بۆ یەکێک لەگۆرانییەکانی دوایین ئەلبوومی خۆی ئەنجامدا، لەوبارەیەوە ئیسلام دەڵێ "دوای ئەوەی ئەو کلیپەم بڵاوکردەوە، ئێستا هەوڵدەدەم ئاواز و هۆنراوە کۆبکەمەوە،کار بۆ بەرهەمی نوێم دەکەم".

ئیسلام جگە لەکاری گۆرانی هیچ کارێکی دیکە نازانێ و دەڵێ "ئەگەر من هونەرمەند نەبوومایە بە کەڵک هیچ کارێکی دیکە نەدەهاتم".

# بەختی ڕووداو

### کاوڕ
Mar 21–Apr 19

لەڕووی سۆزدارییەوە هەفتەیەکی ئاسوودە بەسەر دەبەیت، کەسانی دەورووبەرت پێت سەرسام دەبنو حەز دەکەن هەڵسوکەوتت لەگەڵ بکەن.

### گا
Apr 20–May 20

کارێکی باش دەکەیت ئەگەر بەخۆتدا بچیتەوەو بواری دارایت ڕێک بخەیت، لەڕووی سۆزدارییەوە بەختێکی باشت دەبێتو کێشەو گرفتەکانت چارەسەر دەبێت.

### جمک
May 21–Jun 21

ئەم ماوەیە پشت بەهاوڕێ و کەسە نزیکەکانت ببەستە بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژانەی بەدەستەوەیە، بەوریاییەوە هەڵسوکەوت بکەو مامەڵەی دارایی ئەنجام مەدە.

### قرژاڵ
Jun 22–Jul 22

ئەو بیانووانەی بەدەستەوەیە کەسە نزیکەکانت ڕازی ناکاتو هەوڵبدە ڕێگەی دیکە بدۆزیتەوە، لەڕووی تەندروستییەوە تووشی چەند گرفتێک دەبیت.

### شێر
Jul 23-Aug 22

لەبواری کارەکەتدا چەند هەنگاوێک دەچیتە پێشەوەو مایەی ڕەزامەندی بەرپرسەکانت دەبیت، لەڕووی سۆزدارییەوە تووشی کۆمەڵێک کێشە دەبیت.

### گوڵەگەنم
Aug 23–Sep 22

خۆت بەدوور بگرەو لەو ناکۆکیانەی لەخێزانەکەتدا ڕوو دەدات، لەڕووی داراییەوە پێشبینی ئەوە دەکرێت دەستکەوتی زۆرت هەبێت، ئاگاداری تەندروستیت بە.

### تەرازوو
Sep 23–Oct 23

هەندێ لەهەڵسوکەوتەکانت هاوڕێکانت بێزار دەکات، ئارام بگرەو پەلە مەکە لەبڕیاردان، کۆتایی ئەم هەفتەیە هەندێ ڕاستیت بۆ ڕوون دەبێتەوە، هەواڵی خۆشت پێ دەگات.

### دووپشک
Oct 24–Nov 21

پێویستت بەئارامیو پشووی زیاترە، ئەوەندە خۆت بەکارەکانتەوە سەرقاڵ مەکە، ئەندامانی خێزانەکەت پێیان وایە فەرامۆشت کردوون، گەشتێک ئەنجام دەدەیت.

### کەوان
Nov 22–Dec 21

دوای ئەو گرفتە زۆرانەی لەڕووی سۆزدارییەوە تووشت بووە، کاتی ئەوە هاتووە بەخۆتدا بچیتەوەو ئەو فشارانە لەسەر خۆت کەم بکەیتەوە، دوودڵ مەبە لەبڕیاردان.

### کارژۆلە
Dec 22–Jan 19

ئەو بیرۆکەیەی بەدەستەوەیە، ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ جێبەجێکردنی، دوودڵ مەبەو بڕیارێکی بوێرانە بدە، بەهۆی بیرکردنەوەی بەردەوامەوە ماندوو دەبیت.

### سەتڵ
Jan 20– Feb 18

ماوەیەکە حەز دەکەیت تێکەڵی کۆڕو کۆمەڵ نەبیتو بەتەنیایی بژیت، ئەوەندە بێ متمانە مەبە لەگەڵ هاوڕێکانتدا، چونکە بۆ چارەسەری کێشەکانت یارمەتیت دەدەن.

### نەهەنگ
Feb 19–Mar 20

پێویست ناکات ئەوەندە خۆت بۆ کەسانی دەورووبەرت ماندوو بکەیت، هەندێ گۆڕانکاری چاوەڕواننەکراو لەکارەکەتدا ڕوو دەدات، فشاری زۆرت دەکەوێتە سەر.

# وەک پاشا نانی بەیانیان بخۆن



ڕووداو–funlock

سایتی funlock 10 ڕێنمایی بۆ ئاسوودەیی دەروونی و لەشساغی بڵاوکردووەتەوە، کە هەر یەکێک ڕچاوی بکات هەوێنی ئاسوودەیی ڕۆحی و تەندروستییەکی باشە، ڕێنماییەکانیش ئەمانەن:

1. ڕۆژانە 10خولەک بەکپی کات بەسەربەرە.
2. نانی بەیانیان وەک پادشایان، نیوەڕۆیان وەک میر، شێوانیش وەک سواڵکەر بخۆ.
3. کات بۆ تێڕامان و یۆگا تەرخان بکە.
4. 10تا30 خولەک بە پیادەیی و بە پێکەنینەوە هاتووچۆ بکە.
5. ئاو زۆر بخۆوە.
6. بەرهەمەکانی دار و ڕووەک زێتر بخۆ و خۆت لە خواردنی دروستراو بەدوور بگرە.
7. سێ شتەت لێ نەبڕێ: وزە، جۆشوخرۆشی و دڵنەرمی.
8. کاتی زیاتر بۆ یاری تەرخان بکە.
9. لە ساڵی پار پتر کتێب بخوێنەوە.
10. 7سەعات بخەوە.

# پیاو بە مێ دەکرێنەوە



ڕووداو– Moheet

توێژینەوەیەکی زانستی دووپاتیکردووەتەوە، لەچوارچێوەی خێزانێکدا کچان سەرچاوەی زیاترن بۆ بەدیهێنانی بەختەوەریو کامەرانی بۆ خێزانەکەیان بەبەراورد بەبراکانیان کە زۆر جار دەبنە سەرچاوەی دڵەڕاوکێ بۆ خێزانەکانیان.

توێژەرەکان ئاشکرایانکردووە، ئەو ئەنجامە دوای ئەوە دێت کە توێژینەوەکە لەکۆمەڵەی زانستی دەروونناسی لەبەریتانیا ئەنجامدراوەو تێیدا 571 کەسی لەخۆگرتووە کە تەمەنیان لەنێوان (17–25) ساڵدابووەو دواتر دەرکەوتووە بوونی ڕەگەزی مێ هۆکار دەبێت بۆ کرانەوەی خێزان بەڕووی دەورووبەریدا. پرۆفیسۆر تۆنی کاسیدی لەوبارەیەوە گوتی "دەربڕینی هەستو سۆز کارێکی گرنگە بۆ دەروونێکی تەندروست و بوونی ڕەگەزی (مێ)ش لەخێزاندا ئەو کارە ئاسان دەکات".

کاسیدی جەختی لەوەشکردووەتەوە کە ئەو خێزانەی ڕەگەزی مێی تێدا نەبێت، کارێکی قورسە بۆ ڕەگەزی نێر بتوانێت هەستەکانیان بەئاسانی دەرببڕن.

# گۆشتی ماسی بەهێزت دەکات

ڕووداو- ئیرنا

لەلێکۆڵینەوەیەکی تازەی زانستی دەرکەوتووە، ڤیتامین D و پێکهاتەکانی، مەترسییەکانی شکاندنی ئێسک کەمدەکاتەوە، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە سەروو 65 ساڵییەوەیە.

لەلێکۆڵینەوەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە پێکهاتەکانی ڤیتامین D وا لە ئێسک دەکات کە توانای بەرگری زیاتری هەبێت بەرامبەر شکاندن، بەتایبەت ئەو کەسانەی تەمەنیان لەسەروو 65 ساڵییەوەیە، کە بەوە ناسراون ئێسکیان ناسکەو زوو دەشکێن.

لەلێکۆڵینەوەکەدا ڕوونیشیکراوەتەوە ڤیتامین D3 بەڕێژەی 23% کاریگەری دەبێت لەسەر بەهێزبوونی ئێسکەکان. وەک ئاشکرایە ڤیتامین D بەشێوەیەکی سروشتی لە ڕێگەی تیشکی خۆرەوە کاتێک لە پێست دەدات بەرهەم دێت، هەروەها گۆشتی ماسیش بەشێکی زۆر لە ڤیتامین D تێدایە.

لە تۆرنتۆوە



# کاتێک جیهان بەسەر ناوخۆدا قلٌپ ئەبێتەوە

## چارەنووسی میری لە هەرێمدا

رامیار مەحمود-کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

ئیتر بەرەو ئەوە دەڕۆین پێ بنێینە سەردەمی زێڕینی لۆکالیزمەوە، بەڵام ئەم گەڕانەوەیە بۆ لۆکاڵ بەو مانایە نییە بە پێچەوانەی گلۆبالیزەیشنەوە رێبکەین. بەڵکو بەو مانایە دێت ئێمە ناتوانین هیوایەکی گەورە لەسەر گلۆبالیزم هەڵبچنین، چونکە هەموو ئەو بەهایانەی کە وەک راستییەکی گەردوونی و جیهانی دەردەکەون، وەک ئازادی و پێشکەوتن و مافەکانی مرۆڤ و گەشەکردن و دیموکراسی ناتوانین وەک خەڵات لە گلۆبالیزم وەریبگرین، بەڵکو پێویستمان بە ئامادەکردن و دروستکرنەوەو دارشتنەوەی ناوخۆ و لۆکاڵ هەیە بۆ ئەوەی جێگایەکی دەستووری و سیاسی بۆ ئەو بەهایانە بدۆزینەوە. ئا لێرەدا کارمان دەکەوێتەوە سەر میری، ئەمەش وا دەکات زۆربوونی بڕی خواست و هەڵاوسانی خواستەکان هەندێک حکومەتی وەک ئەوەی هەرێمی کوردستان بخاتە حاڵەتی ئیمیرجسنی و ماندووبونی بەردەوامەوە، ئەمە رەنگە بەو مانەیەش بێت هەست بەوە بکەین ئەو گرفتە زۆرانەی کە ئینسانی ئێمەی گیرۆدە کردووە، نە سەرچاوەکانیان لەدەرەوەیەو نە دەشتوانین هەمووی بخەینە ئەستۆی دەرەوەو نە چارەسەرەکانیشیان لە ناو جیهانەوە دێت، نە دەشتوانین چاوەڕێی جیهان بکەین ئەم لۆکاڵە وەرچەرخێنێتە سەر بارودۆخێکی شیاو، بەڵکو سەرچاوەی گرفت و چارەسەرەکان ناوخۆیین. خۆ ئەگەر کارەکە بەو شێوەیە بڕوات کەواتە ئێمە دەبێت سەرلەنوێ خۆمان سەرقاڵی ناوخۆ بکەینەوە بەو مانایە بەرەو قۆناخی رووبەڕووبوونەوەی میری بڕۆین، هەڵبەتە من مەبەستم ئەوە نییە سیاسەتی پاراستنخوازی protectionism بگرینە بەر بەرامبەر بە جیهانی دەرەوە، هەرچەندە پاراستنخوازی تا ئێستاش لێرەو لەوێ لە فۆرمی سیاسی و کولتوریدا ماوەو بە بیانوی ئایدیۆلۆجی و سیاسییەوە بێت یان ئاینی. لەسەرەتادا مەرکانتیلیزم بیردۆزی ئابووری و سیاسی کۆمەکبەخش بوو بە پاراستنخوازی لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەو دواییەکانی سەدەی هەژدەدا کە خولیای کەڵەکەکردنی سامان و دەسەڵات خەسڵەتی سەرەکی بوو تێیدا . بەڵام سەدەی نۆزدە کە سەدەی ناسیونالیزم بوو مەرکانتیلیزم بووە رژێمی ئابووری ناسیونالیزم بەو پێیەش ناسیونالیزم و پاراستنخوازی شان بە شانی یەک دەڕۆن. مەرکانتیلیزم لەسەدەی نۆزدەوە پاساوی ئەوەی دەهێنایەوە کە دەوڵەت دەبێت مافی کۆنترۆڵکردن و پاسابەندی ناوخۆیی و دەرەکی هەبێت . مەرکانتیلیزم بەم شێوەیە دەوڵەتێکی بەهێزی لەگەڵ خۆیدا هێنایە کایەوە، بەشێوەیەک ئایدیای باڵادەستی و هەجموونی و ناسیونالیزم و کۆخوازی سێ مۆدێلی قورس و توندڕەوی پاراستنخوازی لێکەوتەوە کە نمونەی سۆڤیەت و ئەڵمانیای نازی و ئیتالیای فاشی بوو. بەڵام ساڵانی حەفتا جۆرێکی نوێی لە پاراستنخوازی بە خۆیەوە بینی لە وڵاتانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیدا (جان مەینارد کەینز) کە بەشدارییەکی دیاری کۆنفرانسی (بریتۆن وودز) بوو، گومانێکی زۆری هەبوو کە بازاڕ بە تەنها بتوانێت چارەسەری گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بکات، بڕوای وابوو کە حکومەتی نیشتمانی دەتوانێت رۆڵێکی کاریگەرتری هەبێت لە چارەکردنی گرفتی بیکاری و لە ئەستۆگرتنی پرۆژە و دروستکردنی هەلی کار، ئەمە لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەمدا کە قۆناغی دامەزراندنی بریتۆن وودزە، بایەخی سەرەکی درا بە دەمجبوونی جیهانییانە بە تایبەتی لەلایەن ئەمەریکاوە . سەرۆکەکانی ئەو قۆناخە لەو بڕوایەدا بوون غیابی بەهێزی دامەزراوەی جیهانی یەکێکبوو لەو هۆیانەی کە لە پشت جەنگی جیهانی دووەمەوە بوو. بریتۆن وودز قۆناخێکی گرنگە لە جەنگی جیهانی دووەمەوە بۆ ساڵی 1971 ئەو 44 دەوڵەتە بۆ ئەوە کۆبوونەوە سیستەمێکی ئابووری دابمەزرێنن کە توانای پشتیوانیکردن و سەقامگیری ئابووری و سیاسی و سەربازی هەبێت لە ناو سیستەمی جیهانیدا. بەڵام هەر لەم قۆناخەشدا مەیلێکی دیکەمان هەیە کە مۆدێلی ستراتیجیەکانی گەشەکردنە بە رێگای دەوڵەت یان بەدەربڕینێکی دروستتر بە سەرۆکایەتی دەوڵەت کە دەوڵەت دەبێتە بکەری سەرەکی و یەکەم و کۆتایی لە سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا. عێراق نزیکترین نمونەی ئەو مۆدێلە بوو، بەعسییەکان لە عێراقدا وەک هەر حیزبێکی سیاسی دیکە وابوون کە لەعێراقدا هەبوو، بەڵام بەدبەختی ئەوان لەوێوە دەستی پێکرد کە دەسەڵاتیان گرتە دەست و دەوڵەتیان کەوتە دەستەوەو بە ناچاری ئەو پرۆژە مێژووییە قورسەیان بەسەردا ساخبووەوە کە لە ئەستۆگرتنی گەشەپێدانی لە تاقەت بەدەری هەمەلایەنە بوو لە عێراق، گەشەپێدانێک گەیشتە ئەوەی خەڵک فێری دەست شۆرینیش بکرێت بە سابوون. هەر ئەم هەلومەرجە مێژووییە وایکرد بەعس و دەوڵەتەکەی بۆ ئەو جێگایە بڕوات کە پێی دەوترێت توتالیتاریزم. ئەگەرچی هەندێک دیوی پۆزەتیفی هەبوو بە دیوە کوردییەکەدا بەدەر لەوەی دڵڕەقی سیاسی و ئایدیلۆجی دەوڵەت چی بوو و چ کارەساتێکی خوڵقاند بە هۆی لە ئەستۆگرتنی مۆدێرنیزەشنەوە لە عێراقدا. بەڵام لە ساڵانی حەفتاکان بە دواوە و بە تایبەتی لە سەردەمی حوکمی خۆجێییەوە، کوردستان لە کۆمەڵگایەکی سەرەتاییەوە پەڕیەوە بۆ کۆمەڵگایەکی شێوە نوێ. وایکرد کە ئەم دانیشتوانە رەسەنەی هەرێمی کوردستان زیاتر وەک نەتەوە خۆیان ببینن وەک لەوەی دانیشتوانی رەسەنبن. بەڵام بە دیوە کولتورییەکەدا نەوەی پێشوو رۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە بەنەتەوەکردن دا، مەبەستم لە نەوەی پێشوو ئەو نەوەیەیە کە بە هەڵە پێی دەوترێت نەوەی کۆن . کە نەک هەموو ژیانیان بووە قوربانی دروستکردنی زمان بەڵکو بە وەشەوە نەوەستان هەستان بە پرۆژەو دامەزراندنی ئەوەی پێی دەوترێت ئینتلێکچوالیزەشنی زمان. ئەو زمانەیان کردە زمانی فیزیاو کیمیاو بیرکاری و ئابووری و..هتد، زمانی خوێندنی هاوچەرخ کە ئێمە تا ئێستا لەسایەی ئەوەدا دەژین. هەموو پاداشتەکەش لە بری دەوڵەمەندکردنی زمانەکە هاتە سەر توانج و قەشمەری کردن بەکارەکانیان لە دوای راپەڕینەوە، بە هۆی خەڵکانێکەوە کە بە هۆی فیراری و عەسکەری و پێشمەرگایەتییەوە فێری زمانی دەوروپشتەکە بوون. هەوڵدەدەم هەفتەی ئایندە بگەڕێمەوە سەر مەسەلەی میری نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان ومەسەلە جیهانییەکان.



# رێگای ئاسان کامەیە؟

هێمن عەبدوڵڵا- هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com

دەرەنجامی هەڵبژاردنە هەرێمییەکانی تورکیا و سەرکەوتنە تارادەیەک بێوێنەکەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی (دەتەپە)ی باڵی یاسایی پەکەکە وانەیەکی گرنگ بوو بۆ کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا. رۆژێک دوای هەڵبژاردنەکان پرۆفیسۆری زانکۆی ئازادی ئەمستەردام تایل سونییێر، کە زۆرتر لە سی و پێنج ساڵە خۆی بە وڵاتانی ئیسلامییەوە سەرقاڵکردووە و وەک خۆی دەیگوت : ماوەیەکی زۆریش بە وڵاتی کورداندا گەڕاوە، پێیگوتم:" هەق وابوو کورد ئەو هەموو ساڵانە لە جیاتی خەرجکردنی وزەیان لە جوڵانەوەی چەکداریدا بۆ سەرخۆبوون ئەوەیان کردبووایە کە دەتەپە ئێستا دەیکات". ئەو بە وەڵامی من کە دەمگوت ئەوەی ئێستا هەیە دەرەنجامی بزووتنەوەیەکی چەکدارییە قایل نەبوو و دەیگووت:" ئەزموونی من لە کوردستان دەریخستووە کە کورد حەزیان لە ئازادییە، بەڵام لە جیاتی شێوازی ئاسان بۆ وەدەستهێنانی بدۆزنەوە، هەمیشە رێگە هەرە قورسەکە دەگرن".

من ئەو قسەیەم لە زۆرتر لە سیاسەتمەدارێک و رۆژنامەنووس و ئەکادیمیسیەنێکی ئەوروپی بیستووە. هەموو لا کۆکن لەسەر ئەوەی کە هەرچەندە کوردیش وەک هەر گەلێک مافی هەبوونی دەوڵەتی هەیە، بەڵام ئەگەر ئێستا داوای بکەن، بەو کارەیان دامەزراندنی وەدوادەخەن. ئەوەی هەموو لاش جەختی لەسەر دەکەنەوە ئەوەیە کە لەو هەلومەرجە تایبەتییەی کە کورد تێیدایەتی، جارێ چاکترین ئیش خۆپێشخستنی ئابووری و بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگییە.

بۆ من پێنج ساڵ بەر لە ئێستا ئەو بۆچوونانە زۆرتر لە قسەی رۆژئاواییەکی دووڕوو دەچوون کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی مافی سادەی بە دەوڵەتبوون بە کورد رەوا نابینێ، بەڵام ئێستا کە رەوشی گەلی خۆم دەبینم و دەشزانم لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا چۆن لێیدەڕواندرێ، تێدەگەم کە چەند باشە مرۆڤ لە جیاتی دڵی گوێ لە فەرمایشتی عەقڵی بگرێ.

سەیری نموونەی تورکیا بکەن. لە هەڵبژاردنەکاندا پارتی داد و گەشەپێدانی، بەبنەچە ئیسلامیی دەسەڵاتدار کە زۆرتر لە هەر پارتێکی دیکەی تورکی نەرمیی نواندووە بۆ چارەسەری دۆزی کورد گورزێکی گەورەی لەلایەن دەنگدەرە تورکەکانەوە پێکەوت. چونکە وەک دەگوترێ تەنیا چەند لەسەدێکی دەنگەکانی پارتەکە کەم نەبوونەتەوە، بەڵکو بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوودا زۆرتر لە سێ ملیۆن دەنگیان لە کیس چووە. ئەوەش مانای بەهێزتر بوونەوەی پارتە کەمالیستییەکەی بایکاڵ و ناسیۆنالیستە دەمارگیرەکانی باخچەلییە . لەو نێوەندەدا ئامادەیی چەلەنگانەی پارتێکی کوردی کە زۆرتر لە نیوەی دەنگەکانی باکووری کوردستانی وەدەستهێناوە وایکردووە کە هیچ نەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەوە بزاندرێت کە ئەوانەی ساڵەهای ساڵ تورکیا وەک دواکەوتوو و تیرۆریست و کێوی دەیناساندن، گەلێکی زیندوون و ئەگەر رێشیان پێبدرێ دەتوانن هیچ نەبێت بەرێوەبەرە هەرێمییەکانیان بۆ خۆیان هەڵبژێرن. لە بیریشتان نەچێت کە رۆژئاوا، بە تایبەتیش ئەوروپا، زۆرتر لەهەر بەشێکی دیکەی کوردستان، تەنانەت لە باشوریش زیاتر، بایەخ بە گۆڕانکارییەکانی باکووری کوردستان دەدات و چاودێریی دەکات.

دیسانیش سەیری باڵە نایاساییەکەی دەتەپە، واتە پەکەکە، بکەن. سەرەڕای هەموو کەموکوڕی و هەڵەکانیشیان، بەڵام نکۆڵی لە رۆڵی ئەو پارتە لە زیندووکردنەوە و رێکخستنی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە باکوور ناکرێت. بەڵام هەرواش مرۆ ناتوانێت بیشارێتەوە کە هێشتا درێژەدانی ئەو پارتە بە جوڵانەوەی چەکداری، بیانوویەکی چاکی داوەتە دەست تورکیا و لۆبیی ئەو وڵاتە لە سەرتاسەری دنیادا تا مەسەلەی شۆرش و قبوڵنەکردنی مافخوراویی میللەتێک هێندە بچووک بکەنەوە کە زۆر کەس وەک جوڵانەوەی گرووپێکی تێرۆریستی و یاخیبوو ببینن. من کە کارەکانی ئەو دوو پارتە، کە وەک کورد دەڵێت دوو رووی یەک دراون، پێک بەراورد دەکەم، سەر لە نوێ قسەی پرۆفیسۆرە هۆڵەندییەکەم وەبیر دێتەوە کە دەیگوت: مادام چارەی ئاسانتر هەیە بۆ بە چارە گرانەکەوە خەریکن؟

هەقوایە ئەگەر کرا و کۆنفرانسێکی نەتەوەیی بۆ هەموو پارتەکانی کوردستانی مەزن لە هەولێر بەسترا، کورد لە خۆیان بپرسن کە کامە رێگا ئاسانتر دەیانگەیێنێت بەو دواوێستگەیەی بۆ گەیشتن پێی خەباتیان دەستپێکردووە؟ هەقوایە هەمووشیان بپرسن چۆن ئیماگۆی کورد لە بەشێکی گەورەی دنیادا لە گەلێکی یاخیبوو و شەڕویستەوە دەکرێ بگۆڕدرێ بە ئاشتیخواز و ئازادیویست؟



# تاوانی رژێمە کۆمۆنیستییەکان

## رەش یان سوور لە وڵاتی چین

وەرگێڕانی: کاوە ئەمین (3- 3)
kawe35@hotmail.com

به درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، بە بەهانەی جیاواز و لەژێر سێبەری ئایدۆلۆژیا و ئاین، تاوانی گەورە دژی مرۆڤایەتی کراون و دەکرێن. وڵاتانی وەکو یەکێتی سۆڤیەتی جاران، کەمبۆدیا و چین کە سیستەمی جۆراوجۆری کۆمۆنیستیان تێدا تاقیکراوەتەوە، بە دەیان ملیۆن مرۆڤیان بە بیانووی جۆراوجۆرەوە لەناو بردووە. دەکرێت بڵێین یەکێکی وەکو پۆل پۆت لە کامبۆدیا لە کەمترین کاتدا توانی دیوارێکی چین ئاسا، لە کەللەسەری مرۆڤ هەڵچنێت.

ماوەیەکی دوور و درێژ، زۆر لە کۆمۆنیستەکانی کوردستان، چەپ و رووناکبیرانی کورد، بە شان و باڵی، ماو، ستالین و لینینیاندا هەڵدەدا، دروست لەو کاتانەدا، ئەو وڵاتانە سەرگەرمی قەلاچۆکردنی بیرە جیاوازەکان و کوشتنی بە ملیۆنان مرۆڤ بوون. ئەوان دەیان ملیۆن مرۆڤیان کوشت، هەزاران منداڵیان لە دنیای منداڵی خۆیان دابڕی و کردنیانن بە کچ و کوڕانی شۆڕش و پاشانیش بە بەهانەی دژە سەرکردە و دژە شۆڕشەوە، قەلاچۆیان کردن. مەبەست لە وەرگێڕانی ئەم چەند وتارە کە شاهیدە زیندووەکان بۆمان دەگێڕنەوە ئەوەیە کە خوێنەری کورد، بە تایبەتی گەنجانمان بە تاوانە نێونەتەوەییەکان ئاشنا بن، بەڵکو خوا بکات وەزارەتی پەروەردە، کۆمەڵکوژی ئەنفال و گەلانی دیکە، بخەنە نێو لاپەرەی کتێبە مێژووییەکان، ئاخر نەوەیەک ئەگەر مێژووی نەتەوەکەی خۆی و کەمێک لە مێژووی دنیا نەزانێت، مەترسی ئەوەی لێدەکرێت، مرۆڤێکی بێ زاکیرە و تەمەڵی لێدەربچێت. دیارە دەبێت ئەوەش بڵێم کە قسەکردن لەسەر تاوانی رژێمە کۆمۆنیستییەکان، بەو مانایە نییە کە بیرو فەلسەفەی مارکسیزم و سۆسیالدیموکراتی و ئەو چەپانەی کە ئەمڕۆ لە ئەوروپا دەسەڵاتدارن، بشوبهێنم بە لینین، ستالین و پۆل پۆتی کامبۆدیا و پۆل پۆتە زۆرو زەوەندەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئەم نووسینانە لە رۆژنامەیەکی تایبەت بەناوی (تاوان لە دژی مرۆڤایەتی لەسەردەمی رژێمە کۆمۆنیستیەکاندا) وەرگیراون، ئەو رۆژنامەیە لە لایەن ئاخافتنگەی (فۆروم) بۆ مێژووی زیندوو لە سوێد، لە ساڵی 2008 دا، بڵاوکراوەتەوە.

بە کرێکار و هەندێک لە جوتیاران و سەربازانی نێو سووپای ئازادیخوازی گەل، دەوترا "سوور"، بەڵام بۆ نموونە خاوەن زەوی، جوتیارە دەوڵەمەندەکان و دژە شۆڕشیەکان پێیاندەوترا "رەش". رەشەکان، دووچاری هەڵاواردن دەبوونەوە، کاتێک داوایان بکردایە بچنە زانستگەکان، یان کاتێک داوای کاریان بکردایە و هەوڵی ئەوەیان بدایە کاریگەری لەسەر سیاسەتکردن دابنێنن.

بۆ ئەوانەی کە لە دوای شۆڕشەوە لە دایک دەبوون، دایک و باوکیان سەر بە چ گرووپێک بوونایە و چ ستاتوێکیان لە نێو کۆمەڵگەدا هەبوایە پێش ساڵی 1949، ئەوانیش بەو شێوەیە دابەش دەکران بەسەر گرووپەکاندا. واتە مرۆڤ وەک سوور یان رەش لە دایکدەبوو، بەڵام هەندێک لەوانە ئیمکانی ئەوەیان بۆ دەڕەخسا کە گرووپەکانیان بگۆڕن، ئەوەیش لەو رێگایەوە کە دەبوو خۆیان لە دایک و باوکیان جودا بکردایەتەوە و پەیوەندییان بە "شۆڕش"ەوە بکردایە. لە کاتی شۆڕشی کولتووریدا، هەندێک لە گەنجەکان کە پێشینەیەکی رەشیان هەبوو (مەبەست لە گرووپەکانە نەک رەنگی پێست) کەڵکیان لەو ئیمکاناتە وەردەگرت. ئەمەیش بەو مانایە دەهات کە ناچار دەکران هەموو پەیوەندییەک بە دایک و باوک و ئەندمانی دیکەی خێزانەکانیانەوە، ببڕن.

لی، کچێکی تەمەن سیانزدە ساڵان بوو کاتێک باوکی مۆری "سەر بە بەرەی راستڕەوەکانی" نرا بەنێو چاوانەوە. لە یەک شەودا باوکی کرایە "مرۆڤێکی رەش"، بە پێچەوانەی "سوورەکانەوە"، مرۆڤە باشەکان.

"دەبێت چی لە سیانزدە ساڵییەک داوا بکرێت، ئاخۆ چ لەبارەی باوکییەوە دەزانێت؟. من ئەوەم دەزانی کە باوکم منی خۆشدەویست، لە چاوەکانیدا، خۆشەویستی، هاندان و متمانەم بەدی دەکرد. بیربکەرەوە: ئەگەر یەکێک پێی بگوتمایە باوکم مرۆڤێکی خراپە، دەبوو بە چ شێوەیەک هەڵوێستم نیشان بدایە؟ بێگومان من بە گژ ئەو کەسەدا دەچوومەوە، بەڵام زۆری پێنەچوو کە من بڕوام بەو کەسە کرد. بۆ؟ چونکە من بڕوایەکی تەواوم هەبوو، ئاخر من تەمەنم تەنها سیانزدە ساڵ بوو".

لی، دەچووە فێرگەیەکی سەما کردن، لەبەر ئەوەی ئەو یەکێکبوو لە باشترین سەماکەرەکان، بۆیە لە بۆنە گرنگەکاندا خۆی نیشاندەدا.

"لە بیرمە ساڵی 1959، کاتێک سەرۆک ماو، سەردانی پارکی رۆنگاهای کرد، من و کوڕێکی بچکۆلە، گوڵمان پێشکەش کرد. سەرۆک ماو، باقە گوڵەکانی لێ وەرگرتم و تەوقەی لەگەڵ کردم. ئەو ئێوارەیە لە دەفتەری بیرەوەرییەکانمدانووسیم:"ئەمڕۆگوڵم پێشکەش بە سەرۆک ماو، کرد، کاتێکیش دەستە گەورە و زەردەکانیم گرت، بەجارێک شاگەشکە بووم". باشتر وایە بڵێم، من زۆر ئاسوودە بووم. بەڵام لە پڕێکدا هەموو شتێک گۆڕا. لەو کاتەی کە بەرێگاوە بووم بۆ لای سەرۆکی کۆریا، کیمی دووەم سونگ، تا تاجە گوڵی پێشکەش بکەم. هەموو مامۆستاکانم پێیاندەگوتم کە من هەتا بڵێی جوانم و خۆیشم چاوەڕوانی زۆر شتی باشم دەکرد، لەو کاتەدا و لە پڕێکدا بانگیان کردم بۆ لای بەرێوەبەرەکەمان کە بەدەنگێکی جددییەوە پێیگوتم:"تۆ ناتوانیت ئەمڕۆ سەفەر بکەی. لە ماڵەوەتان شتێک روویداوە". شتێکی بەتەواوەتی چاوەڕوان نەکراوبوو، وەکو برووسکەیەک وابوو لە ئاسمانێکی بێگەردا. لەوەش زیاتر من چاوەڕوانی ئەوە نەبووم کە دوایی بۆی باسکردم. سەردەستەی مامۆستاکان پێیگوتم:" دەزانیت "عونسوری راستڕەو" چییە؟ دژە شۆڕشێک، دوژمنێک، مرۆڤێکی خراپ. باوکت بەوانە ناوبراوە".

"باوکی من باشترین مرۆڤی سەر زەوییە، رەنگە مامۆستا بەهەڵە گوێی لەوە بووبێت"، من ئەوەم پێگوت. هەموو گیانم دەلەرزی و دەنگم دەلەرییەوە. مامۆستاکەم، کەسێکی بەسەبر بوو، بە هێواشی بۆی روونکردمەوە:"تۆ دەزانیت کە من تۆم زۆر خۆشدەوێت، ئێستا دەبێت گوێم بۆ رادێریت. جاران باوکت پیاوێکی باش بوو، بەڵام ئەو ئێستا گۆڕاوە. ئەو رێگری لە شۆڕش کردووە لە جێگای کارەکەی. ئەو هیچ کاتێک نەیویستووە باسی چالاکییەکانی خۆی بۆ تۆ بکات. بۆچی؟ چونکە ئەو لەوە ترساوە کە تۆ رووی خۆتی لێ وەرگێڕیت، مەگەر تۆ لە سینەما، دژەشۆڕشییەکانت نەدیووە؟ هەندێک وەکو شۆڕشگێر دەست پێدەکەن، بەڵام دوایی دەبنە خیانەتکار، دەبنە کەسێکی چەتە. تێدەگەیت؟ بەڵێ، تۆ تێدەگەیت. من هیواخوازبووم کە باوکت نەگۆڕایە، بەڵام تازە ئەو گۆڕاوە. ئێستایش دەبێت هەموو پەیوەندییەک لەگەڵ باوکتدا ببچڕیت.

دەستم بەگریان کرد، هەروا بە ئاسانی بڕوام بە مامۆستاکەم کرد. لەو ساتەوە هەموو پەیوەندییەکم لەگەڵ باوکم، پساند. لەو رۆژەوە هەتا مرد، باوکم نازناوی عونسوری راستڕەوی پێوە نرا و ئیتر نەمبینییەوە. ئەگەر ئەمڕۆ بوایە ئەوا هیچ کاتێک بڕوام بەو قسانە نەدەکرد. بەڵام ئەو سەردەمە ساڵانی پەنجاکان بوو، زۆربەی چینییەکان سیاسییەکی منداڵکارانە و گوێڕایەڵ بوون. زۆر لە گەورە ساڵەکان بڕوایان بەو تاوانبارکردنانە هەبوو، لەیەک جیا دەبوونەوە، تا لە ژن و مێردە "راستڕەوەکانیان" دوور بکەونەوە. ئەی کچێکی بێ ئەزموونی وەکو من چۆن بتوانێت، شتی باشتر بزانێت؟.

نامەیەکم بۆ باوکم نووسی، قسەی رەق و شایەنی لێنەبووردەیم تێدا بەکار هێنا:"باوکە، تۆ بوویت بە دوژمنی گەل. ئێستاش دەبێت خۆت باش بکەی. هەرکاتێک تۆ خۆت راست کردەوە و گەڕایتەوە بۆ ناو خەڵکی ئاسایی، ئەوکاتە پێت دەڵێمەوە، باوکە".

پاشان زانیم کە باوکمیان رەوانەی ئۆردوگای کارکردن کردووە لە باکووری وڵات، شوێنێکی بێچارەنووس، ئەو کاتە بوو کە نامەکەی منی پێ گەیشتبوو. لەوێ لە برسێتیدا لە ساڵی 1961، گیانی لەدەستدا. ئەو کاتەی کە باوکم مرد، من تەمەنم ببووە پانزدە ساڵ. ئێمە دوو ساڵ بوو، لەیەک دابڕابووین، دوای ئەو نامەیە ئیتر هیچ نامەیەکی دیکەم بۆ باوکم نەنارد و سەردانیم نەکرد.

کاتێک باوکی لی، مۆری راستڕەویی پێوە نرا، ئیتر لی، چیدیکە بۆی نەبوو لە بۆنە رەسمییەکاندا سەما بکات و ببێتە ئەندامی رێکخراوی لاوان، پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ باوکی، یارمەتی نەدا.

"زۆر جار لە خۆم دەپرسم کە ئەو هەڵسوکەوتەی کردم تەنها تێکەڵێک بوو لە بێ عەقڵی و خوێندنگای شۆڕشگێری. ئەی بڵێی خۆپەرستیی هۆکارێک نەبووبێت، یاخود مەترسی تەنینەوە "تاوانەکەی" باوکم، ترس لە چەوساندنەوەی سیاسی، یانیش مەترسی ئەوەی کە بێ رێزیم پێ بکرێت؟ ناوێرم دان بەوە دابنێم و بڵێم وانەبووە، چونکە ئەگەر وام بکردایە ئەوا خەجاڵەتی دایدەگرتم، بەڵام وابوو، وابوو. ئاسمان بەسەرمدا رووخا کاتێک باوکم گۆڕا بۆ پیاوێکی راستڕەو، رقم لە خۆم دەبێتەوە چونکە ئەوەندە نەفام بووم. نەزانی وای لێکردم کە ویژدانی خۆم هەڵخەڵەتێنم. ئێستایشی لەگەڵدا بێت ناتوانم لە خۆم ببوورم"

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# یا حوسەین

بەهۆی کارەوە، ماوەی یەک هەفتە لە نێوان بەغدا و کەربەلا و حیللە سووڕامەوە. راستیان گوتووە: تا نەیبینی نازانی چییە. تۆ لەوە گەڕێ ئەوەی ناوی سوننی بێت بە جۆرێک لە جۆرەکان قەدەغەیە و هەموو سوننەیەک، پرۆژەیەکە بۆ رقلێبوونەوە و سووک سەرنجدان و ئەگەر بکرێت کوشتن، خۆ شیعەبوونیش، وەنەبێ مایەی خێر و بێر بێ بۆ رەش و رووتی ئەو ناوچانە. ملیۆنان کەس لە دانیشتوانی ناوچە شیعە مەزهەبەکان، رووت و رەجاڵن و ژیانیان لە کولەمەرگیدایە، هەر تۆزێک پۆشتە بیت و لە کەربەلا بسووڕێیتەوە سەدان کەس دەستت بۆ پان دەکەنەوە. لە چێشتخانەیەکی حیللە نانم دەخوارد، کرێکارەکان هەر ئەوەندە زانییان کوردم هەندێکیان لێم ئاڵان و دەستیان کرد بە پاڕانەوە بەڵکوو لە کوردستان کەسێک بناسم کاریان بداتێ. هەفتەیەک سووڕامەوە چوار کەسی پۆشتە و خاوێنم نەدی. شەقامی قیرتاوکراو جۆرێکە لە یادەوەریی و خەڵک خەونی پێوە دەبینن. تەواوی رێگای نێوان بەغدا بۆ کەربەلا ئاڵای شڕ و تابلۆی شڕتری شین و شەپۆڕە بۆ حوسەین، قافڵەی ئێرانی شەو و رۆژوەستانی نییە، دەڵێن شاندێکی وەزارەتی دەرەوەی ئێران جارێکیان سەردانی کەربەلایان کردووە و یەک لە جێگرانی وەزیری دەرەوە کە گەیشتووەتە مەرقەدی حوسێن، بە سنگەخشێ چووەتە ژوورەوە و کەربەلاییەکان خۆیان گاڵتەیان پێهاتووە.

شیعە بوون، بۆ ملیۆنان خەڵک بریتییە لە شین و گریان و خۆکوتین، کەچی سەرانی حیزبەکانیان لە بەغدا، لە سەددام خراپترن. لایەکی بەغدا کە بە سەر دیجلەدا دەڕوانێ تاقمی حەکیم داگیری کردووە، خاوەن ماڵەکان دووچاری دوو رێگا کراون، یان ماڵەکەت بفرۆشە، یان چۆڵیکە. گەڕەکێکی دیکە ئەحە چەلەبی داگیری کردووە. ئیدی بەم جۆرە هیچیان بۆ خەڵک نەهێشتووەتەوە. شیعە بوون هۆکارێکە بۆ قەڵەو بوونی تاقمێک و کڵاولەسەرنان و قەشمەریکردن بە ملیۆنانی دیکە. ماسی فرۆشێک لە ئەبوو نەواس بە دەم ماسی برژاندنەوە دەیگوت: سی ساڵە لە ئەبونەواسم کەس پێی نەگوتووم چی دەکەی، هێزی بەدر لە شەو و رۆژێکدا هاتن شوێنەکەیان داگیر کردم و دەریان کردم.

لە حیللە شێخێکی شیعە، کە وێنەی خۆی و کاک مەسعوودی لە ژوورەکەی هەڵواسیبوو پێیگوتم کاکە هەمووی درۆ و فشەخانەیە، نە حسێن و نە عەلی، بەس دۆلار حیسابە. کام سەری زلت گەرەکە بە دۆلار بۆت شۆڕ دەکەم. جاران، گەڕەکی سەورەی شیعەنشین، خراپترین و شڕترین و پیس و پۆخڵترین گەڕەکی بەغدا بوو، دەیانگوت ئەها سەددامی زاڵم چی بە گەڕەکی شیعەکان دەکات. سەددام رۆیشت و شیعە حوکمیان گرتە دەست، نەک سەورەیان چاک نەکرد، بەڵکوو هەموو بەغدایان کردە سەورەیەکی گەورە.




پەیامی رووداو

# یەک ساڵ

رۆژنامەی (رووداو) یەکەمین ژمارەی خۆی لە 2008/4/7 دا بڵاوکردەوە، دوای ئەوەی ژمارە ئەزموونییەکەی (0) لەنێوخۆی ستافەکەیدا گفتوگۆی لەسەرکرابوو. خەیاڵ و دیدگاکان زۆربوون، بەڵام بڕیارماندا ئەزموونەکانمان پێکەوەنێین، بۆ ئەوەی بەرهەمەکەمان لە ئەزموونەکانی پێشوومان باشتربێ. هەر سەرەتا چەند هاوکارێک کشانەوەو چەندێکی نوێ دواتر هاتنە نێو پرۆژەکەوە. ئێستاش کە بواری رۆژنامەگەری لەبەر زۆر هۆکار، رۆژنامەنووسی باش کەم بەرهەمدێنێ، (رووداو) پێویستی بە رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ و چالاکە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو خاڵانەی لە بەرچاوی خۆی داناون.

گلۆبالیزم ئەگەر جیهانی کردبێتە گوندێک، شتەکانی نێو ئەو گوندەشی لێک نزیککردەوە یاخود وەک یەکی لێکردوون. رۆژنامە یەکێکە لەو بووانەی جیهان کە لەمسەر یان ئەوسەری جیهاندا بێت، پەیوەستە بە هەندێک بنەمای پیشەیی و ئەخلاقی و ستانداردەوە، هەر رۆژنامەیەک ئەوانە رەچاو بکات کارە پێویستەکەی کردووە، کە نەیکات شتێکی ریزپەڕە لەو جیهانەدا. ئەو گفتوگۆیانە کە ئەمڕۆ زیاتر لەسەر رۆژنامەگەری کوردستان لە گەرمبووندان، لە (رووداو)یش دا هێشتا جێی گفتوگۆن، وەک دانەیەکی نێو ئەو کۆیە.

جارێک لە زاخۆوە تەلەفۆنیان بۆ کردین، گوتیان ئێمە ژمارەیەک نووسەر و خوێنەر دانیشتووین، زۆربەمان دەڵێین (رووداو) رۆژنامەیەکی جیاوازە لەوانیدیکە. ئەوە دڵخوازی ئێمەو، رایەکی دڵخۆشکەربوو لە ژمارەیەک خوێنەری (رووداو)ەوە پێمانگەیشت. (رووداو) بەستافی نێوخۆی وڵات و هاوکارانی لە دەرەوە، هەوڵیداوە خوێنەر هەر ئەوە نەبینێ کە هەر کورد قسە بۆ کورد بکات، بەڵکو رای ئەو کاربەدەستە بیانیانەش ببینێ کە دەزانن کوردستان لە کوێیە و کورد چ دەکەن. لەو بوارەشدا هەڤپەیڤینکردن لەگەڵ سەرۆک پەرلەمان و پەرلەمانتار و وەزیرەکانی ئەوروپا و شارەزایانی ئەمریکی لەسەر لاپەڕەکانی (رووداو) بەدەیان بوونە لەساڵی رابردوودا.

بنەمایەکی دیکە کە (رووداو) پێیەوە پێبەند بووە، ئەوەبووە کاری رۆژنامەنووسی خۆی لەنێو ململانێ سیاسییەکاندا لەبیر نەچێ و خۆی لێ نەبێتە ئۆپۆزسیۆن یان دەسەڵاتدار، بەڵکو هەمیشە گووتوومانە ئێمە خزمەتگوزاریی زانیاری بەخشین پێشکێشی خوێنەرانمان دەکەین و، زەمینەی رادەربڕین دەرەخسێنین. ئەوەش وایکردووە بەردەوام رووەو پێشەوەبێت. بۆ نموونە هەر لەمساڵدا لەسێ ژمارەی یەک بە دوای یەک دا، چاپی دووەمی کردەوە.

رووداو، ئەمڕۆ وەک کۆمپانیایەکی کاری راگەیاندن، جگە لە (رووداو)، رۆژنامەی (رووداوی وەرزشی) وەک بەربڵاوترین رۆژنامەی وەرزشی لە کوردستان، بڵاودەکاتەوەو، ماڵپەڕی (رووداونێت) بە سێ زمان بەڕێوەدەبات و، چاوی لە باشترکردنی هەرسێکیشیانە.

**ئاکۆ محەممەد**

# پلانی کوردە دیلەکان

حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

لەیەکەمشەڕیجیهانیدا، سەرلەشکرێکی ئینگلیز، بە خۆی و سەربازەکانیەوە لەلایەن ژاپۆنییەکانەوە بە دیل گیرا. بەو دیلێتییەش دەیویست بیسەلمێنێ کە ئینگلیز، چ وەک رەگەز و چ وەک میللەت، لە ژاپۆنییەکان پێشکەوتووتر و لێهاتووترن. بۆ ئەوەش، نەخشەی پردێکی ستراتیژی وای بۆ لەشکری ژاپۆن دانا، کە خۆیان دەمێک بوو هەوڵیان بۆی دەدا و عەقڵیان پێی نەدەشکا. ئەو ئەفسەرە، بۆ خۆهەڵنان و شانازیکردن، گەورەترین خزمەتی بە دوژمنی خۆی کرد.

زۆرجار روویداوە کە جاشی کورد، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن چ وەک قەوم و چ وەک رەگەز لە عارەب ئازاتر و دڕتر و شەڕکەرتر و پیاوترن!، بۆ شەڕی پێشمەرگە، هەمیشە لە پێشەوە بوونە و لێنەگەڕاون عارەب پێشیان بکەوێ!

لێهاتوویی لە کار و رەفتاری زیانبەخش و نێگەتیڤدا، لە هەردوو نموونەکەدا بە زەقی دیارە و هەقوایە ئەو دووە، ببنە وانە بۆ ئەنجامنەدانی هەڵەی لەو دوو شێوەیە، کەچی بە داخەوە بەردەوام لەلایەن کوردەوە ئەنجامدەدرێ و خۆی دووبارە و تازە دەکاتەوە و هەمیشەش بووەتە هۆی شکست و نەهامەتی. نەهامەتی، تەنانەت شانی ئەوانەشی گرتووەتەوە کە سەلماندوویانە پیاوتر! و ئازاتر!و لێهاتووترن! ئەو کوردانەی ئێستا لە بەغدا نوێنەرایەتی کورد دەکەن، لە راستیدا کۆیلە و موالین و جێی ئەو ئەفسەرە دیلە ئینگلیزەیان گرتووەتەوە و دەیسەلمێنن بۆ دەربازکردنی بکوژی کورد لە هەموو کەس لێهاتووترن، ئەوانیش خۆیانیان لەبیر کردووە!

چۆن دروستبوونی عێراق بە بەشداری چالاکانەی کورد ئەنجامدرا، دروستبوونەوەشی، بە دەستی ئەندازیارە موالییەکانی کورد ئەنجامدرا و دامەزراندنەوەی سوپای عێراق، کوردی لێهاتوو هەنگاوی یەکەمی بۆ نا و بە ئاشکرا شانازیشی پێوە دەکەین. ئەدی یەکەم بناخەی ئەو سوپایەی کە بە مسۆگەری ئەنفالمان دەکاتەوە ئەو پێشمەرگانە نەبوون کە کورد هیوای سەرفرازی لە سەریان هەڵچنیبوو؟! ئەگەر ئەو ئەفسەرە ئینگلیزە بێ ئاگایانە ئەو پردەی بۆ تێکشکاندنی لەشکری وڵاتی خۆی دروستکردبێ، سیاسەتمەدارە موالیەکانی کورد لە ئەنجامی بیرکردنەوەی وردەوە عیراقیان دروستکردەوە و لەشکریان بۆی دامەزراندەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەش خەڵکی هەرە لێهاتووی خۆیان هەڵبژارد و ئەوانیش ئەوەندە دڵسۆزانە کاری خۆیان ئەنجامدا، کەس باوەڕی نەدەکرد وا بە خێرایی عیراق بکەوێتەوە سەر پێی خۆی و سوپاکەی ئاوها زوو ببێتەوە مایەی هەڕەشە لەوانەی کە دایانمەزراند!

جارێکیتریش بەکر سدقی و جەعفەر عەسکەری و ئەمین زەکی بەگ و زۆر ئەفسەری دیکەی کورد رۆڵی خۆیان دیت و ئاگایانە یان نائاگایانە چاڵیان بۆ میللەتی خۆیان هەڵکەند. ئەگەر ئەو سێ زاتە کۆنە ئەفسەری عوسمانی بوون، ئەمانەی کە ئێستا عیراقیان دروستکردەوە، کۆنە شۆڕشگێڕ و پێشمەرگە بوون، بۆیە هەڵەی ئەمان زۆر لە هەڵەی ئەوانی پێش خۆیان گەورەترە. نەدەکرا ئەو دڵسۆزییەی بۆ پینەوپەڕۆی عیراقێکی ناتەبا و ناهاوسان و ناسەقامگیر و هەمیشە خوێناوی هەیانە، بۆ ئەو نیشتمانەی خۆیان بوایە کە شۆڕشیان لە پێناویدا بەرپا کرد و هەوڵی مسۆگەرکردنی پاشەڕۆژی نەوەکانی داهاتووی کوردیان بدایە؟ تۆ بڵێی ئەم میللەتە جادووی لێ کرابێ و ئەو داستانە راست بێ کە لە جنۆکە کەوتووینەتەوە یا وەک هەر بەڵێندەرێکیتر، شۆڕشمان بە قۆنتەرات کردبێ؟!

سەرانی کورد هەر جارە و گرەو لە سەر ئەسپێکی دۆڕاو دەکەن و هەر لە سەرەتاوە دیارە ئەو گرەوە دۆڕاوە، کەچی هەر دەشیکەن! چ نهێنییەک لەوەدایە؟! لە راستیدا، گومان وەک مێش و مەگەز، بە دەوری رەفتاری سیاسەتمەدارانەوە رۆژ بە رۆژ زیاد دەکەن و وەختە بڵێم هەرگیز سیاسەتمەدارانی کورد نیازیان نەبووە کورد بە کەناری ئاسوودەیی بگەیێنن دەنا هەر دەبوو جارێک لە جاران لێیان بگۆڕێ و هەنگاوێکی راست بەرەو ئاراستەیەکی راست بنێن. ئەدی هەر خۆمان نەمانگوت سوپا پێویستی بە پشوو بوو بۆیە گفتوگۆمان کرد؟! ئەدی هەر ئێمە نەبووین گوتمان هەرگیز بیرمان لە دەوڵەتی کوردی نەکردووەتەوە؟! ئەی هەر ئێمە شانازی ناکەین کە میللەتێکی لێبووردەین و لە ئەنفالچیش دەبوورین؟! هەر ئێمە سەرۆکی موخابەراتی بەعسمان نەکردە هاوسەنگەری خۆمان؟ ئەدی ئەو هەموو شۆڕش و ماڵوێرانییە بۆچی بوو، ماڵوێران؟! ئەو دەیان هەزار شەهیدە لە پێناوی چیدا دران؟! تۆ بڵێی کۆشک و تەلار ئەوە بهێنێ لە خوێندا نقوم بێ!

بتپەرستان، بە دەستی خۆیان بت دادەتاشن و دەیپەرستن، ئێمەی کوردیش بە دەستی خۆمان دوژمنی خۆمان پێدەگەیێنین و دواییش بە دەستیەوە دەکەوینە هەلاکەتەوە و دەبینە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخواز! بۆ؟! ئەمە چ بتپەرستییەکە لە کۆڵمان نابێتەوە و کورد چ کاتێ بتپەرست بووە تا ئێستا بتپەرست بێ؟

ئەگەر ناشتوانین پردی پەڕینەوە لە بکوژی خۆمان تێکبدەین، با چ نەبێ بۆیانی نەپارێزین. چارەنووسی عێراق، لە سەردەمە کۆنەکانەوە وایە و بە خوێن گەشە دەکا و شانازی دەکا کە بورجی لە کەللەسەر دروست کردووە. ئەوەشی کە دەتوانێ لە عیراقدا رێبەر بێ، هەر دەبێ خوێنرێژ و مرۆکوژ و تۆقێنەر بێ دەنا بە دەردەکەی قاسم دەچێ. ئەو شەڕە چاوەڕوانکراوەی نێوان نەتەوەکانیش کە ئێستا باس دەکرێ، دەبوو ئەو دەمە باس بکرابا کە کورد داشی سوار بوو. ئەوسا دەمانتوانی سنوور دابنێین، بەڵام ئێستا کاتی پاڕانەوەمانە لە نەوەکانی کێسینگەر و ژەهری ئەویشمان تام کردووە!

# باش بوو پاسۆک نەما، ئەگینا ئەویش چەند کەرت دەبوو!

هاوڕێ باخەوان– هولەندا
hawreh@bakhawan.com

کەرتبوون، دووبەرەکی، هەرکەس و بۆخۆی، ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە و زۆر دیاردەی تر، بەداخەوە بوونەتە تایبەتمەندیی نەک حیزب و رێکخراوە کوردییەکان، بەڵکو تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی کوردەواریشە.

رێکخراوە کوردییەکان هەر لە تەعالی و تەرەقیی کوردەوە تاوەکو حیزبی "زەحمەت"کێشان و لەوانەیە ئەو رێکخراوەشی کە هێشتا دروستنەبووە هەمان مێنتاڵیتییان هەبووە. ئەوانە یان با وردتر بڵێم سەرکردەکانیان وەکو گیانداره درندەکانی ناو جەنگەڵ وان، هەموو بیرکردنەوەیان تەنها مانەوەی خۆیان و بەشە دەستکەوتی خۆیان بووە، ئیتر جەنگەڵستان دەسووتێت یان ئاو دەیبات، کێشەی ئەمانە نەبووە و نییە.

لەو مێژووە کورتەی حیزب و حیزبایەتیی ناو کوردا، گەورەترین و زۆرترین کەرتبوون و لێکدابڕانی بەخۆیەوە بینیوە. بەهانەی سەرانی هەر دابڕانێک لەڕێلادانی سەرانی دیکەی حیزبەکە بووە لە رێی راست و پاش کەرتبوونەکەش هەزار و یەک بەڵێنی درۆیان بە جەماوەرداوە. کەچی هەر پاش ماوەیەکی کورت ئەوەی رابەرانی ئەو دابڕانە کردوویانە، زۆر لەوەی پێشتر خراپتر بووە. نموونەش لێرەدا کارێکی ناپێویست و درێژدادڕییە، لە هەر بەشێکی کوردستان بڕوانیت بە شێوەیەکی زیندوو لەگەڵماندایە. ئەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کەرتبوون و دووبەرەکیدا ژمارەی پێوانەیی نەک کوردستان، بەڵکو جیهانیشی شکاندووە!.

لەو وڵاتەی ئێمە بێپەرواترین سەرکردە، سەرکردەی لێکدابڕان بووە، هەربۆیە پاش هەر لێکدابڕانێک ناچاربووین بڵێین "رەحمەت لە کفندز"!.

لەو رۆژانەدا بەردەوام بەدوای لێکدابڕانەکانی ئەو حیزبەوە بووم، کەبەخۆیان دەڵێن زەحمەتکێشان!، ئەو سیناریۆیەشم لەبەرە کەچۆن ئەمانیش پاش ماوەیەکی دی لە قادر عەزیز خراپتر دەبن، ئەمە ئەگەر قادر عەزیز "خراپ بێت"!.

هەرچی لێکدابڕانی ناو حیزبە کوردییەکان هەیە، بۆ پلە و پایە و بەرژەوەندیی تایبەتیی سەرکردە لێکدابڕاوەکانە و بەدرێژایی مێژووی ئەو لێکدابڕانانە هێندەی پووشێک سوودیان بە بزووتنەوەی کوردی نەگەیاندووە.

ئێستا دەڵێم زۆر خۆشحاڵ بووم بەنەمانی پاسۆک، ئەگینا ئەویش ئێستا چەند حیزبێکی دیکەی لێدەکەوتەوە.

***نووسەر و مێژوونووس هاوڕێ باخەوان کادیر و پێشمەرگەی شاخی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) بوو، چەند ساڵێکە لە دادگای لاهای کاردەکات.**

# مۆمی یەک ساڵە لە ئۆفیسێکی بچووکدا

فەیسەڵ داغلی– ئەڵمانیا
Firad@hotmail.com

لە ئەوروپا و جیهانی رۆژئاوادا، راگەیاندن جۆرە ئەندازیارییەکی جڤاکییە، کە ئاهەنگ و دەنگی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت دەپارێزێ. هەڵبەت مرۆڤ لە هیچ وڵاتێکدا ناتوانێ بڵێ میدیا لە بەرامبەر گیروگرفتە سیاسی و جڤاکییەکاندا بێ لایەنە یان دوور لە بەرژەوەندییەکان هەڵدەسووڕێ.

بەڵام لایەنگیری و بەرژەوەندپارێزیی چاپەمەنیی رۆژئاواش وەک پیشەسازییەکەیان پرۆفیشناڵە .لە بنەڕەتدا هەڵسوکەوتی دەوڵەت و جێبەجێکردنی یاساکان، رۆڵی ئەو دەزگایانەی رێکخستووە کە میدیا وەک ویژدانی چاودێری کۆمەڵگە کار دەکات.

بەم جۆرە، بە بێ ئەوەی ناوی بهێنرێ، لە پاش دەزگا یاساییەکان، حکوومەت و دادوەری، هێزی چوارەمە و کاریگەرییەکی ئەرێنیشی بەسەر ئەو دەزگایانەشدا هەیە. لە ئەنجامدا رۆژئاوا لە دیموکراسی مرۆییانەی خۆیدا، قەرزداری میدیای ئازاد و کاریگەرە.

بۆ پاراستنی پیرۆزی میدیا کە هێندە هێزێکی خورتە، بۆ بەرگرتن لە پەیدابوونی مەترسیی یەکدەستی لەم بوارەشدا، یاسا دەرکراون و هیچ سەرمایەدارێک ناتوانێ لەم بوارەدا مۆنۆپۆڵی خۆی بسەپێنێ.

هەرچەندە کورد وەک جڤاک و دەوڵەت رووبەڕووی نەکراوەتە رۆژئاوا، بەڵام لەبەر کێشە و رەوشی تایبەتی کوردستان، وادیارە خەیاڵیان بۆ گەیشتن بە ستانداردەکانی رۆژئاوا زۆر دەخایێنێ. یەکێک لەو ئاستەنگانەی لە بەردەم بەرەو پێشچوونی کورددایە، نەبوونی میدیایەکی ئازاد و کاریگەرە.

لە وڵاتێکی وەک کوردستاندا، کە رێژەی خوێندەواری کەمە، لە هەر گوندێکدا بە شێوەزارێک قسە دەکرێ، زمانێکی ستاندارد نەبێت، بە ئەلف و بێی جیاواز و بە زمانی نەتەوەکانی سەردەست کاری نووسین بکرێ، لە نێو سنووری چوار دەوڵەتدا دابەش کرابێ، 100 ساڵی مێژووی دوایی ئەوان لە نێو شەڕ و تاڵان و تێکۆشان لە پێناوی مانەوەدا تێپەڕیبێت، زمان و رۆشنبیریی ئەوان قەدەخە کرابێت، رۆشنبیریی ئەوان لە نێوان دەوڵەتانی داگیرکەر و پارتەکانی خۆیاندا تەنگی پێ هەڵچنرا بێت، دەرکەوتنی میدیایەکی ئازاد و کاریگەر ماوەیەکی درێژ دەکێشێت.

چاپەمەنیی کوردی لە 24ی ئەم مانگەدا لە پاش بڵاوکردنەوەی یەکەمین رۆژنامە بە زمانی کوردی، دەبێتە خاوەن ئەزموونێکی 111 ساڵی. لەم رۆژانەدا، لە ساڵوەگەڕی 111 ساڵەی لەدایکبوونی رۆژنامەڤانیی کوردیدا، لە هەولێر لە ئۆفیسێکی بچووکدا، 1 ساڵەی لەدایکبوونی رۆژنامەی (رووداو) پیرۆز دەکرێ.

لە چاپەمەنیی کوردستاندا رۆژنامەی (رووداو) لە ئێستا بە دواوە بە شێواز، گەیاندنی هەواڵ، زمان، بێلایەنی و راستگۆیی خۆی، ئەتمۆسفیرێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە. هەروەها بە فرەزمانی و فرەشێوەزاریش، لە ئێستاوە وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی و نەتەوەیی لە بازاڕی راگەیاندنی کوردیدا، بەرەو جێیەکی تایبەت هەڵکشاوە.

پاش ئەوەی لە کوردستانی ئازاددا کاری چاپەمەنی لە بن سێبەر پارتەکاندا چەکەرەی کرد، دەرفەتی ژیانەوە بۆ چاپەمەنیی ئازاد کەمبوو. دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی حیزبی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان لە رێی تایبەتەوە، چاپەمەنیشیان کردە هاوبەشی کردار و دەسەڵاتی خۆیان، رۆڵی رۆژنامەنووسانیان لە پێشخستن و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و هاوچەرخ بە شێوەیەکی گشتی نەهێشت.

لە کاتێکدا کوردستان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگە و دەوڵەتێکی بەهێز و مۆدێرن، پێویستی بە رەخنە و ئاوێنەگرتنی میدیا هەیە، چاپەمەنیی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بۆ زاڵکردنی دەسەڵاتی پارتەکان بەسەر کۆمەڵگەدا بەرنامەڕێژ کراوە. ئەمەش هێزی میدیا کە لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا بە هێزی چوارەم ناوزەد دەکرێت، لە کوردستاندا لەنێوبراوە.

(رووداو) بە هێڵی رۆژنامەوانیی ئازادی خۆی ئەو هیوایە دەداتە مرۆڤ کە لە کوردستاندا وێڕای ئەو کێماسی و زەحمەتییانە، لەگەڵ پرۆژەی دیکەدا دەبێتە شتڵێکی ئازادی و ئەزموونی چاپەمەنیی سەربەخۆ. (رووداو) هیوای روودانی میدیای ئازادە!

لە یەک ساڵەی (رووداو)دا بە هیوای ئەوەی ئەو شتڵە بچووکە ببێتە دارستانێکی مەزن و بەرهەمەکەی لە هەموو کوردستاندا بڵاو ببێتەوە. بەڕاستی لەو کاتەوەی دەستم بە خوێندنەوەی (رووداو) کردووە، من زیاتر دەزانم!

# بۆ خاتری خوا ئەو خەڵکە بۆ هێندە کۆدەبنەوە

ئێلێن دە براون

بە ڕاستی ئەوە چییە وا لەخەڵک دەکات کە چەندین کاژێر و هەندێکجاریش بە چەند رۆژ لە هۆڵێکدا هێندە دانیشن و گوێڕادێرن کە سکیان لە برسان وەقۆڕە بکەوێ، چاویان بەسەر یەکدا بکەوێ و مێشکیان لە ماندوێتییان ئیتر بکەوێتە سەر ستاندبای و هەناسەیان تەنگ بێت؟ بۆ خاتری خوا ئەو خەڵکە بۆ هێندە کۆدەبنەوە؟!

ئەو زانایانەی لە بواری کۆبوونەوەدا لێکۆڵینەوەیان کردووە و شارەزاییان هەیە لیستێکی دوور و درێژ و (راستییەکەی خەوهێنەریش)یان ئامادەکردووە کە سوودەکانی کۆبوونەوەکانی تێدا دەردەکەوێ. بە قسەی وان خەڵک زۆرتر بۆ ئەوە کۆدەبنەوە تا زانیاری وەربگرن لە گەورەکانیان. یان زانیاری بەیەکەوە بگۆڕنەوە و هەندێکجاریش بڕیار لەسەر بابەتێکی گرنگ بدەن لە رێی دەنگدانەوە. خۆ رەنگە بۆ ئەوەش بێت کە راگۆڕینەوە بکەن دەربارەی چارەسەری کێشەکان و بۆچوونەکانیان یەکبخەن و پلانێکی بۆ دابنێن.

بەڵام هەموو ئەو شتانەی کە گوتم دەکرێت بە بێ کۆبوونەوەش زۆر چاکتر ئەنجامبدرێن. بۆ نموونە کە باسی ئاڵوێری ئایدیاکان دەکرێت لە راستیدا مرۆڤ ئەگەرنەچێتە کۆبوونەوەکانەوە بیرۆکەی داهێنەرانەتری پێدەبن بۆ چارەسەری کێشەکان. چونکە لە کۆبوونەوەکاندا بە بەردەوامی قسەت پێدەبڕدرێ و ناهێڵن بیرۆکەکەت کامڵ بێت.

هەروەها لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە لەو کۆبوونەوە بە کۆمەڵانەدا زانیاری زۆر بە خراپی ئاڵوێری پێدەکرێت. چونکە لەوێدا زۆرتر باسی ئەو شتانە دەکرێت کە پێشتر زانراون و یانیش رایەکی گشتیی کۆک لەسەری هەیە. بۆیەش ئەوەی کە کەس نایزانێت زۆر جار بە شاراوەیی دەمێنێتەوە.

با لە بیرم نەچێت، کۆبوونەوەکان زۆر پارەشیان تێدەچێ، بیر لەو ژمارەی کاژمێرانەی کاریان بکەرەوە کە خەڵک بە هۆی بەشدارییان لە کۆبوونەوەیەکدا دەبێ بۆیان خەرج بکرێن. یان ئەو سەفەرانەی کە سەرەڕای تێچوونی زۆر زیانێکی گەورەش بە ژینگە دەگەیێنن.

**لە رۆژنامەی NRC-NEXTی هۆڵەندییەوە.**

# جانێ 4 ی بەیانی لە خەو هەڵدەستێ



**ڕووداو-ئەڵمانیا**

کچە هونەرمەندی ناسراوی باکووری کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا کۆمەڵێک نهێنی ژیانی تایبەتی خۆی بۆ (ڕووداو) ئاشکراکرد. جانێ دەڵێ دوای ئەوەی دایک وباوکی منداڵێکی کوڕیان دەبێت، دواتر 8 کچیان لە دوای یەکتر دەبێت " دوای ئەوەی من لەدایک دەبم بە کوڕ حیسابم دەکەن و پێمدەڵێن جانۆ بەڵام دوای ئەوەی بوومە هونەرمەند بوومە جانێ". جانێ دەڵێ ڕۆژانە 4ی بەیانی لە خەو هەڵدەستم ودەچم بۆ کارەکەم.

17 »

# هەمەر لەبەغدا بازاڕی گەرمە

**ڕووداو-نیویۆرک تایمز**

بەرپرسانی حکومەتی بەغدا عاشقی ئۆتومبێلی ئەمریکایین، بە تایبەتیش جۆری هەمەر. بە پێی ڕاپۆرتێکی نیویۆرک تایمز ئێستا بازاڕی ئۆتومبێلی هەمەر لە بەغدا زۆر گەرمە. عەلی حلی بریکاری ئۆتومبێلی هەمەرە و بە هۆی حەزی خەڵکی عێراق لەم جۆرە ئۆتومبێلە ئەوو براکەی نانیان کەوتووەتە ڕۆن و داوایەکی زۆر لەسەر ئەو ئۆتومبێلانە هەیە، دەڵێ هەر 10ڕۆژ جارێک ئۆتومبێلێک دەفرۆشن و نرخەکەشیان لە نێوان 50 تا 60هەزار دۆلارە، زۆربەی داخوازییەکانیش لە لایەن بەرپرسانەوەیە.



# شوفێری سەرۆک بووە سەرۆک



**ڕووداو-نێتکورد**

لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا کە ڕۆژی 2009/3/29 بەڕێوەچوو، لە ناوچەی پۆتورگی شاری مەلاتییە نەدیم چەکەری شوفێری سەرۆکی شارەوانی لەسەر لیستی پارتی داد وگەشەپێدان لە بەرامبەر سەرۆکی شارەوانی محەمەد ئونەر لەسەر لیستی پارتی سۆسیالیست خۆی هەڵبژارد و سەرئەنجام چەکەری سەرکەوت وبووە سەرۆکی شارەوانی ولەکۆڵ شۆفێری بووەوە


# Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای ڕووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری**: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

**نوێنەری ئەورووپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**دیزاین** : عەبدوڵڵا ڕەفیق - ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی | Tel: 0750 488 5696 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net


# برای د.فوئاد مەعسوم بەشکاندنی 3 هەزار نەمام تۆمەتبار دەکرێ

**ڕووداو-سلێمانی**

سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز برایەکی د.فوئاد مەعسوم بەوە تۆمەتبار دەکات کە زیاتر لە 3 هەزار نەمامی کۆمەڵەکەی شکاندووە، قاوەخانەیەکیش لەسەر ئەو زەوییە دروستدەکات کە بۆ ماوەی 10 ساڵ بە موساتەحە دراوەتە کۆمەڵەکەیان.

جەلال حەمە غەریب، سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز، گوتی ڕۆژی 2009/4/1 محەممەد مەعسوم، برای د.فوئاد مەعسوم، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپەرلەمانی عێراق، بەشۆفڵ ئەو نەمامانەی کە بۆ ئەمساڵ لەلایەن کۆمەڵەکەیانەوە ڕووێندرابوون و خەریکی دابەشکردنی بوون بەسەر خوێندنگەکان دا، هەمووی لەناو بردوون و دەیەوێت قاوەخانەیەکی لەسەر دروستبکات.

سەرۆکی کۆمەڵەکە گوتیشی "پارچە زەوییەک لەسەرچنار لەلایەن گەشتوگوزارەوە بەموساتەحە بۆ ماوەی 10 ساڵ درابووە کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز، بەڵام پاش چوار ساڵ، پێش ئەوەی ماوەی موساتەحەکە تەواو ببێت درایە محەممەد مەعسوم". سەرۆکی کۆمەڵەکە، محەممەد مەعسومی بەوەش تۆمەتبار کرد کە "بەپێچەوانەی هەموو بڕیارەکانی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، بەهۆی دۆستایەتی و ناسراوییەوە ئەو کارەی بۆ جێبەجێکراوە".

محەممەد مەعسوم لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زیاتر لەساڵێکە ئەو زەوییەم لەگەشت و گوزار بە موساتەحە وەرگرتووە، هیچ پەیوەندی بە کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوزەوە نییە". هەروەها ڕەتیشیکردەوە کە نەمام و داری کۆمەڵەکەی فەوتاندبێ "تەنیا یەک دارم بڕیوەتەوە".

هەرچەندە جەلال حەمە غەریب، دەڵێت "لەدادگا داوامان لەسەر محەممەد مەعسوم تۆمارکردووە"، بەڵام محەممەد مەعسوم، گوتی "ئەگەر داوام لەسەر تۆمار بکرابووایە تاوەکو ئێستا ئاگادار دەکرامەوە".

3 »



# ڕووتیان کردەوەو هەڵاتن




**ڕووداو-بەریتانیا**

دوو پەنابەری کورد لە شەقامێکی لەندەنی پێتەختی بەریتانیا پەلاماری ژنێکیان داوپاش ئەوەی ژنەکە ڕێگەی نەداوە دەستدرێژی سێکسی بکەنە سەری، ئەو دوو کوردە ژنەکەیان ڕووت کردووەتەوەو لەسەر شەقامەکە بەجێیان هێشتووە و هەڵهاتوون. دادوەری گشتیی هیوریز لەمبارەیەوە ڕایگەیاند ئافرەتەکە بە نیوە ڕووتی بەسەر شەقامەکاندا ڕایکردووە هەتا ئۆتۆومبێلێکی وەستاندووە.

ڕۆژنامەی Western Telegraph ی بەریتانی ڕایگەیاند تۆمەتبارەکان ناویان ڕیاز عەلی عەباس تەمەن 30 ساڵ و فەرهاد محەمەدی24 ساڵ هەردووکیان لە هەمان ڕۆژی ڕووداوەکەدا لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر کران، بەڵام ئەوەیان ڕەتکردووەتەوە کە ویستبێتیان دەستدرێژی سێکسی بکەنە سەر ئەو ئافرەتە.

داواکاری گشتیی بە دادگەی ڕاگەیاند کەژنەکە شەوی ڕووداوەکە لە یانەیەکی شەوانە بووە و لە کاژێر 2ی شەو یانەکەی بەجێ هێشتووە و ویستوویەتی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. دادگەییکردنی ئەو دوو کوردە هێشتا تەواو نەبووەو درێژەی هەیە.

# لە شەقڵاوە مۆبایل مامانە



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- شەقڵاوە**

شەوی 25لەسەر 2009/3/26 ژنێک بەناوی کارێز عەبدولواحید لە نەخۆشخانەی شەقڵاوە،بەهۆی نەبوونی کارەبای نیشتمانی و تێکچوونی مۆەلیدەکانی نەخۆشخانە، لەبەر ڕووناکی مۆبایل منداڵی بوو، منداڵەکەش ناونرا زانیار.

خزمێکی نزیکی منداڵەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو کاتەی کارێزمان برد بۆ نەخۆشخانە، نەخۆشخانە هیچ کارەبایەکی نەبوو، تەنانەت لایتێکی شەحنیشی لێنەبوو، بۆیە دکتۆرەکان بە ڕووناکی گڵۆپی مۆبایلەکانیان کارەکەیان کرد".

دکتۆر شێروان جەلال بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەقڵاوە، هەواڵەکەی پشتڕاستکردەوەو هۆکاری نەبوونی کارەباشی بۆ ئەوە گەڕاندنەوە کە کارەبای نەخۆشخانەی شەقڵاوە پەیوەستە بەکارەبای بیرەکانەوە کە 12ی شەو دەبڕێت. هەرچەندە نەخۆشخانەکە چوار مۆەلیدەی کارەبای تێدایە، بەڵام د.شێروان دەڵێت سیانیان کار ناکەن، ئەوەی تریشیان ئەوەندە بەرگە ناگرێت لە 12ی شەوەوە تا 8ی بەیانی کار بکات، گوتیشی "داوای هێڵی کارەبای تایبەتمان کردووە پێیان نەداوین، نووسراومان کردووە بۆ چاکردنەوەی ئەو مۆەلیدانە بەڵام هێشتا وەڵامی نەهاتووەتەوە".

گلەیی دکتۆرەکانیش وەک د. شێروان دەڵێت ئەوەیە تا ئێستا خانەوادەی زانیار نەهاتوون شیرینیان پێ بدەن، کە ئەوکارەیان بۆ کردوون، هەروەها دەستخۆشی لە کارمەندەکانی دەکات و دەڵێت "پێویستە سوپاسنامەیان پێ بدەم کە کەمتەرخەمیان نەکردووە".

# لە کوردستان بەسێ ساڵ دێتە بەر

**ڕووداو-کانی ماسی**

ئەندازیارێکی کشتوکاڵ لە دەڤەری کانی ماسی بە ڕووداوی ڕاگەیاند، کە بەهاوکاری چەند پسپۆر و شارەزایەکی هۆڵەندی لە بواری کشتوکاڵ و کۆمپانیای SALT FOUNDATION چەند جۆرە سێوێکی هۆڵەندی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەچێنن، کە لە نێویاندا هەردوو جۆری ARSTAR GOLD GULATIONهەن، بە پێی قسەی ئەو جووتیارانە نەمامی ئەو سێوانە لە ماوەی سێ تا چوار ساڵ دێنە سەر بەر، چونکە کەشوهەوای کوردستان گونجاوە بۆ نەشونمای ئەو نەمامانە.

تیمەکانی تایبەت بە ڕواندنی ئەو سێوانە نیازیان وایە چەند سیمینارێک لەبارەی چۆنیەتی ڕواندنیان بۆ جووتیاران و گوندنشینن ڕێکبخەن، کە دواتر دەست بە هەڵمەتێکی سەرتاسەری سێوچاندن دەکەن لە هەموو کوردستان.



# بایەخ بە ژنان بدەن

**د.فریدریک تیسۆ***

زۆر خۆشحاڵم کە ڕۆژنامە کوردییەکان بە ئازادی دەردەچن و ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە هەن، بەبڕوای من بۆ ڕۆژنامەکان باشترە لە رووی سیاسییەوە پتر بێ لایەن بن، چونکە ئەوکاتە متمانەیان زیاتر دەبێت و کاریگەریان بەهێزتر دەبێت، ئەمەش مانای وانییە کە ڕۆژنامەنووسان بیروڕای خۆیان نەبێت، دەزانین ئەمڕۆ هەندێ ڕۆژنامە بە باشی کارەکانیان بەڕێوەدەبەن، ئەمەش ئەو مانایە دەگەیێنێ کە ئەوانیش دەتوانن بەشداری لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا بکەن، ئەوان لە بارەی کولتورییەوە ئەرکێکی قورستریان لە ئەستۆدایە.

زۆر سوپاسی ڕۆژنامەی (ڕووداو) دەکەم کە زۆرجار ئەو هەلەم پێدەبەخشن بیروڕای خۆم دەربببڕم، بەڵام هەندێ جار (ڕووداو) هەوڵدەدات چاوپێکەوتنەکان بقۆزێتەوە، بۆ ئەوەی بەرگری لە بیروڕاکانی خۆی بکات، بە تایبەتیش لە مانێشتەکەی کاک کۆسرەت ئەم لایەنە ڕەنگیدایەوە، من باسی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانم بە گشتی کرد و بە تایبەتی باسی ئەو نەبوو. هەندێ جار بەهەڵە لێکدانەوەی سیاسی بۆ قسەکانم دەکرێت، لە کاتێکدا من دەبێ خۆم ئەو بڕیارە بدەم کە چۆن لە رووی سیاسییەوە هەڵوێستم دەخەمەڕوو.

حەزدەکەم ئەوەش بڵێم، کە پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک لە ڕێگەی پێگەی ژنەوەیە، پیاو تەنیا توانای جەنگییان هەیە، ئەوان هەمیشە وا بیردەکەنەوە کە گەورەتر و بەهێزترن، بۆیە دەبێ (ڕووداو) بایەخێکی زۆرتر بە کێشەی ژنان بدات چونکە پێشکەوتنی ئەوان پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە.

***کۆنسولی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر، ئەم وتارەی بەتایبەتی بۆ (ڕووداو) نووسیوە.**

# هەولێر دەڵێ کوێر دەبێ، موسڵ دەڵێ چاکدەبێ

**ڕووداو-خەلیفان**

شەوی 24 لەسەر 2009/3/25 کەسێک بەناوی جەبارکەریم مستەفا، کە خزمەتگوزارە (فەڕاشە) لە قوتابخانەی نێرگزینی بنەڕەتی لە گوندی کەلەکینی سەر بە ناحیەی خەلیفان، دەچێتە سەر ماڵی مامۆستا سابیر ساڵح، بەڕێوەبەری قوتابخانەی کەلەکینی ئامادەیی و دوو چەقۆ لە دەموچاوی مامۆستاکە دەدات و چاوێکی کوێر دەکات، شەش چەقۆش لە خێزانەکەی دەدات.

مامۆستا سابیر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو کەسە بە مەبەستی دزیکردن چووەتە سەر ماڵەکەی و گوتی "ئێوارەی پێش ڕووداوەکە مووچەی مامۆستایانم وەرگرتبوو، کە بڕی 4 ملیۆن و 500 هەزار دینار بوو، بەڵام دابەشم نەکردو لەگەڵ خۆم هێنامەوە ماڵەوە". مامۆستا سابیر ئاماژەی بەوەشدا کە جەبار کەریم پێشتر لەلای ئەو فەڕاش بووە.

مامۆستا سابیر، ئێستا مەترسی لەدەستدانی چاوەکەی دەکرێ. بە هۆی ئەوەی زۆربەی دکتۆرە پسپۆڕەکانی چاو لە هەر سێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان چوونەتە کۆنفرانسێک لە دوبەی، بۆیە ئەو مامۆستایە ناچارە بۆ نەشتەرگەرییەکی خێرا، ڕوو لە شاری موسڵ بکات. مامۆستا سابیر گوتی "دکتۆرێک لەهەولێر پێیگوتم خۆت ماندوو مەکە چاوت کوێر بووە، بەڵام لە موسڵ دکتۆرێک پێیگوتم: ئومێدی چاکبوونەوەی چاوەکەت هەیە".

13 »

# بە ژنەکانمان سەرسامە

**ڕووداو- هۆڵەندا**

فرێد تێیفن ئەندامی پەرلەمانی هۆڵەندا بۆ یەکەم جار دۆزی هەڵەبجەی بردە دادگایەکی ئەوروپی و وەک داواکاری گشتیی دۆزەکە توانیی کوشتاری بە کۆمەڵی باشووری کوردستان لە لایەن دادگاوە بە "جینۆساید" بناسێنێ. لە قاوەخانەیەکی شاری ئەمستەردامدا لە بارەی هاتنی تورکیا بۆ ناو یەکێتی ئەورووپاوە گوتی"من لەگەڵ هاتنی بەشە کوردستانییەکەیم، بەڵام دژی ئەوەم وڵاتی تورکیا ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا"

لەبارەی کوردستانیش دەڵێ"کوردستان شوێنێکی یەکجار جوانە، بە تایبەتیش ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و عێراق. من کە لەوێبووم زۆر سەرسام بووم بە خۆشەویستیی ئەو خەڵکە بۆ فەرهەنگ و داوونەریتی خۆیان، بەتایبەتیش شایی و خواردن. لە بیریش مەکە ئافرەتەکانتان زۆر زۆر جوانن"

تێیفن بە زەردەخەنەوە دەڵێت: " لە پەرلەمانی کوردستان قسەم بۆ کۆمەڵێک خەڵک کرد، کە تەواو بووم زۆر حەپەسام کە هەموویان چەپڵەیان بۆ لێدام. دواتر کە پرسیارم کرد و گوتم چۆنە ئەو خەڵکە وا چەپڵە لێدەدەن، پێیانگوتم ئەوانە خۆشحاڵن کە دۆزی هەڵەبجە تەنیا لە چوارچێوەی عێراقدا نەماوەتەوە و بۆ نموونە هۆڵەنداش بایەخی پێدەدات"

6 »

# سەلامو عەلێکوم

**ڕووداو-هەولێر**

ئێوارەی پێنجشەممە2009/4/2 تیپێکی ناسراوی میوزیکی ئەمریکی کۆنسێرتێکی جازیان لە هەولێر پێشکەشکرد، کە بۆماوەی کاژێرونیوێک ڕۆحی گوێگرانیان تێکەڵ بە ریتمی جاز و سێکسەفۆن و باز و ئۆرگ کرد. سەلاموعەلەیکوم یەکەمین قسەی بەڕێوەبەری کۆنسێرتەکە درامژەنی جاز ئالڤن ئاتکنسن بوو دواتر ئەو هونەرمەندە چەپڵەڕێزانی ئامادەبووانی کردە پێنجەم ئامێری کۆنسێرتەکەی و جۆش و خرۆشی گۆرانی و پارچە موزیکەکان ناخی تێکڕای ئامادەبووانی هۆڵی پێشەوای وەزارتی ڕۆشنبیریی خستە چەپڵەلێدان، بە وەزیری ڕۆشنبیریشەوە.

ئەم تیپە کە بە شاندی دیپلۆماسیەتی میوزیکی ئەمریکا ناسراوە، چەند کۆنسێرتێکی دیکەشیان لە شارەکانی عێراق سازکردبوو، بەڵام وەک ئاتکنسن ئاماژەی پێدا ئەم ئاهەنگەیان سەرکەوتووترین کۆنسێرت بوو لە گەشتەکەیان بۆ عێراق و، کۆنسێرتەکەی هەولێری بە "خواردنی حەلوا لە کۆتایی گەشتێکی درێژخایەن" چوواند. ئاتکنسن هەر بە عێراق ناوی کوردستانی دەهێنا تا دواجار لەلایەن ئامادەبووانە پێیراگەنرا کە ئێرە کوردستانە نەک عێراق.

ئێوارە کۆنسێرتەکە لەلایەن باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا ڕێکخرا بوو، بە هاوکاری تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمیی ئەمریکی RRT و وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان.



کۆنسێرتی جاز لە هۆڵی پێشەوا لە هەولێر (فۆتۆ:ڕووداو)

# بڕوانامەیان بۆ شووکردنە

**ڕووداو-سلێمانی**

بەلای ئەحلام مەنسوورەوە کچانی ئەم سەردەمە "بووکە شووشەی قورمیش کراون" هەر ئەوەندەی گوێیان لەعەزیزی وەیسی بوو، دەست بەشان هەڵتەکاندن دەکەن و هیچ خوێندەوارییان نییە و مێشکیان پووچە و هیچ زمانێک نازانن، ئێستا چۆن کوڕێک لە یەککاتدا دەستی سێ کچی بڕیوە، کچێکیش هەروا دەستی سێ کوڕی بڕیوەو ئەوەش گەندەڵییە.

ئەحلام ڕەخنەی لە جلوبەرگی ئێستای کچانی کورد هەیە، کە کچانی ئەورووپاش لەبەری ناکەن و دەڵێ "کوڕ زۆر بەتەحەمولن کە پەلاماریان نادەن و دایان نادڕن، چونکە کچان لەبەرچاویان عەرزی لەشی خۆیانن دەکەن".

ئەحلام مەنسوور، مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی، لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانی قوتابیانی ناو زانکۆیە، بەنیگەرانییەوە باسی ئەو بێبەرنامەییە دەکات کە کچانی زانکۆ تێیکەوتوون و دەڵێ "تەنیا بۆ بڕوانامە دەخوێنن، بڕوانامەشیان بۆ شووکردنە"

15 »